# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی سێیەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٢

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی سێیەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەگری و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٥٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (دیاریە).
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٨٧٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# وەرزی یادکردنەوەی ئەستێرەکان

نووسـینیش وەرزی خـۆی هەیـە. ئەمـە لـە زمانێکـی وەک زمانـی کوردیـدا بـە ئاشـکرا دیـارە و هەسـتی پـێ دەکەیـن. سـەردەمێک وای لـێ هاتبـوو تەنانـەت کۆلکەخوێندەواریـش شـیعریان دەنووسـی. مـن باسـی حەفتـاکان و هەشـتا و نـەوەدەکان دەکـەم. لـە بیسـتوپێنج سـاڵی ڕابـوردوودا ڕۆمـان بـووەتـە ژانـری هـەرە بـاو و خۆشەویسـت. سـەدان ڕۆمـان دەنووسـرێن، چـاپ دەکرێـن و بـڵاو دەکرێنـەوە، بـەڵام نازانـم چەندیـان دەخوێنرێنـەوە؟ ئـەو شـەپۆلەی وەرزی شـیعر، تەنیـا چـوار پێنـج شـاعیرێکی باشـی ئافرانـد. ئەوانـی دیکـە، کەمیـش نەبوون، دووسـەد سێسـەدێک دەبوون، هەمـوو وەک گەڵای دارسـتانی پاییـز، ژاکان، سـیس بـوون و هەڵوەریـن. ئەنجامـی ئـەم ئاهەنگـی ڕۆماننووسـی و ڕۆماندۆسـتییەیش هـەر وا دەبێـت. ئەگـەر چـوار ڕۆماننووسـی بـاش و دە ڕۆمانـی جوانمـان بـۆ بمێننـەوە، دەبـێ سوپاسـبژێر بیـن.

وەرگێڕانیـش لـەم سـاڵانەی دواییدا برەوێکـی باشـی پەیدا کـردووە. هەمـوو تەرجەمـە دەکـەن. کەسـیش مەرجـی بـۆ دانەنـاون کـە دەبێـت زمانـی دووەم، یـا تەنانـەت زمانـە کوردییەکـەی خۆیـان، بـاش بزانـن. بـەڵام خۆشـبەختانە، لـە ئەمـڕۆی کوردسـتاندا، وەرگێـڕی بـاش لـە شـاعیر و ڕۆماننووسـی بـاش زۆرتـرن.

ئێسـتا بـاو بـاوی نووسـینی بیرەوەرییـە. بـە تەنیشـت ئەویشـەوە یادکردنەوە و دوانـدن و ڕێزگرتنـی گـەورە و نـاودار و داهێنەرانیـش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پـەرە دەسـتێنێت. ئـەم کتێبـەی [خـۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان]یش گەوێکـە لـەو زنجیرەیەدا. کاک نەجمەدین عەزیز سـەدان نووسـەر و هونەرمەند و داهێنەری بـە سـەر کردوونـەوە و باسـی ژیـان و کار و بەرهەمەکانیـان دەکات. دیـارە ئامانجی نووسـەر ئەوەیە، لە لاییکەوە، ئەو مرۆڤانە نەبنە سـەربازی گومناو، لـە لاییکـی دیکەیشـەوە، هیوایـەک ببەخشـێتە نـەوەی ئەمـڕۆی کوردەواری و پێیـان ڕابگەیێنێـت کـە لـە ئاسـمانی نەتەوەکـەی ئێمەیشـدا ئەسـتێرەی گـەش

کـەم نیـن و دەکـرێ وەک پێشـەنگ و نموونـەی بـاڵا تەماشـا بکرێـن. ئەمـە کارێکـی باشـە و هەنگاوێکـە بـە ڕێـگای نووسـینەوەی مێـژووی ئەدەبـی و هونەریـی کـورددا.

یەکێـک لـە لایەنـە باشـەکانی ئـەم کتێبـە ئەوەیـە کـە تەرخـان کـراوە بـۆ بیرهێنانەوە و ناساندنی نووسەر و زانا و هونەرمەند و ئەکادیمیکارانی کورد. بە واتایەکی تر سیاسـەتمەدارانی لەگـەڵ ئەمانـەدا تێکـەڵ نەکردوون. هیوادارم ئەمـە نیشـانەیەک بێـت، کـە پێـوەری گەورەیـی و نموونـەی بـاڵا، لای کـوردی ئەمـڕۆ، بـەرەو گـۆڕان ڕۆیشـتووە. ئێسـتا ئیتـر تەنیـا سـەرکردەی سیاسـی و جەنـگاوەر، پاڵەوانـی مێـژوو، یـا ئەسـتێرەی گەشـی ئاسـمانی نەتـەوە نیـن. داهێنەرانـی بـواری ئـەدەب و هونـەر و زانستیش گەورەپیاو یا گەورەمرۆڤـی کوردەواریـن. ئەوانیـش، وەک سـەرکردە سیاسـی و جەنـگاوەرەکان، ڕەنگـە لەوانیـش چاکتـر، مێـژوو دروسـت دەکـەن و پایەکانـی دروسـتبوونی نەتـەوە دادەمەزرێنـن.

نووسـەری [خۆم و ئەسـتێرە گەشـەکان] دەبوو لە نووسین و ئامادەکردنی ئـەم پرۆژەیـەدا وردتـر کاری بکردایـە و قووڵتـر بیـری لـێ بکردایەتـەوە. ئـەو پەلەکردنـە لـە چەنـد ڕوویەکـەوە سیمای پرۆژەکـەی ڕووشـاندووە. دەیتوانـی لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، لـە ڕووی ڕێنـووس و ڕێزمـان و شـێوازەوە، بەرهەمەکـەی بخسـتایەتە بەردەسـتی چەنـد کەسـێکی شـارەزا و لێـزان، بـۆ پێداچوونـەوە و بژارکردنـی.

دەبـوو نووسـەر هێندەیـش دەسـتبڵاو نەبووایـە لـە هەڵبژاردنـی کەسـایەتییەکاندا. دەتوانـم ڕاشـکاوانە ئـەوە بڵێـم، کـە بەشـێکی ئەوانـەی لـەم کتێبـەدا پێشـکەش کـراون و ناسـێنراون، شـایانی ئـەوە نیـن، چونکـە کارێکـی ئەوتۆیـان نەکـردووە و بەرهەمێکـی وایـان پێشـکەش نەکـردووە کـە ببنـە [ئەسـتێرەی گـەش]. تۆ کـە دەڵێـی ئەسـتێرە گەشـەکان، دەبـێ پێوەرێکـی هێنـدە سـفت و ڕێـک و بتـەو بـە کار ببەیـت کـە تەنیـا کەسـانی بەهـرەدار و لێهاتـوو بکـرێ ئـەو ناوەیـان پـێ ببەخشـرێت. لـە پۆلێنکردنـی کەسەکانیشـدا دەبـوو بنەمایەکـی وردتـر و باشـتر بخرایەتـە کار.

لـەم کتێبـەدا زۆر مرۆڤـی گـەورە و زۆر ئەسـتێرەی گەشـیش لـە بیـر کراون.

پێم وایە توێژێکی گرنگ و بەڕێز و خۆشەویستی کۆمەڵی کوردەواری، کە مەلا و شێخ و سۆفییەکانن، جێگەی شایانی خۆیان پێ نەدراوە. ئەو چەند مەلا و زانایانەی ئایین کە باس کراون، لەبەر ئەوەیە کە هاوکاتیش نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر بوون. لە کوردستاندا دەیان و سەدان مرۆڤی ئایینی هەبوون و هەن، کە لە داهێنان و زانست و نیشتمانپەروەریدا، دەبێ وەک نموونەی ئەستێرەی گەش و چرای ورشەدار و ڕێبەری لێهاتوو ناو ببرێن. مرۆڤێکی گەورەی وەک [شێخ حوسەینی شێخ کاکەحەمەی هەزارکانی] ڕەنگە سەد ساڵ جارێک لەناو نەتەوەیەکدا کەسێکی وەها هەڵبکەوێت. ئەو گەورەپیاوەی هەرێمی گەرمیان، تەپ و تۆزی ناوچەگەری و شۆڤینیزمی شار، ناو و یاد و فیداکاریی ئەویان داپۆشیوە. بەڵام دەبوو لەم کتێبەدا بە شانازییەوە باس بکرێت.

کاک نەجمەدین عەزیزی نووسەری ئەم کتێبە دۆستێکی کۆن و ئاشنایەکی سەردەمی تەمەنی لاوێتی و ساڵانی خوێندنمە لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا. بەهاری ساڵی ١٩٧٤ من خوێندنم بە جێ هێشت و بووم بە پێشمەرگە. بەهاری ١٩٧٥یش، دوای هەرەسی شۆڕش، کە گەڕامەوە بۆ زانکۆ، کاک نەجمەدینم بینییەوە. هەر ئەو هاوینە بە هۆی خەباتی سیاسی و کوردایەتییەوە، لە یەکدی دابڕاین و تا ئەمڕۆیش، کە دەکاتە ٤٧ ساڵ و چەند مانگێک، چاومان بە یەکدی نەکەوتووەتەوە. سێ چوار مانگێک لەمەوپێش تەلەفۆنی بۆ کردم و زانیم کە لە هۆڵاند دەژی. زۆریشم پێ خۆش بوو کە پێی ڕاگەیاندم خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کردووە. هیوادارم لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێت و چەپکەگوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و بۆندار ببەخشێتە خوێنەرانی نەتەوەکەی.

**فەرهاد شاکەلی**

**ئوپسالا، سوید ١٦-٩-٢٠٢٢**

# هەڵوەستەیەک....

# (خۆم و) یان (من و)

دیارە چاپکردنی دوو بەشی کتێبەکەم،کە بەشی یەکەم بەناوی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) بوو و بەشی دووەمیش گۆڕدرا بۆ(من و ئەستێرە گەشەکان) ئەوەیان چەند نووسەرێک ئەوکات باوەڕیان پێهێنام کە (من) بێ باشترە لە (خۆم)، بەڵام کە بەشی دووەم کەوتە بەر دیدی خوێنەران و زماناسان و نووسەرە خاوەن ئەزموونەکانی ئەمڕۆی نووسین، لێکدانەوەکانیان پێچەوانە کەوتەوە کە وشەی (خۆم) پڕ بەپێستی ئەو بابەتەیە کە لە ناوەرۆکی ئەم کتێبەدا هاتووە، چونکە گوزارشت لە ئاشنایەتی و نزیکیی کەسێک دەکات لەگەڵ کەسایەتیی ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندەکانی ناو ئەو کتێبە، کەواتە وشەی (خۆم) لەشوێنی خۆیدایە نەک (من) ،لەڕووی چێژی موزیکی بەندڕێژیی وشەش هەر (خۆم) زیاتر ئەو چێژە موزیکە وشەیەت پێدەبەخشێ نەک (من)، بۆیە دوای تاوتوێ کردنی هەموو ئەو بیروڕایانە لەسەر بابەتەکە،خۆشم وەکو دەرچووی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و گەڕانەوەم بۆ وانە گوتنەوەکانی مامۆستایانم و پرۆفیسۆرە گەورەکانی زمان لەو سەردەمیدا، گەیشتمە ئەوەی کە منیش بچمە ڕیزی بۆچوونەکانی ئەو هاوڕێ نووسەر و شارەزایانەم و لە بەرگی سێیەم و چوارەم بگەڕێمەوە سەر ئەوەی جارێکی دیکە ناوی بنێمەوە (خۆم و ئەستێرە گەشەکان).

لە پاڵ ئەمەشدا دیارە کەسانێکی نووسەر و ڕوناکبیر کە خۆیان بە خەمخۆری ئەم پڕۆژە ڕۆشنبیرییەم دەزانن،گازاندەی ئەوە دەکەن کە گوایە پڕۆژەکەم (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) سەرتاسەری نییە،بۆیە دەمەوێ لای خۆم بۆ هەمووان ڕوون بکەمەوە کە لە سەرەتادا دەسپێکی ئەم پڕۆژەیە تەنیا وەکو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆم بوو لەگەڵ مامۆستاکانم و ئەو

نووسـەر و هونەرمەندانـەی بەهـۆی لێپرسـراوێتیم لـە سـاڵانی (١٩٧٧ تـا١٩٨٩ ) لـە ئەمینداریێتیـی ڕۆشـنبیری و لاوانـەوەو نزیکـی و دۆسـتایەتیم لەگەڵیـان و ڕایـی کردنـی کارەکانیـان لـە بەشـی ڕۆشـنبیری لـەم بوارانـەدا، بـەڵام دوای ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆرم لـەم ئازیزانـە بەسـەرکردەوە بـە قەناعەتـی خـۆم و لەسـەر پێشـنیاری هـەردوو هاوڕێـی دێرینـم نووسـەر و ڕۆژنامەنووس (هیـوا سـەرهەنگ) و نووسـەر و شـاعیر(نازم دڵبەند) هاتینـە سـەر ئـەو ڕایـە هـەر وا نەمێنێتـەوە و بکرێتـە کتێـب تـا لـە دوا ڕۆژدا وەکـو بەڵگەنامەیەکـی ئەدەبـی و هونـەری بمێنێتـەوە و زیاتـر فـراوان بکرێـت و هەمـوو دەڤەرەکانـی کوردسـتان بگرێتـەوە، درووسـت هـەرواش کـرا و بەرگـی یەکـەم چاپکـرا (١٠٢) کەسـایەتیی ڕووناکبیـر و نووسـەر و هونەرمەنـدی لەخۆگـرت .

لـە بەرگـی دووەمـدا گـۆڕانـکاری زیاتـری بەسـەرداهات و زۆرینـەی کەسـایەتیی دەڤەرەکانـی دیکـەی لەخۆگـرت، لـە بەرگـی سـێیەمیشـدا ئەوەتـا دیسـانەوە هەنگاوێکـی دیکـە نـراوە و پەڕیوەتـەوە بـۆ شـوێنەکانی دی و ژمارەیەکـی دیکـەی ڕووناکبیـران و نووسـەران و هونەرمەندانـی لەخـۆ گرتـووە ...خـوا هاوکارمـان بێـت لـە بەرگـی چـوارەم و بەرگەکانـی دیکـە دەسـکەچنە و هەڵبژاردنـی کەسـایەتییەکان پـڕتـر دەبـن و بەسـەر هەڵـە کەموکورتییەکانـدا بەتـەواوی زاڵ دەبیـن.

سوپاس بۆ هەمووان

**نەجمەدین عەزیز سمایل**

**ئەمستیلفین–هۆڵەندا**

**١٤–٩–٢٠٢٢**



# عەونیی شاعیر

شاعیری نەتەوەیی کورد، لە شیعری ئەڤینی و دڵداری ڕێچکەی نالی و لە شیعری نەتەوەیی شاگردی حاجی قادری کۆیی، خوالێی خۆشبێت عەونی شاعیر...

ناوی تەواوی(عوسمان کوڕی حەبیب عەبدوڵڵا)یە، ناسناوی عەونی شاعیری شیعریی نەتەوەیی کوردە، لە ساڵی ١٩١٤دا لە گەڕەکی بەفریقەندی لە داوێنی چیای سەرکەشی باواجی لە شاری کۆیە، شاری شاعیران و هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانی کورد لەدایک بووە، چاوی بە دیمەنی جوانی باخ و ڕەز و گوێچکەی بە ئاوازی بولبولی سەحەر و کەوی قەدپاڵی باواجی و هەیبەت سوڵتان کردووەتەوە و گۆش بووە.

عەونیی شاعیر تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، بەهۆی کۆچی دوایی کردنی باوکی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات ، ئەرکی بەڕێوەبردنی دوکانەکەی باوکی بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی گرتووەتە ئەستۆ، لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن نەهێناوەو هاتوچۆی حوجرەی فەقێیانی کردووە، لە مزگەوتی "حەتک" لەلای مەلا محەمەدی مەلا برایمی عەودالانی ناسراو بە (دلاوەر)ی شاعیر، هەندێ دەرسی ئایینی وەک (العقائد) و (الشرع)ی خوێندووە لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبیدا. دوای




**لە لای ڕاستەوە: عەونیی شاعیر، هونەرمەندی گەورەی کورد تایەر تۆفیق، ئەم وێنەیە لە دوکانی عەونیی شاعیر لە کۆیە لە ٢٤-٣-١٩٨٦ گیراوە.**

ئەمەش بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک زمانی فارسی لە لای مەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندووە و بە چاکی فێری زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی بووە.

دوای دەست هەڵگرتنی لە خوێندنی مزگەوتیش، هەندێ لە برادەرە دڵسۆزەکانی وەکو (میرزا عەبدولکەریم) و(محەمەد حەوێز)ی ناسراو بە (حەمەڕەش) کتێبەکانی خوێندنی پۆلی شەشەمیان پێ تەواو کردووە.

لە ڕێگەی خۆ پێ گەیاندنیشەوە جگە لە زمانی کوردی، کە زمانی خۆیەتی، بە چاکی فێری زمانەکانی عارەبی و فارسی و ئەدەبیاتەکەیان بووە بە هۆی چەند مامۆستایەکی کوردپەروەر و ڕۆشنبیری وەک ساڵح قەفتان و عەلی ئاگا و عەبدوڵڵا عەزیز و ڕەمزی ڕەحیمی ناسراو بە (مامەند کەرکووکی) و خالید سەعید، توانیویەتی هەست بە مانای کوردایەتی و گیانی نەتەوایەتی بکات. چونکە ئەو کوردپەروەرە بەڕێزانە دەورێکی باڵایان بووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتیی کورد لە ناو قوتابیانی




شارەکەی کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان کە مامۆستاییان تێدا کردبێت.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو، عەونی چووەتە ڕیزی هەڵگرانی مەشخەڵی کوردایەتی و چالاکانە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێکۆشاوەو دوای دامەزراندنی حزبی هیوا، لە سەرەتای چلەکانەوە بووەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە کوردییە تێکۆشەرە، تاکو پتر خزمەتی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی بکات.

تا حزبی هیوا لە تێکۆشان دابووە، عەونی وەک ئەندامێکی چالاک و دڵسۆزی ئیشی تێدا کردووە، تا لە ساڵی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، بووەتە ئەندامێکی کارای ئەو حزبە نەتەوەییە.

عەونیی نیشتمانپەروەر هەرگیز لە ڕێبازی کوردایەتی لای نەداوە و




**لە لای ڕاستەوە: شاعیری کوردپەروەر قوبادی جەلی زادە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی، نووسەر ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە.**

هەردەم پێی وابووە کە کوردایەتی تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، بۆیە لەسەر ئەم هەڵوێستە مەبدەئییانەی زۆر جار لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسیدا تووشی ئازار و ئەشکەنجەو گرتن بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دەورێکی دیاری لە بزووتنەوەی کوردایەتی و ئاشتیخوازاندا گێڕاوە چ بە هەڵوێستی ڕۆژانە چ لە ریگای شیعرەکانیەوە و هەر لە سەرەتای ناوەندی چلەکانەوە چەندین جار دەستگیرکراوە لە بەندیخانەکانی (کۆیە و هەولێر و کەرکووک و بەغدا و کوت و نوگرەسەلمان) ئازار و ئەشکەنجە دراوە.

سالّی ١٩٦٣ بە خۆی و خێزانەوە تووشی دەربەدەری و ئاوارەبوون بووە، دوا جاریش سالّی ١٩٦٥ دوای شەڕ دەست پێ کردنەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەی هەولێر زیندانی کراوە.

**عەونی و ژیانی شاعیری:**

عەونی لەسەرەتای سییەکانەوە، دەستی بە شیعر نووسین کردووە، چووەتە ناو دنیای شیعری کوردی، هۆنراوەی پتەو و بە هێز و بە



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم، عەونیی شاعیر، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا گۆران، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەممەدی مەلا عەبدولکەریم، دڵزاری شاعیر، ئەم وێنەیە لە ٢٠-٧-١٩٦٠ لە ڕۆژانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە شەقلاوە گیراوە.


گڵکۆی عەونیی شاعیر.

چێژی نووسیوە و توانیویەتی شوێن پێی خۆی لەسەر زەمینەی شیعری ڕەسەنی کوردی بکاتەوە.

لە سەرەتادا وەک هەموو شاعیرێکی ئەو سەردەمە بە غەزەل دەستی پێکردووە و چەند شیعرێکی ئۆپەرێتی بۆ قوتابییانی قوتابخانەکەی شاری کۆیە داناوە و دەستیشی داوەتە شیعری سیاسی و کوردایەتی.

عەونی لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی کۆیە و کوردستاندا دۆستایەتیی بەتینی هەبووە و شیعریان بەیەکەوە داناوە و بیروڕای خۆیان بەرامبەر بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەربڕیوە و هۆنراوەی یەکتریان کردووە بە پێنج خشتەکی وەکو سافی هیرانی و مەیلی و دڵدار و گۆران و هێمن و دڵزار و جاهید و گەلێک شاعیر و نووسەری دیکەی کوردستان. لەگەڵ دروست بوونی یەکێتیی ئەدیبانی عیراق لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبییە و وەک شاعیرێکی کوردپەروەر، دەوری تێدا بینیوە. لە ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ وەک شاعیرێکی زمانزانی کورد بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە کردووەو ئەندامێکی کارا بووە لە لیژنەی زمانی کوردیدا.

لە ساڵی ١٩٧٠دا دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و پاش دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانیدا بەشداریی کردووە، لەساڵی ١٩٧٢دا کە کۆڕی زانیاریی کورد دامەزراوە بووەتە ئەندامی یاریدەدەری ئەو کۆڕە.

عەونی شاعیری هەڵکەوتووی کورد، بەرهەمی شیعریی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(هاوار، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە،






**عەونیی شاعیر بە جلی کوردی**

بەیـان، هەولێـر، کاروان، هـاوکاری، برایەتـی) بڵاوکردووەتـەوە، ناوبانگـی شـاعیریی بە هەموو لایەکی کوردسـتاندا بڵاو بۆتەوە و زۆر جار ئێسـتگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا و کەرکووک هەوڵیان داوە چاوپێکەوتنی ئەدەبی لەگەڵـدا سـاز بکـەن و پیشـانی بینەرانـی کـوردی بـدەن، بـەڵام ئـەو مـاوەی نـەداون چاوپێکەوتنی لەگەڵـدا بکـەن و پێشـەکی لـەوە گەیشـتووە کـە شـیعرە نەتەوەییەکانـی ڕژێـم مـاوەی بڵاوکردنەوەیـان نـادا.

عەونـی بەرهەمـی شـیعریی زۆری هەبـووە، بـەڵام چاودێریـی دام و دەزگاکانـی ڕژێمـی بەعـس ڕێگـەی چاپکردنـی دیوانەکەیـان نـەداوە، لـەم سـاڵانەی دواییدا نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـی دیاری کـورد (فەرهـاد عەونـی) کـە کـوڕی شـاعیر عەونییـە، هەمـوو بەرهەمـە شـیعرییەکانی لـە دوو بەرگـی قەشـەنگدا لـە چاپـداوە و خسـتوویەتییە بـەر دیـد و دەسـتی خوێنـەران.

عەونیـی شـاعیر و خەباتگێـڕی کوردپـەروەر، ژیانێکـی پـڕ کێشـەو ئـازار و ئەشـکەنجەی بەسـەر بـردووە، بەتایبەتـی لـەم سـاڵانەی دواییـدا سـەرەڕای خوشـک و بـرا مـردن و کۆسـت کەوتنـی، ڕۆژ بـە ڕۆژ بەدەسـت نەخۆشـی هەناسـە تەنگییـەوە پەرێشـانتر دەبـوو، ڕژێمـی بەعسـیش لـە دوا پەلەقاژەی

نەمانی لە کوردستان، شاری کۆیەی تۆپ باران کرد و ماڵەکەی شاعیر یەکێک بوو لەئامانجی گوللەکانی و چەند پرپیشکێکی (ساچمە) بەرکەوت و برینداری کرد، ئەو کارەساتە سامناکە ڕێگای کۆچی دوایی کورت کردەوە، ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٠-٧- ١٩٩٢ دا دوعاخوازیی لە کەس وکار و کوردو کوردستان کردو تا هەتایە چاوی ژیانی لێک نا و تەرمی پیرۆزی بەشانی ئەدیب و نووسەران و جەماوەری شارەکەی کۆیەی تێکۆشەر برایە گۆڕستانی باسکی عارەبیان و بەخاکی نیشتمان سپێردراوە.

عەونیی شاعیر و نیشتمانپەروەر بۆ کورد ژیا و لە پێناوی ئامانجەکانی بە هێمنی خەباتی کردو بە هێمنیش سەری نایەوە، دوای هیوای لە ژیاندا ئەوە بوو، کورد بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی بگات و ڕۆژێک دابێت ئاڵای ئازادیی کورد لە هەموو لایەکی کوردستانی سەرفرازدا بشەکێتەوە.

عەونیی شاعیر شیعری غەزەل و نیشتمانپەروەری تێکەڵ بە شیعری سۆزداری کردووە بۆ نموونە:

**نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە**
**لێت بێ جەژنە پیرۆزە**
**لە کوردستانی گەورە**
**جەژنی گشت تیرو هۆزە**

ئەگەر سەیر بکەین عەونیی شاعیر(نەسرین)ی کردۆتە سمبول، چونکە لەسەرتانسەری کوردستان خەڵک ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕێت، هونەرمەندی گەورەی کورد مەقامبێژی نەمر تایەر تۆفیق ئەم پارچە شیعرەی کردووەتە سروود هەر لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەموو ئاهەنگەکانی نەورۆز بە نهێنی و ئاشکرایی گوتوویەتی.

شاعیر عەونی جگە لە شیعری نەتەوایەتی و دڵداری، شیعری بۆ جوانیی سروشتی کوردستان و کوردایەتی و چیرۆکە شیعریشی نووسیوە، پێنج خشتەکی لەسەر شیعری خۆی و شاعیرانی دیکەی کلاسیکی داناوە لەوانە لەسەر شیعری(هێمن موکریانی، نالی، سافی، وەفایی، مەیلی)، هەروەها لە گەڵ شاعیران پێکەوە شیعریان داناوە لەوانە(دڵدار)ی شاعیر.

وا نموونەی پێنج خشتەکییەکی عەونیی شاعیر لەسەر شیعری نالی-

تـان بـۆ دەنووسـمەوە:

**نیشـتمانم کـە سەراسـەر گـوڵ و بـاخ چەمەنـە**
**لالـە زارێکـە هەمـووی سوسـن و شـەوبۆ و سـەمەنە**
**هـەر کەسـێک دژ بـێ بـە خـاک و گەلەکـەی نارەسـەنە**
**دڵ سیاسـەنگ نەبـێ، مائیلـی خاکـی وەتەنـە**
**خالـی لەعلـی حەبەشـە، سـاکینی بـوردی یەمەنـە**

**********

عەونی شاعیر و و دڵداری شاعیر ئەم شیعرەیان پێکەوە داناوە:

**دڵ لــە بەینـی تەڵعەتـی ڕوو و زوڵفەکـەی دەیجوورتـە**
**گاهـێ مەیلـی شـەو ئـەکات و گاهـێ مەیلـی نوورتـە**
**بەحـری عوممانـی سروشـکم وا بـەدەم گریانـەوە**
**پـڕ لــە دانـەی گەوهـەرە هـەم لەعلـی وێنـەی سـوورتە**
**بادەکـەت پـڕ ژەهـری مـار بـێ، بیـدە پێـم نۆشـی دەکـەم**
**چونکـە تەبعـم هێنـد مەتیعـە بەندەیـی مەیسـوورتە**
**سـا ئەزانـی چەنـد پەشـێوە ئـەو دڵـەی بیمـاری مـن**
**پـەی کـراوی تیـری غەمـزەی چاوەکـەی مەخموورتـە!**
**ئاسـمانی حوسـنی ڕوخسـارت لــە ئەمـڕۆ و چەرخـی ڕوو**
**تاقـی ئەبـرۆت دوو هیـلال و چەرخـی کوڵمـەی خۆرتـە**
**خونچـەی ئەشـکفتەیی لێـوت لــە باخـی مەقصـەدم**
**تـا دەمـی بشـکوتنی دڵ بولبولـی مەنزوورتـە!**
**ئـارەزووی ئـەم شـیعرە(دڵدار) تـۆ لە(عەونـی) بـۆ دەکـەی**
**چونکـە ئـەم غەمبـارە دایـم بـۆ وەتـەن مەجبوورتـە!!**

لە شیعری ئەڤینیی و دڵداریش عەونی شاعیر زۆر دەست ڕەنگین بووە، وا پارچە شیعرێکی ئەو شاعیرە نەمرەتان بۆ دەنووسمەوە:

لەم کوڵپەیی ئەحزانە

**لەم کوڵپەیی ئەحزانە، عەشقی سەنەمێکم بوو**
**لەم چۆڵ و بیابانە، یاخی ئیرەمێکم بوو**
**ئەی دڵ بە خەتا تا کەی، بەخەتا کاری؟**
**دوێنێکە دەمێکم بوو، ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو**
**بێ هاودەم و هەمتام، بۆ خلوەتی تەنیایی**
**بۆ موئنسی ئەمزانی گوڵ غونچە دەمێکم بوو**
**ئاخر فەلەکی بەدکار دوچاری غەمی کردم**
**جارێ لە خەوا وەسڵی لەب جامی جەمێکم بوو**
**شایستەیی شاهی بێ، تورەی سەری زوڵفەینە**
**لەم جوملە عەلاماتە، قامەت عەلەمێکم بوو**
**شەوبۆیی سەری زوڵفی، ئاشفتە دڵی کردم**
**دەرناچێ لە دڵ دایم، هەر چەند کە کەمێکم بوو**
**عەونی کە بە خامۆشی، ڕازی دڵی پەنهانە**
**باتین لەخەتەر دایە، پەروانە شەمێکم بوو.**

عەونیی شاعیر پاش کۆچی دوایی کردنی شەش کوڕ و حەوت کچی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە، کوڕەکان (خەسرەو و فەرهاد و وریا و نەژاد و دلێر و ساسان) ، خوا تەمەنی ئەوان و خوشکەکانیان درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو بن، بۆ عەونیی شاعیریش روحی پاکت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

١- دیوانی عەونی ، چاپی دووەم، ١٩٩٧.
٢ - دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم، لاپەڕەکانی(٢٦٥-٢٧٦)، هەولێر ٢٠٠٦.
٣- لاپەڕەی سەرەکی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد فەرهاد عەونی.
٤- زانیاری نووسین و دارشتنی خۆم.



# دکتۆر جەمال نەبەز

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و زماننـاس و مێژوونووس و مامۆسـتای فیزیـا و ماتماتیک و وەرگێڕ ڕەوانشـاد پڕۆفیسـۆر دکتۆر جەمال نەبـەز

ناوی تەواوی(جەمال تۆفیق مەحمود)ە، بە جەمال نەبەز ناسـراوە، لە سـاڵی ١٩٣٣ لـە بنەماڵەیەکی ناسـراوی شـاری سلێمانی لە دایک بووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە شـاری سلێمانی تـەواو کـردووە، لـە نیـوەی یەکەمـی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بەشـی فیزیـا و ماتماتیکـی لـە زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە، خوێندنـی ئیسـلامی و فەلسـەفە و سـیۆلۆجی و زانسـتی لاهوتیشـی خوێنـدووە، بـووەتـە مامۆسـتای (بیرکاری و فیزیـا) لـە شـاری کەرکـوک، ئـەو دوو وانەیـەی بـە زمانـی کـوردی وتـووەتـەوە، سـاڵی ١٩٦٠ کتێبێکی فیزیـای بـە زمانـی کـوردی دانـاوە و هـەر لەسـەر ئەرکـی خـۆی چاپـی کـردووە و بـە خـۆڕاییـش دابەشـی کـردووە، مـاوەی شـەش سـاڵ لە کەرکوک و هەولێر و بەغدا و بەسـرا مامۆسـتا بـووە.





لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، جەماڵ نەبەز

جەماڵ نەبەز لە ساڵی ١٩٥٤ دەستی بە نووسین و ڕۆژنامەگەری کردووە چەندین وتاری ڕەخنەیی و بەرپەچدانەوەی دژی شۆڤینییە عەرەبەکان بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی(صوت الاهالي) بەغدادی بڵاوکردووەتەوە، ئەو وتارەکانی بە ناوی نهێنی(صامد الكردستاني و چ. أ.کلۆڵ) نووسیوە.

جەماڵ مرۆڤێکی زۆر کوردپەروەر بووە و کوردێکی زۆر سەرسەختیش بووە، بۆیە خوالێخۆشبوو بەشیر موشیر زۆری خۆشویستوە، ئەو لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ سەردانی سووریا و لوبنان و ئێرانی کردووە، چاوی بە چەند کەسایەتی و ڕووناکبیری کورد کەوتووە و چەند بڵاوکراوەیەکی بە سوودیان دەرکردووە بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی، ساڵی ١٩٦٢ سەرەتا چووەتە وڵاتی سویسرا، دواتر لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە، یەکسەر دەستی بە خوێندنی فیقهی ئیسلامی و زمانەکانی ئێرانی و شێوازی وانەوتنەوە کردووە لە زانکۆکانی میوشن و یرزبێرگ.




لە ١٠-٥-١٩٦٦ جەماڵ نەبەز وتارێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، کەبەرپەچدانەوەیەکی توند بووە بۆ کونسوڵی عێراقی لە بەیروت،




وتارەکە بە ناو نیشانی(انتم مجرموحرب و لستم کحکام سویسرا)بووە.

لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٧٠ لە زانکۆی هامبۆرگ خوێندوویەتی و هەر لەو ساڵانەش لەگەڵ هاوڕێکانی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد(**NUKSE**) ی لە ئەوروپا دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٦ لە زانکۆی بەرلینی ئازاد زانستە سیاسییەکان و ڕۆژنامەگەری و یاسای خوێندووە، لە ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٦ کارمەندی زانستی بواری زانستیی ڕۆژهەڵاتناسی بووە و بەشداربووە لە دامەزراندنی توێژینەوەی ئەڵمانییەکان(**Deutsche Forschungs gemeinschaft**)، لە ساڵی ١٩٧٨- ١٩٨٢ وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەری موحازەراتی دەربارەی بابەتە ئیسلامی و زمانە ئێرانییەکان و زانستی(علم الاجناس و الاعراف) وتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٨٣ وەک (پشکینەر- مدقق)ی وەرگێڕانی زمانی فارسی بووە لە بەرلین لە دەزگای (**Staatliches Instityt fUr Dolmetscher Und Ubersetzer**)، هەروەها لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و زانستی باڤاری



**جەمال نەبەز ئەوانی دیکە نەناسراون**




پشکێنەر (مدقق)ی وەرگێڕەکانی زمانی کوردی بووە، موحازەراتی زمانی فارسی و کوردیشی وتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی ئەکادیمیای زانست و هونەری کوردییان لە ستۆکهۆڵم دامەزراندووە، ئەو یەکێک بوو لە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد(کاژیک).

دکتۆراکەی جەمال نەبەز بە زمانی ئەڵمانی بووە، دکتۆر فەخری سەلاح شۆڕ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

دکتۆر جەمال نەبەز خەرمانێک بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و زانستی و زمانەوانی و مێژوویی و ڕەخنەیی زیاتر لە(٥١) کتێبی چاپ کردووە، کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- چیرۆکی(گەرداوەکە- **The Tempest**)، لە نووسینی نووسەری گەورەی ئینگلیزی شکسبیرە، جەمال نەبەز وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ساڵی ١٩٥٥.



**جەمال نەبەز و هاوسەرەکەی**



پۆلێك نووسەر و ئەدیب لە پێشوازی تەرمی جەمال نەبەز لە فڕۆکەخانەی هەولێر

-لالۆ کەریم، ڕۆمانێکی کوردییە لە ساڵی ١٩٨٦ لە هەولێر چاپکراوە.

-پالتۆ-( The coat)، لە نووسینی نووسەری بەناوبانگ نیکۆلای گۆگۆل، لە ساڵی ١٩٥٨ جەمال نەبەز وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

- المستضعفون الكرد وأخوانهم المسلمون.
- باسنامە.
- بیری زانستانە یان لێدانی بالۆرەی تڕم پڕم- پف ف.
- بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە، چاپی دووەم.
- بیرەوەریینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دی ناگەڕێنەوە.
- بەرکوڵێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا.




- پێوەندارێتیی کوردی کورد کێیە و- الامیر الكردي – میر محمد الرواندزي الملقب ب(میري كۆره).
- کورد بوون مانای چی؟
- تصريحات هامة للمفكر الكردي جمال نبز.
- جرتوفرتی ئەم دواییەی جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ بەعسییەکانی بەغدادا ١٩٨٤/٦/١



له لای ڕاستەوە: حەجی جەعفەر، جەمال نەبەز، دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری. پیر خدر سلێمان.

- جەمال نەبەز – کۆبەرهەم ٧.
- چەند موحازەرەیەک دەربارەی زمانی کوردی و شێوەی وتنەوەی بۆ
- حول المشكلة الكردية.
- خوێندەواری بە زمانی کوردی.
- ڕۆژانی ئاوارەییم لە سوێسرا.
- زمانی یەکگرتووی کوردی.
- سەرنجێک لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاریی کورد.



- سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی مادده.
- فەرهەنگۆکی زانستی: دەستنووس.
- فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا.
- گۆڕیننامە؛ ڕەوتی گۆڕین لە گۆڕەپانی هزریی رامیاریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.
- گۆڤاری نیشتمان.
- لالۆ کەریم: چیرۆکێکە لایەک لە دەردی ژیانی

کۆمەڵایەتیمان دەرئەخات.

- من شێواندوومە لێتان.. یان هەر خۆتان سەر لێ شێواون.
- ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد.
- نووسینی کوردی بە لاتینی.
- هێندێک لە کێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم.
- هەندێک زاراوەی زانستی.
- هەولێرەکۆن پەنجا ساڵ لەمەوبەر (پاییزی ١٩٦٠ پاییزی ١٩٦١).
- وشەنامەیەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی.
- وەرگێڕان هونەرە.
- کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان.
- کوردایەتی؛ بزووتنەوە و بڕوا و ڕژێمە.
- کوردستان و شۆڕشەکەی.
- کۆبەرهەم ٦.
- کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد کاژیک ١٩٥٩/٤/١٤ پێشخان






**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد بەشیر موشیر، جەمال نەبەز، عەلی تۆفیق، کامل ژیر**




و پاشخانەکانی.


- الامیر الکردي، میر محمد الرواندزي الملقب ب(میري کۆره)، ت: فخري شمس‌الدین.

بەشێکی گرنگ لە نووسینەکانی جەمال نەبەز بریتی بوون لە هەڵوێست بەرامبەر ئەو سیاسەت و ڕەفتارانەی کە سیمای حزب و سیاسییەکانی کوردی پێوە بوو، ئەو نووسەرێکی ئەکادیمی بوو، نووسینەکانیشی هەموو دەربڕینی ئەو دنیا بینینییە نەتەوەییەی بوو کە تەنیا بڕوای پێ بوو، بۆیە هەمیشە گلەیی و گازاندەی لە لێپرسراوانی کوردی لە کوردستانی باشوور هەبوو.

لە ڕۆژی ٨-١-٢٠١٩ بە بۆنەی ماتەمینی چلەی جەمال نەبەز، دکتۆر جەواد ئەلمولـلا سەرۆکی دەستەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردی وتارێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوەو دەڵێت:(في نهایة عام ١٩٦٩ وصلت الی المانیا و کنت علی اتصال دائم مع(حمرش رشو) و کنت کل یوم التقي بالکورد من کل اجزاء کردستان من الذین یعیشون فی مدینة برلین و یزورونه، کانت احادیث متشابهة الی ان زاره الاستاد جمال نبز و قبل ان یصل اخبرنی حمرش ان جمال من الکورد المتعصبین جدا للقومیة الکردیة، مما



پەیکەری نووسەر




جعلنی ان احبه قبل ان اراه، وقلت فی نفسی لربما أسمع منه شیئا یشبع جوعی و یروی عطشی لنهج جدید ینقد شعبنا من الدوامه التی تعیشها منذ امد بعید).

لە ڕۆژی ٣-٣- ٢٠٢١ لە بنکەی ژین لە شاری سلێمانی لەژێر دروشمی داگیرساندنی چرایەکی نوێ بۆ خزمەتکردن لە پێناو فەرهەنگ و کەلتووری کوردیدا(ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز کرایەوە).

لە ڕۆژی ٨-١٢-٢٠١٨ جەمال نەبەز لە شاری بەرلین- وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەشی لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هەولێر هێنراوەتەوە کوردستان، کۆمەڵێک ئەدەب دۆست و هاوبیرەکانی لە پێشوازی تەرمەکەیدا بوون.

لە شاری سلێمانی پەیکەری دکتۆر جەمال نەبەز لە ئارامگاکەی دانراوە، هونەرمەندی پەیکەر ساز(چێنەر نزار)لەسەر ئەرکی خاتوو نیعمەت تۆفیق مەحمود خوشکی جەمال نەبەز دروستی کردووە.

بۆ جەمال نەبەز ڕوحت شاد و ئارام و ئاسوودە.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی دلاوەر زەنگی لە ٣٠-٥- ٢٠١١.

٢- ماڵپەڕی کوردستان پۆست لە ١-١١- ٢٠١٩.

٣- یەکێتیی میدیا لە ٨-١٢-٢٠١٨.

٤- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥- پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین، وتارێک بە بۆنەی(٨٨)ەمین ساڵیادی دکتۆر جەمال نەبەز، لە ماڵپەڕی خۆی لە فەیسبووک لە ٣٠-١١-٢٠٢١ بڵاوی کردووەتەوە.

٦-زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## دکتۆر کاوس قەفتان

مامۆستای ئەکادیمیی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد دکتۆر کاوس قەفتان، ناوی تەواوی(کاوس عەبدولڕەحمان قەفتان)ە، لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٣ لە کۆلێژی(دار المعلمین العالیة) لە بەغدا وەرگیراوە، ساڵی ١٩٥٧ تەواوی کردووە و بووەتە مامۆستای قوتابخانەکانی ناوەندی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، لە ساڵی ١٩٥٩ بەشداری لە کۆنگرەی لاوانی جیهانی کردووە لە ڕۆمانیا.


دکتۆر کاوس قەفتان

دکتۆر کاوس قەفتان ساڵی ١٩٦٠ بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، لە ساڵی ١٩٦١ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا، ساڵی ١٩٦٣ لە بەشی کوردیی ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد بووەتە توێژەری زانستی، لە

ساڵی ١٩٦٦ گەڕاوەتەوە عێراق و لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووەتە مامۆستا، لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کاوس قەفتان ، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

سەدەی ڕابردوودا ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد بووە لە بەغدا، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن وەکو مامۆستای مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردی لە کۆلێژی ئاداب و پەروەردی زانکۆی بەغدا تا ساڵی ٢٠٠٠، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لە بەشی مێژوو لە کۆلێژی زانستییە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی وەکو مامۆستا دامەزراوە و سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستە ر و دکتۆرای بۆ قوتابیانی زانکۆی ناوبراو کردووە.

دوکتۆر کاوس قەفتان کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و مێژووی کوردی نوێ و هاوچەرخ نووسیوە و چاپی کردوون، لەوانە:





- کتێبی(١٠) چیرۆک، بەغدا ١٩٦٩.
- خۆری ئاوا بوو، چیرۆک، سلێمانی ١٩٧٠.
- ڕاوە بەران، چیرۆک ، سلێمانی ١٩٧١.
- نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ، بەغدا ١٩٧٥.
- پێنج تابلۆی شێواو، بەغدا ١٩٨٥.
- ژووری میوان، سلێمانی ٢٠٠٠.
-هەڵبژاردە لە وتەی بەپێز، سلێمانی ٢٠٠١.




- ئەفسانەی میللەتانی ئاسیا، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٨٥، بەشی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠، لە زمانی ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ڕاپەڕینی ئاگری داغ، سلێمانی ١٩٥٩.
- بابان ، سۆران، بۆتان، بەغدا ١٩٨٥، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٦.
- جەلیلی جاسم کوردەکانی ئیمپڕاتۆڕییەتی عوسمانی، بەغدا ١٩٨٧ لە ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- جەلیلی جاسم ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٧ لە ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- م. س. لازاریف، کێشەی کورد، بەغدا ١٩٨٩ لە ڕووسییەوە.
- وتاری مێژوویی، سلێمانی ٢٠٠١.
- ڕاپەڕینی بارزان چەند لاپەڕەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە سەدەی بیستەمدا، سلێمانی ٢٠٠٢، چاپی دووەم ٢٠٠٣.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کاوس قەفتان بە جلی کوردییەوە**




- داستانە جیهانییە هەرە گەورەکان، سلێمانی ٢٠٠٢.
- مێژووی نوێ بۆ پۆلی پێنجەمی ئەدەبی لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر و هەژاری شاعیر، لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەغدا ١٩٧٠.
- مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەب بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی لەگەڵ عوسمان قادر، ساڵی ١٩٨٨.
- ئێوارەیەک، چیرۆکێکی درێژە لەگەڵ (٥) کورتە چیرۆک، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- دیوانێکی شیعر، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- بیرەوەرییەکانم و چەند ڕووداوێک لە ژیانما، دوایین کتێبی دکتۆر کاوس قەفتانە.

دکتۆر کاوس قەفتان مرۆڤێک بوو تا سەر ئێسقان کوردپەروەر بوو، ژیانیشی پڕ بوو لە تێکۆشان بۆ گەل و نیشتمانەکەی، ئەو کورد و



**ماتەمینی دکتۆر کاوس قەفتان لە هۆڵی ڕووناکی زانکۆی سلێمانی لە ٦-٥-٢٠٠٩**




**وێنەیەکی مێژوویی و دەگمەنە کە هاوڕێم پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە ئەرشیفی خۆی بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، وێنەکە هی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، قوتابیانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا لەگەڵ مامۆستاکان کە لە ڕیزی دانیشتووەکان لەسەر کورسی لە چەپەوە: یەکەم کەس دکتۆر کاوس قەفتانە و هەر لەو ڕیزە دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دکتۆر ئیحسان فوئاد ئامادە بووینە،**

کوردستانی زۆر خۆشدەویست وای لێکردبوو جگە لە مرۆڤی کورد کەسی دیکە نەناسێت و جگە لە کوردستانیش هیچ شوێنی دیکە نەبینێت، ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێت:(سوژدە بۆ کەس نابەم، نوێژ ناکەم، چونکە سوژدەی تێدایە، بەڵام ئامادەم لە کانگای دڵمەوە سوژدە بۆ ئاڵای کوردستان بەرم).




ئەو کە لە سۆڤیەت بووە بۆ خوێندن زۆر غەریبی شاری سلێمانی و کوردستانی کردووە، ئەمەش لە بەرهەمەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، وا پارچە شیعرێکی دکتۆر کاوس قەفتان کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە لینینگراد نووسیویەتی لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

لە ٢٢-٣-٢٠٠٩ دکتۆر کاوس قەفتان لە شاری

سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

هەر لە شاری سلێمانی باخچەیەک بە ناوی نووسەر و ڕووناکبیر دکتۆر کاوس قەفتان کراوە، تابلۆیەکیش لە تەنیشتی هەڵواسراوە باسی ژیاننامەی ناوبراو دەکات وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

لە ٦-٥-٢٠٠٩ چلەی ماتەمینی دکتۆر کاوس قەفتان لە هۆڵی ڕووناکیی زانکۆی سلێمانی بە ئامادەبوونی ئەدیب و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی و کوردستان ساز کراوە.


١- بیرەوەرییەکانم لەگەڵ دکتۆر کاوس قەفتان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٥، ئەو ماوەیەک مامۆستای وانەی مێژووی کوردی پێ دەوتینەوە، دواتر کە مامۆستای مێژوو دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر هات، ئەو تەنیا وانەی(ترجمة- وەرگێڕان)ی بە پۆلەکەی ئێمە دەوتەوە، زۆر لەگەڵمان ماندوو بوو، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو قوتابییانەی ناوچەی خانەقین و دەڤەری بادینان، هەوڵێکی زۆری دا، تا هەر هەموومان هەر یەکە بە ڕادەیەک ئاستی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێرببین.


٢- لە ٢٠-٢٥ مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٨(ملتقى القصة العراقي الأول- دیداری یەکەمی چیرۆک) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بەسترا، وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراقی لەگەڵ ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێککەوتبوون کە هەموو کارە هونەرییەکان لە تێکست و داوەتی ئەدیب و






ئەی ئەمین مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی سەرخۆشیی و کەسابی تۆی لەبیر بردۆتە
جا وەرە ئاوی حەیات بدرێت بەدەستی شێتەوە
من بەبێ تۆ ڕۆژ هەتا ئاوا ئەبێ حەمدی ئەکە
ڕۆژەکەش ئەڕوا ئەمین بێتۆ بنوسی بێتەوە
من هەتا دەستی بەیانی شەو لەناو باخەڵ ئەکا
گوێم بە ئاوازی عەرەق چەند جارە ئەزرنگێتەو
هەر کە ناوی هات لەلام لیمۆ بەسەد ناوی جیها
ڕوی زبان و هەست وەکو گوڵ بۆ بەهار ئەخنێتە
چونە ئەك یەك عارەق و لیمۆ ئیتر سوودی نیی
هەر بەقەد یەك مست دەمم بۆ خوێ لەبر ئەکرێتە
خۆ کە تامی ئەو حەرام زادە لەسەر پێستی زبا
ڕاکشا ئەوسا خەمی دنیا هەموی ئەسڕێتەوە
تا کە ستی گشت دەماری لەشمی داگرت زۆر بە
خوڵ ئەدا سەر، ورگ بەئاوی تۆ ئەمین ئەر شێتە
١٩٦٢












نووسەران لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی عێراقی بێت و کارە لۆجستییەکانیش ئێمە لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری بوو، بەندە لەگەڵ ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد چوار ڕۆژ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دیدارەکەمان بە سەرکەوتوویی بۆ ڕێکخستن.

یەکێک لە نووسەر و ئەدیب و چیرۆکنووسانی کورد کە ئامادە ببوون دکتۆر کاوس قەفتان بوو، پاش چەند ساڵێک لە تەواوبوونم لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، بە مامۆستام دکتۆر کاوس قەفتان شاد بوومەوە و خزمەتێکی زۆری هەموو میوانەکانمان کرد بە تایبەتی ئەدیب و نووسەرانی کورد کە بەشی زۆریان لە بەغدا هاتبوون.

سەرچاوەکان:بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی مێژووی پەرگە، وتارێکی نووسەر زریان ئەحمەد لە ٢٥-٣-٢٠١٧.
٢- **Manu midia** لە ١٥-١٠-٢٠٢١.
٣- کوردیپیدیا .
٤- لاپەڕەی فەیسبووکی دکتۆر کاوس قەفتان.
٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# کامەران موکری

یەکەم کەس بووە کە ناوی شاری سلێمانی ناوە(شاری هەڵمەت و قوربانی)، شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای وانەبێژی زمان و ئەدەبی کوردی لە هەردوو زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین.

ڕەوانشاد کامەران موکری، ناوی تەواوی(محەمەد ئەحمەد تەها)یە بە کامەران موکری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گەڕەکی(دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە ناوچەی موکریانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، سەرەتا بنەماڵەکەیان هاتوونەتە ناوچەی پشدەر و پاشان بۆ ناو شاری سلێمانی، ئەو لە دایکەوە برای شاعیری کورد(ئەخۆل) ە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٥- ١٩٥٦ لەبەر گرتن و ڕاونان ودەربەدەری نەیتوانیوە ئامادەیی و کۆلیژ تەواو بکات.


لە ساڵی ١٩٤٨ کە خۆپیشاندانەکانی عێراق دەستیان پێ کردووە دژی(پەیمانی پۆرتسمۆس- معاهدة بورتسموث) کە بە (انتفاضة الوثبة) ناسراوە، لە سلێمانیش خۆپیشاندان کراوە، کامەران موکری پێشەنگی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد هەردی، هونەرمەند ناسری ڕەزازی، شاعیر کامەران موکری.**

خۆپیشاندەران بووە و یەکەم کەس بووە وتاری خوێندووەتەوە و لە وتارەکەدا ڕووی لە خەڵکی شاری سلێمانی کردووە و وتوویەتی:(ئەی جەماوەری شاری هەڵمەت و قوربانی).

لە ساڵی ١٩٤٩ تاوەکو ساڵی ١٩٦٣، (١٨) جار دەستگیر کراوە، لە بەندیخانەیەک دەرچووەو بەندیخانەیەکی دیکە چاوەڕوانی کردووە، پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ دەستی بە جموجۆڵی ڕۆژنامەگەری کردووە، ساڵی١٩٦٠-١٩٦١ سەرنووسەری گۆڤاری(ڕۆژی نوێ) بووە لە سلێمانی، لە پاش کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ وەکو بەشی زۆری شاعیر و ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد ماوەیەک کپ بووە و بەرهەمەکانی بڵاونەکردووەتەوە، تاوەکو بووەتە مامۆستای وانەبێژ بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، دواتر کە زانکۆی سلێمانی چووەتە هەولێر و ناوەکەی بووەتە زانکۆی سەلاحەدین، ئەو هەر لە کارەکەی خۆی بەردەوام بووە، تا ڕۆژی ٧-١٢-١٩٨٦ لە شاری هەولێر کۆچی



دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گردی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

کامەران موکری سەرەتای دەستپێکردنی نووسینی بە پەخشانی هونەری و چیرۆک بووە، پەخشانی(پارچە گەوهەرێک)ی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردووەتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٢ چیرۆکی(کۆتەرە خەڵووز)ی لە رۆژنامەی(ژین) بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٧، شەش چیرۆکی نووسیوە و دواتر خولیای خۆی خستۆتە سەر نووسینی شیعر و تا بە تەواوی لەسەر پێی خۆی وەستاوە.






شاعیران(پیرەمێرد و گۆران و بێکەس و قانع) کاریگەرییان لەسەر شاعیر کامەران موکری هەبووە، بەشێکی زۆری شیعرەکانی نەتەوەیی و مرۆڤایەتین، ئەو هەستە ناسکەی کە هەیبووە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد هەردی، ڕووناکبیر عومەر عەبدولرەحیم ، کامەران موکری.**



**لە لای ڕاستەوە: نوری ئەحمەد تەها، کامەران موکری ، لە زیندان.**

وەکو مرۆیەکی نەتەوەخواز لە بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و نەتەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکەش، ئەو شاگرد و قوتابیی قوتابخانەی پیرۆزی کوردایەتی بووە و وەکو شاعیرێکی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی کورد هەژمار دەکرێت، ژیان لای ئەو هەمووی خەبات و تێکۆشان بووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی، ئەمەش لە هەموو بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، با بەیەکەوە تەماشا بکەین چیَ دەڵێت:




**ژین لە لای دڵسۆز هەر تێکۆشانە**

**هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە**

**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن**

**تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن.**

كامـەران موكـری وەكـو مرۆڤیـش هەمیشـە پشـت و پەنـای هـەژاران و لێقەومـاوان بـووە و پشتگیریشـی لـە گەلانـی چەوسـاوەش كـردووە، سـەبارەت بـە تێكۆشـانی گەلـی جەزائیـر سـەیركەن چـۆن شستایشـی (جەمیلـە) كچـە شـۆڕشـگێری جەزائیـری دەكات دژی فەرەنسـای داگیركار:



پارچە شیعرێکی کامەران موکری کە بڵاونەکراوەتەوە، لە ئەرشیفی کوردستان نووسەر خاڵە حەمە فەرەج ، ١-٨-٢٠٠٤، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن ئەحمەد بۆی ناردووم.

**ئەی جەمیلە**
**سڵاو لە ئاگر و ژیلە**
**لە حەیرانا لە لاوكا**
**كاتێ كچ لەگەڵ، باوكا**
**هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن**
**بەرەو قەڵای سەختی دوژمن.....هتد.**

كامـەران موكـری شـیعری بـۆ كوردایەتـی و مرۆڤایەتـی و ئاشـتی و ئەڤینـی و جوانیـی كوردسـتان وتـووە، چەنـد وتارێكـی لێكۆڵینـەوەی ئەدەبـی و هونـەری و شـەش چیـرۆك و پێنـج دیوانـی شـیعری بـۆ خوێنـەری كوردیمـان بەجـێ هێشـتووە، جگـە لـە چەنـد هەڵبەسـت و شـیعری دیكـە كـە هەندێكیـان تـا ئێسـتا بڵاونەكراونەتـەوە و هەندێكیشـیان هـەر دیارنیـن، مـن لـەم نووسـینەدا پارچـە شـیعرێكی شـاعیری نەمـر كامـەران موكـری- م بـە وێنـە هاوپێـچ كـردووە كـە بـۆ یەكەمیـن جـار بڵاودەكرێتـەوە، تێكـڕای بەرهـەمـە بڵاوكراوەكانـی ئەمانـەن:

چیـرۆكـەكان: سـزا، ئـەم ئینسـانانە، نانـی سـیلاوی، كۆتـەرە خەڵووزێـك، لـە بیابانێكـدا، دڵێكـی بەسـەزمان.

دیوانـە شـیعرییەكانی: ئاشـتی، ئاگـر و ژیلـە- ١٩٥٨، دیـاری- ١٩٥٧، گوڵاڵـە سـوورە - ١٩٥٩، گوڵـە ئەسـتێرە - ١٩٥٩، ئـاوات و ڕەنـج- ١٩٦٨، زەبـری هۆنـراوە- ١٩٧١، سـەرجەم شـیعرەكانی لـە كتێبێكـدا(دیوانـی كامـەران موكـری)، لـە پـاش كۆچـی دوایـی، نووسـەر حسـێن بەفریـن لـە چاپخانـەی چوارچـرا لـە چاپـی داوە، سـاڵی ٢٠١١.




- محەمەد قودسی، قارەمانی شەهیدی کورد، نووسنی کامەران موکری.

کامەران موکری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەرگی تازەی کردووەتە بەر باڵای شیعری کوردی، ئەو بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردووەتە بەر کێشی(پەنجە) کێشی ڕەسەنی کوردی و خۆی لە کۆت و داوی(عەروز)ی عەرەبی بەدوور گرتووە، بۆیە شیعرەکانی مۆسیقای کوردانەیان پێوە دیارە، هەموو بەرهەمەکانی بە زمانێکی کوردیی سادە و پاراو و ڕەسەن و دوور لە وشەی بیانی نووسیوە.

ئەگەر زێدەڕۆیی نەکەم دەتوانم بڵێم: (کامەران موکری هەڵگری ڕێچکەی گۆرانی شاعیرە و شیعرەکانیشی ئەگەر خۆیان لە شانی شیعرەکانی ئەو نەدەن، ئەوا هیچی وا کەمتر نین)، ئەو لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی هەر یەک لە(شێخ حەسیب قەرەداغی و جەمال شارباژێڕی و دکتۆر ئیحسان فوئاد) بوونەتە پردی لێکدانی شیعری نوێی قۆناغی گۆران و شیعری نوێخوازی ئازاد کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەر یەکە لە شاعیران(شیرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەنوەر قادر جاف و عەبدوڵڵا عەباس و سەلاح شوان و سەلام محەمەد و جەلال بەرزنجی و دڵشاد عەبدوڵڵا و چەندانی دیکە) نوێنەرایەتییان دەکرد، ئاستی شیعری نوێی کوردیشیان گەیاندە لووتکە.

هەندێ لە شیعرەکانی وەرگێردراونەوتە سەر زمانی عەرەبی و چەندین نووسەر و ڕەخنەگر وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەرهەمەکانی کامەران موکری نووسیوە، لەوانە:

- نامەیەکی شاعیر کامەران موکری کە بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد ممتاز حەیدەری نووسیوە لە ٢٤-٢-١٩٧٣، وا هاوپێچم کردووە.

- شاعر من كردستان، دكتۆر كامل بصير.
- کامەران و هۆنراوەی نوێ، نووسەر چیرۆکنووسی گەورەی کورد حسێن عارف.
- ئەشکی باوان، بەرهەمی بڵاونەکراوەی کامەران موکری، نووسەر ئومێد ئاشنا، هەولێر، ٢٠٠١.
- کامەران موکریی چیرۆکنووس،(کامران موکری قاصا)، بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، نووسەر حەسەن جاف، بەغدا، ١٩٨٨.
- بەر لە راپەڕین لە یادی چلەی(کامەران موکری)دا هەڵوێستی شاعیر و ئەدیبان، نووسەر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، ٢٠١٠.

کامەران موکری زمانی کوردی و عەرەبی کەمێکیش فارسی زانیوە و مامۆستایەکی زیرەک و بە توانا بووە لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی.

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس کامەران موکری ڕەوانشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

**دوو پارچە شیعری کامەران موکری،**
**یەکەمیان بۆ ئاشتی وتووە، دووەمیان بۆ جوانیی سروشت:**

(١)

گوڵاڵەی شادیم لە گەشە دایە
هیچ بایێک نییە هەڵیوەرێنێ
دڵیشم وەکو پارچە پۆڵایە
کەس توانای نییە تێکی شکێنێ

****

شەهید کە چاوی ژیانی لێک نا
گڕ بەر ئەبێتە وڵاتی ئارام
دوا گەردشی سوور لەگەڵ دوژمنا
بە زاڵ بوونی کورد ئەگاتە ئەنجام

(٢)

کەژ و دارستانی کپی
پۆشیویانە بەرگی سپی
قوببەی پیرۆزەیی ئاسمان
بە پڕشنگی گزنگی ئاڵ
داوێنی کەژی ئەنەخشان
دێیەک لە باوەشی کەژا
بزەی گەرمی لێ ئەرژا.


سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورد زانست، ژیانی شاعیر کامەران موکری.

٢- ڤەژینبۆکس، زانیاری و بەرهەمەکانی کامەران موکری.

٣-Wikiwand.

٤- گەلاوێژ، کامەران موکری شاعیری خەبات و ڕاپەڕین و سروشت و جوانی، لە ٧-١٢-٢٠٢٠.


٥- ماڵپەڕی خەڵک، یادی کامەران موکری، لە ٩-١٢-٢٠٢١.

٦- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم لاپەڕەکانی(٥٩٧-٦١٤)، دەزگای ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٨- نامەیەکی کامەران موکری کە بۆ نووسەر و شاعیر مومتاز حەیدەری نووسیوە لە ٢٤-٢- ١٩٧٣، کە باسی کورتەیەک لە ژیانی خۆی دەکات.

٩- زانیاریی نووسین و دارشتنی خۆم.



# عومەر مەعروف بەرزنجی

نووسەر و وەرگێڕو ڕووناکبیری گەورەی کورد مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی، ناوی تەواوی(عومەر مەعروف ئەحمەد بەرزنجی) یە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی(بەرزنجە)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خانەوادەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو کوڕی(مەعروف ئەحمەد بەرزنجی)یە کە  یەکێک بوو لە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکانی بەرزنجە، هاوڕێ و دۆستی شێخ مەحمودی حەفید بووە، تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە گوندی بەرزنجە خوێندووە، دواتر هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی و قوناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەڵکەندی تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندیشی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٥ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە بووەتە مامۆستا لە گوندو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی، وانەی زمانی ئینگلیزی وتووتەوە، دواتر هاتووەتە ناو شاری سلێمانی لە قوتابخانەکانی(ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان و ناوەندیی پەیامی کچان و چەندین قوتابخانەی دیکە بەردەوام بووە تاوەکو خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠٠٩، زیاتر لە(٤٤)ساڵ لە بواری پەروەردە خزمەتی کردووە.

نووسەر و ڕووناکبیر عومەر مەعروف بەرزنجی خوالێخۆشبووی باوکی و هەردوو برا گەورەکەی(عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی و ڕەوانشاد



**لە لای ڕاستەوە: عومەر مەعروف بەرزنجی، ڕەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەدار**

عوسمان مەعروف بەرزنجی یاساناس و پوورزاکەشی ڕەوانشاد محەمەد لاو محەمەد عەلی بەرزنجی) کە لە نووسەرە دیارەکان بووە لە گۆڤاری گەلاوێژ، زۆر کاریان تێکردووە و لەسەر دەستی ئەوان پەروەردە بووە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە سەوداو عەشقی کوردایەتی و نووسین و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە.

عومەر مەعروف بەرزنجی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ هاوڕێکان و هاوپۆلەکانی هەر یەک لە(شەهیدی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان محەمەد سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوێنی و ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و قادر شەریف کوردە و شەرەف محێدین و بەکر حسێن و بەختیار عەزیز فەرەج و بەهائەدین عەلی حسێن و عەلی توانا و ڕەئوف حەسەن...چەندانی دیکە)،چەندین چالاکییان لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری نواندووە.

عومەر مەعروف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٩ هێشتا قوتابیی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە و تەمەنیشی هەر(١٣) ساڵان بووە کە یەکەم دەستپێکی نووسینی خۆی لە ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)کە وتارێک بووە دەربارەی سێیەم ساڵی کۆچکردنی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١، سەرەڕای نووسینە ئەدەبی و سیاسییەکانی

گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە بە ناوی(قوتابیانی کوردستان)لە ڕۆژنامەی(دەنگی کورد) کە بە زمانی عەرەبی و کوردی لە بەغدا دەردەچوو، کە خاوەنەکەی عومەر جەلال حەوێزی بووە.

مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٩ەوە، چۆتە ناو دنیای نووسین ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە، زیاتر لە(١٠٠) وتاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی و شیکردنەوە و ساغکردنەوەی بە زمانی عەرەبی کوردی نووسیوە لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوە لەوانە(پێشکەوتن، هەتاو، ژین، دەنگی کورد، ڕۆژی نوێ، بڕوا، هیوای کوردستان، نووسەری کورد، هەولێر، برایەتی، پاشکۆی عێراق، دەفتەری کوردەواری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، کاژاو، مامۆستای کورد، کوردستانی نوێ، النور، التآخي، گوڵانی عەرەبی).

نووسەر عومەر مەعروف بەرزنجی کۆمەڵێک کتێبی بە نرخ و ئاست بەرزی چاپ کردووە، کە ئەمانەن:

١- لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد، ١٩٧٨

٢- لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزارکاندن ؟ لە بڵاوکراوەکانی دەفتەری



ڕێزلێنان لە نووسەر عومەر مەعروف بەرزنجی
لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی

کوردەواری، چاپخانەی عەلا، بەغداد، ١٩٧٨(باسێکی ڕەخنەییە سەبارەت بە هەڵە و کەم و کووڕییەکانی کتێبی - چیرۆکی هونەری کوردی – حسێن عارف).

٣- سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو پێشەکی و پەراوێز، بە هاوکاری و کۆششی ئەندازیار سامان مارف بەرزنجی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣

٤- عوسمان مەعروف بەرزنجی، یاساناس و ڕۆشنبیر و مرۆڤ، سلێمانی، ١٩٩٧، (کۆمەڵێ بابەتی جیاوازە بە بۆنەی کۆچی دوایی و چلەی عوسمان مەعروف بەرزنجییەوە ئامادەکراوە.

٥- مەحموودخانی دزلی – شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – بابەتێکی مێژووییە، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٧، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٢

٦- برایم ئەحمەد لە کارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر دکتور مارف خەزنەداردا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤

٧- گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦

٨- نوربەخشی، شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٦



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی،**
**شاعیر و رۆژنامەنووس ڕووناکبیر محەمەد ئەمین پێنجوێنی**



ڕێزلێنان لە  ناوبراو لە لایەن لێژنەی بەڕێوەبردنی بنکەی ژین

٩- برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، ٢٠٠٧

١٠- فازیل موحەمەد عیرفان، کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٩

١١- بەڵگەی زیندوو، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٠

١٢ - جوگرافیای ئابووری بۆ پۆلی شەشەمی ئەدەبی، بەهاوکاریی مامۆستایان خەسرەو مستەفا و عەبدولکەریم شێخانی، بەغدا، ١٩٨٣

١٣- سەرەتاکانی کۆمەڵزانی و فەلسەفە بۆ پۆلی پێنجەمی ئەدەبی، بە هاوکاریی دکتۆر ئیحسان فوئادو ڕەئوف حەسەن، بەغدا، ١٩٩٠.

لەگەڵ کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی و  لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی عەرەبییەکان بڵاوی کردووەتەوە دیارترینیان ئەمانەن:

١- یادی سێ ساڵەی شێخ مەحمودی نەمر، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ ٩٧، دووشەممە، ٢٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩.

٢- بۆ حەسەن تۆفیق، پێشکەوتن، ژ١١١، شەممە، ١٧ ی مایسی ١٩٦٠.

٣-  باری ئێستای ئەدەبی کوردی، ڕۆژنامەی هیوای کوردستان، ژ ١٢، یەک شەممە، ٧ ی ئابی ١٩٦٠.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیر عومەر مەعروف بەرزنجی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید**

٤- بوونی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێویستییەکی ئەمڕۆمانە، ڕۆژنامەی دەنگی کورد، ژ١٦، دووشەممە، ١٥ ی ئابی١٩٦٠ بەناوی (ع. تینو)

٥- بێخودی شاعیر، دەنگی کورد، ژ ٢١، ٢٦ ی ئابی ١٩٦٠.

٦- گوڵێکی کەم تەمەن بوو، گۆڤاری هەتاو، ژ١٨٤، ٣١ ی ئابی ١٩٦٠ (ئەم بابەتە بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە نووسراوە).

٧- دیسان، ڕۆژنامەی بڕوا، ژ ٧، ١ ی ئەیلولی ١٩٦٠ (ئەم بابەتە سەبارەت بە کۆچی دوایی مامۆستا ڕەفیق حیلمی) یە.

٨- یادی شۆڕشی چواردەی تەمووز، ڕۆژنامەی بڕوا، ژ ٢ – ٣، تەمووزی ١٩٦٠.

٩- یادێکی زێوەر، دەنگی کورد، ژ ٥٨، پێنج شەممە، ١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠.

١٠- منیش لەگەڵتام، بڕوا، ژ ٢٥، ١٨ ی شوباتی ١٩٦١ (ئەم بابەتە سەبارەت بە مامۆستا ئەحمەد هەردی)یە.

١١- عەبدولواحید نوری، بڕوا، ژ ٤٢، ٢٤ ی تەمووزی ١٩٦٠ (ئەم بابەتە بەناوی – ئارام – ەوە) بڵاوکراوەتەوە.

١٢- تولستۆی، ڕۆژنامەی ژین، ١٩٦٢.

١٣- دیوانەکەی پیرەمێرد، دەفتەری کوردەواری، ژ ٣، مایس و ئابی ١٩٧٠.

١٤- پشکۆو ڕیالیزم، نووسەری کورد، خولی یەکەم، ژ ٦، مارت و نیسانی ١٩٧٢.

١٥- لەسەر زەردەخەنەیەک، گۆڤاری هەولێر، ژ ١ س ٣ حوزەیرانی ١٩٧٢، ژ٣ س ٣، ئابی ١٩٧٢.

١٦- پشکۆ و چیرۆکی کوردی، ڕۆژی کوردستان، ژ ١ س ٢، ئابی ١٩٧٢.

١٧- پشکۆ و ڕەخنەی ئەدەبی، نووسەری کورد، خولی یەکەم، ژ ٨، مایسی ١٩٧٣.

١٨- ڕەخنەیەکی ئیفلیج و شیعری سیاسی، ڕۆژنامەی بیری نوێ، ١٩٧٢ (نووسینێکە سەبارەت بە بابەتێکی زانای ئەدەب خوالێخۆشبوو د. کامل حەسەن بەسیر).

١٩- پشکو و القصة الكردية، جريده التآخي، العدد ١٣٢ - ١٤ئەیلول ١٩٧٢.

٢٠- مەحمود خانی دزڵی و لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد، ڕۆژی کوردستان، ژ ٤ س ٢ حوزەیرانی ١٩٧٣.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر مەعروف بەرزنجی، نووسەر و ڕۆشنبیر جەمیل مەلاقەرە، نووسەر ئاسۆ شێخ کەمال قەرەداغی

٢١- كاتێک کە گەرووی مەرگ ئەکەینەوە، ڕۆژنامەی ژین، ١٩٧٣ (کۆمەڵێ سەرنج و ڕەخنەیە سەبارەت بە کتێبی لە گەرووی مەرگەوەی تاهیر ساڵح سەعید).
٢٢- پێشمەرگە لە چیرۆکی کوردیدا، ڕۆژنامەی ژین، ١٩٧٣ (کۆمەڵێ سەرنج و ڕەخنەیە لە باسێکی محەمەدی حەمەباقی).
٢٣- دوا وەڵامی من بۆ هەندێ سەرنجی ئاڵۆزتر، ڕۆژنامەی ژین، ١٩٧٣ (وەڵامێکە بۆ محەمەدی حەمە باقی).
٢٤- القصة الكردية و مسألة المضمون، التآخي، ١٩٧٣.
٢٥- ژانی گەل و سەرەتایەک لە ڕۆمانی کوردی، ڕۆژی کوردستان، ژ ٥، س ٢، تەمووزی ١٩٧٣.
٢٦- الرواية الكردية و مخاض الشعب، جريدة التآخي العدد ١٤٢٩ فی ٩٧٣/٩/٦.
٢٧- گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، ڕۆژی کوردستان، بەشی یەکەم، ژ ٤٢، تشرینی دووەمی ١٩٧٦، بەشی دووەم، ژ٥٠، تەمووزی ١٩٧٨.
٢٨- فی ذکری لطیف حامد البرزنجي، العراق، ١٩٧٧.



**محەمەد محەمەد ڕەشید(ئارام)، عومەر مەعروف بەرزنجی، نوفل بابا یوسف**



**لە لای ڕاستەوە: عومەر مەعروف بەرزنجی، نە ناسراوە**

٢٩- بیبلیۆ گرافیاکەی نەریمان و شەن و کەوێکی خۆمانە، بەیان، ژ ٤٦، کانونی دووەمی ١٩٧٨.

٣٠- گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی، پاشکۆی عیراق، ژ ١٤، نیسانی ١٩٧٨.

٣١- سەعید کابان و یەکەم چوونزەرەی ڕێزمانی کوردی، بەیان، ژ ٤٩، مایسی ١٩٧٨.

٣٢- تیشکێک بۆ سەر دیوانی مەحوی، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ٦٨، حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٨.

٣٣- عەبدولواحد نوری فی ذکراه الرابعة و الثلاثین، جریده العراق، العدد ٧١٧، ٣ تموز ١٩٧٨.

٣٤- عەبدولواحید نوری و ڕستێک وردە سەرنج، بیری نوێ، ژ ٣٠٥، ٢٦ ی ئابی ١٩٧٨ (ئەم بابەتە بریتییە لە ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی ئەکرەم قەرەداغی و عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ سەبارەت بە عەبدولواحید نوری، بابەتەکەیش بە ناوی –خوێندەوارێک - بڵاوکراوەتەوە.

٣٥- پێرەوکەکانی چیرۆکی کوردی و چەپکێ تیشک و بەسەر کردنەوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ٧٠، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ (ئەم بابەتە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆشنبیر سەردار فەتاح، مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی.**

بریتییە لە ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی ئەکرەم قەرەداغی و سەبارەت بە چیرۆکی کوردی کە پێشتر لە هەمان گۆڤاردا بڵاوی کردبووەوە).

٣٦- ڕاستکردنەوە و وەڵامی ڕستێک بیروڕای تایبەتی، پاشکۆی عێراق، بەشی یەکەم، ژ٣٢، تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٧٩، بەشی دووەم، ژ ٣٣، کانونی دووەمی ١٩٨٠ (ئەم بابەتە وەڵامێکە بۆ وتارێکی فوئاد مەجید میسری کە سەبارەت بە کتێبی – لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی – کە لە هەمان پاشکۆدا بڵاوی کردبووەوە).

٣٧- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ٧٨، کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ (ئەم بابەتە سەبارەت بە کتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدە)، دکتۆریش لە باسێکدا بە پەسندەوە سەیری ئەم ڕەخنەیەی کردووە، (مجلة الثقافة، العدد ١٠، تشرين الأول، ١٩٨٠).

٣٨- بۆ ئەوەی ڕاستی بدرەوشێتەوە، پاشکۆی عێراق، ژ ٢٣، کانونی دووەمی ١٩٧٩ (ئەم بابەتە وەڵامێکە بۆ جەمشید حەیدەری سەبارەت بە نامیلکەی -- لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزرکاندن).

٣٩- کاروانی شیعری نوێی کوردی و ڕستێک سەرنج، بەیان، ژ ٦٠، مارتی

١٩٨٠ (ئـەم بابەتـە پێداچوونەوەیەكـی ڕەخنەگرانەیـە سـەبارەت بـە كتێبـی كاروانـی شـیعری نوێـی كوردیـی كاكـەی فەللاح).

٤٠- هیچ كامێكیان شیعری مەحوی نین، گۆڤاری كاژاو، ژ١، ١٩٨٤.

٤١- دیوانـی سـەفوەت و وچانێـك لەژێـر سـێبەری داره ڕەشـدا، نووسـەری كـورد، ژ٣، خولـی سـێیەم، تشـرینی یەكەمـی ١٩٨٥.

(ئەم بابەتـە سـەبارەت بە كۆمەڵـە شیعرەكەی خوالێخۆشـبوو مەلا مستەفای حاجـی مـەلا ڕەسـوڵە كـە عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ بـە پێشـەكییەكەوە چاپـی كردبـوو، بابەتەكـە كۆمەڵـێ هەڵـەی ئامـادەكاری ڕاسـتكردبووەوە.

٤٢- نامەیـەك بـۆ مامۆسـتای كـورد، گۆڤـاری مامۆسـتای كـورد، ژ٢٧، پایـزی ١٩٩٥.

٤٣- بەركوڵێك بەرەو هەواری ڕەخنە، كوردستانی نوێ، ژ ١١٦٢، دووشەممە، ١١-١٢-١٩٩٥.

٤٤- ڕۆژنامـەی پێشـكەوتن و سـەرچاوەی مێژوویـی، كوردسـتانی نـوێ، ژ١١٦٦، هەینـی، ١٥-١٢-١٩٩٥.

٤٥- ورد بیخوێنـەرەوە، كوردسـتانی نـوێ، ژ ١١٦٨، دووشـەممە، ١٨-١٢-١٩٩٥.

٤٦- كەریـم بەگـی هەمەوەنـدو كاپتـان بۆنـد، كوردسـتانی نـوێ، ژ ١١٧٢، هەینـی، ٢٢-١٢-١٩٩٥.

٤٧- چەرچڵ لـە كەریـم بەگی هەمەوەند دەدوێ، كوردستانی نوێ، ژ ١١٧٤، دووشـەممە، ٠٥-١٢-١٩٩٥.

٤٨- گەورەیی پیرەمێردو شارسـتانێتیی ئـەدەب، كوردسـتانی نوێ، ژ ١١٨٤، دووشـەممە، ٠٨-٠١-١٩٩٦.

٤٩- چەپكـێ نامـەی شـێخی نەمـر، كوردسـتانی نـوێ، ژ ١١٩٠، دووشـەممە، ١٥-٠١-١٩٩٦.

٥٠- دووشـاعیری گەورەو نامیلكەیەكـی بچـووك، كوردسـتانی نوێ، ژ ١١٩٤، هەینی، ١٩-٠١-١٩٩٦.

٥١- حسـێن نـازم و كۆنگـرەی ئاشـتی سـاڵی ١٩١٩ لـە پاریـس، كوردسـتانی




نـویَ، ژ ١١٩٦، دووشـەممە، ٢٢-٠١-١٩٩٦.

٥٢- گوڵـی خوێناویی گۆران و گەشتەکەی زەینـەب حەکیمـی میسـری، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٠٠، دووشـەممە، ٢٦-٠١-١٩٩٦.

٥٣- باکـووری کوردسـتان و نامەیەکـی مێژوویـی هێنری دوبس، کوردستانی نویَ، ژ ١٢٠٣، سـێ شـەممە، ٣٠-٠١-١٩٩٦.

٥٤- شـاری هەولێر و زمانـی کوردی و حەفتا سـاڵ لەمەوبـەر، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٠٦، هەینـی، ٠٢-٠٢-١٩٩٦.

٥٥- ئەنجومەنـی نوێنـەران و بانگـەوازی ڕەفیـق حیلمـی، کوردسـتانی نویَ، ژ ١٢٠٨، دوو شـەممە، ٠٥-٠٢-١٩٩٦.

٥٦- کـورد و هەڵـی مێژوویی و کوژانـەوەی هیـوای نەتـەوە، کوردسـتانی نویَ، ژ ١٢١٢، هەینی، ٠٩-٠٢-١٩٩٦.

٥٧- فەرمانـدەی سـوپای قەیسـەری ڕووس نامـە بـۆ شـێخی نەمـری بەردەقارەمـان دەنێـریَ، کوردسـتانی نـویَ، ژ١٢١٤، دووشـەممە ١٢-٠٢-١٩٩٦.

٥٨- شـێخی نەمـر وەڵامـی مارشـاڵ براتـۆف دەداتـەوە، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢١٨، هەینـی، ١٦-٠٢-١٩٩٦.

٥٩- چـوار ڕۆژ دوای شەشـی ئەیلوولـی ١٩٣٠، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٢١، سـێ شـەممە، ٢٠-٠٢-١٩٩٦.

٦٠- شـاعیری گـەورە جەواهیـری پیرۆزبایـی لـە گۆڤـاری نـزار دەکات، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٢٢، ٢٦-٠٢-١٩٩٦.

٦١- تەخمیـس و تەخبیسـی شـیعر و یادێکـی مامۆسـتا نەجمەدیـن مـەلا، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٢٧، هەینـی، ٠١-٠٣-١٩٩٦.

٦٢- ڕۆژنامـەی دەنگـی کـوردو گۆشـەی قوتابیانـی کوردسـتان، کوردسـتانی نـویَ، ژ ١٢٥٧، دووشـەممە ٨- ٤ -١٩٩٦.

٦٣- مارف جیاوک نوێنەری هەولێر، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٦٣، یەک شەممە، ١٥-٠٤-١٩٩٦.

٦٤- مەدالیای جەنگی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٦٩، هەینی، ١٩-٠٤-١٩٩٦.

٦٥- جەژنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و کۆمەڵی سەرنج، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٦٩، دوو شەممە، ٢٢-٠٤-١٩٩٦.

٦٦- بۆخراینە پشتگوێ، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٧٣، هەینی، ٢٦-٠٤-١٩٩٦.

٦٧- ژیانی ڕاستەقینە، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٧٧، دووشەممە، ٠٦-٠٥-١٩٩٦.

٦٨- سێ ژمارەکەی ڕۆژنامەی بانگی حەق، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٨٣، دووشەممە ١٣- ٥ - ١٩٩٦.

٦٩- شێخ عەبدولقادری گوڵلەنەبڕ، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٨٧، هەینی، ١٧-٠٥-١٩٩٦.

٧٠- عوسمان عوزێری شاعیر و نووسەر و جوانەمەرگی لەبیرکراو، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٨٨، هەینی، ٠١-٠٣-١٩٩٦.

٧١- لە تۆفیق وەهبییەوە بۆ دکتۆر کەمال فوئاد، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٩٢، هەینی، ٢٤-٠٥-١٩٩٦.

٧٢-عوسمان چێوار هونەرمەندی خێرنەدیو، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٩٧، هەینی، ٣١-٠٥-١٩٩٦.




٧٣- عەبدوڵڵا جەوهەر و ئاواتێکی بێ دەنگ، کوردستانی نوێ، ژ ١٢٩٩، دوو شەممە، ٠٣-٠٦-١٩٩٦.

٧٤- کتێبەکەی هاملتن و ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، کوردستانی نوێ، ژ١٣٠٣، هەینی، ٠٧-٠٦-١٩٩٦.

٧٥- مێجەرسۆن ئەفسەری سیاسی و ڕۆژهەڵاتناس، کوردستانی نوێ، ژ ١٣٠٩، هەینی، ١٤-٠٦-١٩٩٦.

٧٦- ئیسماعیل حەقی شاوەیس خەباتکار و نووسەری بە دیمەن، کوردستانی نوێ، ژ ١٣١٣، دوو شەممە، ١٧-٠٦-١٩٩٦.

٧٧- بەرە و یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، (بەشی یەکەم)، پەیڤین، ژ ١، ١٩٩٧.

٧٨- بەرەو یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، (بەشی دووەم)، پەیڤین، ژ ٢، ١٩٩٧ (ئەم بەشە بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە).

٧٩- بين التوثيق العلمي والوجدان الادبي/على هامش گوران والادب الانگليزي، مجلة گولان العربي، العدد ٣٧ حزيران ١٩٩٩.

٨٠- تۆفیق وەهبی گەورە پیاوو زانای زمان و لێکۆڵینەوەی زانستی، گۆڤاری سلێمانی، ژ٢، تەمووزی ٢٠٠٠ (لە ژێر سەردێڕی ڕۆڵە نەبەردەکانی سلێمانی – بەبێ ناو – بڵاو کراوەتەوە).

٨١- ماڵئاوایی پرۆفیسۆرێکی ئەندامی دەستەی نووسەران، گۆڤاری پەیڤین، ژ ١١ – ١٢، تەمووزی ٢٠٠١ (ئەم بابەتە سەبارەت بە کۆچی دوایی سەلاحەدین حەفید بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە).

٨٢- مەسعود محەمەد ئینسایکلۆپیدیای زمان و ئەدەب و کەلتووری نەتەوەیی، پەیڤین، ژ ١٣، مارتی ٢٠٠٢ (سەبارەت بە کۆچی دوایی مەسعود محەمەد بەبێ ناو بڵاو کراوەتەوە).


٨٣- برایم ئەحمەد و ڕۆڵی لە چیرۆکی کوردیدا، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ڕۆژی ٤ ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٢.

٨٤- پیرەمێرد و برایم ئەحمەد و شارستانێتیی ئەدەب، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.




٨٥- حەمەلاو بەرزنجی، مامۆستایەکی نموونەیی و خەباتکار و نووسەرێکی بە دیمەن، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٤٥ س ٢٠٠٤.

٨٦- شیعرێکی شیللی و تابلۆیەکی نەخشاوی هەردی، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ٥١٣، ٥ شەممە ٣٠-١١-٢٠٠٦.




٨٧- هەردی و بۆچوونێکی هەڵە، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ٥٤٤، ٥ شەممە، ١٩-٠٧-٢٠٠٧ (ئەم بابەتە وەڵامێکە بۆ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ).

٨٨- محەمەد ڕەسوڵ هاوار.. شاعیرو مێژوونووسێکی کوردستانی، کوردستانی نوێ، ژ٤٤٣٦، هەینی، ٣٠-١١-٢٠٠٧.

٨٩- دیوانی شیعر یان ئینسایکلۆپیدیای شێخ نوری شێخ ساڵح، کوردستانی نوێ، ژ٤٥٦٤، ٣ شەممە، ٠٦-٠٥-٢٠٠٨.

٩٠- میهرەجانی حاجی قادری کۆیی لە ئارشیفی دکتۆر مارف خەزنەداردا، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٩١، ئایاری ٢٠٠٨.

٩١- چلەی بێخود لە ئارشیفی دکتۆر مارف خەزنەداردا، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٩٢، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

٩٢- فازڵ محەمەد عیرفان.. مامۆستاو نووسەرو وەرگێڕ، کوردستانی نوێ، ژ٤٦١١، دووشەممە، ٣٠-٠٦-٢٠٠٨.

٩٣- لە چلەی خاوەنی وێژدانێکی ئەدەبیدا، کوردستانی نوێ، ژ٤٦١٩، چوارشەممە، ٠٩-٠٧-٢٠٠٨ (ئەم بابەتە بەبۆنەی چلەی دکتۆر ئیحسان فوئادەوە نووسراوە).

٩٤- یادی دە ساڵەی بێکەس، لە ئارشیفی دکتۆر مارف خەزنەداردا، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٩٦، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨.

٩٥- کۆمەڵەی سەربەرزی کورد، ١٩٣٠، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٤٨٠١، ڕۆژی پێنج شەممە، ١٩-٠٢-٢٠٠٩.

٩٦- بۆ چلەی زانای ئەدەبی کوردی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٥٣٤٨، چوار شەممە، ٠٨-١٢-٢٠١٠.

٩٧- بۆ ساڵیادی مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ شێخ کەریم باراوی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٥٤٤٨، هەینی، ٢٠-٠٥-٢٠١١.




لە مێژووی ژیانی ئەدەبیدا کە لە ساڵی ١٩٥٩ بە دواوە دەست پێ دەکات، کەمترین دیدارو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، کۆی چاوپێکەوتنەکان بریتین لە (٦) دیداری بچووک و دیدارێکی فراوانی گۆڤاری ڕامان، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ ئازاد عەبدولواحید لە گەڵیدا سازی کردبوو، ئەمەش سەرجەم چاوپێکەوتنەکانە :

١- تۆمارێکی تایبەتی بە ڕەخنەی ئەدەبی : گۆڤاری (بەیان) ژ ٥٥، حوزەیرانی ١٩٧٩، ئەم تۆمارە لە ئامادەکردن و سازدانی (حەمەسەعید حەمە کەریم) بوو، سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی، پرسیار و وتووێژی لەگەڵ ئەمانەدا کردبوو: (کەمال میراودەلی، کامەران موکری، دڵشاد مەریوانی، کەمال ڕەوف محەمەد، ئازاد عەبدولواحید، عومەر مەعروف بەرزنجی، شوکریە ڕەسوڵ، ڕەوف بێگەرد، ئومێد ئاشنا، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، ئەحمەد سەلام، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی).

٢- مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی بۆ(لڤین) دەدوێت، گۆڤاری (لڤین)، ژ ١٠، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣، سازدانی (لڤین).

٣- سەبارەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی برایم ئەحمەد، کوردستانی نوێ، ژ ٣٩٣٩، یەک شەممە، ٠٩-٠٤-٢٠٠٦، سازدانی (محەمەد کەریم).

٤- سەبارەت بە گۆران و کتێبی (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی)، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ٤١٢٢، پێنج شەممە، ١٦-١١-٢٠٠٦ سازدانی (دانا فایەق).

٥- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی)ی باسکار، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٢٧، خولی سێیەم، کانونی یەکەمی ٢٠٠٧، ئامادەکردن و سازدانی ئازاد عەبدولواحید، ئەم دیدارە (٢٤) لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتووەتەوە.

٦- دیدارێکی ئەدەبی، ڕۆژنامەی (ڕۆشن)، ژ ٤٥، ئازاری ٢٠٠٨ سازدانی فریاد محەمەد.

٧- دیدارێکی ئەدەبی سەبارەت بە چیرۆکی کوردی، ڕۆژنامەی (داهێنان)، ژ ١٧٧، یەکشەمە، ٠٧-٠٩-٢٠٠٨، سازدانی : هیوا غەفور.

مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی مرۆڤێکی کورد پەروەرە تا سەر ئێسقان، زیاتر لە(٦٠)ساڵ لە تەمەنی خۆی و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەرخانکردووە بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو زۆر ئازاو بوێرانە هەموو نووسینەکانی خۆی بە زمانێکی ئەدەبیی ڕەسەن و سادە و پاک و پاراو نووسیوە، سەرەڕای سەختیی زەمانە و سەختیی ژیان، بەڵام ئەو هەر بە دڵسۆزی و بوێرانە وتارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی و ساغکردنەوەی نووسیوە و دەنووسێت بێ ئەوەی باکی بە هیچ کەس و کەسایەتی و لایەنێک بێت، ئەو تەنیا تەنیا بیروباوەڕ و قەناعەتی خۆی نووسیوەو خستوویەتییە بەر دەست و دیدەی خوێنەرانی کورد.

لە ٥-٧-٢٠٢١ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری کورد محەمەد ئەمین پێنجوێنی وێنەیەکی لەگەڵ مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی گرتووە و لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بڵاوی کردووەتەوەو نووسیویەتی:(مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی یەکەم نووسەری فەرهەنگی ئەدەبی کوردییە).

لە ٦-٥-٢٠١٩ ستافی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانی بە یاوەریی نووسەر دەوەن مەعروف سەردانی مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجییان کردووە و تابلۆیەکی وێنەی خۆی و چەند کتێبێکیان بە دیاری بۆ بردووە، ئەویش سوپاس و پێزانینی خۆی پێ ڕاگەیاندوون وچەند کتێبێکی خۆشی بە دیاری داونەتێ.



لە ساڵی ٢٠٠٦ بە بۆنەی یادی تێپەڕبوونی(٥٠) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحمود حەفید)و بڵاوکردنەوەی کتێبی (نوربەخشی) کە کۆی شیعرەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجییە، مەدالییەی زێڕینی پێ بەخشراوە.

لە ڕۆژی ١٨-١-٢٠١٩ لیژنەی بەڕێوەبردنی بنکەی(ژین) لە بەرامبەر خزمەتکردنی(٤٤)ساڵ لە بواری پەروەردە و ئەو هەموو بەرهەمە

بەسوودانەی مامۆستا عەمەر مەعروف بەرزنجی، بڕوانامەی ڕێزلێنانیان پێ بەخشیوە.

بۆ مامۆستای پەروەردە و نووسەر و وەرگێڕی کوردپەروەر مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی هەر ساغ و سەلامەت وتەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:


بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- Manu Midia ٢-٤-٢٠٢١

٢- بنکەی ژین لە ١٨-١-٢٠١٩.

٣-کوردیپیدیا.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

**ئێوارە بوو، شەمی، تاقی پەنجەرەکەم لە پڕ وون بوو**
**نەمئەزانی کە رۆشنایی ئا ئەو مۆمە، رووحی من بوو**
**ئێوارە بوو، فڕندەی من لەسەر دەستی چەپم فڕی**
**چاوەکانم، بە گوڵ گریا، فرمێسکی خوێنییان سڕی**

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارو چیرۆکنووس و لێکۆڵەوەر و ساغکەرەوەی شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ، پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین.

ناوی تەواوی(عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەزیزی مەلا خالدی مەحوی) یە، لە ١٠ی محەڕەمی ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی(چوارباغ)ی سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراوی شاری سلێمانی لە دایک بووە، ئەو لە نەوەی شاعیری سۆفیگەری گەورەی کورد(مەحوی)یە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٦،(پەیمانگای باڵای پیشەسازی- معهد الصناعة العالی)- بەشی ئەندازیاریی کارەبای تەواو کردووە و دبلۆمی هونەری وەدەستهێناوە، بووەتە مامۆستا لە ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی و سەماوە و هەولێر، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی




**له لای چەپەوە: نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین، نەناسراوە، بەڕێز پشتیوان سادق، نەناسراوە، بەڕێز دڵشاد شەهاب.**

زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە و بەردەوام بووە لە خوێندنی باڵا تا لە ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە، نامەی ماستەرەکەشی بە ناو نیشانی(شیعری سیاسیی کوردی  لە کوردستانی باشوور)ە، دیارە ئەو زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٩، بڕوانامەی دکتۆراش هەر لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەردەگرێت و تێزی دکتۆراکەشی بە ناو نیشانی(کاریگەریی بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا)بووە.




دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین هەر هێشتا تەمەنی(١٦) ساڵان بووە چووەتە ناو کاری سیاسی، ئەو قوتابییەکی چالاک بووە و لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئەو کاتی شاری سلیمانی(کاژیک) دادەمەزرێنن، وشەی کاژیک کورتەی(کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)ە، کە لە ١٤-




٤-١٩٥٩، لەسەر دەستی سێ لایەن پێکهاتووە کە ئەوانە بووینە، لایەنی یەکەم: فایەق عارف، کامیل ژیر، جەمال نەبەز، ئیحسان عەبدولکەریم، لایەنی دووەم: ئەحمەد هەردی، عەبدوڵڵا جەوهەر، کەریم مەکتەبە، فەرەیدون عەلی ئەمین، عەلی سام ئاغا، لایەنی سێیەم: حەمەی عەزیز، شێخ محەمەدی هەرسین، عەبدوڵڵا ئاگرین، غەفور ئەمین، لە گەڵ چەند ئەندامێکی پارتی گەلی کورد، بۆیە بە پێی ئەو زانیارییی من و هەندێ سەرچاوەی دیکە، عەبدوڵڵا ئاگرین یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کاژیک، نەک ئەوەی لە هەندێ شوێن باس دەکرێت کە لە(رەعیلی دووەم یان جیلی دووەمی) کاژیک بووە، لایەنی فیکری و لێکۆڵینەوە و و نووسین ڕەوانشاد جەمال نەبەز سەرپەرشتیی کردووە و لایەنی تەنزیمی و چالاکی و پەیوەندییەکانی دەرەوە عەبدوڵڵا ئاگرین لێپرسراو بووە، ئەم کومەڵەیە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری سۆشیالیزمی سەر بە قوتابخانەی سۆشیالیزمی کوردی بووە، باوەڕیان بەوە هەبووە کە شۆڕشی کورد بە بێ تێپەڕاندنی سەردەمی ڕۆشنکاری سەرناگرێت، ئامانجیشیان کوردستان بووە بۆ کورد و یەکسانیش بۆ



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید.**




گـەل، پەیـڕەو و پرۆگرامـی خۆیـان هەبـووە کـە ناوی(کاژیکنامـە) بـووە، زیاتـر لەسـەر کاژیـک بـۆ پسـپۆرانی بـواری سیاسـی بـە جێ دێڵـم.

عەبدوڵـڵا ئاگریـن وەکـو بەشـی زۆری نووسـەر و شـاعیر و ڕۆشـنبیرانی دیکـەی کـورد لـە ئاداری سـاڵی ١٩٧٤ دەبێتـە پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شـۆڕش دەست بەکار دەبێت، تا نسکۆی شـۆڕش لە ئاداری سـاڵی ١٩٧٥، دەگەڕێتـەوە و ڕەوانـەی سـەماوەی دەکـەن لـەوێ وەکو مامۆسـتا بەردەوام دەبێت لە کارەکەی، پاش ماوەیەک دیسان خۆی دەگەینێتەوە شاخ و دەبێتەوە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان، لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ کۆمەڵێک لە کادیرانی کۆنی کاژیک (پاسۆک- پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردسـتان) دادەمەزرێنن، هـەر لەگـەڵ ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ ئـەو یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی بـەرەی کوردسـتانی، لێپرسـراوی بەشـی ڕاگەیانـدن و سـەرنووسـەری ڕۆژنامەی(بـەرەی کوردسـتانی) بـووە، بەشـدار بـووە لـە بڕیـاری جێبەجێکردنی یەکـەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و




پۆلێك لە نووسەر و شاعیران، لە پێشەوە ئەوەی پاڵکەوتووە نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین.




٦- لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین، نە ناسراوە.

ماوەیەکیش بریکاری وەزیری ئاوەداکردنەوە بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وتار و کورتە چیرۆک و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە و چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان ئەنجامداوە، پاش ساڵی ٢٠٠٩ وەکو مامۆستا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەست بەکار بووە.

ئەو هەر لە نیوەی دووەمی ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردووو دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆک و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی دەق و تێکستی شاعیرە کۆن و نوێکانی کوردی کردووە، کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون، وا هەندێکیان دەنووسمەوە:




- بەرەو خۆر و دوان بە زمانی گوڵ، کورتە چیرۆک، ٢٠١٠.
- پەرستگا، کورتە چیرۆک، ١٩٨٠.
- چەند لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیک،


عەبدوڵلا ئاگرین لە دووریانی مەرگی (شەمسە) و عەشقی لەیادنەکراودا

.٢٠١٣

- دیوانی ئەسعەد مەحوی .

- دیوانی شیعری محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپی یەکەم ١٩٨٧، چاپی دووەم ، ٢٠١٣.

- شوان، کورتە چیرۆک، ١٩٨٤.

- شوکری فەزلی: شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە، ١٩٨٨.

- شیعری سیاسیی کوردی لە کوردستانی باشوور ١٩١٨-١٩٣٠، کە نامەی ماستەرەکەیەتی، ١٩٩٦.

- مێژووی شکۆداری کاژیک، ٢٠١٥.

- هونەری دیبلۆماسی و کاری پەیوەندییەکان، ١٩٩٦.

- کاریگەریی بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، کە نامەی دکتۆراکەیەتی، ١٩٩٩.

- کوانووی شەوانی بێ ئاگر، کورتە چیرۆک.

- کولە مەرگی، چیرۆک - نۆڤلێست-ە، ١٩٦٩.

- کۆچ و هەتاو، کە بریتییە لە چامەی شیعر بە ناونیشانی(خاتوو شەمی ئەولا ئاگرین) کە(٨٠) دێرە شیعرە بە یەک کێش و سەروایە.




- گڕی کەفە وشکەکانتان دائەمرکێنمەوە، ، ١٩٧٣.

-(بسمة) کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکی عەبدوڵلا ئاگرینە کە نووسەر حەسەن جاف وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- لە بارەی مەحوی لوتکەوە، پرۆسەیەکی




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین.**

ئەدەبییە کە یانزە شارەزای شیعری مەحوی بەشدارییان تێدا کردووە، ١٩٨٤.

- دیوانی کامەران موکریی شاعیر، کۆکردنەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسین، ١٩٨٨.

- دیوانی میرزا غەفور، کۆکردنەو و لێکدانەوەو ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین، ١٩٩٨.

هەندێ لە بەرهەمەکانی عەبدوڵلا ئاگرین وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی، لە لایەن هەر یەک لە نووسەران، ئەحمەد شەوکەت و چنور فەتحی.

عەبدوڵڵا ئاگرین مرۆڤیکی هەست ناسک و هێمن و لەسەرخۆ و دووربینە، زۆریش بە وەفایە، بە تایبەتی پاشماڵئاوایی کردنی هاوسەرەکەی(شەمسە کەریم میرزا غەفور)، ئەو تا ئێستا هەر شتێک پەیوەندی بە ئەوەوە هەبووە هەڵیگرتووە و جوانیشی پاراستووە و زیاتر لە (٩) کتێبیش کە خۆی نووسیویەتی یان شاعیر و نووسەرانی کورد لەسەریان نووسیوە

هەمووی ئامادە کردووە و پێشەکیشی بۆ نووسیون و لە چاپیداون و بڵاویشکراونەتەوە، ئەو نووسین و ستایش و لاواندنەوەی بۆ نووسیوە، هەر سەبارەت بە بەوەفایی عەبدوڵڵا ئاگرین بەرامبەر بە هاوسەرەکەی، با بزانین ئەو نووسەرانەی خوارەوە چ دەڵێن:

نووسەری گەورەی کورد ڕەوانشاد عەبدولغەنی عەلی یەحیا دەڵێت:(ئێوە تەنها هاوسەر نەبوون، بەڵکو دوو هاوڕێی ڕێگای سەختی ژیان بوون، هەر لە خەباتی نهێنی تاوەکو خەباتی شاخ و چەکداری، هەمیشە تۆ بە خۆشەویستی و وەفادارییەوە باسی خاک و نیشتمان و هاوسەرەکەت دەکرد).

نووسەر ئاری ئاغۆک لە وتارێکدا بە ناو نیشانی:( عەبدوڵڵا ئاگرین لە دووریانی مەرگی(شەمسە) و عەشقی لە یادنەکراویدا، کە لە ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە(٢٠٢٢)ی ڕۆژی ٢١-٢-٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر سەفەر کەریم هاواری کتێبێکی بە ناوی(ڕۆژی وەفاداری لە کوردستان)داناوەو عەبدوڵڵا ئاگرین پێشەکی بۆ نووسیوە.

عەبدوڵڵا ئاگرین هەر بە خۆشی دەڵێت: کۆمەڵێک شیعر و لیکۆڵینەوە و توێژینەوەی نووسیوە کە لە کانگای بیری خاوێن و هەڵوێستی جوامێرانەی مامۆستا شەمسە کەریم غەفورەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا ئاگرین هەمووی بەرهەمی ناوازە و ئاست بەرزن


دایکم شەمسە حاجی حەمە سالح فەتحوڵڵا حەمەسور جیهانگیر.
باوکم مەلا عەزیز مەلا خالد مەحوی.
کاکە ئاگرین عەبدوڵڵا مەلا عەزیز مەلا خالد مەحوی.
هاوسەرەکەم شەمسە کەریم میرزا غەفور حاجی عومەر.

(( خێزانەکەمان ))

گەرەکی چوارباغ / سلێمانی / ١٩٥٩/٤/١١





و هەوێنێکی خەستن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لەسەرکردنی لە لایەن قوتابیانی کۆلێژی زمان و ئەدەب لە زانکۆکانی کوردستان.

مامۆستا شوان عوسمان نامەی ماستەرەکەی لە ئەدەبی کوردیدا کە بە ناو نیشانی(بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا)یە.

نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە زانکۆی سەلاحەدین سەرپەرشتی کردووەو و ئامادەش بووە لە گفتوگۆکردن لەسەر چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا بۆ قوتابیانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

ئەو هەر چەندە تۆزێک بە تەمەندا چووە، بەڵام هێشتا هەر چالاکە و لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و سلێمانی ئامادە دەبێت و تا ئێستاش هەر سەرنووسەری گۆڤاری(شرۆڤە)یە.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی.

سەرچاوەکان:


١- کورتەیەک لە ژیاننامەی عەبدوڵڵا ئاگرین کە لەسەر داخوازیی من ، بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- کوردیپیدیا- وتارێکی نووسەر جواد الملا بە زمانی عەرەبی کە بۆ چلەی ڕووناکبیر جەمال نەبەز نووسیویەتی لە ٨-١-٢٠١٩.

٣- گۆڤاری هاوبیری ژمارە(٤٨) لە ساڵی ٢٠٠٨، لاپەرەکانی(٣،٤،٥).

٤ - زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# محەمەد ساڵح دیلان

شاعیری نوێخواز و ڕۆمانسی و کوردپەروەر و خەمخۆری نەتەوەکەی، مەقامزان و ئاوازدانەر ڕەوانشاد محەمەد ساڵح دیلان ...

ناوی تەواوی(محەمەد ساڵح کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا قادری شەوخوێن)ە، ناسناوی دیلانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هەر بە محەمەد ساڵح دیلان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی گۆیژە لە خانەوادەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و دیاری سلێمانی لە دایک بووە، سەرەتا چووەتە بەر خوێندنی ئایینی لە مزگەوتی بابە عەلی، دواتر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(خالیدییە) تەواو کردووە، پاشان لە ناوەندی تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٤٧ بووەتە کارمەند لە دائیرەی(إنحصار التبغ- توتن)، لە سلێمانی.

محەمەد ساڵح دیلان لەبەر هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکەی، لەساڵی ١٩٤٩ دەستگیرکراوەو بردوویانەتە بەغدا و لەساڵی ١٩٥٠ بە کەفالەت ئازاد کراوە، لەساڵی ١٩٥٢ ئەندامی لیژنەی ئاشتیخوازانی سلێمانی بووە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە بە بێ مۆڵەت چووەتە(ڤیەننا) بۆ بەشداریکردن لە(کۆنگرەی لاوانی جیهانی بۆ بەرگریکردن لە ئاشتی)، لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەری ڕووسی(ئیلیا ئەهەینبۆرگ)، پەیدا کردووە، هەر




له لای ڕاستەوە: محەمەد ساڵح دیلان، ئەوانی دیکە نەناسراون

لەو گەشتەشدا سەردانی ئیتاڵیا و سویسرا و چیکۆسلۆفاکیا و ڕۆمانیا کردووە، کە گەڕاوەتەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام خۆی بە دەست نەداوە و لە گوندی(دەرگەزێن و مورتکە)ی دەوروبەری سلێمانی خۆی حەشارداوە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ خۆی تەسلیم کردووەتەوە و ڕەوانەی بەغدایان کردووە و پاش دادگایی کردن ئازاد کراوە، هەر هەمان ساڵ جارێکی دیکە دەستگیریان کردووەتەوە و سێ ساڵ و نیو حوکمیان داوە و لە نوگرە سەلمان دەست بەسەر بووە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٦ گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەساڵی ١٩٥٨ لە فەرمانگەی بەڕێوەبردنی پۆستە لە سلێمانی دامەزراوە.




محەمەد ساڵح دیلان لە ساڵی ١٩٥٩ بەشدار بووە لە(فیستیڤاڵی لاوانی دیموکراتی جیهانی) لە ڤیێننا، هەر هەمان ساڵ ئەندامی دەستەی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی کوردستان بووە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠ بە بیانووی ئەوەی دژی حوکمی



عەبدولکەریم قاسمە دەستگیریان کردووە و پاش ماوەیەکی کورت ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٦١، بەهەمان بیانوو دیسان دەستگیریان کردووەتەوە و ڕەوانەی شاری کوت کراوە، ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤ی لە بەندیخانەکانی بەغدا و کەرکوک بردووەتە سەر، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گەڕاوەتەوە سلێمانی چووەتەوە سەرکارەکەی خۆی تا ساڵی ١٩٨٣، لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە.

محەمەد ساڵح دیلان لە ساڵی ١٩٤٩ کە تەمەنی(٢١) ساڵ بووە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، ئەو خۆی و بەرهەمەکانی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی گەل و نەتەوەکەی و دژایەتی کردنی کۆنەپەرستان و ڕژێمە سەرسەختەکانی ئەوسای عێراق، لە ساڵی ١٩٤٨



**لە لای ڕاستەوە: قادری حاجی حەسەن ، شاعیر و مەقامبێژ محەمەد ساڵح دیلان لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی.**



**له لای ڕاستەوە: شاعیر هێمن موکریانی، شاعیر محەمەد سالّح دیلان، دکتۆر ئیحسان فوئاد، چیرۆکنووس محەمەد مەولود(مەم)، دکتۆر مارف خەزنەدار.**

تاوەکو ساڵی ١٩٦٦ زیاتر لە(٩)جار دەستگیرکراوە و خراوەتە بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان داوە و چەندین جاریش دوورخراوەتەوە توشی نانبڕین بووە.

شیعرە نیشتمانییەکانی دیلان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبووە لە بەرزکردنەوەی هوشیاریی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕەمزێکی گەورەی ڕێبازی کوردایەتی بووە، مێژووی ژیانی ئەوەمان پێدەڵێت کە کەم ڕووداوی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە دیلان بەشداری تێدا نەکردبێت و نەیکردبێتە بۆنەیەک بۆ جۆش و خرۆشدانی جەماوەر بۆ زیاتر خەباتکردن.

لە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی(شێخ مەحمودی زیندوو) بڵاوکردووەتەوە کە دکتۆر مارف خەزنەدار پێشەکی بۆ نووسیوە و دەڵێت:(محەمەد ساڵح دیلان یەکێکە لەو شاعیرانەی گۆرانی(غەزەل)ی تازەی نیشتمانی کوردی داهێناوە).

نووسەر ئومێد ئاشتی چەند هۆنراوەیەکی بڵاونەکراوە و هەندێ نووسینی دیکەی محەمەد ساڵح دیلانی لە کتێبێکی قەشەنگ بە ناوی(بارانی سلێمانی) لە ساڵی ٢٠٠١ چاپ کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن ئەحمەد، شاعیر محەممەد ساڵح دیلان، ڕۆشنبیر غەریب زیوەر، ڕۆشنبیر عەبدولخالید سابیر.**

ئەگەر خوێنەر چاوێک بخشێنێت بە سەرجەم شیعرەکانی دیلان لە دیوانی شیعریی محەمەد ساڵح دیلان کە لە ساڵی ١٩٨٧ دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر کۆیکردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و لە چاپی داوە و ساڵی ٢٠١٣ دووبارە چاپی کردووەتەوە، هەست دەکات شیعرەکانی لە وەسفی سروشتە جوانەکەی کوردستان ئەو پەڕی جوانی و ناسکی و ڕازاوەیی تێدایە، مەگەر هەر شاعیری گەورەی کورد (گۆران) ئەو جۆرە وەسفەی کردبێ، لە چوونە ناو جیهانی داستان و ئەفسانەی کوردی و جیهانییش زۆر

سەرکەوتوو بووە، بلیمەتانە چووەتە ناو دنیای ئەفسانەوی و بەرهەمی جوان و پوختی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە، بۆتە جێگای ڕاکێشانی سەرنجی دۆست و ڕەخنەگرانی بە تایبەتی لە بواری هۆنراوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم: ئەو خانی و حاجی قادری سەردەمی خۆی بووە، بە شێوازێکی نوێ و دەربڕینێکی قووڵ هەستی ناسکی خۆی و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمانەکەی خستووەتە ناو هۆنراوەکانی، وەکو لەم پارچە سرووده کە دەڵێت:




**شاعیر دیلان و کۆمەڵێك هاوڕێی.**

**کوردستان بەهەشتی زەمین**

کوردستان بەهەشتی زەمین
جێی تێکۆشان و ڕاپەرین
مەڵبەندی کاوەی قارەمان
کوردستان کوردستان
ئەی نەتەوەی کوردی دلێر
ڕۆڵەی نەبەرد و بێچووە شێر
هەستە هەستان دەرمانە بۆ
دەرد و ئازاری جەستەی تۆ
کوردستان کوردستان
وا نەورۆزە جەژنی گەلە
ئاسۆ ڕازاوەی دەم کەلە
با نەورۆز و بەهاری کورد
پێگەیێنین بەدەست و برد
کوردستان کوردستان ١٩٥٨




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نە ناسراوە، شاعیر دیلان.**

ئەو جگە لەوەی شاعیرێکی گەورە و تێکۆشەرێکی خاوەن هەڵوێست بووە، دەنگێکی خۆش و کەم وێنە و ئاوازدانەرێکی دەگمەنیش بووە، گۆرانی و مەقامە بە سۆزەکانی کە بەشی زۆری لە دەقی شیعرەکانی خۆیەتی تا ئێستاش هەر زیندوون، ئەو خاوەنی هۆنراوەکانی (مامە کوڕتوو، ئەی نازەنین و شێخ مەحموودی نەمرە)، مەقامەکانی (من بڕۆی پەیوەستی ئەو نازدارە، کە شیعری گۆرانە و ئەڵڵاوەیسی و نەوا سبح پێناکەنی و چەندانی دیکە)یە.

محەمەد ساڵح دیلان شاعیر و خەباتگێڕ و خەمخۆری میللەتەکەی بوو و دەنگێکی ڕەسەن و ناسکی هۆنراوەی نوێی ئەدەب و شیعری کوردی بووە، ئەو نوێخواز و خاوەن ڕێبازی ڕیالیزمی نوێ بوو، زۆربەی هۆنراوەکانی پەردەیەکی ناسک و تەنکی ڕۆمانسییەتی بەبەرداکراوە، ئەمەش جۆرە جوانییەکی بێ هاوتای پێبەخشیوون، ئەو شیعری بۆ جوانی و سروشتی کوردستان و ئەڤینی و نیشتمانپەروەری نووسیوە، وا پارچە شیعرێکی محەمەد ساڵح دیلان- تان بۆ دەنووسمەوە کە وەسفی سروشتی کوردستان بەم جۆرە دەکات:

**ساڵ پایزە، گەرمەی گەڵا ڕێزانە،**
**ڕێز بارانە، شێوەی ساڵی جارانە!**
**گەڵای ڕژاوی دار مازووی چیای بەرز**
**ملوانکەکەی ئەئاڵانە ملی وەرز**
**ڕووباری شین، سوور هەڵگەڕاو بەلافاو**
**جارێ بێ دەنگ، جارێ بەهاژەو بەتاو**

شاعیری نوێخواز و مەقامزان محەمەد ساڵح دیلان لە ٢٨-١٠-١٩٩٠، لە تەمەنی(٦٣)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و خۆی بەرهەمەکانی لە شیعر و گۆرانی مەقامەکانی هەتا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە، ڕەوانی شاد بێت.

سەرچاوەکان:


١- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم، هەولێر ٢٠٠٦.
٢- دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، دیوانی شیعریی محەمەد ساڵح دیلان ، هەولێر ١٩٨٧، چاپی دووەم ٢٠١٣.
٣- دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ماڵپەڕی ڤەژینبۆکس.
٤- کوردیپیدیا- ئینسکۆلۆپیدیای ئازاد.
٥- ماڵپەڕی خوێندگە.
٦- ماڵپەڕی Chaw، لە ١٧-١٠-٢٠٢٠.
٧- نووسەر ئومێد ئاشنا، بارانی سلێمانی، شیعرە بڵاونەکراوەکان و لە یادکراوەکانی محەمەد ساڵح دیلان، ٢٠٠١.
٨- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# کەمال ڕەئووف محەمەد

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس و میدیاکار و ڕادیۆناس و توێژەر ڕەوانشاد کەمال ڕەئووف محەمەد.

ناوی تەواوی(کەمال ڕەئووف محەمەد)ە، لە ١٧-١-١٩٤٢، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩، چووەتە بەشی دراما لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ساڵی ١٩٦١ تەواوی کردووە، لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو بێژەر و وەرگێڕ و دەرهێنەری ڕادیۆیی لە ڕادیۆ کوردیی بەغدا دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ماوەیەکی کورت سەرۆکی بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٨٢، وەک بێژەر و وەرگێڕ و ئامادەکار و پێشکەشکاری چەندین بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری بووە، لەوانە (دەنگی هونەر، چیرۆکی هەفتە، دنیای ئەدەب و هونەر، دنیای فۆلکلۆر، دیاریی



**ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کەمال ڕەئووف بە منداڵی.**

نووسەر کەمال ڕەئووف.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئووف.

ئەمڕۆ، بۆ خۆشیتان، شەوچەرەیێکی کوردەواری، سەدای چیرۆکی کوردی، هاوار خالە ڕەجەب، ڕاپۆرتی مایکرۆفۆن، فەرهەنگی ڕۆشنبیری، ڕۆژێ لە ڕۆژان...چەندانی دیکە).

نووسەر و میدیاکار کەمال ڕەئووف محەمەد خاوەنی یەکەمین بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنییە کە لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار دەکراو لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پەخش دەکرا.

ئەو هەر بێژەر و نووسەر و هونەرمەند نەبوو، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتواناش بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی





هاوکاری کاری کردووه و دەیان نووسینی هەمەجۆری تێدا بڵاوکردووەتەوە، لە گەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە(حسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، شێرکۆ بێکەس، عەبدڵڵا پەشێو)، لە گروپی بزووتنەوەی (ڕوانگە)ش بووە، لە ساڵی ١٩٨٢ وەکو لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانیی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی بەغدا بووە، لە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٦ ڕۆژنامەنووس بووە لە گۆڤاری کاروان.

کەمال ڕەئووف لە بواری پسپۆڕی خۆیدا کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر گرنگ و پڕ بایەخی نووسیوە و لەچاپی داون، کە ئەمانەن:

- ببورە، دراما، ساڵی ١٩٦١، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
- بژی مرۆڤ، کورتە چیرۆک، ساڵی ١٩٧٠. چاپخانەی(سلمان الاعظمي)، بەغدا.
- مستەفا سایيب، ئەستێرە گەشەکەی کورد، لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ساڵی ١٩٩٩.




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر کەمال ڕەئووف.**




- هونەری درامای ڕادیۆی کوردی، لێکۆڵینەوە و ئاشناکردن، سلێمانی، دەزگای سەردەم، ساڵی ٢٠٠٠.
- مێژووی ڕادیۆی کوردی ، ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم.
- ئەدەبینامە نووسینی کوردی، لێکۆڵینەوە و ئاشناکردن، هەولێر، دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٤.

-عەقیدەی ئیمان-عەقیدەی کوردی- لوببەلعەقایید- مەولانا خالد شارەزووریی نەقشبەندی، کۆنترین دەستنووس لەساڵی ١٨١٩، لێکۆڵینەوە و ئاشناکردن، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی، ٢٠٠٤.
- دەستەواریێ نان بۆ مێژوو، لێکۆڵینەوەی(١٧)بابەتی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- باقة دراسات كوردية، لێکۆڵینەوەی کوردییە، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.



- گوتەبێژی دەگمەنی تۆفیق وەهبی، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە، وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەمیر حەسەن پوور، نووسینەوە و خوێندنەوەی کەمال ڕەئووف، لەگەڵ(CD)ی گوتەبێژەکە، سلێمانی، ٢٠١١.
- گەڕان بۆ ڕاستی، لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوەی ڕۆشنبیرییە، کەمال ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠١١.
- ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئامادەکردن و گەڵاڵەکردن و تۆمارکردن- دیمانەیەکی ڕادیۆیی و ڕۆژنامەنووسیی سالآنی ١٩٦٦-٢٠٠٨، لەگەڵ(CD) ی شەش دیمانە، بابی لالۆ- کەمال ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠١١.
- مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لە ئەدەبی کوردیدا، کۆکردنەوە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە، کەمال ڕەئووف، ٢٠١٢.

کورتە بیرەوەرییەکم لەگەڵ ڕەوانشاد کەمال ڕەئووف، سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بەندە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە لەوانە بێژەر نازم کەریم سەرحەد، تازە وەکو بێژەر و وەرگێڕ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بەکار بووین، ئەو سەرپەرشتی و ڕێنمایی دەکردین، لە ساڵی ١٩٨٢، هەرچەندە لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بووم ماوەیەک بوومە سەربازی ئیحتیات، بە شێوەیەکی کاتیی لەوێش ئیشم دەکرد، بەیانییەک دەنگوباسم دەخوێندەوە، هەر کە تەواو بووم، زەنگی تەلەفۆن لە ژووری بێژەرەکان لێی دا کە هەڵمگرت کەمال ڕەئووف بوو، دیارە خوێندنەوەی دەنگوباسەکەی بە دڵ بووە دەستخۆشی لێکردم و وتی: زۆر خۆشحاڵم ڕەنجم بە خەسار نەچووە ئەوها جوان فێرە خوێندنەوەی دەنگوباسم کردوون، بەندە زۆر سوپاسم کرد و پێم وت: ئێ ئاخر مامۆستای وەکو تۆمان هەبوو، ئەویش زۆری پێ خۆشبوو، تا ئێستاش لە بیرم نەچووە هەر شانازی بەو هەڵسەنگاندنەی ئەو دەکەم، لای چەندین برادەریش گێڕاومەتەوە، هەی ڕوحی پاکت شاد و ئارام بێت ئەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری گەورەی کورد.




نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار


















**هەندێك لە بەرهەمەكانی نووسەر كەماڵ ڕەئووف.**

کەمال ڕەئووف محەمەد لەساڵی ١٩٩٨ بە تەنیا لە هۆڵەندا دەژیا و سەرقاڵی نووسینەوەی ئەدەبی و میدیایی بوو، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە ڕۆژی ٣٠-٩-٢٠١٨ لە نەخۆشخانەیەکی هۆڵەندا کۆچی دوایی کرد، لە ٢-١٠-٢٠١٨ تەرمەکەی بەرەو کوردستان بردراوە، بەڵام دوو ڕۆژ لە تورکیا دواخرا، تا ڕۆژی ٥-١٠-٢٠١٨ گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لەوێشەوە بۆ سلێمانی هەر هەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی (سەیوان) بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت ئەم نووسەر و میدیاکارە گەورەی کورد، گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

١- بڵاوکراوەی(تاراوگە)، بڵاوکراوەیەکی هەواڵییە لە هۆڵەندا دەردەچوو نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتیی دەکرد.

٢- کوردیپیدیا.

٣- بنکەی ژین، ڕۆژی بڵاوکردنەوەکەی دیار نەبوو.

٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# کاکەی فەلاح

**ئەگـەر هاتیـە سـەر گـۆڕم بزانـە خێرنەدیوێکـم**
**لەنـاو باخـی بەهـاری عومرمـا گـوڵ وەریوێکـم**
**لــە ڕێگــەی میللــەت و زانسـت و خاکـی نیشـتمان دا**
**منـی نووسـتو لـە گۆڕیشـا وەکـو........**

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕو لێکۆڵـەر و پسـپۆڕ لـە سـاغکردنەوە و بڵاوکردنـەوەی تێکسـت و دیوانـی شـاعیرانی کلاسـیکی، ڕەوانشـاد کاکـەی فـەلاح.

نـاوی تەواوی(حەمـە کـوڕی حەمەئەمیـن کـوڕی قـادر)ە، بـە کاکـەی فـەلاح ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٢٨، لـە قەزای(چوارتـا)ی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی لـە خانەوادەیەکی هـەژار و زەحمەتکێش و ڕۆشـنبیر و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، ئـەو جیـاواز لـە هاوتەمەنەکانـی نەچووەتـە بـەر خوێندنـی حوجـرە و فەقێیاتـی، بەڵکـو یەکسـەر چووەتـە قوتابخانـە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە چوارتـا تـەواو کـردووە، دواتـر باوکـی ڕەوانـەی شـاری سـلێمانی کـردووە، لـە قوتابخانـەی ناوەندیـی سـلێمانی لـە یەکـەم بەشـی ناوخۆیـی قوتابیـان وەرگیـراوە، هـەر زوو هێشـتا قوتابـی بـووە تێکـەڵ بـە بزووتنـەوەی قوتابییـان بـووە و ئەندامێکـی چالاکیـش بـووە لـە حیزبـی شـیوعی عێراقـی، هـەر لەگـەڵ




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کاکەی فەلاح، ئەوانی دیکە نەناسراون.**

دەستپێکردنی ناڕەزاییەکانی ساڵی ١٩٤٨ دژی(ڕێکەوتننامەی پۆرتسمۆس)، بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی(ساڵح جەبر) ئەو بەشدار بووە و دەستگیر کراوەو ڕەوانەی بەندیخانەی کەرکووک کراوە، لە بەندیخانەش هەر زۆر چالاک بووە، هەموو شەوێ لە گەڵ شاعیر جەوهەر غەمگین بە شیعرە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان، بەندەکراوەکانیان هانداوە و هەست و گیانی کوردایەتییان لە ناویان بەرزکردووەتەوە، لەسەر پارچە شیعرێکی بە ناوی (کونەپەپوو) کە دژی (نوری سەعید) گوتبووی زۆر ئازار و ئەشکەنجە و دارکاری کراوە، کە دەڵێت:

**کونەپەپووی ڕوو ڕەش و مۆن**
**خاوەن کەلاوەی پیسی کۆن**
**کەی تۆ لە ڕەگەزی مەلی؟**
**شایەستەی سەر لق و پەلی؟**

ئەو زیاتر لە شەش ساڵ گرتن و ڕاونانی بینیوە، بەڵام هەر بەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی و دواتر(٥) ساڵ زیندانی کراوە لە بەندیخانەکانی ئەبوغرێب و کوت و ناسریە و کەرکووک.

لە ساڵی ١٩٤٧ ئەو کاتەی حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی ئازادبوونی نیشتمانی کۆبوونەوەیەکیان لە قوتابخانەی(غازی) کردووە، ئەو لە ناو




لەلای ڕاستەوە: کەریم زەند، کاکەی فەلاح، ئەکرەم قەرەداغی، نەناسراوە، عەبدولکەریم شێخانی ١٩٧٧ سلێمانی.

چینی کرێکار و ڕەش و ڕووتەکانی ناوچەی شارباژێڕ هەڵبەستێکی درێژ و پەخشانێکی خویندووەتەوە کە لە یەک لە کۆپلەکانی دەڵێت:

**کرێکار و قوتابی و چینەکانی بێ ڕووت و نانت**
**سەپان و کاکی فەلاحی بەرەی تالان کراوانت**
**لەگەڵ کیژ و هەتیوانی کزی بێ سووچ و تاوانت**
**ئەڵێ دەی ڕاپەڕە و گوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت**
**بە دەنگی بەرز ئەڵێ نێزیکە جەژنی بەش خوراوانت.**

لە دێڕی دووەم ناوی(کاکەی فەلاح) هاتووە، خەڵکی سلێمانی ئەم ناسناوەیان بەسەردا سەپاندووە و ئیتر بە کاکەی فەلاح ناسراوە.




کاکەی فەلاح لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وازی لە کاری سیاسی هێناوە و نزیکەی سێ ساڵ لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە لە بەغدا دەست بەکار بووە، دواتر لە کتێبخانەی موزەخانەی سلێمانی تا خانەنشین بوونی لە خزمەتکردن بەردەوام بووە.

یەکەم دەستپێکی نووسینی کاکەی فەلاح لە

نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦ بووە، یەکەم شیعریشی پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(نەورۆز)، لە پاش شەستەکانیش دەستی بە بڵاوکردنەوەی شیعر کردووە و لە سەرەتای حەفتاکانیش بووەتە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی(ژین) لە ١٠-١١-١٩٧٠ یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەی لە چاپداوە و بڵاویکردۆتەوە، ڕۆژنامەی(ژین) لە ساڵی ١٩٣٩- تا ١٩٥٠ کە پیرەمێردی شاعیر سەرپەرشتیی کردووە، دواتر گۆرانی شاعیر و ئەحمەد زرنگ سەرپەرشتییان کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن، شاعیر کاکەی فەلاح.**

کاکەی فەلاح بۆ ماوەی چوار ساڵ بە بەردەوامی هەفتانە ئەو ڕۆژنامەی دەرچواندووە، لە ساڵی ١٩٧٨ چاپخانەیەکی بە ناوی(کاکەی فەلاح) کردووەتەوە، کە ببووە مەڵبەند و سەکۆی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و خوێندەوارانی شاری سلێمانی.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، کاکەی فەلاح.**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر کاکەی فەلاح، چیرۆکنووس مستەفا ساڵح کەریم، نەناسراوە.**


شیعرەکانی کاکەی فەلاح سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەیە، ئەو هەڵگری ڕێبازی شیعری نوێخوازی بووە لە شاری سلێمانی، شیعرەکانی هەر هەموویان ڕەنگدانەوەی ناخی ناوەوەی کۆمەڵگای کوردەوارین، پشت و پەناو پێداگری خەباتی چینایەتی و چینی کرێکاران و هەژار و لێقەوماوان بووە، بێ وچان لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، شیعری ناسک و ناوازەشی بۆ منداڵانی کوردستان نووسیوە، باوەڕیشی بە ڕەخنەگرتن هەبووە، گۆرانی شاعیریش بە دەستپێشخەر و پێشڕەوی بنچینەی تازەگەریی شیعری نوێی کوردی دادەنێت.



کاکەی فەلاح کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و شیعر بۆ منداڵان و وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە:


بەرهەمە چاپکراوەکانی:

- سۆزی دەروون،شیعر، ساڵی ١٩٦٢.




- دیوانی چرۆ، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٦٥.
- لەگەڵ شەپۆلەکاندا، شیعر، ساڵی ١٩٦٧.
- شێری ساختە، شیعر بۆ منداڵان، ١٩٧٨.
- جگەر گۆشەکان، شیعر بۆ منداڵان، دووجار چاپکراوە، ساڵی ١٩٧٨، ١٩٨٠.
- کاروانی شیعری نوێ کوردی، بەرگی یەکەم، سێ جار چاپکراوە، ساڵانی ١٩٧٩، ١٩٨٠، ١٩٨٧.
- دیوانی کاکەی فەلاح. ساڵی ١٩٨٠.
- چۆلەکە پاساری، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٨٣.
- ئۆپەرێتی ماڵ و قوتابخانە، شیعر، ساڵی ١٩٨٤.
- سروود بۆ قوتابییان، شیعر، ساڵی ١٩٦٨.
- مەم و زین، پیرەمێرد، ساڵی ١٩٦٨.
- چوارینەکانی نەخەعی، شێخ سەلام عازەبانی وەریگێراوە، ساڵی ١٩٦٩.
- ڕوباعییاتی خەیام، شێخ سەلام وەریگێراوە، دوو جار چاپکراوە، ساڵانی ١٩٦٧، ١٩٨٠.
- پەندەکانی پیرەمێرد بەرگی یەکەم، ١٩٦٩، بەرگی دووەم، ١٩٦٩، بەرگی سێیەم، ١٩٧٢، بەرگی چوارەم، ١٩٨٠.
- گاڵتەو گەپ، پیرەمێرد، ساڵی ١٩٧٠.
- کەمانجە ژەن، پیرەمێرد، ١٩٧٩.





- ئۆدیبی پاشا، کاکەی فەلاح لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ١٩٨٠.
- چۆلەکە بچکۆلەکە، لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ١٩٨١.
- ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەمین فەیزی، ١٩٨٢.
- دوانزە سوارەی مەریوان، پیرەمێرد، ١٩٨٣.
- دیوانی ناری، ١٩٨٤.
- مەحمود ئاغای شێوەکەڵ، ١٩٨٥.
- دیوانی مەولەوی، پیرەمێرد لە شێوەزاری هەورامی گۆڕیبووی بۆ شێوەزاری سۆرانی لەژێر ناوی(ڕوحی مەولەوی)، کاکەی فەلاح لە چاپیداوە.

دوا بەرهەمیشی پارچە شیعری(خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە)، بۆ منداڵان بووە.

لە بەرهەمە چاپ نەکراوەکانیشی:

- بەرگی دووەمی کاروانی شیعری کوردی.
- لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لە بارەی دیوانی حەمدی.
- شەن و کەوی ئەدەبی، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە.

کاکەی فەلاح، چەند پارچە شیعرێکی هەر یەک لە شاعیران(نازم






حیکمەت، ئاراگۆن، پابلۆ نیرۆدا، ئەبولقاسمی ئەلشابی، شیللی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەندێ شیعری شاعیرانی فارسیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

چەندین پارچە شیعر و شیعری منداڵانی کاکەی فەلاح کراونەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد لەوانە (ئیبراهیم خەیات، عەدنان کەریم ، مەرزیە فەریقی).

ئەو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان بووە.

ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاریی کورد بووە.

لە ڕۆژی ٩-١٠- ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم، لاپەڕەکانی(٥٦٣-٥٧١)، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢- ویکیپیدیا- ئینسۆکلۆپیدیای ئازاد.

٣- Chaw Midia، فلمێکی دۆکیومێنتاری.

٤- ئەکادیمیای کورد زۆن، وتارێکی نووسەر یاسین ئەحمەد لە ١٠-٣-٢٠١٨.

٥-مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، لاپەڕە(١٩١).

٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر

مێژوونووسی ئەکادیمیی دیار و ناسراوی کورد ناوی تەواوی(ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر)ە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی(پیرداود)ی دەوروبەری شاری هەولێر لە بنەماڵەی(پیرەبابی) کە مەلازادە بووینە لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان لە شێخانی باڵەکایەتین، ماوەی(١٧٠) ساڵێک لەمەوبەر هاتوونەتە دەشتی هەولێر و لە گوندی پیرداود نیشتەجێ بووینە، دایکیشی کچە جووتیارێکی خەڵکی کەندێناوە (دیبەگە) بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ ئەو هێشتا تەمەنی (٣) مانگان بووە ماڵیان هاتووەتە ناو شاری هەولێر و لە گەڕەکی(خانەقا)ی نزیک مزگەوتی شێخ مستەفای نەقشبەندی نیشتەجێبووینە، لە ساڵی ١٩٣٥ کە تەمەنی(٥)ساڵان بووە چوونەتە گەڕەکی (تەیراوە)هەر لە ناو شاری هەولێر.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان لە ساڵی ١٩٣٧ لە تەمەنی(٧) ساڵیدا چووەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی(اربیل الاولی ) لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەریەکەم بووە لە قۆناغی ئامادەییش لەسەر هەموو لیوای هەولێر یەکەم بووە، لەسەردەمی پاشایەتی(مەلەکییەت) عێراق (١٤) لیوا(پارێزگا)



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد ئیحسان ئیبراهیم، شاعیر و نووسەر ڕەوانشاد خالید جووتیار،**
**ڕەوانشاد دکتۆر ئەحمەد عوسمان، ڕەوانشاد ئیسماعیل ئیبراهیم،**
**نووسەر و وەرگێڕ حەجی جەعفەر، نووسەر عەبدولخالیق بەرزنجی**

هەبووە، هەر کەسێک یەکەم بووبێ لەسەر لیوای خۆی، نێردراوەتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، ئەویش یەکەمی لیوای هەولێر بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٨ نێردراوەتە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان قوتابییەکی زۆر زیرەک و بلیمەت بووە، ئەو کاتەی لە زانکۆی ئەمەریکی بووە لە بەیروت لە چوار زانکۆی ئەمریکی(وەرگرتن بۆ خوێندن- قبول)ی بۆ هاتووە، بەڵام لەبەر دەستگیرکردنی(حەمید عوسمان)ی برای کە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، لە ڕێگای باڵیۆزخانەی عێراقییەوە، حکومەتی عێراقی یارمەتیان لێ بڕیوە و نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ گەڕاوەتەوە هەولێر، دواتر جارێکی دیکە چووەتەوە بۆ بەیروت بۆ خوێندن لە کۆلێژی ئاداب و زانستەکان، بەڵام دیسان هەر لەسەر گرتنی براکەی ماوەیەک دەریان کردووە، دواتر ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی تەواو کردووە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە عێراق، هەر لە لوبنان دوو ساڵ لە قوتابخانە ئەهلییەکان و دوو ساڵیش لە سووریا لە قوتابخانە حکومییەکان دەرسی گوتووتەوە، ئەو چوار ساڵ وەکو پەنابەر لەم دوو وڵاتە ژیاوە، پاش شۆڕشی ١٤ تەممووزی ساڵی

١٩٥٨، لـه نێـوان سـاڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ گەڕاوەتـەوە عێـراق، بووەتـە مامۆسـتا لـە قوتابخانـەی ئامادەیی(النضال)وەکو مامۆستا دەست بـەکار بـووە، پاشـان لـە وەزارەتی(مەعاریـف) بـە پلـەی (ملاحـظ- تێبینـەر) لـە بەڕێوەبەرایەتیـی بڕوانامـەکان لـە بەغدا درێـژەی بـە خزمەتـی خـۆی داوە.

دکتـۆر ئەحمـەد عوسـمان دوو جـار نـاوی دەرچـووە بـۆ خوێنـدن لـە بەریتانیـا، بـەڵام بـە هـۆی نەبوونـی بەشـی پسـپۆریی مێـژووی کـورد لـە بەریتانیـا نەچووەتـە ئـەوێ بـۆ خوێنـدن، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٠ چووەتـە یەکێتیـی سـۆڤییەت لـە ئەکادیمیـای زانسـتیی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ بـۆ خوێندنـی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد کـە ئەوسـا تەنیـا لـەوێ هەبـووە، لەژێـر سـەرپەرشـتیی زانایەکـی دۆسـتی کـورد پرۆفیسـۆر(نەفتوڵلا ڕوونۆفیـچ خالفین)دەسـتی بەخوێنـدن کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـەردانی لەندەنـی کـردووە و لـە ئەرشـیفخانە و کتێبخانەکانـی ئـەوێ، بـە دوای بەڵگەنامـەو گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی وەکوو(کۆمەڵـەی گـەلان **League Nations Magazine**) و ڕۆژنامـەی تایمس**The Times**) گەڕاوە و تـا سـاڵی ١٩٦٥ نامـەی دکتۆراکـەی بـە زمانـی ئینگلیـزی تـەواو کـردووە، بەنـاو نیشـانی(بزووتنەوەی نیشـتمانیی ڕزگاریی کورد لە(١٩٠٠- ١٩٢٥) کە بە قەوارەی(٤٥٠)لاپەڕەیە و تا ئێستاش چـاپ نەکـراوە، کـە نامەکـەی تـەواو کـردووە چووەتـەوە مۆسـکۆ، یـەک سـاڵ ماوەتـەوە دواتـر گەڕاوەتـەوە عێـراق و بووەتـە مامۆسـتای مێـژوو لـە بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغدا، چەنـد بابەتـی مێژوویـی گوتووەتـەوە بـە زمانـی ئینگلیـزی لەوانـە (مێـژووی نوێـی ئەوروپـا)، لـە سـەرەتای سـاڵانی حەفتانـی سـەدەی ڕابـردوودا نامـەی دکتۆرایەکـەی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی و لـە ڕۆژنامـەی (التآخـي) بـە زنجیـرە بـڵاوی کردووەتـەوە، بـەڵام تەنیـا (٢٩) ئەلقـەی لـێ بڵاوکراوەتـەوە و ڕاگیـراوە، لـە سـاڵی ١٩٨٦ بووەتـە یاریدەدەری پرۆفیسـۆر لـە سـاڵی ١٩٩٣ هاتووەتـەوە کوردسـتان و لـە بەشـی مێـژووی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەدین درێـژەی بـە خزمەتـی خـۆی داوە و سـەرپەرشـتیی(٦) نامـەی ماسـتەر و دکتـۆرای کـردووە، تـا لـە ڕۆژی ١-١١- ٢٠٠٦ خانەنشـین بـووە.

دکتـۆر ئەحمـەد عوسـمان هەرچەنـدە بیروبـاوەری چەپـی هەبـووە، بـەڵام لـە هەمـوو نووسـینەکانیدا پشـتی بـە سـەرچاوەی دوور لـە ئایدلۆژییـەت

بەستووە، سوودی لە هەموو سەرچاوە ڕەسەنەکانی کە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی و کوردی نووسراونەتەوە، وەرگرتووە. زیاتریش بایەخی بە مەیدانی خەباتی کورد داوە لە کوردستان بە تایبەتی کوردستانی باشوور، هەر بۆیەش نامەی دکتۆرایەکەی زۆر بە زیرەکی هەڵبژاردووە، کە باسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەکات لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٠٠-١٩٢٥ کە ماوەیەکی زۆر گرنگ و هەستیار بووە بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد.

ئەو ناسناوی پرۆفیسۆری ڕەتکردووەتەوە و وتوویەتی: (لەبەر پیرۆزیی ناو و کاری پرۆفیسۆری ڕەتم کردەوە، چونکە خۆم بە شایستەی پرۆفیسۆری نەدەزانی، خۆ پرۆفیسۆری گاڵتەجاڕی منداڵان نییە، هەر کەسێک بە چەند ساڵێک و چەند نووسینێک ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت، بەدڵنیاییەوە دەڵێم: لە ڕۆژهەلات بە تایبەتی لە عێراق ئەو ناسناوە نییە و هەمووی ساختەیە، زۆرم پێ سەیرە ئێمە لێرە ناو لەخۆ بنێین پرۆفیسۆر، کەچی مامۆستاکانی ئێمە لە ڕۆژئاوا هێشتا ناونیشانیان یاریدەدەری پرۆفیسۆر بێت).

دکتۆر ئەحمەد عوسمان کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوە و وەرگێڕان نووسیوە کە هەندێکیانی بە ئەڵقە لە ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان، هەروەها لە (التآخي و الثقافة) بە زمانی عەرەبی و هەندێکیشیانی بە نامیلکەو بە کۆپی کردن بلاوکردووەتەوە، ئەو هەندێ بابەتی لەسەر مێژووی کورد لە زمانی ئینگلیزی و ڕووسی و عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەش هەندێکی دیکەی لە زمانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بە تێکڕایی دیارترین نووسینەکانی لەسەر مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد ئەمانەن:

- بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریی گەلی کورد لە ١٩٠٠-١٩٢٥ کە چاپ نەکراوە، بەلام (٢٩) ئەلقەی لە ڕۆژنامەی(التآخي) لە سالی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بلاوکراوەتەوە.
- موعادەلەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان مێژووی زایینی و کۆچیدا هەیە، کە لە ژمارە(١٠)ی گۆڤاری(نشرة اخبار جامعة بغداد)ی سالی ١٩٧٥ وەکو


دکتۆر ئەحمەد عوسمان

کورتە هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە.

- کورد لە نووسینی موسڵمانەکانی بەرایی ناوی مەڵبەند و تایفە کوردییەکان.
- ناو هێنانی کورد و ڕێوڕەچەڵەکیان، لە نووسراوی موسڵمانەکانی بەراییدا.
- دۆزی کورد لە سەردەمی ئاشتیدا(لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی)، توێژینەوەیەکی درێژە و بە ئەڵقە لە گۆڤاری (الثقافة) بە زمانی عەرەبی لە تەمموززی ساڵی ١٩٧٨ تا ئابی ١٩٧٩ بڵاوکراوەتەوە، کە (٣١) بەشە و (٢٥٠) لاپەڕەیە.
- سەرنجێ لە بارودۆخی ناوچە کوردییەکان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.
- یاداشتێک بۆ وەفدی هاوپەیمانان لە لایەن شەریف پاشا.
- دۆزی کورد و کۆنگرەی قاهیرە.
- بەیاننامە و لێدوانەکانی کۆلۆنێل(میر ئالای) ئۆزدەمیر پاشا بۆ هۆزە کوردییەکان.
- کوردستان لە بەڵگەنامەی لێژنەی(کینک- کراین).
- سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کورد دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩٢١.
- بزووتنەوەی شێخ مەحمود و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- کێشەی موسڵ بەشێکە لە دۆزی کورد.
- ڕەگوڕیشەی دۆزی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد و دانانی مەلیک فەیسەڵ.
- پەیماننامەی(سایکس- پیکۆ)، سازانۆف و دابەشکردنی تورکیای ئاسیایی


و کوردستان.
- پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی تورکیا ١٠ی شوباتی ١٩٢٢.
-هەندێ سیمای دۆزی کورد لە سەردەمی ئێستادا.

کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زۆر بایەخی پێ دراوە لە لایەن دکتۆر ئەحمەد عوسمان، چونکە ئەو پسپۆڕ بوو لەو ماوە مێژوویی و هەستیارەی کورد و نامەی دکتۆراکەشی هەر لەسەر ئەو ماوەیە بوو.

هەروەها دکتۆر ئەحمەد عوسمان کۆمەڵێک وتاری بڵاوکردووەتەوە وەکو:

- سەرنجێ لە نووسینی کوردناسە ئینگلیزەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.
- ئەسڵی ناونانی بادینان و ئامێدی.
- ڕووداوی کۆچکردن لە وڵاتی کوردەواری.
- گەشتێک بە جیهانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی کۆندا.
- یادەوەریی دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کوردی و زانکۆی سلێمانی.
- نامەیەک لە میدیاوە بۆ یەمامە.
- چیرۆکی ئازاری دەستی دیکتاتۆریەت.
- کتێبی هەولێر، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە دەوری هزری و سیاسی ١٩٣٩-١٩٥٨.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان کۆمەڵێک کتێبی لە ڕووسی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە:




- وەرگێڕانی کتێبی مامۆستاکەی خۆی(نەفتوڵڵا ڕوونۆفیچ خالفین) کە بە ناوی(ململانێ لەسەر کوردستان- الصراع علی کردستان) بۆ سەر زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٦٩چاپی کردووە.
- کتێبی (دابونەریتی کوردەکان-عادات و تقالید الاکراد)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی، وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، پشتی



بە وەرگێڕانە کوردییەکەی پرۆفیسۆر شوکریە ڕەسوڵ و نووسینە ڕووسییەکەی (ڕوودینکۆ) بەستووە و لە ڕۆژنامەی (التآخي) یش بڵاوی کردۆتەوە.

- کوردی میللی و ئیبراهیم پاشا- الاکراد المللي و ابراهیم پاشا، کە نامیلکەیەکی بچووکەو لە ساڵی ١٩٧٣ لە چاپخانەی(دار الجاحظ) لە بەغدا بە قەوارەی(٦٤) لاپەڕە لە چاپی داوە.
- دوای ڕێککەوتننامەکەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هەریەک لە مەجید ئاسنگەر و گیو موکریانی و حەمەکەریم هەورامی بەشدار بووە لە وەرگێڕانی کتێبی(مێژووی چاخە کۆنەکان) بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا کە (٢٣٩) لاپەڕەیە.
- بەشدار بووە لە وەرگێڕانی کتێبی (پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی) بۆسەر زمانی کوردی، کە بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندییە لەگەڵ مستەفا نەریمان و فەرەیدون عەلی ئەمین، ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا چاپکراوە و (١٤٠) لاپەڕەیە.
- وەرگێڕانی دەقی(٣) نامەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە ساڵی ١٨٨٠ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی نووسیوە، دووانیان بۆ(د.کوچران) کونسوڵی بەریتانیا لە ورمێ کە باسی زوڵم و زۆریی حکومەتەکانی ئێران و عوسمانی دەکات بەرامبەر بە میللەتی کورد، نامەی سێیەمیشی بۆ حاکمی ورمێ(ئیقبال دەولە)یە، لە ئەیلولی ساڵی ١٨٨٠.
- جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک وتاری زانایانی کورد بۆ سەر زمانی عەرەبی وەکو زانای گەورەی کورد(محەمەد ئیبن ئادام) و چەندانی دیکە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی(ڕۆژی کوردستان) بوو کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو و شەهید سەیدا ساڵح

یوسفی سەرنووسەری بوو.

ئەو یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆنگرەی لاوانی جیهانی لە مۆسکۆ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی لەوانە (جەلال تاڵەبانی، قەناتی کوردۆ، هۆمەر دزەیی، قەدری جان، سەید عەزیزی شەمدینی و چەندانی دیکە).

دکتۆر مارف خەزنەدار یەکەم (وەجبە)ی قوتابیانی کورد بووە کە بۆ خوێندن چووەتە یەکێتیی سۆڤییەت، دکتۆر ئەحمەد عوسمان و دکتۆر کاوس قەفتان دووەم (وەجبە) بووینە، با بزانین ئەم دوو پرۆفیسۆرە سەبارەت بە دکتۆر ئەحمەد عوسمان چ دەڵێن:

دکتۆر مارف خەزنەدار کە لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هاوپۆلی دکتۆر ئەحمەد عوسمان بووە دەڵێت:(زۆر زیرەک بووو بایەخی تایبەتی بە هەموو وانەکانی داوە و نمرەی باشی لە هەموویان هێناوە، یەکەمی پۆل بوو و زۆر هۆگری کتێبی قوتابخانە بووە هەر بەو هۆیەشەوە یەکەمی سەر هەولێر بووە، بۆ خوێندن نێردراوەتە دەرەوەی عێراق لە زانستگای ئەمەریکی لە بەیروت).

دکتۆر کاوس قەفتان کە هاوڕێی دکتۆر ئەحمەد عوسمان بووە لە کاتی خوێندنیان لە یەکێتیی سۆڤییەت دەڵێت:(زۆر بە دەگمەن قسەی کردووە، تاقە کەس بوو لەم جیهانەدا کە زەردەخەنە لێوی نەئەکشان، دکتۆر ئەحمەد عوسمان یەکێکە لە خوێندەوارە هەرە زیرەک و بە تواناکانی گەلی کورد، نە ئەبوو بێتە ڕیزی مێژوونووسان، تیۆری ساڵی (کۆچی) بۆ(زایینی) ی دۆزییەوە، لە لەندەن داوایان لێکرد سەریان لێ بدات، ئینگلیزییەکەی بێ وێنە بوو لە خوێندنەوە و تێگەیشتندا پێویستی بە قاموس نەبوو، بە خواستی خۆی زۆر باش خۆی فێرە زمانی فەرەنسی کرد، گەلی کورد ئەگەر ڕۆژێک هات لە جیاتی(گەندەل ئاغا) ڕێز لە زاناکانی بگرێ ئەبێ دکتۆر ئەحمەد عوسمان لەسەرووی سەرەوە بێ).

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ماوەیەک پێش کۆچی دوایی کردنی چاوەکانی بە تەواوی لە دەستدابوو(نابینا بووبوو)، هەر بەتەنیا و بە سەڵتی لە شوقەکانی کۆلێژی یاسا دەژیا، تا لە ڕۆژی ٢٥-١-٢٠١٤ کۆچی دوایی کردووە.

لە ڕۆژی ٦-٣-٢٠١٤ چلەیەکی ماتەمینی هەژارانەیان لە هۆڵی (یەعقوبی)

لە بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلێژی زمان بۆ سازکرد.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد عوسمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٥ ئەو مامۆستای بەندە و سەدان قوتابی دیکەی بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب و پەروەردەی زانکۆی بەغدا بوو، لە موحازەراتەکانی زۆر جیددی بوو، موجامەلەی کەسیشی نەدەکرد بە دەگمەن لەگەڵمان پێدەکەنی، زۆر جار دەیوت: ئاخر ئەمن پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردیم، سەرۆکایەتیی زانکۆ وراگرایەتیی کۆلێژی ئاداب ناهێڵن من دەرسی مێژووی نوێی کورد بە ئێوە بڵێمەوە، بەڵام دەمنێرن لە بەشەکانی دیکە مێژووی نوێی ئەوروپا بە زمانی ئینگلیزی بڵێمەوە، زۆر بە حەزرەتی ئەو ئاواتەوە بوو، بەڵام ئێمە هەر پرسیارمان لێ دەکرد سەبارەت بە ناوەڕۆکی نامەی دکتۆرایەکەی کە لەسەر بزووتنەوەی نیشتمانیی رزگاریی کورد لە نێوان ساڵی ١٩٠٠- ١٩٢٥ بووە، ئەم مێژوونووسە گەورەییەی کورد سەدان قوتابی بە مێژووی کۆن و نوێ و هاوچەرخی کورد ئاشناکرد.

بۆ دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ڕەوانت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد مامۆستای بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دکتۆر ئەحمەد عوسمان، کە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٤٣) ی ساڵی ٢٠١٦ لە لاپەڕەکانی(١٤١-١٨٦) بڵاوکراوەتەوە.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# فەرهاد عەونی

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بە توانای کورد، مامۆستا فەرهاد عەونی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی لە ٢٨-١١-١٩٤٦ لە گەڕەکی(بەفری قەندی)ی شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و ئەدەب دۆست لە دایک بووە، ئەو کوڕی عەونی شاعیری ناودار و ناسراوی ئەو سەردەمی شاری کۆیەیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٦، چووەتە کۆلێژی(ئابووری و زانستە سیاسییەکان- الإقتصاد و العلوم السياسية) لە زانکۆی بەغدا و ساڵی ١٩٧٠ تەواوی کردووە.

فەرهاد عەونی لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ بووەتە ئەندام لە حیزبی شیوعی عێراقی، دواتر لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و ماوەیەکی کورتیش بووەتە پێشمەرگەی کوردستان لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بووەتە(کاتب- نووسەر)، لە ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٩ ئەندامی دەستەی ڕێکخستنی ناوەندی و لێپرسراوی ناوچەی بەغدای قوتابیان بووە، لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیان کە لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٧٠ لە ناو پردان بەستراوە بە سکرتێری گشتیی ئەو یەکێتییە هەڵبژێردراوە تاوەکو کۆنگرەی



**لە لای چەپەوە: نووسەر فەرهاد عەونی، ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد ممتاز حەیدەری، ئەوانی دیکە نە ناسراوان.**

حەوتەم، کە لە ٣٠-٤- تاوەکو ٢-٥-١٩٧٢ لە سلێمانی بەستراوە لەسەر داخوازیی قوتابیانی ئەندام لە کۆنگرەکە خۆی هەڵنەبژاردووەتەوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە بووەتەوە بە پێشمەرگەی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بووە لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سەر بە شۆڕش و لەگەڵ ڕەوانشاد دارا شێخ نوری دوو ژمارەیان لە گۆڤاری(دیاری لاوان)، دەرکردووە.

پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان بووەتە فەرمانبەر لە دائیرەی(إنحصار التبغ- ئینحساری تووتن)، تا ساڵی ١٩٨٦ لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران نەچووەتە سەربازی، بۆیە فەسڵیان کردووە و پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە سەر وەزیفە، زیاتر خەباتی سیاسی و چالاکییەکانی دیکەی بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.




فەرهاد عەونی لەبەر ئەوەی باوکی یەکێک بووە لە شاعیرە ناسراوەکانی کۆیە و کتێبخانەیان لە ماڵەوە هەبووە، ئەو هەر هێشتا تەمەنی(١٠) ساڵان بووە و پۆلی چوارەمی



نووسەر فەرهاد عەونی بە منداڵی.

سەرەتایی بووە حەزی لە زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە و گڕوگاڵی نووسینی شیعریشی کردووە، دەستپێکی خوێندنەوەی بە کتێبی(چیرۆکی زادیج)ی ڤۆلتێر بووە، کە نووسەری گەورەی عەرەبی(طه حسین) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام دیارە ئەو وەرگێڕدراوەکەی بۆ زمانی کوردی خوێندووەتەوە کە نەزانراوە کام نووسەری کورد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە کتێبخانەکەی باوکیدا هەبووە، یەکەم کتێبیش کە بە زمانی عەرەبی خوێندوویەتیەوە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە ئەویش کتێبی(مەم و زین)ی نووسەر محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی بووە.

فەرهاد عەونی هەر لە منداڵییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی عەونی شاعیری باوکی، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٠ وەکو هەر گەنجێکی دیکە بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، سێ پارچە شیعری نووسیوە، یەکەمیان لە ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)کە ڕەوانشاد محەمەد بریفکانی لە بەغدا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەریدەکرد، بڵاوکردووەتەوە، پارچەی دووەمیشی لە گۆڤاری (دەنگی قوتابی) کە لە هەولێر دەردەچوو، بڵاوکردووەتەوە و



لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەرهاد عەونی، میدیاکار کاوە ئەمین.



سێیەمیشی لە ڕۆژنامەی(ژین) بڵاوکردووەتەوە، دیارە دواتر خەریکی کاری سیاسی بووە، وازی لە شیعر نووسین هێناوە و ڕووی کردووەتە نووسین و ڕۆژنامەگەری.

ڕۆژنامەنووسی دێرینی کورد فەرهاد عەونی لە ساڵی ١٩٧٢ بەڕێوەبەر و کارگێڕی ڕۆژنامەی (التآخی و برایەتی) و سەرپەرشتکاری بابەتە بڵاوکراوەکانی برایەتی بووە لە بەغدا، لە ٢٦-١٠-١٩٩٣ بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و بەرپرسی دەزگای برایەتی و خەبات بووە، لە ٢٠-٢-٢٠٠٠ سەرنووسەری(سەنتەری برایەتی و هەفتەنامەی برایەتی ئەدەبی و هونەری و وەرزشیش بووە.

فەرهاد عەونی لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە یەکەم کۆنگرەی ئەو سەندیکایە کە لە ٣٠-١٢- ١٩٩٨ لە هەولێر بەستراوە ئەو بووەتە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ دوو خول، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە یەکگرتنەوەی هەر دوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان کە بریتی بوون لە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ، نووسەر فەرهاد عەونی.**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر فەرهاد عەونی، دکتۆر کەمال مەزهەر، شێرکۆ حەبیب.**

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(ڕۆژنامەنووس) و سەرنووسەری گۆڤاری(الصحفي) بووە کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە.

ئەو لێپرسراو و بەشداریش بووە لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە:

- گۆڤاری(النضال)، ١٩٧٠-١٩٧١، تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچووە.
- التآخی و برایەتی، ١٩٧٢-١٩٧٤.
- گۆڤاری(دیاری لاوان)، ١٩٧٤، لەناو شۆرش، تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە.
- گۆڤاری(ژینۆ)، کە لە لەندەن دەرچووە بە هاوکاری لەگەڵ نووسەر شێرکۆ حەبیب.
- ڕۆژنامەی(کوردستان الیوم)، لە لەندەن دەرچووە دیسان هەر لەگەڵ نووسەر شێرکۆ حەبیب.

فەرهاد عەونی هەر ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵکو نووسەرێکی بە تواناشە تا ئێستا خەرمانێک بەرهەمی پوختی و ناوازەی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بوارەکانی خەباتی کوردایەتی و بزووتنەوەی قوتابیان و لاوان و ڕێکخراوە ئەدەبییەکانی دیکە و ئەزموونی خۆی لە ڕۆژنامەگەری و گیروگرفت و باری ناهەمواری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و چەندین بابەتی هەمەجۆر نووسیوە و بەشی زۆریانی لە چاپ داوە و بە دیاریش پێشکەشی بە دام و

دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان کردووە، سەرەڕای لە چاپدانی کۆمەڵێک بەرهەمی نووسەرانی دیکەی کورد کە بریتین لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی عەونی شاعیر.

بەرهەمەکانی خۆی ئەمانەن:

- ذاكرة الايام، ٢٠١١.
-المنظمات الجماهيرية الكردستانية، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، چاپی دووەم، ٢٠١٢.
- من حقيبتي، بەشی یەکەم، ٢٠١١، بەشی دووەم، ٢٠١٤.
- تجربتي الصحفية، بەرگی یەکەم، ٢٠١٥.
- ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
- لەگەڵ ڕووداوەکان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
- ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی، بیرەوەرییەکانییەتی لە دوو بەرگ، بە زمانی کوردی ، ٢٠١٦.
-٣٦ نامە و چەند کەسایەتییەکی دیوانی من، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
-عەونی لە نێوان کەشکۆڵەکەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی و چەند بابەتێکی دیکەدا، ٢٠٢١.
- لە هەگبەکەم دا، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
- ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان، ٢٠٢١.

ئێستاش خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیەتی بە زمانی عەرەبی کە پێشتر بە زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاویکردۆتەوە لە ژێر ناو نیشانی (ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی).

ئەو کتێبانەی کە یارمەتی داون بۆ چاپکردن:



- ديوانى عەونى، بەرگى يەكەم ، چاپى يەكەم، ١٩٩٧، چاپى دووەم ، ٢٠١١.
- ديوانى عەونى، بەرگى دووەم، چاپى يەكەم، ٢٠١٨.
- چوارينەكانى خەيام، پاچەڤەى عەونى، چاپى يەكەم، لە ئامادەكردنى نووسەر جەلال زەنگابادى، ٢٠١٢.
- ژيان و بەرهەمى عەونى شاعير، لە نووسينى نووسەر ئومێد عەزيز مستەفا، چاپى يەكەم، ٢٠١٤.
-هونەرى جوانكارى لە شيعرى عەونى، لە نووسينى نووسەر بەهار عەبدولجەبار، ٢٠١٧.
- فەرهاد عەونيى ڕۆژنامەنووس ئەندامە و ئەندام بووە لەم ڕێكخراوانە:
- ئەندامى سەنديكاى ڕۆژنامەنووسانى نێو دەوڵەتييە(IFJ)، لە ساڵى ٢٠٠٣وە تا وەكو ئێستا.
- ئەندامى ڕێكخراوى مافى مرۆڤى كوردستان بووە لە ساڵى ١٩٩١، تا وەكو ئێستا.
- ئەندامى بۆردى مافى چارەنووسى گەلى كورد بووە لە يەكێتيى پەرلەمانتارانى كوردستان.
- ئەندامى كۆمەڵەى دۆستايەتيى كورد و عەرەب بووە، لە ساڵى ١٩٩٨.
- نەقيبى سەنديكاى ڕۆژنامەنووسانى كوردستان بووە بۆ دوو خول.
- ئەندامى ڕاوێژكارە لە يەكێتيى پەرلەمانتارانى كوردستان.
- دوو ساڵ ئەندامى پەرلەمانى عێراقى بووە، خولى(كۆمەڵەى نيشتمانيى عێراقى- الجمعية الوطنية العراقية)، ساڵى ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

فەرهاد عەونى لە ٢٧-١٢-٢٠١٩، هەر سێ كتێبە نوێيەكانى خۆى(لە هەگبەكەمدا، لەگەڵ ڕووداوەكان، ٣٦ نامەو چەند كەسايەتييەكى ديوانى من) ناردووەتە كتێبخانەى تاريق كارێزى لە كەركووك وەكو ديارى بۆ خوێنەرانى كورد لەم شارەدا.

لە ١٠-١- ٢٠٢٠ و لە ٦-٢- ٢٠٢٠، هەر ئەو سێ كتێبەشى بە ئامادەبوونى نووسەران و ڕووناكبيرانى كورد لە هەولێر و سلێمانى نمايشكردووە.

ئەوەى شايەنى باسە نووسەر فەرهاد عەونى سەرجەم كتێبەكانى بە

دیاری پێشکەش بە ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردووە.

نووسەر و رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەیە لە ماڵەکەی خۆی کە زیاتر لە(١٠)هەزار کتێب بە زمانی عەرەبی و کوردی لە خۆ دەگرێت، پێشوازی لە دۆست و برادەرانی دەکات بۆ سوود وەرگرتن لە کتێبجانەکەی.

چەندین کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبی بۆ سازکراوە.

فەرهاد عەونی زیاتر لە (٥٠) ساڵ خزمەتی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردی کردووە و ئەزموونێکی زۆر باشیشی لەم بوارەدا هەیە، خودی خۆی و بەرهەمەکانی کەرەستەیەکی بە پیتن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن لە لایەن قوتابییانی کۆلێژی زمان و ئەدەبیات لە زانکۆکانی کوردستان، ئەو کتێبخانەیەکی گەورەشی هەیە کە بە بەردەوامی قوتابیان و ڕۆشنبیران سەردانی دەکەن بۆ سوود وەرگرتن لە کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی.

فەرهاد عەونی چەندین جار لە لایەن دەزگا حکومی و نا حکومییەکان هەرێمی کوردستان خەڵات کراوە و ڕێزی لێندراوە، پەیوەندییەکی زۆر باشیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد هەیە.

ئەو خێزاندارە و هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(پەروین عەبدوڵڵا سەعید) کردووە، کوڕێک و کچێکیان هەیە خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی.

سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕی ت - فەرهاد عەونی.

٢-کوردیپێدیا.

٣-ڕووداو نێت. بەرنامەی پەنجە مۆر، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی کاوە ئەمین.

٤- کوردستان ٢٤، لە ٦-٢-٢٠٢٠.

٥- نووسین و دارشتنی خۆم.



# سەربەست بامەڕنی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یاساناس سەربەست بامەڕنی...

ناوی تەواوی(سەربەست عەمەر بامەڕنی)یە، بە سەربەست بامەڕنی ناسراوە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(بامەڕنی)یە، لەبەر ئەوەی باوکی کارمەندی دائیرەی(تموین- ئازوقە) بووە ، لە ١٤-٧-١٩٤٥ لە ناوچەی(بلە و بارزان) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە موسڵ تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی دوو ساڵ لە موسڵ و ئەوی دیکەی لە زاخۆ تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییشی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و لەهەمان کاتیشدا قوتابیی بەشی(قانون) ی کۆلیژی(القانون و السیاسة- کۆلێژی یاسا و ڕامیاری)ی ئێوارانی زانکۆی (المستنصریة- موستەنسریە) بووە، لە ساڵی ١٩٦٩ ئەویشی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بووەتە ئەندام لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی



**لە لای ڕاستەوە : غیاسەدین شێخ عەلی نەقشبەندی، بەڕێز عەبدوڵڵا ئەحمەد(ابو بنگین)، ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی، بەڕێز جەعفەر سلێمان بامەڕنی. .**

قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ وەکو بەشی زۆری نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان لە دام ودەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش دەست بەکار بووە و لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ سەرنووسەری ڕۆژنامەی(خەبات)ی بەشی عەرەبی بووە، پاش نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوەو ڕەوانەی گوندی(عەفەک) کراوە لە خوارووی عێراق، ماوەی ساڵێک ماوەتەوە دواتر هاتووەتەوە سەر کارەکەی خۆی لەڕۆژنامەی هاوکاری، ماوەیەکیش پارێزەری کردووە، لەساڵی ١٩٨٢ بۆ ڕاپەڕاندنی کاری سیاسی چووەتە سووریا و پاشان ئەوروپا و هاتووەتەوە، زیاتر خەباتی ئەو ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارەی کورد بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابروو لە ڕۆژنامەی (النور)، چەند وتارێکی ئەدەبی و سیاسی




بڵاوکردووەتـەوە، لـە ٩-١٠-١٩٧٠، ئـەو لەگـەڵ هـەر یـەک لـە ڕۆژنامەنووسـان (جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا عەباس، عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی، هونەرمەنـدی دیزاینـەرو خۆشـنووس محەمـەد زادە) بەشـداربووە لـە دەرچوواندنـی یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامەی(هـاوکاری)، سەرنووسـەریشـی بـووە تـا ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤، هەروەهـا لەگـەڵ هەمـان هاوڕێکانـی و شـاعیر لەتیـف هەڵمـەت ڕۆژنامەی(برایەتـی) کـە پاشـکۆی ڕۆژنامەی(التآخي) بـووە و دەرچوانـدووە و هـەر خۆیشـی لێپرسـراو و سـەرپەرشـتیاری بـووە ، دیسـان هـەر لەگـەڵ هاوڕێکانـی هـەر یـەک لە(شـێرکۆ بێکـەس ، کەمـال ڕەئووف محەمـەد، عەبدوڵـڵا عەبـاس، جەلالـی میـرزا کەریـم) بەشـدار بـووە لـە بڵاوکردنـەوەی (بانگـەوازی قەڵەمـە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس ، ئەوەی دانیشتووە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی، خۆشنووس و دیزایینەر محەمەد زادە.**

نەترساوەکان)، کە کاتی خۆی لەسەر ئەم بانگەوازە سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژنامەی هاوکارییان بۆ ماوەی یەک مانگ داخست.

ڕۆژنامەی هاوکاری لەسەردەمی سەرنووسەر سەربەست بامەڕنی و پاشتریش، لە گەڵ گۆڤاری کاروانی لەمەڕ نووسەر و چیرۆکنووسی گەورەی کورد حسێن عارف، بمانەوێ و نەمانەوێت بەسەرتۆپی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێن، ئێ ئاخر هیچ شاعیرێک یان نووسەرێکی کوردستان نییە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەم بەرهەم یان نۆبەرەی خۆی لە هاوکاری بڵاونەکردبێتەوە.

سەربەست بامەڕنی لەتەک سەرنووسەریی ڕۆژنامەی هاوکاری گۆشەیەکی هەفتانەی تایبەتیشی هەبوو بە ناونیشانی( لە ئاسۆی ئەرخەوانیدا) کە هەفتانە وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سیاسی و هەمەجۆری تێدا بڵاودەکردەوە، گەنجانی ئەو سەردەم زۆر بە پەرۆشەوە دەیانخوێندەوە و زۆریشیان پێخۆشبووە.

- لە ساڵی ١٩٨٢ چووەتە سوریا لەوێش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بووە، دواتر



لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی، بەڕێز جەعفەر سلێمان بامەڕنی.

چووەتـە ئەورووپـا و جێگـری سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (المؤتمر)یـش بـووە تـا سـاڵی ٢٠٠٢، کە لـە لەندەن دەردەچـوو و سـەر بە(معارضـة- ئۆپۆزسـیۆن)ی عێراقـی بـووە و ئـەو نوێنـەری کـورد بـووە.

- سەربەست بامەڕنی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، بەشداربووە لە ڕووماڵکردنی کۆنگرەی(معارضـة)ی عێراقی لـە (پیرمام)- هاوینەهەواری سـەلاحەدین، هـەر لـەو کۆنگرەیەدا یەکێک بووە لـەو سێ کەسـەی کە هەڵبژێردراون بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری کـە بـە نیـاز بووینـە دایبمەزرێنن، بـەڵام ئـەم وەزارەتـەی ئۆپۆزسیۆن دانەمـەزرا و ڕووناکی نەدیت.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٣ هـەر لەگـەڵ ڕووخانی ڕژێمـی بەعس بووەتـە بریکاری وەزیـری ڕۆشـنبیری لەسـاڵی ٢٠٠٧، لەسـەر داخوازیـی خـۆی و وەکـو ناڕەزاییـەک لـە سـەر بارودۆخـی ئەوسـای عێـراق خانەنشـین بـووە.

لەسـاڵی ١٩٧٠ یەکێـک بـووە لـەو (٥) کەسـەی کـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتانیان دامەزرانـدووە.

- لەسـەرەتای حەفتاکانەوە بەشـی زۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتیـی لاوانـی کوردسـتان بـە قەڵەمـە بـە بڕشـتەکەی سـەربەست بامەڕنـی نووسـراوە.
- ئـەو چەندیـن وتـاری ئەدەبـی و سیاسـی و لێکۆڵینـەوە و ڕەخنـەی بـە زمانـی عەرەبی و کوردی لـە ژێر نـاوی خـوازراوی وەک(پۆلا، پ) لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییـەکان بڵاوکردۆتـەوە.
- زمانەکانـی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزی بە باشـی دەزانێت و ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان و نێو دەوڵەتییە و ئەندامـی سـەندیکای پارێزەرانـی عێراقی و کوردسـتانە.

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس سەربەسـت بامەڕنـی زیاتـر لـە(٥٠) سـاڵ خزمەتـی ڕۆژنامەگەریـی کـوردی کـردووە و ئێسـتا لـە ئەڵمانیـا دەژیـت، هەرچەنـدە تەمەنـی لـە سـەرووی(٧٥) سـاڵیدایە، بـەڵام ئـەو زۆر چـالاک

و بوێرانە بە بەردەوامی بە زمانی کوردی و عەرەبی وتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و هەفتەنامەی گوڵان و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە بڵاودەکاتەوە، بە بەردەوامیش لە ژێر ناونیشانی (لاپەڕە پڕشنگدارەکانی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی)، تیشک دەخاتە سەر بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان، ناوە بە ناوەش زۆر بوێرانە لیکۆڵینەوە و وتاری نیمچە ڕەخنەیی لە لێپرسراوان و دەسەڵاتداران دەگرێت.

سەربەست بامەڕنی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یاسازان، هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی.

**تێبینی:**

لەبەر خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی، کە هەموو کات لەژێر چاودێری و ڕاونان و دەربەدەریدا بووە و ماڵەکەشی موسادەرە کراوە، بۆیە هیچ بەڵگەنامە و وێنەی کۆنی نەماوە بۆ ئەوەی نووسینەکەم پێ پوختەتر بکەم.

**سەرچاوەکان:**

١- ژیاننامەی ڕۆژنامەنووس سەربەست بامەڕنی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- گوڵان میدیا ، سەربەست بامەڕنی، نووسەری گوڵان.

٣- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## دکتۆر مارف عومەر گوڵ

ئەو دەڵێت:

**کە دایکم مرد، لە ماڵ نەبووم**

**داپیرەم مرد، لە ماڵ نەبووم**

**باپیرەم مرد، لە مال نەبووم**

**باوکیشم مرد، لە ماڵ نەبووم**

**ترسم هەیە خۆشم بمرم،**

**لە ماڵ نەبم!**

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یاساناس پرۆفیسۆر دکتۆر مارف عومەر گوڵ لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی(هەشەزینی)سەر بە ناحیەی سەنگاوی قەزای چەمچەماڵ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ چووەتە کۆلێژی یاسا و ڕامیاریی زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٨٢ بەکالۆریۆسی لە یاسا بەدەست هێناوە، هەر لەهەمان ساڵدا لە فەرمانگەی ئاودێریی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی(کییف)ی ئۆکرانیا بڕوانامەی ماستەری لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد بە ناونیشانی(ئامرازە یاساییەکانی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا) وەرگرتووە، بڕوانامەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، دکتۆر سادق شەرەفکەندی، دکتۆر ئۆرخانی جەلیل.**

دکتۆراشی هەر لە هەمان زانکۆ ساڵی ١٩٩٥ بەدەست هێناوە، تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی(کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتیدا) بووە، لە ساڵی ١٩٩٩ وەکو مامۆستای یاسا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ بووەتە ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی کۆیە، لە ساڵی ٢٠١١ –٢٠١٥ وەکو ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە، پلەی زانستیی پرۆفیسۆری وەرگرتووە و سێ ساڵیش سەرۆکی زانکۆی گۆیژەی نا حکومی بووە.

مارف عومەر گوڵ هێشتا هەر قوتابیی ناوەندی و دواناوەندی بووە لە کەرکوک خولیای هونەر و ئەدەبی کوردی بووە، ئەو حەزی لە شانۆ و گۆرانی بووە و بەشداریش بووە لە چەند ئۆپەرێتێک و دوو شانۆگەریی(گڵکۆی تازەی لەیل و کەبابخانەی...) کە لە دەرهێنانی هونەرمەندانی دەرهێنەر مەهدی ئومێد و جەمیل جیهاد بووە، جار و باریش پارچە شیعر و وتاری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناوی نەخوازراو




ئارامگای ناوبراو.

(گەڕۆک) بڵاوکردووەتەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ تاوەکو ١٩٨٥ بە بەردەوامی وتار و پارچە شیعری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات کە لە بەغدا دەردەچوو وەکو (برایەتی، هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد هتد..) بڵاوکردووەتەوە، نزیکەی زیاتر لە ساڵێک بەرنامەیەکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا ئامادەو پێشکەش کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٥ ماوەیەکی کورت دەستگیر کراوە و دواتر ئازاد کراوە، ئەو کاتەی لە سلێمانی فەرمانبەر بووە لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە(عەبدوڵڵا سەڕاج، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، زاهیر ڕۆژبەیانی) بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی (نێرگز) لە شاری کەرکوک دەرکردووە، تەنیا دوو ژمارەیان لێ دەرچوواندووە بە ناوی چەپکی یەکەم و چەپکی دووەم کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لە شارەکانی کوردستان، هەتا گەیشتووەتە ناو شۆڕشیش لە شاخ، پاشان



٤- لە لای ڕاستەوە: شاعیر لەتیف هەڵمەت، شاعیر سەعدوڵڵا پەرۆش، دکتۆر مارف عومەر گوڵ.

دەکەوێتە ژێر فشاری پیاوانی ڕژێم و خۆی دەگەیەنێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان.

عومەر مارف گوڵ خەرمانێک بەرهەمی لە شیعر و نووسینی زانستی و یاسایی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا، شەش جار لە چاپ دراوەتەوە.
- کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد.
- پەیوەندیی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە.
- بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتیدا.
- پێکهێنانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندی بە یاسای ناوخۆی دەوڵەتەوە،(لێکۆڵینەوەیە بە زمانی کوردی) لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠١، بڵاوکراوەتەوە.
- تیۆری ئاسایشی هاوبەش و ڕێکخستنی نێودەوڵەتی (لێکۆڵینەوەیە بە زمانی عەرەبی)لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.
- هێلانەی نەغرۆ، دیوانی شیعر.
- خۆری زیندان، دیوانی شیعر، ساڵی ١٩٨٧.
- شاییەکی نهێنی، دیوانی شیعر، ساڵی ٢٠١٤.











**بەرهەمەکانی ناوبراو**

- نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو، دیوانی شیعر، ساڵی ٢٠١٦.
- شکۆی باڵگرتوو، دیوانی شیعر.
- دوا بەرهەمیشی کۆکردنەوەی هەر(٥)دیوانی شیعری لە یەک کتێبدا بە ناوی (پێنج دیوان ١٩٧٦-٢٠٢٠).

چەند پارچە شیعرێکی مارف عومەر گوڵ کراوەتە گۆرانی لە لایەن سەرکەوت سەعید و ئاڤان جەمال لە فیستیڤاڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ وتراوە، کە هەر یەکە لە هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح ڕەئوف ئاوازیان بۆ داناوە.

ئەو بەشداری لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە وکۆنگرە و کۆنفراسە زانستییەکان کردووە لەوانە:

- کۆنگرەی زانستیی زانکۆی سەلاحەدین، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠.

- کۆنگرەی زانستی دەربارەی تاوانەکانی ئەنفال، هەولێر ساڵی ٢٠٠٣.
- خولی زانستیی یاسایی لە پەیمانگای یاسای جنائی لە شاری(سیراکۆزا) ی ئیتالی، ساڵی ٢٠٠٤.
- گەشتی زانستی بۆ وڵاتی میسر و ئەمەریکا دەربارەی یاسای جنائی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ، ساڵی ٢٠٠٤.
- کۆنفراسی زانستیی زانکۆی دیپۆلی- شیکاغۆ لە کۆلێژی زانستەکانی زانکۆکانی بەغدا، ٢٠٠٤ سلێمانی ٢٠٠٤ و سەلاحەدین ٢٠٠٤ و لە دۆکانیش ساڵی ٢٠٠٥.
- کۆڕی سەندیکای پارێزەرانی ماف لە هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤.
- کۆنگرەی جینۆسایدی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧.

دکتۆر مارف عومەر گوڵ سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندنی بۆ زیاتر لە(١٥) نامەی ماستەر و دکتۆرای بۆ قوتابیانی کورد لە کۆلێژی یاسای زانکۆکانی کوردستان کردووە، لە گفتوگۆی(٣٥) نامەی ماستەر و دکتۆرای قوتابیانی کوردستان و عێراق بەشدار بووە.

لە ١٥-١-٢٠٢٢ دکتۆر مارف عومەر گوڵ پاش(١٩) ڕۆژ لە چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی (ئەنوەر شێخە) لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە نزیک گوندی هەشەزین بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا- ئینسیکلۆپیدیای ئازاد.
٢- ویکیپیدیا.
٣- کوردستان ٢٤، بەرنامەی گەوهەرەکان.
٤- ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر مارف عومەر گوڵ.
٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## موحسین قۆچان

نووسەر و وەرگێڕو شاعیری نوێخواز و کوردپەروەر موحسین قۆچان ناوی تەواوی(موحسین قۆچانە لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی (بامەڕنی)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە خێزانێکی جووتیار لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی دووەمی لە بامەڕنی خوێندووە، دواتر هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و هەتا کۆلێژی کشتوکاڵ و دارستانیشی لە شاری موسڵ تەواو کردووە و بووەتە فەرمانبەر.

موحسین قۆچان لە سەرەتای لاوێتیدا دوو جار لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دەستگیر کراوە، هەتا ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕیزی شۆڕشی نوێی(شۆڕشی گوڵان)ی گەلەکەمان خەباتی کردووە، بەم هۆیەشەوە خێزان و ماڵ و منداڵەکانی تووشی دەربەدەری و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بووینە، ئەو نزیکەی(٥) ساڵ لە ناو ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان ماوەتەوە و دواتر هاتووەتە دهۆک.

باوکی موحسین قۆچان گۆرانیبێژو لاوکبێژێکی ناسراو بووە لە دەڤەری بادینان، دەنگیشی زۆر خۆش بووە، دایکیشی لە شەوی درێژی زستانان لەبەر ئاگردان بەیت و بالۆرە و چیرۆک و داستانی فۆلکلۆری بۆ گێڕاونەتەوە، لە منداڵییەوە تا تەمەنی حەوت هەشت ساڵان لە بامەڕنی ژیاوە، ئەو کات



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بادی،**
**دکتۆر عارف حیتۆ، موحسین قۆچان، هشیار ڕێکانی**

بامەڕنی هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدا ژیاوە لە مامۆستا، شاعیر، هەبوونی تەکییەی تەسەووف، لەگەڵ برا و خزمانی دیکەی سەردانی(ناڵبەند)ی شاعیری کردووە و گوێی لە شیعرەکانی سەعدی شیرازی و شاعیرە کلاسیکییەکان گرتووە، ئەمانە هەمووی زۆر کاری تێکردوون، بۆیە هەر لە منداڵییەوە ئەو هەستی کردووە کە جیاوازە، حەزی چووەتە شیعر و ئەدەب.

موحسین قۆچان کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، ساڵی ١٩٧٠ پارچە هەڵبەستێکی خۆی دەنێرێت بۆ ڕۆژنامەی(هاوکاری)، پاش ماوەیەک لە گۆشەی خوێنەران وەڵامی دەدەنەوە و بۆیان نووسیوە:( موحسین قۆچان شیعر نووسین وا ئاسان نییە، باشتر وایە تۆ لە کارێکی تر بگەڕێیت)، ئەو وەڵامە ڕەقەی ڕۆژنامەی هاوکاری زۆر کاری تێ کردووە، بۆیە ئەو زیاتر سووڕ بووە لەسەر خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن تا دوا جار لە ساڵی ١٩٧٣ لە هەمان ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی هاوکاری هەڵبەستێکی بڵاوکردووەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە شیعر نووسین تا وەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت و بووەتە ئەو شاعیرە نوێخواز و دیارەی کە لەسەر ئاستی دەڤەری بادینان و هەموو کوردستانی باشوور و کوردستانی گەورەش ناسراوە.

موحسـین قۆچان شـاعیرێکی زۆر هەسـتیار و کورد پـەروەرە، کوردسـتان و گەل و نیشـتمان و وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆشـدەویێت، خەمی خۆی و خەمی خەڵک و بارودۆخی کوردستان و بێ دەوڵەتی کورد خـەون و ئاواتییەتی، ئـەو شـیعری بۆ نیشـتمانپەروەری و جوانیی کوردسـتان و ئەڤینی و ڕازو خـەون و خەیاڵەکانی خـۆی بـە زمانێکی کـوردی پـاک و ڕەوان نووسـیوە، ئەمانـە هەموویـان بـە ڕوونـی لـە هەڵبەسـتەکانیدا ڕەنگیـان داوەتـەوە، وشـەی بەفریشـی زۆر بەکارهێنـاو وەکو(تەشـبیە و رمـز).

موحسـین قۆچان کۆمەڵێک بەرهەمـی ناسـک و جوانی چـاپ کـردووە، کـە ئەمانـەن:

- دیوانی بەفرا ل ڤیرە(الثلج هنا) ساڵی ١٩٨٦



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو ڤیان خێزانی موحسین قۆچان، موحسین قۆچان**

- دیوانا درەوەک ل چەپا سەری یاقسیونی.
- دیوانا چاڤینی ئەویّ کەچکا هەنیّ.
- دیوانا شەو خەونا لسەر فیستانیّ نویّ بوبم زاڤا.
- ئەو رویباریّ ژ خوارنا لە شیّ خو تێر نەبیت.
- ناسیێبون د ناڤ دندکێن بارانیّ دا.
- ل بەرسفکا مە بەفر دباریت- کۆ بەرهەمی شیعرییەکانییەتی کە لە بەرگێکی قەشەنگ لە ساڵی ٢٠٠٩ لە چاپی داوە.
- کینە ئەم؟ لە نووسینی سامویل ب. هنتگتون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- دیوانێکی شیعری نویّ(ئێستا لە ژێر چاپدایە) بەم نزیکانە دەکەوێتە بەر دیدو دەستی خوێنەران.

شاعیر بەدەل ڕەفۆ مزووری کۆمەڵێک شیعری شاعیر موحسین قۆچانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، وا لەگەڵ نووسینەکەم سیّ کۆپلەم لە پارچە شیعرێکی موحسین قۆچان کە شاعیر بەدەل ڕەفۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی هاوپێچ کردووە.

چەند پارچە هەڵبەستێکی موحسین قۆچان کراونەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژان( عومەر گوندی و بڵند ئیبراهیم و مەحمود بامەڕنی و دڵشاد نێروەیی و شریڤان و دیار کوردی).

موحسین قۆچان ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە، لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نووسەران و چالاکییەکانی دیکەی هونەرمەندان و هەتا لە ماڵپەڕی خۆی لە فەیسبووک و ماسینجەریش ئەو هێشتا هەر چالاکەو جارو بار پارچە هەڵبەستێکی خۆی بۆ هەوادارانی بڵاودەکاتەوە.

بۆ موحسین قۆچان هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بی بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر موحسین قۆچان-تان بۆ دەنووسمەوە، لەگەڵ دوو پارچە شیعری کە شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ وەریگیڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لەگـەڵ دوو پارچـە شـيعری موحسـين قۆچـان

**چەند گاڤەکا ل دژی مرنێ**

عشق نەيارا مرنێيە
مرن بەژنێ بوو دچەمينيت
ئەڤە رامانا ترسێ يە
گيانێ خۆ ببشێڤە د هەستێن من دا
تەنا و بێدەنگ
ناسناما خۆ بهەلوەشينە د پرچا من دا
ئەو ڤولکانا د سينگێ من دا ب ڤەمرينە
طقوسێن عشقی ئەڤەنە
تەنا و بێدەنگ
سينگێ خۆ پالدە سينگێ من
سەرێ خۆ بسەرێ من ڤەنە
هزارەها نەوروز بوورين
ب بێدەنگی مل ددەنە ئێک
سەرێن خۆ رويدکەن پاخلا ئێک
د بەهن
دمرن
کو هەمی ب هڤرا عاشقن
جارەکا دی شيندبنەڤە ئەڤ لەڤەنە



٢٠٢٢/٣/٢٤

## ژڤانێ خرش

چیاییێن کال ب شەکالێن گوهشی ڤە
گێرێ ل هەستیکێن وی د کەن
شلخێن مێشا ب زری و کومزری ڤە
راڤێ ل کولوخێ وی د کەن
سەرکورەیی و بێ هودەیی
هەفسارێ گاڤێن وی د کێشن
ژ ڤێ کولانێ رادەسی کولانا دی د کەن
ئەو گەنجێ هە
ئەوێ پێنگاڤا خاڤ د رێسیت
بیردانکا وی دەفتەرەکە
کەڤنونویان لێ د نڤێسیت
هەمی قولاچ یێن داین سەر ئێک،نا ئێوریت
چاڤێن وی یێن بووین ستێرستێروک
د هەمی سەمتا دا د زڤریت
هەکو زارو
دەهمانێن دایکا خۆ د گرتن
د گەریانا د بازاری دا ،ل ناف دوکانا
نولا ئیرو
چاڤێن وی د چون هەر ئاهەکێ، سیتاڤەکێ ل کولانا
وەلێ ئیرو نە دەهمانەک د دەسدا هەیە
هێزێ ب دەتێ
نە چاڤێن وی ئێدی د چن رەنگێ حەلاڤ و شەربەتێ
وی کار هەبوو
نەچۆ کاری

درەو ل دایکا خۆ کرن
خۆ ڤەدزی مینا ماری
ئەڤی گەنجی
ل برهێن وی خەلا خوشیێ یا د باریتن
دێ زڤریت مال
د توربێ وی دا
خەیالەکا گەه خەلیایە و پێشەمانی
وی ژڤان و هیڤیەک هەبوون
ئەوا هیڤی و ژڤان دایێ
نە هاتیە سەر ژڤانی

٢٠٢١/٧/١٤

**الشعر الكوردي المعاصر**
**الشاعر: محسن قوجان**
**ترجمة : بدل رفو**

## جواب قصير

كم أكره السرقة
ولكن في ذلك اليوم
كزهرة عباد الشمس
وضعت الأحمر على شفتيك
وأناملك تلاعب فستانك
كطفل صغير
وكشفت عن ساقيك
وكصفاء الشمس
بدتا في المرآة

فاختلست نظرة
وحدقت فيهما
أصابتني رعشة،
كشجرة الدفلى
صدقيني ..صدقيني سيدتي
هذا ما أتذكره من سيئات
فقط هذا ...فقط هذا
لقد كانت السرقة الوحيدة
على ما أذكر.
*** ***
اعذريني..
فقد كنت مشدوها
في عرس ميلاد القمر
كنت معك بجسدي
ولكن أفكاري كانت شاردة
لأنني يا سيدتي
لم أر من قبل
أحداً يوقد الشموع
ومع الأغاني
والتصفيق
وبعدها يطفئها مرة أخرى.
لم أر أن الشوكة
تمسك الحلوى
كي تمزق السكين فؤادها
لم أر سوى
التنور يمنحني رغيفاً
بينما أمي
تذرف دمعة بلون الشجن.

**تلك العطور**

التي كنت تتحدثين عنها
في تلك الليلة
لم أسمع عنها
فالعطر الوحيد الذي أعرفه
يفوح من ثياب والدتي
فمنذ صغري
كنت احمل معي
سلة كبيرة تتجول معي في الأزقة
و الغبار والطين على حذائي
كانا رفيقي أفكاري
فلم أتعرف على عطر آخر غيره
فرائحة صبغ الأحذية
لا تزال عالقة في انفي
ولم تفارقه

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- هەموو وێنەکان و هەندێ زانیاری لە فەیسبووکی موحسین قۆچان وەرگیراوە.

٢- Waar Midia-هەڤپەڤین موحسین قۆچان کە میدیاکار سەبری سلیڤانی لە ٢-١٢-٢٠٢١ ئەنجامی داوە.

٣- waar Tv فیلمێکی دۆکۆمینتاری لە ئامادە و پێشکەشکردنی ڕێبەر لە ٢٢-٤-٢٠٢١.


٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دڵداری شاعیر

شاعیر و نووسەر و پارێزەر، خاوەنی سروودی(ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان)، ڕەوانشاد دڵدار.

ناوی تەواوی(یونس کوڕی مەلا ڕەئووفی کوڕی مەلا مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیم ئەلسوجاد)ە، لە ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەست کورت لە دایک بووە، ئەگەر تەماشای ساڵی لە دایکبوونی بکەین، دەبینین لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانییە خەڵک هەر هەمووی لە هەژاری و دەستکورتیدا بووە، پاش هەوڵدانێکی زۆر باوکی توانیویەتی ببێتە فەرمانبەرێکی بچووک لە دائیرەی(ئامار-إحصاء)ی ڕانیە، بۆیە ماڵیان چووەتە ئەوێ، لە تەمەنی(١٠) ساڵیدا چووەتە بەر خوێندن، پۆلی یەکەم و دووەمی لە ڕانیە خوێندووە، پاش دوو ساڵ باوکی لە کارەکەی دەرکراوە و هاتوونەتەوە شاری کۆیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردووە، دواناوەندییشی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣٨ هێشتا هەر قوتابی ئامادەیی بووە، بووەتە ئەندامێکی





**پۆلێك لە پسپۆرانی زمان و ئەدەبی كوردی لە كۆنفراسی یادی(١٠٠)ساڵەی دڵداری شاعیر لە زانكۆی كۆیە.**

چالاكی حیزبی هیوای كوردی، لە ساڵی ١٩٤٠ لە كۆلێژی(ماف- حقوق) لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە یاسا بەدەستهێناوە و بووەتە پارێزەر، بە هۆی چالاكییە سیاسییەكانی چەند جارێك دەستگیر كراوە و خراوەتە بەندیخانەوە.

دڵدار هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە حەز و ئارەزووی لە شیعر و ئەدەبی كوردی بووە، خۆی لە شوێنێكدا دەڵێت:(لە ساڵی ١٩٣٥ دا لە پۆلی یەكەمی ناوەندی بووم، كە دیوانی نالیم بە وردی خوێندەوە، هەڵبەستە جوانەكانی نالی لەگەڵ هەڵبەستە ئاگرینییەكانی حاجی قادری كۆیی، لەسەر پێشەوایەتیی وێژەیی لە مێشكمدا شەڕیان بوو، ئەو كێشە كێشە دەرگای هونەری شاعیری لێ كردمەوە، زۆر كەڵكەڵەی وام لە كەللەدا بوو، حەزم دەكرد لە بۆتەی هەڵبەستدا دایڕێژم، ئەوجا بە ناو خەڵكیاندا بڵاوبكەمەوە و ئیتر خۆم تاقیكردەوە).

شیعرەكانی نالی لە بواری دڵداریدا و شیعرەكانی حاجی قادری لە



مەیدانی نەتەوایەییدا زۆر کاریگەرییان کردووەتە سەر دڵداری شاعیر، بۆیە زۆر چێژی لێ وەرگرتوون، دیسان هەر خۆی دەڵێت:(هەر قوتابیی سەرەتایی بووم، کە دیوانی حاجی قادری کۆییم زۆرتری لەبەر کردبوو، هەمیشە بە وردی سەرنجم لە هەڵبەستەکانی (عەونی، ڕاجی، عاسی، حسێنی و هیرانی) دەداو لەبەریشم دەکردن، بەوانەش دابین نەبووم، هەڵبەستی هەر کەسێکم دەست بکەوتایە دەمنووسییەوە و لەبەرم دەکرد، بە تایبەتی هەڵبەستی (وەفایی، کوردی، فایەق بێکەس، پیرەمێرد) م زۆر لەبەر کردن، هەر لەو ساڵەدا هەستم بەوە دەکرد کە چێژ لە هەڵبەست وەردەگرم و گیرۆدەی بووم).

دڵداری شاعیر یەکەمین پارچە شیعری لە ساڵی ١٩٣٥ نووسیوە و لە گۆڤاری(ڕووناکی)دا بڵاوی کردووەتەوە، بەردەوامیش پارچە شیعر



و بابەتـی زانسـتی پەروەردەیـی هەمەجـۆری لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ بڵاوکردووەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئەندام بـووە لـە حیزبـی هیـوای کـوردی کـە چووەتـە ئێران دیـارە دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانی بۆ ماوەیـەک دەستگیریان کـردووە و لـە بەندیخانـە شـیعری(ئەی ڕەقیـب)ی نووسـیوە، لـە سـاڵی ١٩٤٦ کـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد دامـەزراوە، بـۆ یەکەمیـن جـار کـراوە بە(سـروودی نیشـتمانی)، ئێسـتاش لـە کوردسـتانی باشـوور و پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بـە سـروودی نیشـتمانی ناسـراوە.




دڵدار زۆر شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی خوێندووەتـەوە و زۆر خـۆی بـە نووسـینی ئەدەبـی و فەلسـەفی و زمـان و بـواری کۆمەڵایەتـی و ئابووری و سیاسـی خەریـک کـردووە، سـەرەڕای نووسـینەوەی بیرەوەرییەکانـی خـۆی بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی، کۆمەڵێـک شـیعری بـە سـۆزی نەتەوایەتـی و زانسـتی و پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و دڵـداری و بابەتـی ڕیالیزمـی شۆڕشـگێڕی لـە دوای خـۆی، بـۆ ئێمـەو نەوەکانمـان بەجـێ هێشـتووە کـە ئەمانـەن:

- في طريقي إلى معرفة الحقائق، إنتقادات إلى قلب البهائيين.
- وتارێک دەربارەی عومەر خەییام.
- زمانی کوردی و ئەدەبیات.
-نار کۆزی کۆمەڵایەتیمان.
- إقتصادنا الوطني.
-بیرەوەرییەکانی یونس ڕەئوف- دڵدار.
- دیوانـی دڵـدار، کـە ئـەم پارچـە هەڵبەسـتانەی نیشـتمانی و ئەڤینی و کۆمەڵایەتییانـەی لـە خـۆ گرتییـە:




– ئـەی ڕەقیـب، ئـەی خودایـە، ئـەی کـورد، بلـێ سـەربەسـتی، تەبیـب نەیزانـی حاڵـی مـن چ



نۆتەی سروودی ئەی ڕەقیب.

جۆرە دەردەدارێکم، لاوی کوردان، لە مەیدانی مجادەلەیەکدا، مەی لەبەر دەم بێ کە ئیمڕۆ عادەتێکی جارییە.

دڵداری شاعیر هەرچەندە پارێزەر بووە، بەڵام زۆر باوەڕی بە پارە و پوول نەبووە هەمیشە و هەرگیز پشت و پەنای هەژاران بووە، دیارە دڵزاری شاعیر کتێبخانەی هەبووە، ئەویش هەندێ کتێبی بە قەرز لای ئەو بردووە، بۆیە دڵزار نامەیەکی بە شیعر بۆ دەنووسێت و داوای شەش درهەم و سی و قسوور فلوسی لێ دەکات، ئەویش هەر بە شیعر وەڵامی نامەکەی دڵزاری شاعیر دەداتەوە، بە برازایەکی خۆی بۆی دەنێرێت، بە پێی سەرچاوەکان، ئەمە دوا شیعری دڵدار بووە، لە ڕۆژی ١٢-٩-١٩٤٨، کە (٦١) ڕۆژ پێش کۆچی دوایی کردنی نووسیویەتی، وا هەر دوو نامەی دڵزار و دڵدار- تان بۆ دەنووسمەوە:

**شیعرە باسێکی نێوان دڵدار و دڵزاری شاعیر..**

دڵزاری شاعیر دەڵێت:

برام کاک دڵدار..برام کاک دڵدار
ئەدیبی گەورە و..شاعیری قەرزار
شەشسەدوسیوشەش..پوول قەرزداری
خێرا بینێرە...بۆلای دڵزاری
ئومێدەوارم ئەی کاکی شاعیر
محامی بەرز و بەڕێز و ماهیر
لەخرینگوهۆڕو زرینگەی فلوس
هەرگیز نەمانکەی بێبەش و مەئیوس!!!.....

هـەر هەمـان ڕۆژ دڵـدار بەبرازایەکـی بـەم شـیعرە وەڵامـی نامەکـەی دڵـزار دەداتـەوە.

دڵزار شیعرەکەت..دڵزار شیعرەکەت
دڵزار نامەکەی پڕ شعورەکەت
گەیشتە دەستم لە وەختێکی وا
کافربە حاڵم نەبیتن یاخوا..
دەڵێی شەشسەدوقسور قەرزاری
ئایا بۆ پارە زۆرگیانە هاری!!!
زرینگو هۆڕی درهەم و پارە
بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە
درهەم بزانێ لە شوێنێ من هەم
بەگوڕ ڕادەکا لەوچەم بۆ ئەو چەم
من پیادەم و پارەش سوارە
ڕاوکەری ئەوم لە ئەم دیارە
جارجار لە دۆڵێ دەحەسێتەوە
کە دەچمە سەری دەسڵەمێتەوە
بەڵام ڕۆژێ دێ، دەردەستی بکەم
بەپەت وەکو سەگ دەست ڕستی بکەم
چکمە حەساری دەکەم وەکو شێت
ڕاکێشی دەکەم دەیخەمە بەر پێت....

لـە ڕۆژانـی ٢٠-٢١-٢٢- مانگـی ٢ی ٢٠١٨، زانکـۆی کۆیـە لـە یـادی(١٠٠) سـاڵەی لـە دایـک بوونـی دڵـدار، کۆنفرانسـی سـێیەمی ناودارانـی کۆیـە لەژێـر نـاو نیشـانی(دڵدار شـاعیری ڕەسـەنایەتی و زمـان و شـیعری نەتەوەیـی)، بەسـتووە، کـە تێیـدا سـەرۆکی زانکـۆ و نوێنـەری وەزارەتـی پـەروەردە و خوێندنـی بـاڵا و بنەماڵـەی دڵـدار و کۆمەڵێـک پسـپۆری بـواری زمـان و ئـەدەب

و ڕەخنەی کوردی بەشدارییان تێدا کردووە، چەندین وتاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە دەربارەی دڵداری شاعیر و بەرهەمەکانی پێشکەشکراوە.

دڵداری شاعیر لە ڕۆژی ١٢-١١-١٩٤٨ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، گیانی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

**شیعری(ئەی ڕەقیب)، تان بۆ دەنووسمەوە:**

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سووڕ و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە، هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر
بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە
جانفیدانە، جانفیدانە، جانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە، هیج نانەوێ ئاڵاکەمان.

**تێبینی:**

- نایرمێنیۆ= بۆ زەروورییەتی سرووودەکە کراوەتە = نایشکێنیۆ.

- زیندوە هیچ نانەویۆ= بۆ هەمان مەبەست کراوەتە= زیندووە قەت نانەویۆ.

**سەرچاوەکان:**

١- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی پێنجەم لاپەڕەکانی(٥٣٧-٥٦٥)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٥.

٢- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣- دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسەر عەبدولخالیق عەلائەدین، لە بلاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٥.

٤- ماڵپەڕی فەیسبووکی RKHo، لە ٢٧-٩- ٢٠١٦.

٥- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەڤرۆ، شخصیات کردیة، لە مانگی ٤ ساڵی ٢٠١٦.

٦- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەمال خەزنەدار

جەمال خەزنەدار یەکێکە لە کۆکەرەوە و خەمخۆرە دیارەکانی بە ئەرشیفکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری کورد، ناوی تەواوی(جەمال عەبدولقادر مارف ئەحمەد ئاغا ڕەسوڵ ئاغای خەزنەدار)ە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار لە دایک بووە، بەڕەچەڵەک بنەماڵەکەیان خەڵکی سلێمانین دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتوونەتە هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی چووەتە خوێندنی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی، لە ماڵەوە باوکی کتێبخانەی هەبووە و هاوبەشیش بووە لە گۆڤاری (گەلاوێژ و هیوا).




جەمال خەزنەدار لە مێژووی تەمەنی خۆیدا خزمەتێکی زۆری نووسین و ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە، یەکێک بووە لە کۆکەرەوە و پاراستن و بە ئەرشیفکردنی



**لە لای ڕاستەوە: جەمال خەزنەدار، شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو**

ڕۆژنامەگەری کوردی، لە بەشی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا نووسینی هەمەجۆر و بابەتی ڕۆژنامەگەری بڵاوکردووەتەوە، ئەو گەورەترین ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری لە بەغدا ڕزگار کردووە، کە ترسی لە ناوبردنی لەسەر بوو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

جەمال خەزنەدار لە ئەورووپا و وڵاتانی جیهان بە دوای ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا گەڕاوە، کۆنترین نووسراو لە ناو ئەرشیفخانەکەیدا هەیە، زۆر نووسینی دەگمەن و ناوازەی تێدایە، لەوانە ئینجیلێکی(لۆقا) ی کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی (کوردی کرمانجی) لە ساڵی ١٨٨٢ زایینیش لە چاپدراوە، زۆربەی کتێبە کوردییەکانی سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ دکەوە هەیە، لەوانە بانگی کوردستان ١٩١٤، کە جەمال ڕەشید بابان دەریکردووە، پاشان ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧ ڕۆژنامەی(تێگەیشتینی ڕاستی) یان لە بەغدا دەرکردووە کە هاتوونەتە کوردستان






لە ساڵی ١٩١٨ ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)یان لە شاری سلێمانی دەرکردووە، بۆیەش ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت: بەغدا دەورێکی گرنگی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، چونکە بەشی زۆریان بە زمانی کوردی لە بەغدا دەردەچوون.

جەمال خەزنەدار لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:(لە ٢٢-٤-١٩٦٨ ئەو ڕۆژە چاوم بە ڕۆژنامەی (کوردستان) کەوت، دکتۆر مارف خەزنەدار هەر چوار لاپەڕەی بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (برایەتی) و بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی(التآخي) بڵاوکردەوە، منیش ئەو ڕۆژنامەی کوردستانم نەبینیبوو، دکتۆر مارف ئەو ڕۆژنامەی لە ئەرشیفخانەی(مینۆڕسکی) لە لینینگراد دۆزییەوە و یەکەم کەس بوو کە ئەو ڕۆژنامەیەی بە خوێنەر ناساند).

جەمال خەزنەدار ئەزموونێکی زۆری هەیە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیر جەمال نەبەز، نووسەر جەمال خەزنەدار**



**جەمال خەزنەدار نەخشەی کوردستانی گەورە دەکێشێت**

و کۆکردنــەوە و بــە ئەرشــیفکردنی ڕۆژنامــەی کــوردی، ئــەو ڕۆڵــی دکتــۆر کەمال فوئاد لە دۆزینەوە و کۆکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان زۆر بەرز دەنرخێنێت، دووپاتی دەکاتەوە کە دکتۆر فوئاد ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دیتنەوەی هەر(٣٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، تەنیا (٥) ژمارە نەبێت کە لە ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکرایەوە، ژمارە نۆزدەش، کە تا ئێستا نە دۆزراوەتەوە.

جەمال خەزنەدار کۆمەڵێک کتێبی دەربارەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە

چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- الجذور الاسطورية لملحمة نوروز الشعبية، لە نووسینی دکتۆر حسێن قاسم عەزیز، پێشەکی و پێداچوونەوەی جەمال خەزنەدار.

- دەفتەری کوردەواری.

-(١١ ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی(خەبات).

- ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد ١٩١٣.

- لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە.

ناوبراو دەربارەی ڕۆژنامەی کوردیی سەردەمی ئێستا دەڵێت:(ڕۆژنامەی کوردی لە ڕووی تەکنیکەوە ئاستی بەرزە، بەڵام بە داخەوە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەگەڵ ئاستی تەکنیک و تەکنەلۆژیای سەردەم نییە).

هەروەها دەڵێت:(گرفتم زۆرە، حەز دەکەم بەر لەوەی بمرم، ئەو ئەرشیفخانەیە لە بارەگایەکی شیاو ببینمەوە، نزیکەی(١٠-١٢)ساڵە ئەو ئەرشیفخانەیە لە ناو تۆز و خۆڵدا کەوتووە بێ ئەوەی پۆلێن بکرێت، حەز دەکەم لە ناو کۆمپیوتەر تۆمار بکرێت، هەر کەسێک شتێکی ویست یەکسەر تەماشای بکات و سوودی لێ وەربگرێت).



**لەلای ڕاستەوە نووسەرو ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال، جەمال خەزنەدار**

لە سەرەتای مانگی شەشی ساڵی ٢٠٢٢ بە ئامادەبوونی چەند کەسایەتیی حکومی و ئەدەبی و دۆست و هاوڕێیانی بنەماڵەی جەمال خەزنەدار گەورەترین (ئینسکلۆپیدیا)ی کوردی لە موزەخانەو ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، پەردە لەسەر مێزو دیواربەندی بەڕێزیان لادراوە.

بۆ جەمال خەزنەدار هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کۆن و نوێی کوردی.


سەرچاوەکان:

١- هونەرە جوانەکان، ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنیی سەربەخۆیە.

٢- وتارێکی نووسەر و شاعیر ئیسماعیل تەنیا لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(دەنگەکان) لە ٩-١١-٢٠١٦.

٣- کوردیپیدیا.

٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# ئەنوەر تۆڤی

لە گوندی بامەڕنییەوە بۆ شاری سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی، لەوێشەوە بۆ گردی سەیوان.

مامۆستای پەروەردیی و هونەرمەند، دەرهێنەری شانۆیی و شێوەکار و نەخشەساز و دیزایینەر، ڕەوانشاد ئەنوەر تۆڤی.

ناوی تەواوی(ئەنوەر سینۆ محەمەد شەریف)ە، بە ئەنوەر تۆڤی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی(بامەڕنی) سەر بە پارێزگای دهۆک لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری دهۆک تەواو کردووە، (دار المعلمين الريفي)، لە بەغدا تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا لە شارۆچکەی(بیارە)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، دواتر گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەی فەیسەلییەی ناو شاری سلێمانی، پاشان وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەشی چالاکییە هونەرییەکانی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی درێژەی بە خزمەتکردن داوە.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤، ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و کارمەندی هونەری لە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی شۆڕش دەست بەکار بووە، خەریکی فیلمێکی دکیومێنتاری بووە لەسەر

شۆڕشی کورد، چووەتە ئێرانیش بۆ تەواو کردنی، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ نسکۆی شۆڕشی بەسەردا هاتووە و نەیتوانیوە تەواوی بکات، هاتووەتەوە کوردستان و نەفیکراوە بۆ باشووری عێراق.

هونەرمەند ئەنوەر تۆڤی مرۆڤێکی ڕووخۆش و دڵپاک بووە وای لە هاوڕێکانی کردووە کە لە دەوری کۆببنەوە و کاری لەگەڵدا بکەن، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو لەگەڵ هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەو کاتی سلێمانی هەر یەک لە(تەها خەلیل، محەمەد ساڵح دیلان، نوری وەشتی، ئازاد شەوقی، ڕەئوف یەحیا، ڕەفیق چالاک، ولیەم یۆحەننا، کامیل ژیر، حەمدی ئەحمەد تەها)، توانیویانە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی پێکبهێنن و لە ١٩-٦-١٩٥٧ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شانۆی شاری سلێمانی مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمیتەی ناوەندی یەکەمین تیپی شانۆیی سلێمانیان وەرگرتووە.

ئەنوەر تۆڤی بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ هونەر تەرخان کردبوو، هەمیشە لە خەمی کارکردن و خزمەتکردنی قوتابییان و هونەرمەندانندا بووە، ئەو دوو بەهرەی هەبووە، شێوەکار و شانۆ، زۆر جاریش بەهرەی شێوەکاری و نەخشەسازی خستووەتە خزمەتی شانۆگەرییەکان، بە دروستکردنی دیکۆر و دیزایین بۆ کارە هونەرییەکان، دەرهێنانی هونەری بۆ چەندین شانۆگەری و تەمسیلییە کردووە و بەشداریش بووە لە چەندانی دیکەش وەکو دیکۆر دروستکردن.

ئەنوەر تۆڤی وەکو مامۆستای پەروەردیی و هونەرمەندی دەرهێنەر کاری دەرهێنانی بۆ ئەم شانۆگەرییانە کردووە:

- شانۆگەریی(عطیل)، لە نووسینی نووسەری گەورەی ئینگلیز ولیەم شکسبیرە و نووسەر نووری وەشتی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ١٩٥٦ هونەرمەند ئەنوەر تۆڤی دەرهێنانی بۆ کردووە.
- شانۆگەری ئۆتیلۆ، ساڵی، ١٩٥٦.- شانۆگەریی ئافرەت و نوشتە، ساڵی ١٩٥٦.
- شانۆگاریی تاوان و تۆڵە، ساڵی، ١٩٥٧.

شانۆگەریی مەم و زین، ١٩٥٨.


ڕۆژنامەی ژین، لە هەمان ساڵدا سەبارەت بە شانۆگەریی باسکراو وتارێکی بە قەڵەمی (س) کە بەڕێز سەعید شەفیق بەگ بووە بە ناونیشانی (بەسەرهاتی عوتەیل) تیا نووسراوە و تیایدا وتراوە: (لە شارێکی وەکو سلێمانییە بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی تایبەتی تەمسیل هەبێ، بۆ ئەوەی مامۆستای شارەزای تەمسیلی تیابێ، بۆئەوەی هیچمان شتێک لە فەننی تەمسیل هەڵگرێتێن، هەفتەی پێشوو ڕۆڵەکانی قوتابخانەی سانەوی زۆر شەر توانییان لە تەمسیلی شانۆدا بگەنە ئەو پلەیەی کە دیمان، بەڕاستی ئەمەیە شایانی شانازی و سوپاس و ئەمەیە سەرەتای دەرکەوتنی تیشکی ڕوناکی شانۆ لە وڵاتەکەماندا...)

نووسەر باسی لە گونجاندنی دەقی بێگانە کردووە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خۆماندا، چونکە یەک لە ئامانجەکانی شانۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی کۆمەڵە، نەک تەنیا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەبێ ئامانج.

شانۆگەریی بلیمەت، ساڵی ١٩٧٠.

- شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیا، ساڵی ١٩٧١.
- دیکۆری بۆ چەند شانۆگەرییەک کردووە، لەوانە شانۆگەریی(چوار قوتابی)، ساڵی ١٩٥٧.

لە ساڵی ١٩٧١ کە داوای لە هونەرمەندی گەورەی کورد بەیعە دارتاش کردووە کە بەیەکەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی کچان شانۆگەریی(بازرگانی ڤینیسیا )نمایش بکەن بۆ ماوەی یەک حەفتە نمایشکراوە و داهاتەکەشی بۆ کڕینی(موبەڕیدە) بووە بۆ قوتابخانەکان.

ئەنوەر تۆڤی لە بواری وێنەکێشان و نەخشەسازی و دیزاینیش زۆر بە توانا بووە، جێ پەنجەی دیارە لە دیزاینکردنی چەند کتێبێک و گۆڤارەکانی(بڵێسە و دەنگی مامۆستا و ڕۆژنامەی ژین)، ئەو لە نەخشە کێشان و شێوەکاری و هێڵکاری و تابلۆ، ستایلێکی تایبەتی بە خۆی هەبووە و هەموو کارە هونەرییەکانی لەم ڕووەوە شێوازی سوریالییەتیان پێوە دیارە.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شەماڵ سائیب، هونەرمەند قادر دیلان، هونەرمەند ئەنوەر تۆڤی، هونەرمەند عومەر هەڵمەت.**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیر مەسعود محەمەد، هونەرمەند ئەنوەر تۆڤی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید.**

ئەو بەشداری لە بەشی زۆری ئەو پیشانگا شێوەکارییە هاوبەشانە کردووە کە لە بەغدا و سلێمانی هەولێر کراونەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٣ و ١٩٧٣، وەکو نوێنەری کورد بەشدار بووە لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی لە ڤیەننا.

سەبارەت بە هونەرمەند ئەنوەر تۆڤی و هاوڕێ هونەرمەندەکانی، لە ڕۆژنامەی(ژین)ی ژمارە(١٢٧٥)ی ساڵی ١٩٥٧، ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە:(چاوەڕوان بن، مژدە بێت لە گشت لایەک ئەوا چیرۆکی(عطیل) لە نووسینی نووسەری بەناوبانگ ولیەم شکسبیر بە تەمسیل لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەوییەی ڕۆژ، ....تا.....، ئەم شانۆگەرییە لە وەرگێڕانی مامۆستا نوری وەشتی و دەرهێنانی مامۆستا ئەنوەر تۆڤییە و لە کاتی پرۆڤەکرندا مامۆستا ڕەفیق چالاک سەرنجی داوەتە ئەکتەرەکان).



هەر لە هەمان ساڵدا وتارێک بە

ناوی(س) کە خاوەنەکەی بەڕێز سەعید شەفیق بەگ بووە، دەربارەی شانۆگەری(عطیل) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە:(لە شارێکی وەکو سلێمانی بێ ئەوەی قوتابخانەیەکی تایبەتی تەمسیلی هەبێ، بێ ئەوەی مامۆستای شارەزای تەمسیلی تێدا بێ، بێ ئەوەی هیچیان شتێک لە فەننی تەمسیل هەڵکرێنن ، حەفتەی پێشوو ڕۆلەکانی قوتابخانەی سانەوی ڕۆژ و شەو، توانییان لە تەمسیلی شانۆدا بگەنە ئەو پلەیەی کە دیمان، بە ڕاستی ئەمە شایەنی شانازی و سوپاسە، ئەمەیە سەرەتای دەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی شانۆ لە وڵاتەکەماندا).

هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار لە وتارێکدا لەژێر ناو نیشانی(هەندێ لە هێڵکارییەکانی هونەرمەندی پێشەنگ ئەنوەر تۆڤی)، کە لە ژمارە(٢١)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ڕۆژی ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی:(ئەگەر مێژووی نزیکی شاری سلێمانی ڕاستگۆ بێ، دەبێ هەرگیز دیاردەیەکی هەرە دیار و هەرە باڵای جوان و شەکاوەی فەرامۆش نەکات، کە مامۆستای هونەرمەند(ئەنوەر تۆڤی)یە، من لە نزیکەوە دڵم پێی پەیوەست بوو، ئەو مامۆستا و من قوتابی....پاشان هاوڕێ و هاوەڵ و



**هونەرمەندان لە شانۆگەریی مەم و زین.**

هاوهونـەر، شـوێن پەنجـەی هونـەری بـە هەمەجۆرە لایەنـە هونەرییەکانـەوە دیارە، دەیان قوتابیی ئەو هونەرمەندە کە پاشان بوونە مامۆستا و ڕابەڕی بزووتنـەوەی هونـەری).

مامۆسـتا و هونەرمەنـد ئەنـوەر تۆڤـی لـە ٢٥-١١-١٩٩٤ لـە شـاری بەغـدا کۆچی دوایی کردووە، لـە سـەر داخوازیی خۆی لـە گۆڕستانی شێخ محێدین لـە شـاری سلێمانی بـە خاکـی پیرۆزی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕوحـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت، گلکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخـان بێت.

سەرچاوەکان:
١- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٢- گوڵان میدیا، بەرنامەی گوڵان و هونەر، لە ٢٥-١١-٢٠١٠.
- ژیاننامـەی هونەرمەنـد ئەنـوەر تۆڤـی، نووسـەر مسـەدەق تۆڤـی لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## ولیەم یۆحەننا

مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەر ناوی تەواوی ولیەم یۆحەننایە، یۆحەننای باوکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری(ورمێ)ی ئێرانە، ئامێری (نای) ژەنیوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤ بۆ بژێوی ژیانی خۆیان لەگەڵ براکەی کە ناوی (بنیامین) بووە و ئەویش ئامێری (قانون)ی ژەنیوە دەچنە شاری کرماشان، لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی وەکو پەنابەر دەکەونە کەمپێکی پەنابەران لە دەوروبەری شاری(باقوبە) لە ناوەڕاستی عێراق، لەبەر خراپیی بارودۆخی کەمپەکە بڕیار دەدات بچێتە شاری موسڵ، لە ساڵی ١٩٣٢ لە موسڵ لەگەڵ (نجیبە الوکیل) هاوسەرگیری دەکات، پاشانماڵیان دەبەنە شاری سلێمانی، لە گەڕەکی(گۆیژە)ی نزیک گەڕەکی(گاوران) لە سلێمانی نیشتەجێ دەبن، لەساڵی ١٩٣٤ کوڕێکی نۆبەرەیان دەبێت و ناوی دەنێن(ولیەم).

باوکی ولیەم مۆسیقاژەن بووە، هەر لە منداڵییەوە گوێچکەی بە مۆسیقا کردووەتەوە و حەزو خولیای چووەتە سەر مۆسیقاژەنیین، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥١ چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشی مۆسیقای خوێندووە فێری بەکارهێنانی ئامێرەکانی(عود و کەمان و نای) بووە و بووەتە مامۆستای مۆسیقا و سروود لە قوتابخانەی فەیسەڵیە لە شاری سلێمانی.




ولیەم یۆحەننا یەکێکە لە پێشەنگەکانی مۆسیقای هاوچەرخی کوردی لە سلێمانی و هەموو باشووری کوردستان، ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای(مەولەوی) کە یەکەمین تیپی مۆسیقا بووە بە فەرمی مۆڵەتی بۆ وەرگیراوە، بەشدارییەکی زۆریان کردووە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە بەشی زۆری قەزا و ناحیەکانی سلێمانی، پاش سەفەر کردنی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر(قادر دیلان) تیپی مۆسیقای مەولەوی بەرەو کزی و تێکچوون چووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ولیەم یۆحەننا لەگەڵ هونەرمەندان هەر یەک لە(ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار و فرەنسیس داود) تیپی مۆسیقای سلێمانی دادەمەزرێنن، کە سەرەتا لەو کەسانە بووە کە لە خانەی مامۆستایان کۆمەڵێک هونەرمەند بووینە بە ناوی(کەیف و خۆش)ی لەماڵی ولیەم پرۆڤەیان کردووە دواتر ناوی تیپی مۆسیقای(هیوا) یان لێناوە، بەڵام بەردەوام نەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٧ تیپی مۆسیقای سلێمانی دادەمەزرێنن و لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا لەسەر شانۆی هۆڵی خولد بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی هونەری میللی بەغدا بەشداریان لە فیستیڤاڵەکە کردووە و بە پارچە مۆسیقای(ڕێزان) لە دانانی هونەرمەند ولیەم بووە، هەروەها لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دیسان لە هۆڵی خولد لە بەغدا بە پارچە مۆسیقای(نەورۆز)بەشداری کردووە.

ولیەم یۆحەننا خاوەنی سەدان پارچە مۆسیقای ناوازەیە و چالاکییەکی زۆریشی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٧٧ بە هاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان فرەنسیس داود و خالید سەرکار، بە ئۆپەریتی(کەژاوەی مێژوو) لە فیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکیی قوتابخانەکان بەشداریان کردووە و خەڵاتی یەکەمیشیان وەرگرت لەسەر ئاستی عێراق.

- خاوەنی مۆسیقاو ئاوازی (ئۆپەریتی دارستان)ە، ساڵی ١٩٨٦، بە هاوبەشی لەگەڵ فرەنسیس داود و خالید سەرکار.

- خاوەنی مۆسیقاو ئاوازی ئۆپەریتی(پردی دەلال)ە، کە ساڵی ١٩٩٠ لە



**ولیەم یۆحەننا، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

دهۆک نمایشی کردووە، دیسان بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان فرەنسیس دواد و خالید سەرکار.

- لە ساڵی ١٩٩٣ بە هاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە خالید سەرکار و فرەنسیس داود، ئۆپەرێتی(بتی ئاگر) کە شیعری شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسە، لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی نمایش کردووە.

- ئەو لە ساڵی ١٩٥٥-١٩٥٦ بەشداری لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهانیی کردووە لە ڤێنا.

- دەیان خولی مۆسیقای بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان و دەیان سروود و ئاوازی بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان داناوە.

- دەیان دەورەی مۆسیقای بۆ لاوان و مامۆستایان کردووەتەوە و دەیان کەسیش لەسەر دەستی ئەو بۆنەتە مۆسیقا ژەن و گۆرانیبێژ،

- ئاواز و مۆسیقای بۆ زۆر لە شانۆگەری و تەمسیلییەکان داناوە.

- یەکەم کەس بووە ئاوازی هارمۆنی بۆ گۆرانیی کوردی داناوە، لەوانە گۆرانیی(باران باران)ەی قادر دیلان کە بەو گۆرانییە بەشداری کردووە لە فیستیڤاڵی خوێندکارانی جیهانی لە وڵاتی چیکۆسلۆفاکیا ساڵی ١٩٧٧.

- ئەو یەکەمین کەس بووە ئاوازی بۆ تیپی(جوقة الکنیسة)، کە کۆمەڵێک(تەراتیل)ی ئایینی بە زمانی کوردی داناوە لەوانە(مەسیح زیندووە).



ولیەم یۆحەنا




ئەو ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە دامەزراندن و پێشخستنی تیپی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە تیپی مۆسیقای(زێڕین و تیپی مۆسیقای زیوین)ی زانکۆی سلێمانی.

- مۆسیقاژەن ولیەم یۆحەننا زۆر بە توانا بووە، ئەو ئامێرەکانی(کەمان، عود، پیانۆ، گیتار، ساکسفۆن، قانون)ی ژەنیوە.

- هەر یەک لە هونەرمەندانی مۆسیقاژەن ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار و فرەنسیس داود، ولیەم یۆحەننا بە مامۆستای خۆیان دەزانن.

لە ٢٠ تا ٢٢-٦-٢٠١٣، بەڕیوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری سریانی لە هەولێر- عەنکاوە، خولێکیان بە ناوی خولی(ولیەم یۆحەننا بۆ پەیوەندییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کورد و کلدۆ- ئاشووری) کردووەتەوە.

هونەرمەند ولیەم یۆحەننا لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- ویکیبیدیا.
٢- وتارێکی بدري نوئيل يوسف بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری ئەلیکترۆنی(الكاردينال) لە ٧-٩- ٢٠١٥.
٣- ماڵپەڕی فەیسبووکی بەڕێز ئەدمین شێرزاد شانیل.
٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



## حەسەن سلێڤانی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی ...

ناوی تەواوی(حەسەن عەلو حەسەن سلێڤانی)یە، لەساڵی ١٩٥٧ لە گوندی(ترکژا)ی گەلی زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە زاخۆ و موسڵ تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی هەر لە موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای تەکنیکی(ڕەسافە) ی لە بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی مووسڵی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠١٤ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بووە، تا لە ساڵی ٢٠١٤ خانەنشین بووە.

نووسەر و چیرۆکنووس حەسەن سلێڤانی هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، ئەو شیعری شاعیرانی کلاسیکیی کوردی وەکو(ئەحمەدی ناڵبەندو خانی و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و شاعیرانی نوێخوازیش وەکو بەدرخان سندی و عەبدولڕەحمان مزووری و شێرکۆ بێکەس و چەندان دیکەی خوێندووەتەوە)، چونکە زمانی عەرەبی باش زانیوە شیعر و ئەدەبیات و بەرهەمەکانی شاعیرە عەرەبی و عێراقییەکانیشی خوێندووەتەوە، بەمەش پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی زۆر چاکی پەیداکردووە.




ڕیزلێنانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆك نووسەر ئیسماعیل بێشکچی، لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورەی  تورك و دۆستی کورد ئیسماعیل بێشکچی، نوسەر حەسەن سلێڤانی.

نووسەر حەسەن سلێڤانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەتا بە زمانی عەرەبی کورتە چیرۆکی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٨٢ دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆک و چیرۆک و کورتە ڕۆمان(نۆڤلێت)، و هەڵبەست کردووە، بە زمانێکی کوردی کرمانجی ژووروو(بەهدینان)ی ڕەسەن و پاک و پاراو، هەندیک لە بەرهەمەکانی هەر بە زمانی کوردیی کرمانجی بە پیتی




لاتینی نووسیوە و تێیدا زۆر سەرکەوتوو بووە، هەروەها هەندێ بەرهەمیشی هەر لە بنچینەدا بە زمانی عەرەبی نووسیوە، سەرەڕای نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی منداڵان و کێشەی کۆمەڵایەتی و تاوانەکانی داعش دژ بە خوشک و برا ئێزیدییەکان لە شنگاڵ و کۆجۆ، چەندین بابەتی دیکەی هەمەجۆر، هەر هەمووشیانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە.

نووسەر و چیرۆکنووس حەسەن سلێڤانی




وەرگێڕێکی زۆر بە تواناشە، بەشی زۆری بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و بەرهەمی شاعیرانی کورد و عەرەبی عێراقی سووری و مەغریبی و جەزائیری و زمانی ئەمازیغی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەش شیعر و بەرهەمی شاعیرانی کوردیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدیهێناوە.

نووسەر حەسەن سلێڤانی مرۆڤێکی کوردپەروەر و خاوەن هەڵوێستە، هەموو ئەو بەرهەمانەی بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و کوردیی لاتینی نووسیویەتی، ئێش و ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی و زوڵم و زۆرداری و ستەمکاری کە لە میللەتەکەی کراوە بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی ڕەنگیان داوەتەوە.

نووسەر حەسەن سلێڤانی کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی لە شیعر و چیرۆک و کورتە ڕۆمان و وەرگێڕان لە چاپداوە و بڵاویشی کردوونەتەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی کە ئەمانەن:

- هۆزانێن ساڤا، هەڵبەست، بە پیتی لاتینی، هەولێر، ساڵی، ١٩٩٣.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر مهاباد قەرداغی، نووسەر حەسەن سلێڤانی، شاعیر کەژاڵ ئەحمەد.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەسەن سلێڤانی، نووسەر جەلال زەنگابادی.




**لە لای چەپەوە: کینازی ئیبراهیم و کچەکەی، شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، نووسەر و چیرۆکنووس حەسەن سلێڤانی، نووسەر کۆنی ڕەش، نووسەر کەرەمی سەید.**

- بالولکا شەکرێ، کورتە چیرۆک، بە پیتی لاتینی، چاپخانەی ئابیک، سوید، ساڵی ١٩٩٤.
- چاپا دوێی، لە بڵاوکروەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ساڵی ٢٠٠٦
- گوڵستان و شەڤ، کورتە ڕۆمان(نۆڤلێت)، لەساڵی ١٩٨٧، نووسراوە، لەساڵی ١٩٩٦ بە پیتی لاتینی، چاپی یەکەم و چاپی دووەم، بە پیتی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٠، چاپی سێیەمیشی لە ئامەد ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە.




- ئەو خانما هەنێ، هەڵبەست، لە چاپخانەی لیس لە ئامەد ساڵی ٢٠١٠، چاپکراوە.
- ئەگەر خۆنڤزانکی گوتبا من، هەڵبەست، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە، ساڵی ٢٠١٩.
- بێژە وان بلا من نەکوژن، جیرۆکیکی عەرەبییە وەری گێراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٢٠.
- دارا و نسرین، چیرۆکا پەروەردەییە بە هاوکاریی




نووسـەر دكتۆر عارف حيتۆ.

بەرهەمە چاپكراوەكانی بە زمانی عەرەبی:

- دمـي الـذي سـيضحك، هەڵبەسـت، دهـۆک، سـاڵی ١٩٩٥.
- ليلـة المطر، كورتـە چیـرۆک، وەرگێـردراوە، سـاڵی ١٩٩٧، دهـۆک.
- إتحـاد الادبـاء الكـرد- فـرع دهـوک، چاپخانـەی هـاوار، دهـۆک.
- قصائد تعشـق الشـمس، وەرگێـڕان لـە كوردییـەوە بـۆ زمانـی عەرەبـی، سـاڵی، ٢٠١٣.
- مسـاء الانانـاس، چەند دەقێكی شـیعری، لەندەن، چاپخانـەی مومنت، سـاڵی ٢٠١٣.
- خبز محلي بالسكر، چەند چیرۆكیكی كوردییە، ساڵی ٢٠١٩.
- من دفتر الإنتفاضـة، چەند چیرۆكێكی كوردییە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانی عەرەبی.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر موفق محمد ، حمدە خميس، دكتۆر فاضل سودانی، نووسەر فاضل ثامر، نووسەر حەسەن سلێڤانی، نووسەر احمد خالص شعلان.**



لە یوبیلی زێڕینی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد.



لە لای ڕاستەوە:نووسەر بەیار باڤی،
نووسەر حەسەن سلێڤانی.




نووسەر حەسەن سلێڤانی لە کاتی وتار خوێندنەوە.

نووسەر دکتۆر(خلیل شكري هیاس) کتێبێکی لەژێر ناونیشانی(جماليات النص و التنوع الخطابي- قراءات فی منجز حسن سليڤاني)، نووسیوە، کە تیایدا (١٨) نووسەرو ڕەخنەگر تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، وا بەرگی کتێبەکەم هاوپێچ کردووە.

هەروەها نووسەر(محمد بدرالدين البدري)، چەند هەڵبەستێکی شاعیر و نووسەر حەسەن سلێڤانی کردووەتەوە عەرەبی و وتاریشی لەسەر نووسیوە.




ڕۆژنامەنووس (مصطفى بوغازي) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الكواليس)ی جەزائیری، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢-٧-٢٠٢٠ وتارێکی بڵاوکردۆتەوە کە تیشکی خستۆتە سەر نووسینێکی نووسەر حەسەن سلێڤانی کە بە ناونیشانی (اجل يا اجان شهدت القيامة) کە دەربارەی کچە ئێزیدی ئازادکراوە لە دەست داعش (زینە ئیسماعیل خدیدا) بوو.


نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس حەسەن سلێڤانی بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفرانس و کۆنگرە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی لە عێراق و کوردستان کردووە و دەکات، ئەوەتا دەبینین لە:

- لە رۆژی ١٢-١٠-٢٠١٨، بەشداریی کردووە لە(سیانزەمین پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب)، لە هەولێر، زۆر چالاکانە بەهەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی شیعری شاعیرانی عەرەبیی عێراقی و دەوڵەتانی عەرەبیی دیکەی وەکو سووریا و جەزائیر و تونس و مەغریب و شاعیرانی ئەمازیغی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و خوێندوویەتییەوە کە ئەمانە بووینە(یاسین عدنان و سعيدة كبير)لە مەغریب، و(ريم قومری) لە تونس و (لينا اسعد تقلا) لە سووریا و (خزعل الماجدي)لە عێراق ، پاشان شیعری شاعیرە کوردەکانی



لە لای ڕاستەوە: دیبلو دیرکی، نووسەر حەسەن سلێڤانی، خەیری بوزانی، عبدال نوری.

























بەرهەمەکانی نووسەر حەسەن سلێڤانی

که وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی لەوانە(ارجن ئاری و ئاسیا خلیل و محسن قۆچان و حیاة مجید پەرخی) خوێندووەتەوە، ئەوەی شایەنی باسە شاعیری کورد خاتوو(چنور نامق) بەڕیوەبەری بەشی شیعر خوێندنەوە بووە.

- لە ڕۆژی ٥-٩-٢٠٢٠، چ وەکو نووسەر و شاعیر و ڕۆماننووس چ وەکو سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، بەشداریی لە دیداری(٣)ی ڕۆمانی عێراقی لە پارێزگای بەسرا کردووە، تێیدا چەندین دیدار و کۆبوونەوەی کردووە و بیروڕاشیان دەربارەی ڕەوتی ئەدەب و ڕۆشنیریی عێراقی و کوردی گۆڕیوەتەوە.
- لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٨، ئەو کاتەی لە وڵاتی هۆڵەندا بووە، فرسەتی لەدەست خۆی نەداوە و لە (دیداری ڕۆشنبیریی خانی) کە میوانی شاعیر دڵیار دیرکی بووە، بەشدار بووە و وتووێژێکی کراوەشیان کردووە.

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، ئێستا سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی دهۆکە، بەردەوامە لە چالاکی و نووسینەکانی، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و چیرۆکنووس حەسەن سلێڤانی کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## عوسمان خۆشناو

**سـەیری ڕووم کـەن، چـۆن زەمانـە دەردی لـێ هەڵکەندییـە**

**لـەم بەهـارە، باخـی لاویمـی بەبـێ گـوڵ، کردییـە**


**گـەر ئەپرسـن، بۆچـی تـۆ، عاشـق بـە لووتکـەی زۆر کەشـی**

**کـورد لـە زینـدان بـێ، بـە بـێ شـک، ڕۆڵـەی ڕووی بـۆ بەرزییـە**

شاعیر و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس و ڕووناکبیری لەبیرکراو ڕەوانشاد عوسمان خۆشناو

ناوی تەواوی(عوسمان مستەفا ئەحمەد)ە، بە عوسمان خۆشناو ناسراوە، باوکی شاعیر خاتوو سروە عوسمانە. لە ١٨-٣-١٩٢٦ لە گەڕەکی(بایزاغا)، لە دامێنی چیای باواجیی سەرکەش و شارە جوان و خنجیلانەکەی کۆیە، شاری شاعیران و هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانی کورد لە دایک بووە، ساڵی ١٩٣١ چووەتە بەر خوێندنی حوجرە و ساڵی پاشتریش چووەتە قوتابخانەی کۆیەی سەرەتایی و تەواوی کردووە، لە کۆتایی خوێندنی ناوەندی بووە ساڵی ١٩٤٣ باوکی بەسەردا کۆچی دوایی کردووە، ئیتر نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، بووەتە فەرمانبەر لە دائیرەی(تموین- ئازوقە ی کۆیە.

عوسمان خۆشناو لاوێکی زیرەک و ڕۆشنبیر بووە، هێشتا تەمەنی(١٥) ساڵ بووە لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانی(کۆمەڵەی دەنگ) دادەمەزرێنن، لە ساڵی



**ڕەحیم کەریم کرێکاری چاپخانە، نووسەر عەبدولقادر بەرزنجی، شاعیر و نووسەر عوسمان خۆشناو، مەحمود شەلال کرێکاری چاپخانە.**

١٩٤٢ بڵاوکراوەیەک بڵاودەکەنەوە تێیدا باسی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەیان لە کۆیە و ڕانیە و پشدەر و دۆڵی خۆشناوەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی بۆردومانکردنی(بلە و بارزان) لە لایەن ڕژێمی پاشایەتیی ئەوسا و ڕاگواستنی هەندێک لە بارزانییەکان و زیندانی کردنیان لە بەندیخانەی هەولێر، عوسمان خۆشناو و هاوڕێکانی لە کۆمەڵەی دەنگ بڵاوکراوەیەکی ناڕەزایی توند و تیژ بڵاودەکەنەوە، بۆیە لە بەغدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دێتە کۆیە، عوسمان خۆشناو بە کەلەپچەکراوی دەبەنە بەندیخانەی هەولێر، چوار مانگ حەپس دەکرێت، دواتر بە هاوکاریی پارێزەری ناوداری ئەو کاتی هەولێر عەونی یوسف و حاکم مەلا سدیق نازەنینی ئازاد دەکرێت.




لە ساڵی ١٩٤٥ کۆمەڵەی دەنگ خۆیان حەل دەکەن و هەموو ئەندامانی دەچنە ناو حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، عوسمان خۆشناو دەبێتە لێپرسراوی ئەو حیزبە لە کۆیە و ڕانیە و پشدەر، هەر لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی دەکەوێتە ژێر چاودێری و فشار، بۆیە بە ناچاری دەچێتە شاری کەرکووک




و لە گەڕەکی ئیمام قاسم نیشتەجێ دەبێت و لە دائیرەکانی پۆستەو بەرید و کشتوکاڵ درێژە بە کاری فەرمانبەرێتیی خۆی دەدات.

لە ساڵی ١٩٤٩ هەر لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی دەستگیر دەکرێت (٥) ساڵ حوکم دەدرێت، لە بەندیخانەکانی(نوگرە سەلمان و بەعقوبە و کوت و بەدرە) بەسەر دەبات، تا لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هەموو بەندکراوە سیاسییەکان بەر لێبووردنی گشتی دەکەون و ماوەیەک لە کوت و بەدرە و دواتر لە بەغدا لەژێر چاودێری دەبێت ، پاشان گەڕاوەتەوە کەرکووک بۆ سەر کارەکەی خۆی.

عوسمان خۆشناو هەر لەمنداڵییەوە خولیای خوێندنەوە بووە هەر زوو خۆی پێگەیاندووە لە ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵە شیعری(خۆناسین)ی نووسیوە، بەڵام پۆلیس دەستی بەسەردا گرتووە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە بەندیخانەی(بەدرە) لەگەڵ ڕەوانشاد کەریم ئەحمەد و هاوڕێکانی ڕۆژنامەی(ڕێگای کورد)یان بە دەستنووس بە نهێنی بڵاوکردووەتەوە، ئەو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری و نووسینی مێژووییە، بە پێی هەندێ سەرچاوە یەکەمین بەرهەمی عوسمان خۆشناو شانۆگەریی (شوان و قوتابی) بووە کە ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە پێی هەندێ سەرچاوەی دیکە، یەکەمین بەرهەمی ئەو، کۆمەڵە شیعری(بەستەی باوەڕ) لەساڵی ١٩٥٨ بووە ئەو کاتەی لە بەندیخانەی(بەدرە) بووە نووسیویەتی، هەر یەک لە ڕووناکبیر جەمال نەبەز و محەمەد تۆفیق وردی بۆیان چاپکردووە و (١٠٠) دانەشیان بە دۆست و کەس وکاری بۆ ناردووەتە کوت و بەدرە، سەرەڕای ئەوەی کە لەژێر چاودێریی پۆلیس بووە، ئەو چەند بەرهەمێکی چاپکردووە و هەندێکیشی ماوە چاپ نەکراون کە ئەمانە:

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

- بەستەی باوەڕ، شیعر، چاپخانەی اللواء، بەغدا، ساڵی ١٩٥٨.
- ئاوازی ژیان، شیعر، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٥٩.




- مـەرگ و لەدایکبوونەوەیەکـی نـوێ، شـیعر، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین، سـاڵی ١٩٩٩.
- لەگـەڵ ڕۆژگاردا، (بیـرەوەری)، هـەولێر، چاپخانەی شـەهاب، ساڵی ٢٠٠٧.
- کەرکـوک لـە ئامێـزی مێـژوودا، نووسـین و لێکۆڵینـەوە و بـە دواچـوون، هەولێر چاپخانـەی شــەهاب، ســاڵی ٢٠١٠.
- کۆیە لـە ڕەوتـی شارستانیەتدا، هاوبـەش، هەولێر چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی هـەرێمـی کوردســتان ، ســاڵی ٢٠٠٩.
- بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی
- (الرعب و مدينتي الحبلى)، شیعر بە زمانی عەرەبی.
- دزی خۆر لێهەڵاتوو، شانۆگەری لە دوو بەرگدا.
- چاوی خۆزیا، پەخشان.
- کـۆ- کۆسـار- کۆیـە، مێـژووی پایتەختـی هاوینـەی فەرمانڕەوایـی سـەلجوقییەکان.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عوسمان خۆشناو، سەید ئەنوەر سەید ئەحمەد، دڵداری شاعیر، دڵزاری شاعیر.**

عوسمان خۆشناو شاعیرێکی نوێخواز بووە شیعری(ئازاد- الحر) ی نووسیوە، شیعرەکانی(الرعب و مدينتي الحبلى)، کاتی خۆی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە شۆڤینییەکانی عێراقی بە پەخشانە شیعرییان لە قەڵەمدا، بەڵام شیعرەکانی ئەو و شاعیری ڕەوانشاد بلند حەیدەری شیعری ئازاد بوون و ئەوان هەردووکیان لەگەڵ بەدر شاکر سەیاب و نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی بە پێشڕەوی شیعری ئازادی نوێخوازی عێراق دادەندرێن، بەڵام بە ئەنقەست ئەو دوو شاعیرە کوردەیان خستە پشت گوێ.

عوسمان خۆشناو هەر شاعیر و نووسەر نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی زۆر چالاک و بە توانا بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ هەر لەگەڵ هاتنەوەی بۆ شاری کەرکووک بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقی و لەلایەن شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کەرکووک بە سەرۆکی لقی کەرکووکی نووسەران هەڵبژێردراوە، کە خۆشی یەکێک بووە لە دەستەی دامەزراندنی.

- لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٣ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(شەفەق) بووە، هەر ماوەتەوەش تا گۆڤارەکە داخراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک، هەر لەهەمان ساڵدا ژمارە(١)ی گۆڤاری(گزنگ)یان دەرکردووە.

ئەو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە.
- ئەو، ئەو کاتەی موحەریر بووە لە گۆڤاری شارەوانیی کەرکوک و دواتر وەکو کارمەند لە چاپخانەی شارەوانی و پاشانیش بووەتە بەڕێوەبەری کارگێڕیی چاپخانەکە، هاوکارییەکی زۆری گۆڤارە کوردییەکانی کردووە، هەتا گۆڤاری شارەوانی هەولێریش لەوێ چاپکراوە، ڕۆڵێکی زۆریشی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی شیعر و وتار و بەرهەمەکانی هاوڕێ نووسەر و شاعیرە کورد و عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک، لەوانە:(یوسف حەیدەری، جەلیل قەیسی، فەلەکەدین کاکەیی، سەیفەدین ئیسماعیل، سەرگۆن پۆلس، سەلاح فایەق، ئەحمەد محەمەد کەرکوکی، حسام خزر داود، ئایدن نەقیب، هەیاس کاکەیی، جەلال ڕێبوار، کە ناوی خوازراوی(جەلال زەنگابادی)، بووە).



**لە لای ڕاستەوە: یونس ڕەئوف(دڵدار)ی شاعیر، شاعیر عوسمان خۆشناو.**

عوسمان خۆشناو لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە.

عوسمان خۆشناو زۆریش بە وەفا بووە بۆ هاوڕێ نووسەر و شاعیرەکانی شاری کەرکوک، لە کتێبی(کەرکوک لە ئامێزی مێژوودا) لە لاپەڕەکانی(٩٩-١٠٠)، باس لە شاعیر و نووسەرانی شاری کەرکووک لەوانە:(فازیل عەزاوی، جەلیل قەیسی، عەبدولسەمەد خانەقاە، موئەیەد ڕاوی، سەرگۆن پۆلس، جان دەمۆ، سەلاح فایەق، عەبدوللتەتیف بەندەر ئۆغلۆ، چەندانی دیکە) دەکات بە بێ جیاوازی، بەڵام دەبینین لە کتێبی مەوسوعەی(رجال فی ذاکرة کرکوک)ی دکتۆر عەبدولکەریم خەلیفە حەسەن، کە بە قەوارەی(١٠٥٠) لاپەڕەی گەورەیە ، بە هیچ جۆرێک نە ناو و نە باسی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی کورد عوسمان خۆشناوی نەکردووە، ئاخر عوسمان خۆشناو کتێبێکی لەسەر مێژووی کەرکووک نووسیوە، بەڵام وا دیارە ئەوان چاویان  بە شاعیر و نووسەری کورد هەڵنایەت و دیسان هەر بە ئەنقەست باسیان نەکردووە.

عوسمان خۆشناو خودی خۆی و بەرهەمەکانی شایەنی ئەوەن لێکۆڵینەوە و دیراساتی لەسەر بکرێت، بە تایبەتی لە لایەن قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی کوردستان.




**شاعیر و نووسەر عوسمان خۆشناو لە کاتی وتار خوێندنەوە لە هۆڵی(خولد) لە بەغدا.**

لە ڕۆژی ٩-٦-٢٠١٥ لە هۆڵی دڵدار لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە کۆڕێکی بەسەرکردنەوە و ڕێزلێنان بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس عوسمان خۆشناو ساز کراوە، کە تێیدا هەر یەک لە دکتۆر کەمال غەمبار و نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی و نووسەر ڕەهبەر سەید برایم و نووسەر چاپووک شێخ عومەر وتار و دیراسە و لێکۆڵینەوەی خۆیان پێشکەش کردووە.

عوسمان خۆشناو لە ساڵی ١٩٨٨ەوە، لە هەولێر دەژیا و خەریکی نووسینەوە بوو، تا لە ڕۆژی ٢٤-٦-٢٠١٥ لە ماڵەکەی خۆی لە تەمەنی(٨٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر عوسمان خۆشناو- تان بۆ دەنووسمەوە:

## لە گەڵتام ...!

بەدرە ١٩٥٨

لە ڕێگای دووری بێ گەڕانەوە،
لە ماندوو بوونی بێ بڕانەوە،
بۆ گەیشتنمان بە ژینی شادی،

به بۆن کردنی خونچەی ئازادی،
لە گەڵتام هەردەم ! تەنها بم،
دەست و قاچ لە ناو زنجیر،
لە ژێر پۆستاڵی قورسا بم ئەسیر،
یا زرمەی داری لەبەر گوێ ناخۆش،
هەموو سۆی زامم بە کوڵ بێننە جۆش،
شەرتە کۆڵ نەدەم!
دڵی سووتاومی پڕ لە هەست و قین،
گیانی تێنوومی هەرگیز بۆ کۆشین،
لە بۆنەی جەنگی چینایەتی یا
لە ژووری تەنیا لە تاریکی یا
لە ناو دەریای تەم!
بە بزەی شەفەق، بە ڕەنگی جوانی،
بە شنەی شەماڵی سەر لە بەیانی،
کە بەناو حەپە و هۆهای ئێشکچی،
دێت ئەیدا لە لەش ئاوساوی قامچی،
ئەیهێنێتەوە هۆش!
لە بوورانەوەی ئازار و ئەزیەت،
لەم ژیانەی پر لە دەرد و مەینەت،
زەردەی ڕووم لەگەڵ زەردەی خۆری ئەو،
لە ئاسۆی هیوات سا ئەدەن پڕتەو،
ناتکەم فەرامۆش!
گەر گێژەڵووکە، ژینی شێواندم،
خونچەی گەنجییەتی لە چڵ پچڕاندم،

فڕێدراو له ناو باخی میللەتا،
له پەڕەی گوڵی ژێر پای زیللەتا،
دیتمت خامۆش!
بڕۆ مەویستە بە دڵێکی گەرم،
ڕابووره سا پات بنێ بان سەرم،
هەرگیز له گەڵتام له نزیک و دوور،
تۆکەم، سەوز ئەبێ ئەکا گوڵی سوور،
ئەوسا گیانە!
لەبەر بەیان له ناو باخچە،
گوێ له ئاوازی بولبول و کەمانچە،
له تەک نەمامی شەنگی بڕاومان،
لەسەر دوا خوێنی ڕژاومان،
نۆبەی پەیمانە!
با سوێندێ بخوێن بە پاکیی منداڵ،
پیرۆزی کۆتر ، گەشی خوێنی ئاڵ،
بە گەورەیی گەل ، سا بەیەکگرتن،
بە نان بە زەوی، هەر بەسەرکەوتن ،
بۆ ئەم ژیانە!
ئەڕۆین، سڵ ناکەین له تینی گەرما،
له شەو، تریشقە، له تۆف،
له سەرما،
لەبەر ڕووناکی ئەستێرەی بەیان،
کەوتووینەتە ڕێگای زۆر سەختی ژیان،
باوەڕمان وایە!

تەنها نین، هەرچی ژیان پەرستێ،
بەرەو پێش بڕوا هەرگیز نەوەستێ،
لە فێنکی شەفەق تینووی بشکێنێ،
لە پرشنگی ڕۆژ خۆراک بسێنێ،
لە گەڵمانایە!
لە ڕێگای دووری بێ گەڕانەوە،
لە ماندوو بوونی بێ بڕانەوە،
بۆ گەیشتنمان بە ژینی شادی،
بە بۆنکردنی خونچەی ئازادی

سەرچاوەکان:

١- لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر جەلال زەنگابادی، لە ٢٣-٦-٢٠٢٢.
٢- کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس عوسمان خۆشناو، کە شاعیر خاتوو سروە عوسمان لە ڕێگای نووسەر و میدیاکار و هونەرمەند سالار کۆشار بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.
٣- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# مەجید ئاسنگەر

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، مامۆستای پەروەردە و نیشتمانپەروەری ناسراو و دیار، ڕەوانشاد مەجید ئاسنگەر ...

ناوی تەواوی(مەجید ئەحمەد ئەمین)ە، لە ساڵی١٩٣٢ لە گەڕەکی(بەفریقەندی) لە داوێنی چیای باواجیی سەرکەش و شارە خنجیلانەکەی کۆیە، شاری شاعیران و هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانی کورد، لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ئامادەییشی لە هەولێر تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٥٥ بەشی زمانی ئینگلیزی لە(دار المعلمین العالیة-خانەی باڵای مامۆستایان) لە بەغدا تەواوکردووە و هەمان ساڵ وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ئامادەیی هەولێر دەستبەکار بووە.

لەساڵی ١٩٤٨ بووەتە ئەندام لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٨ ماوەیەک لێپرسراوی ناوچەی پارتی بووە لە هەولێر، پاش مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٠، کە حکومەتی ئەوسای بەغدا بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم، لە بەڵێنەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پاشگەز بووەوە، ئەو لەسەر چالاکییە سیاسییەکانی بە فەرمانی حاکمی عەسکەری دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی بەندیخانەی بەسرا کراوە،



**له لای ڕاستەوە: خاتوو فێنك حەمە سەعید، دکتۆر بۆتان مەجید ئاسنگەر، خاتوو پەرژین عەونی، شاعیر مەجید ئاسنگەر ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی.**

دوای ئازاد بوونی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کارەکەی وەکو مامۆستا دوور خراوەتەوە بۆ قەزای سوێرە لە خوارووی عێراق.

لەساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە هەولێر و بووەتە بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانی هەولێر و دواتریش بەڕێوەبەری پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان هەر لە هەولێر، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گەڕاوەتەوە شاری کۆیە.

مامۆستا مەجید ئاسنگەر پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک ڕاوێژکار بووە لە پەرلەمانی کوردستان، وەکو مامۆستا و پەروەردکاریش خزمەتێکی زۆری بواری پەروەردەی کردووە و سەدان قوتابی لەبەر دەستی ئەو فێربووینە و دەرچووینە و ئێستا خاوەنی بڕوانامەی باڵانە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا خزمەت دەکەن.

مەجید ئاسنگەر سەرەڕای ئەوەی مامۆستایەکی بە توانا بووە، ئەو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و هەست ناسک بووە، کۆمەڵێک شیعری نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و ئەڤینی، بە زمانیکی کوردیی خۆماڵی و ڕەسەن نووسیوە، دەستیشی لە وەرگێڕان هەبووە، کتێبی(جوانە و جانەوەر یان نازدار و ئافرەجا)ی نووسەر جێنی دوولی لە ئینگلیزییەوە

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە ساڵی ١٩٦٤ هۆنراوەیەکی لەسەر داستانی شەڕی هەندرێن نووسیوە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**هەندرێـــن بـــەرزی، شـــیاوی شـــانازی**
**گەلـــی کـــورد ئەمـــڕۆ، بـــە تـــۆ دەنـــازی**
**هـــەر کەپکە شـــاخێک، هـــەر پەنـــا بەردێ**
**لانـــەی شـــێرێ بـــوو، ســـەنگەری مـــەردێ!**

یەکێک لە پارچە شیعرەکانی شاعیر و نووسەر مەجید ئاسنگەر، کە بە ناوی نامەکەت دەڵێت:

**ئە میر ە کە م . . . د ڵگیر ە کـــە م . .**
**بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە**
**گوڵـــی گیانـــە یەخســـیرەکەم**
**تیـــرت لـــە دڵ ســـەد هـــەزارە**
**تۆ لە دووری من لـــە دوورم.....**



**شاعیر مەجید ئاسنگەر و منداڵەکانی.**

ئەم دەقە شیعرەی شاعیر مەجید ئاسنگەر کراوەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژی گەورەی کورد ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد کە هەر خۆشی ئاوازی بۆ داناوە، هەروەها هونەرمەندان خاتوو شیلان ئاکچان و هونەرمەند شێرزاد نانەکەلی بە دوو قۆڵی وتویانە و هونەرمەند سەنا بەرزنجیش وتوویەتییەوە.

- مامۆستا مەجید ئاسنگەر لەساڵی ١٩٥٩ وەکو نوێنەری مامۆستایانی هەولێر لە کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی عێراقی بەشدار بووە، لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ لە کۆنگرە ناوخۆییەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش لە شەقڵاوە هەر بەشدار بووە.

لە ڕۆژی ٩ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٣ بە ئامادەبوونی کەس وکار و خزم و دۆستانی لەسەر گڵکۆی ڕەوانشاد مەجید ئاسنگەر یادیان کردووەتەوە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لقی هەولێر بووە.

مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە ٩-٤-٢٠١٢ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە ڕێوڕەسمێکی شایەستەو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو



گڵکۆی شاعیر مەجید ئاسنگەر



**نووسەر مەجید ئاسنگەر لە تەنیشت پەیکەرێك**

لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان و مامۆستایان و هەوادارانی، لە گۆڕستانی(کەسنەزان) لە شاری هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.


سەرچاوەکان:

١- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی- هەندێ لە وێنەکان.

٢- وتارێکی نووسەر شێرزاد ڕەسوڵ فەقێ، ئەدمینی پەیجی ئەرشیفی مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، لە ١٨-٧-٢٠٢٠.

٣- کوردیپیدیا.

٤- ماڵپەڕی وشە، لە ٣٠-٨-٢٠١٩.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# عەتا قەزاز

هونەرمەندی نەخشەساز و شێوەکار و پەیکەرساز عەتا قەزاز...

هونەرمەند عەتا قەزاز لەساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٥ چووەتە بەشی شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ وەک مامۆستای هونەر و وانەی ڕەسم لە ناو شاری سلێمانی دەست بەکار بووە، لەساڵی ١٩٧٩ چووەتە وڵاتی ئیتاڵیا، سەرەتا وەکو گەشتوگوزار دواتر هەلی بۆ ڕەخساوە و لە بەشی شێوەکاری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری(پیرۆجیا) وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٨٤ تەواوی کردووە و هەر لە هەمان ئەکادیمیا چوار ساڵێش لە بەشی پەیکەرسازی خوێندووە و ئەویشی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، لە بەریتانیا دەژیێت.

هونەرمەند عەتا قەزاز هێشتا هەر قوتابیی ناوەندی بووە حەزی لە زمان و ئەدەب و شیعر و هونەری شێوەکاری بووە، بۆیە و زەیتی کریوە و لە پارچە معاکس و فایبەر وێنە و نەخش و نیگاری کێشاوە، چووەتە سەربانی ماڵەوە تەماشای ناوەڕاستی شاری سلێمانی و دەوروبەری و گۆیژە و ئەزمەڕ و سروشتی جوانی کوردستانی کردووە، هەمووی بوونەتە



هونەرمەند عەتا قەزاز لە کاتی کارکردندا.

ئیلهام بۆ وێنە و تابلۆکانی، ئەو شاخی گۆیژەی زۆر خۆشویستووە وەکو ڕەمزیش لە تابلۆکانیدا بەکاری هێناوە، گیانی کوردایەتیی و نیشتمانپەروەری لە وێنە و تابلۆکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

عەتا قەزاز کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا قوتابی بووە خۆبەخشانە لە ڕۆژنامەی (النور)، ئەو کاتەی ڕۆژنامەنووس(عباس البدري)، لێپرسراوی لاپەڕەی هونەر و ئەدەب بووە، کاری دیزاینی بۆ کردوون و دواتر لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسی ڕەوانشاد جەلالی میرزا کەریم لە ڕۆژنامەی هاوکاری هەمان کاری دیزایین و بەرهەمەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ کە گەڕاوەتەوە سلێمانی لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە(لالە عەبدە و سمکۆ تۆفیق) و چەند هونەرمەندێکی دیکەی شێوەکاری لەوانە( جەمال بەختیار و خالید زامدار و بێستون عەبدولقادر و سەید موحسین و عومەر دڵخۆش و دڵشاد ساحێبقڕان و چەندین شێوەکاری دیکە) توانیویانە

بـەردی بناغـەی هونـەری شـێوەکاری بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی لـە سـلێمانی بنیـات بنێـن، لەگـەڵ هونەرمەندانـی دیکـەی کوردسـتان هەریـەک لە(خالیـد سـەعید و ئازاد شـەوقی و عەلی جۆلاو  محەمـەد عـارف و حیکمـەت هینـدی و عـادل جـەلال و کامیل مستەفا و چەندانی دیکـە)، توانییان مانای هونـەری شـێوەکاری بگەیەننـە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان.

هونەرمەنـد عەتـا قـەزاز وەکو نووسـەر و ڕۆژنامەنووسیش چەندین وتـار و نووسـینی هەمەجـۆری لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکان بڵاوکردووەتـەوە، لەوانە(ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ژیـن، ژیـان، برایەتـی، الشـباب)، لێکۆڵینەوەیەکـی لەسـەر(مێژووی هونـەری تەشکیلی کوردی) بە ئەلقە لـە ڕۆژنامـەی برایەتـی لـە سـاڵی ١٩٧٠ بڵاوکردووەتـەوە.

هـەر لەسـاڵی ١٩٧٠ پەیکەرێکـی بـۆ شـاعیری نەمر پیرەمێرد دروستکردووە و لەبـەردەم باغـی گشـتی لـە شـاری سلێمانی دانراوە.

هونەرمەنـد عەتـا قـەزاز لـە وڵاتـی ئیتاڵیـا کـە وڵاتێکـی زۆر جوانـە و پـڕە لـە مۆزەخانـە و کاری هونـەری لـە شـەقام و کوچـە و کۆڵانەکانـی، ئەمـە زۆر کاری تێکـردووە، بـە تایبەتـی ئەکادیمیـای هونـەرە جوانەکانـی پیرۆچـا



**پێشانگای شێوەکاریی هونەرمەند عەتا قەزاز لەساڵی ١٩٦٨.**



کە هەندێ بەشی تریشی تێدا بووە لەوانە(بەشی فۆتۆگرافی و دیکۆرسازی و چاپەمەنی لەسەر بەرد و کاغەز و تەختە...هتد) ئەو سایکۆلۆژییەتی زانستی فەلسەفەشی خوێندووە، بۆیە بەرهەمەکانی ئەو شێواز و ستایلێکی تایبەتی هەیە و بینەری تایبەتیی خۆشی هەیە، لە ڕووی ڕەنگ و بابەت و دارشتنەوە بە تەواوی سەرکەوتوو بووە.

عەتا قەزاز لە سەرەتا هەموو وێنە و تابلۆکانی لەسەر شێواز و ڕێبازی(ئاسایی- تقليدي) بوون، دواتر بەرەو نیمچە ڕیالیزمیی ناڕاستەوخۆ چووە، ئەمەش لە بەرهەمەکانی بە زەقی دیارن، ئێستاش هەموو دنیا بەرەو نوێخوازی ڕۆیشتووە و ئەویش لە کارەکانی ئەم دواییەدا بیر و ڕاو تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆی تێدا دەنوێنێ.

عەتا قەزاز خاوەنی کۆمەڵێک کاری هونەرییە، لەوانە هەزاران پۆرترێتی خەڵکی دروستکردووە و جگە لە تابلۆی زەیتی و ئاوی و ئەکریلیک، کاری دیکۆرسازیشی بۆ زۆر لە شانۆگەرییەکان کردووە، ئەو کاتەی لە






**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی شێوەکار لالە عەبدە، هونەرمەندی شێوەکارعەتا قەزاز.**



**هونەرمەند عەتا قەزاز بە منداڵی**

حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لە بەغدا بووە کاری دیزایینی بۆ دەیان کتێبی نووسەرە عەرەبەکانی عێراقی کردووە.

- لەساڵی ٢٠١١، پێشانگایەکی تایبەتی لە سلێمانی کردۆتەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٩ پێشانگایەکی شێوەکاری لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی لە سلێمانی کردووەتەوە.

خاوەنی کۆمەڵێک کاری هونەرییە لەم وڵاتانە(ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا، فەرەنسا، یۆگۆسلافیا، چیک، سویسرا، دەنیمارک).

سەبارەت بە هونەرمەند عەتا قەزاز، نووسەر بەختیار سەعید لە کتێبی(بیبلۆگرافیای عەتا قەزاز)، لەسەر زمانی عەتا قەزاز نووسیویەتی:(لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی



**پەیکەری شاعیری نەمر پیرەمێرد لە سلێمانی کە هونەرمەند عەتا قەزاز دروستی کردووە.**

سەدەی ڕابردوو لە دوای گەڕانەوەی ژمارەیەک لە شێوەکاران لە ئەکادیمیا و هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە سلێمانی ببوونە مامۆستای هونەر لەو ڕێگەوە توانیان کارێکی وا گەورە بکەن کە مانای هونەر بگەیەننە هەموو خەڵکی کوردستان).

هونەرمەندی گەورەی ئیتاڵی سەبارەت بە هونەرمەند عەتا قەزاز دەڵێت:(ڕەنگەکانی هونەرمەند عەتا قەزاز وشە دەدرکێنن، باس لە زمانی هیوا بوون دەکەن، ئاسمانەکانی وەکو ڕەنگەکانی پرچی ئایشێ و فاتمە وان، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنگە شینە پاکەدا ڕۆحی گەلێکی تێدایە کە داوای ئاشتی و ژیان دەکات لەگەڵ ئازادی و برایەتییەکی پتەودا).

هونەرمەند عەتا قەزاز هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازیی کوردی.


سەرچاوەکان:

١- نووسەر بەختیار سەعید، کتێبی(بیبلۆگرافیای عەتا قەزاز)، لە ٢٠-١٢-٢٠١١.

٢- ڕادیۆی گەلی کوردستان، بەرنامەی دیدگا، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند عەتا قەزاز، کە میدیاکار گۆران عەلی کەریم لە ساڵی ٢٠٠١، ئامادەو پێشکەشیکردووە.

٣- کوردیپێدیا.

٤- ماڵپەڕی VOA، بەرنامەی ژیان لە فەرهەنگدا، لە ١٣-٦-٢٠٢١.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی

پـەروەردکار و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و پسـپۆر لـە کۆکردنـەوە و ساغکردنەوەی پەنـدی پێشـینان و چیرۆکەکانـی، ڕەوانشـاد عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی..

نووسـەر عومەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی لە سـاڵی ١٩٤١ لە گوندی(قورشـاغلو) ی سـەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی جووتیار و هـەژار لەدایک بـووە، باوکی پیاوێکی هێمن و لەسـەرخۆ بووە، لە سـاڵی ١٩٥١ ئـەو کاتـەی تەمەنی(١٠)سـاڵان بـووە لەبـەر جووتـی بـووە باوکـی چـووە و جووتەکـەی پێ بەردایـەو بـەرەو قوتابخانـەی سـەرەتایی قورشـاغلوی بردییـە، خوێندنـی سـەرەتایی لـەوێ تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٥٧ دەچێتـە هەولێـر خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی تەواوکردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ بەشـی زمانـی کـوردی لـە کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا بەسـەرکەوتوویی تـەواو کردووە و لـە مانگی سـێی سـاڵی ١٩٦٩ بووەتـە مامۆستا بە پلەی( مامۆسـتای جامیعـی- معلـم جامعـی) لـە قوتابخانـەی سـۆرانی کوڕانـی سـەرەتایی لـە هەولێر.

لـە سـاڵی ١٩٧٠ گواسـتراوەتەوە سـەر میلاکی قوتابخانە ناوەندییـەکان و ڕەوانـەی قوتابخانـەی دواناوەندیی ڕەواندز کـراوە، سـاڵێک لـەوێ ماوەتـەوە



**سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ۲۰۰۳.**

و لەگەڵ لیژنەیەکی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان و کەلەپووری کوردی بەشدار بووە و زۆر لە هەقایەت و پەندەکانی ناوچەی ئەوێی لە فەوتان ڕزگار کردووە، پاشان هاتووەتەوە هەولێر و بووەتە مامۆستا و یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوەندیی(زازا و قەندیل و جمهوریة- کۆماری)ی کوڕان هەر لە هەولێر.

عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی مرۆڤێکی(چەپ- چەپڕەو)بوو باوەڕی بە یەکسانی هەموو مرۆڤەکان هەبوو، پشت و پەناو پشتگیری چینی هەژار و کرێکار و کاسبکاران بوو، لەسەر هەڵوێستەکانی لە ٢٤-١٢- ١٩٧٤ لە لایەن دائیرەی ئەمنی ڕژێمی بەعس لە هەولێر دەستگیر دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن، تا کۆچی دواییی کردنیشی شوێنەواری ئەشکەنجەدانەکەی هەر بە جەستەیەوە مابوو،




لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، دواتر وەکو پسپۆری سەرپەرشتیاری زمان و ئەدەبی کوری لە پەروەردەی هەولێر دەست بەکار بووە تا خانەنشین بوونی.

عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی هێشتا قوتابیی پێنجی ئامادەیی بووە دەستی بە نووسین




کـردووە، یەکـەم بەرهەمیشـی چیرۆکێـک بـووە بـە ناوی(خانـزادی بەخـت ڕەش) سـاڵی ١٩٦٣ لـە ڕۆژنامەیەکی ئەو کات بڵاویکردووەتەوە، ئەو زۆر کوردپـەروەر و دڵسـۆز بـوو هەمـوو ژیانـی خـۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و فۆلکلـۆر و پەنـدی پێشـینانی کـوردی، پـاش بەربوونـی لـە بەندیخانـە خـۆی بـە کۆکردنـەوەی فۆلکلۆر و پەندی پێشـینان خەریک کـردووە، جگـە لـە نووسـینی درامای(هەبـوو نەبوو)کە هونەرمەندی دەرهێنـەر سـەباح عەبدولڕەحمان کاری دەرهێنانی بـۆ کـردووە و لـە کاتـی خۆیـدا دەنگوسـەدایەکی زۆری هەبـوو.

عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی پەنـدی پێشـینان و چەنـد چیرۆکێکی فۆلکلۆری لـە (٤) کتێبی جوان و قەشـەنگ لـە چاپداوە و کتێبی(٥)ەمیش، هاوسـەرەکەی شـوکریە دیوانـە بـۆی بـە چـاپ گەیاندووە، کـە ئەمانـەن:

- پەنـدی پێشـینانی کـوردی، بەرگـی یەکـەم، کـە لەسـەر ئەرکـی خـۆی لـە بەغـدا سـاڵی ١٩٧٢ لەچاپیـداوە، کـە(١٠٩٢) پەنـدی کۆکـراوە لـە خۆدەگرێت.

- بەرگـی دووەمـی کتێبـی پەنـدی پێشـینانی کـوردی لـە سـاڵی ١٩٨٠ لـە



مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە کۆنفرانسی مامۆستایانی پیشەیی لە شەقڵاوە ١٩٩٨.




هەولێر لە چاپداوە کە(١٠٣٨) پەندی کۆکراوە لە خۆدەگرێت.

- بەرگی سێیەمی داستانی گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا لە ساڵی ١٩٩٨ هەر لە هەولێر لە چاپیداوە کە بریتییە لە (٣١٠) پەندی پێشینان و ئیدیۆم.

- بەرگی چوارەمی کتێبی پەندی پێشینان و چیرۆکەکانی ساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر لە چاپداوە کە(١٤٠٠) پەند و چیرۆکەکانی و هەندێ حەیرانیشی تێدایە.

- بەرگی پێنجەمی کتێبی پەندی پێشینانی کوردی کە(١٧٥) پەند و چیرۆکەکانی تێدابوو خۆی پێشەکی بۆ نووسیوە، بەڵام مەرگ ماوەی نەدا چاپی بکات، دواتر هاوسەرەکەی بە چاپی گەیاندووە، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان



**لەلای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، ڕەوانشاد دڵزاری شاعیر، شوکریە محەمەد ئەمین، فریشتە.**



**لەلای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، شوکریە ڕواندزیی هاوسەری.**

لەوانە:(گۆڤـاری هەفتەیـی هەولێـر، دەنگوبـاس، بریفکانـی، ئۆتۆنۆمـی، ڕێـگای کوردسـتان، کاروان، ڕۆشـنبیری نـوێ).

عومـەر شـێخەڵلا دەشـتەکی لـە ژیانـی مامۆسـتایەتیی خـۆی، تـا توانـی چالاکیـی نوانـد لـە بوارەکانـی زمانەوانـی و ئەدەبـی و ڕۆژنامەوانـی و کۆکردنـەوەی فۆلکلـۆر و پەندی پێشینان و هەقایـەت و حەیرانیش، دەورێکی زۆر بەرچاویشـی دیوە لـە ڕێکخـراوە ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییە کوردییـەکان وا هەندێـک لـە چالاکییەکانـی دەنووسـینەوە:




- ئـەو هەڵگـری بیروبـاوەڕی چینایەتـی و نیشـتمانپەروەری بوو، هاوڕێیەکی دڵسـۆزی حیزبی شـیوعی عێراقـی بـووە تـا کۆچـی دوایـی کردنـی، ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی مامۆسـتایانی کوردسـتان بـووە لـە هەمـوو کۆنگـرە و کۆنفراسـەکانی یەکێتیی مامۆسـتایان بەشـدار بـووە و ماوەیەکـی زۆریـش ئەندامـی سـکرتارییەتی ئـەو ڕێکخـراوە بـووە.

- ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردسـتان بووە لەسـەر لیسـتی بێ لایەن و شـیوعییەکان.



**لەلای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، ڕەوانشاد ئەنوەر سلێمان، ڕەوانشاد ئەحمەد شێخۆ.**

- بەشدار بووە لە دامەزراندنی دەستەی فۆلکلۆرپەروەرانی کوردستان.

- ئەندامی پلە یەکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی و کۆمەڵەی ئاشتی بووە لە هەرێمی کوردستان.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ژمارە(١)ی گۆڤاری(لاوک) کە گۆڤارێکی وەرزی بووە، کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردی- مەڵبەندی گشتی- دەریان کردووە.



- ئەندامی منداڵ پارێزی کوردستان بووە.

مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە بەرگی سێیەمی کتێبی(پەندی کوردی..داستان و گۆرانیی کوردی لە فۆلکلۆردا، لە لاپەڕە(٣) لە ژێر ناونیشانی پێشەکیدا نووسیویەتی(پێشکەشە بە کەسیک بۆ بەرژەوەندیی زۆربەی زۆری گەلەکەی ببێتە خۆراکی ئاگر و ئاسن، ئەوەندی




بەسـە ئـەوە شـۆڕشـگێڕ و دڵسـۆزەکانی لـە نهێنیدا پەیکـەری لـە نـاو دەروونیـان بـۆ دروسـت دەکـەن، بـە شـانازییەوە لاپـەڕەی مێـژوو تۆمـار دەکـەن و تـا گێتـی مـاوە دەمێنێـت).

بـا بزانیـن نووسـەر و ئەکادیمیانـی کـورد دەربـارەی مامۆسـتای پـەروەردە عومـەر شـێخەڵڵا چـی دەڵێـن:

- دکتـۆر مەولـود ئیبراهیـم حەسـەن مامۆسـتای کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەدین لـە هەولێـر دەڵێت:(مامۆسـتا عومـەر شـێخەڵڵا هەتـا لـە ژیانـدا بـوو، ئەوەنـدەی بـۆی کـرا بـە دڵسـۆزی و بـە پاکـی خزمەتـی فۆلکلـۆر و ڕۆشـنبیریی کوردی کرد، خزمەتێک بێ خۆ هەڵکێشـان و منـەت بەسـەر کەس کـردن، هـەر ئـەو خاکییـەی مامۆسـتاش خـۆی هۆیـەک بـوو، کـە ڕاگەیاندنـی کوردی هەتـا لـە ژیاندا بـوو، ئەو گرنگییـەی پێنـەدا کـە دەبوایـە پێـی بـدرێ).

مامۆسـتا تاریـق سـاڵح بەڕێوەبـەری بەشـی زمانەوانـی - ئینسـتیوتی کەلەپـووری کـوردی دەڵێت:(بـە ڕاسـتی کۆچـی نـاوادەی مامۆسـتا دەشـتەکی زیانێکـی گـەورە بـوو لـە بـواری ئـەدەب و فۆلکلـۆری نەتەوەکەمـان کـەوت،



... کە بە درێژایی ژیانی خەریکی دەسکەچنە و بژارکردن و کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری نەتەوەکەی بووە، فۆلکلۆرپەروەرێکی کەم وێنە بوو، زمانزانێکی کارامە بوو، چەندین کتێب و وتار و بەرهەمی فۆلکلۆریی کوردی بە تایبەتی پەندی پێشینانی کوردی بڵاوکردەوە، ئەو ژیانە دەوڵەمەند و پڕ بەخششەی ئەم مرۆڤە مەزنە وای لێ کردووە کە بۆ هەتا هەتایی لە مێژوو و ویژدانی گەلەکەیدا بە گەورەیی بمێنێتەوە).

مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی خۆدی خۆی و هەموو بەرهەمەکانی هەوێنێکی خەست و پڕو چڕن بۆ دیراسە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە لایەن مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژەکانی ئاداب لە زانکۆکانی کوردستان.

مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە ساڵی ١٩٦٩ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(شوکریە محەمەدەمین ڕەواندزی) کردووە و چوار منداڵیان هەیە بە ناوەکانی(ئامێز، زریان، دەشتی، کرمانج) خوا تەمەنی خۆیان و دایکیان درێژ بکات و ڕوحی مامۆستا عومەرێش شادو ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی مامۆستا عومەر شێخەڵڵا کە مامۆستا خاتوو شوکریە محەمەدەمین ڕەواندزی لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - پرۆفیسۆر عومەر پەتی، قاموسی ناوە نەمرەکان لاپەڕەکانی(٦٦٦-٦٨٦).

٣- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# عەبدولڕەزاق بیمار

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی ڕەوانشاد عەبدولڕەزاق بیمار لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە یەکەم خولی قوتابیانی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە پلەی یەکەم دەرچووە، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردیی سەر بە وەزارەتی پەروەردی عێراق لە بەغدا دەست بە کار بووە، زۆر چالاکانە بەشدار بووە لە بەڕێوەبردنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پەروەردە و زانست بووە.


لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤ بووەتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی(ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا، وانەی ئەدەب و ئەدەبی بەراوردکاری(الادب المقارن) وتووەتەوە تا ساڵی ١٩٩٠.

عەبدولڕەزاق بیمار نزیکەی (٥٠) ساڵ لە بەغدا ژیاوە و هەر لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی نوێی عەرەبی و ئەوروپییەوە، یەکەم دەستپێکی شیعریشی لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی(ژین) بڵاوکردووەتەوە، ئەو یەکێک



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر حوسێن غازی کاك ئەمین، قوتابی شەیدا باسم عەبدوڵڵا، عەبدولڕەزاق بیمار، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، دکتۆرعەلی تاهیر، دکتۆرعوسمان حەمەد خدر(عوسمان دەشتی)**

بوو لەو شاعیرانەی کە لەگەڵ شاعیرەکانی سەردەمی خۆی هەر یەک لە شێخ حەسیب قەرەداغی و جەمال شارباژێڕی کە بوونە چەسپاندنی ڕێباز و ڕێچکەی شاعیری گەورە و نەمری کورد(گۆران)، بوونە پردێکیش بۆ گەیاندنی ئەو قوتابخانە شیعرییە بۆ شاعیرە نوێخوازەکانمان و لە دایکبوونی شیعری(الحر- ئازاد) لەسەر دەستی شاعیران( شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و جەلالی میرزا کەریم و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و چەندانی دیکە).




عەبدولڕەزاق بیمار دەیان وتار و توێژینەوە و ساغکردنەوەی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە و خاوەنی زیاتر لە(٢٠) بەرهەمی چاپکراوە لە شیعر و شانۆ و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە کە بەرچاوترین ئەمانەن:

- بووکی پەردە- شانۆ،ساڵی ١٩٦٠.
- شانۆی کوردستان، ١٩٦١.
- دیوانی وەنەوشەکان- هەڵبەست، ١٩٨١.
- دڵداریی ئێمە-هەڵبەست، ١٩٨٢.
- کانیلە و خۆشەویستی، ١٩٨٤.
- نانی دەریا، هەڵبەستی(پابلۆ نیرۆدا)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٨٧.
- کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ١٩٩٢.
- سەلاحەدین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٩٣.
- پەخشانی کوردی، لێکۆڵینەوە، ١٩٩٨.
- ناوچەوان- شیعر، ساڵی ٢٠٠٠.
- خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی نوێی کوردی- لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠٠٠.
- ڕۆژانێک بوو- هەڵبەست، ٢٠٠٦.
- پەنجە گوڵی مێخەک- شانۆ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە،ساڵی ٢٠٠٧.



**لە لای ڕاستەوە: حەمید بەدرخان، وریا عومەر ئەمین، ئازاد حەمە شەریف، عەبدولڕەزاق بیمار، عەبدولڕەحمان مەعروف.**



**له لای ڕاستەوە: عەبدولڕەزاق بیمار، وریا عومەر ئەمین**

- لۆرکا- وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ساڵی ٢٠١٢.
- لە سێبەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠١٩.

عەبدولـڕەزاق بیمـار بەشـی زۆری تەمەنـی خـۆی لـە بەغـدا بردووەتـە سـەر و بەشـدار بـووە لـە زۆربـەی چالاکییەکانـی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و ڕۆژنامەگـەری لە ڕۆژنامـە و گۆڤار و ڕێکخراوە کوردییـەکان و ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانیش بـووە لـە هەندێکیـان کـە ئەمانـەن:




- ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی پاشـکۆی گۆڤاری(الادیب العراقي) بـووە، کـە لـە تەممـوزی سـاڵی ١٩٦١ لـە بەغـدا لـە لایـەن نووسـەرانی عێراقییـەوە تەنیـا یـەک ژمـارەی لـێ دەرچـووە.
- ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکانی(هیـوا، ڕەنگیـن، ڕۆشـنبیری نـوێ، نووسـەری کـورد)،




بووە.

- بەشدار بووە لە دەرچوواندنی یەکەم ژمارەی گۆڤاری نووسەری کورد لە ساڵی ١٩٧١.
- لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ٢٢-٦-١٩٧٠ بە هەڵبژاردن بووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی، لە کۆنگرەی سێیەمیش کە لە ١٧-١١-١٩٧٢ بەستراوە بە هەمان شێوە ئەندام بووە لە دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی.
- ئەندامی دەستەی نووسەران بووە لە گۆڤاری پەروەردە و زانستی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق.
- لە ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی(سەید برایم)ی بۆ ئەدەب پێ بەخشراوە.

عەبدولڕەزاق بیمار ئەو ماوەیەی کە وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردی بەغدا وانەی وتووەتەوە، دیارە مامۆستا و قوتابیان زۆر خۆشیان ویستووە و ڕێزیان لێ ناوە، بۆیە پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە وتارێکدا دەڵێت:(ئەو مرۆڤێکی هێمن و پاک و دەروون ڕوونە، شارەزا و قسە خۆش و لێزانە، سینەی بە دەنگوباسی ئەدەبی پونگاوەتەوە، زمانێکی شیعری ڕەوان و پاراو و ناسکی هەبووە، کە قسەی دەکرد دەیزانی چۆن وشەکانی هەڵدەبژێرێت و ڕاو و بۆچوونەکانی لە بارەی زۆر لە کێشە ئەدەبی و زمانییەکان ورد و بەجێ و سەرنجدار بوون، قوتابییەکان خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت، چالاکانە بەشداریی کرد لە پتەوکردن و پەرەسەندنی بەرنامەکانی خوێندنی بەشی کوردی، وانەی ئەدەب و ئەدەبی بەراوردکاری و پەخشانی بە پێی تازەترین ڕێبازەکان دەوتەوە، بە ناوی لێژنەی زانستی بەشەکەمان داوام لێ کرد کە موحازەراتەکانی بکات بە کتێب).



عەبدولڕەزاق بیمار دوای زیاتر لە (٥٠) ساڵ ژیان لە بەغدا، لەم سالانەی دواییدا گەڕابووەوە زێدی باوباپیرانی لە شاری کۆیەی ڕەنگین، لە ڕۆژی ١٥-٦-٢٠٢٢ لە تەمەنی(٨٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- وتارێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی عەبدولڕەزاق بیمار.

٢ -کوردیپیدیا.

٣ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیHariri Today لە ١٥-٦- ٢٠٢٢.

٤- هەفتەنامەی گوڵان لە ١٦-٦-٢٠٢٢.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# نەوزاد ڕەفعەت

نووسەر و شاعیری نوێخواز، شاعیری وشەجوان و سادە و ساکار،ڕەوانشاد نەوزاد ڕەفعەت، ناوی تەواوی(نەوزاد حاجی ڕەفعەت عەبدوڵڵا سەبری)یە، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیبن خەلەکانی کوڕان و قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ پاش تێکچوونی بارودۆخی قوتابیانی کورد بە تایبەتی و هەموو کوردانی دانیشتووی بەغدا بە گشتی، لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای بەغدا بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بەشی زۆری ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا ڕوویان لە شاخ کردو بوونە پێشمەرگەی کوردستان، نەوزاد ڕەفعەتی شاعیریش یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆی گەیاندە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و لەوێ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو نووسەر و





**لە لای ڕاستەوە: حاجی ڕەفعەت باوکی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت،**
**منداڵەکانی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، نالی و نەیژەن**

وەرگێڕ دەست بەکار بووە، لەگەڵ نسکۆی شۆڕشی کورد گەڕاوەتەوە بەغدا و بەردەوام بووە لە خوێندن، تا ساڵی ١٩٧٥ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە، لە هەولێر وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر دامەزراوە.

نەوزاد ڕەفعەت لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لە سەرەتای حەفتاکان بە تەواوی چووەتە ناو دنیای شیعر و نووسینی ئەدەبیاتەوە، سەردەمی ئەو بزووتنەوەی شیعری نوێخوازی کە بە(ڕوانگە) ناسراوە لە ئارادا بوو، هەرچەندە هەموو شاعیرانی ئەو سەردەم کەوتبوونەتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ڕوانگە، بەڵام نەوزاد ڕەفعەتی شاعیر شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە شیعر نووسیندا، ئەو شیعرەکانی بە وشەی کوردی ڕەسەن و سادە




و ساکار و پاراو نووسیوە، هەرچەندە هەندێ جاریش زەروورییەتی شیعر وای لێ کردووە زمانی ناوچەییش بەکار بهێنێت.

نەوزاد ڕەفعەت بە یەکێک لە شاعیرە هەرە باشەکانی ئەو سەردەم هەژمار دەکریت، ئەو لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکانی ئەو کات هەر یەک لە(شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر جاف، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا عەباس، سەلام محەمەد ، سەلاح شوان و چەندانی دیکە توانیان شیعری نوێخوازی کوردی بگەیەننە لووتکە.

نەوزاد ڕەفعەتی شاعیر لە سالانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کە قوتابی بوو لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەشداری لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و فیستڤاڵە شیعری و ئەدەبییەکان دەکرد کە لە بەغدا ڕێکدەخران، ئەوەتا لە فیستڤاڵی شیعریی کۆمەڵی هونەر و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار**




وێـژەی کـوردی- لقـی بەغـدا بەشـداری کـرد و پارچـە شـیعری(خەوێک...لە باوەشـی ئاڤێسـتادا) ی خوێنـدەوە و دواتـر لـە یەکـێ لـە ژمارەکانـی ڕۆژنامـەی برایەتـی بڵاوکرایـەوە و نیمچـە هەرایەکی لـە نـاو ئەدیب و شـاعیراندا نایـەوە، لـە یادمـە ڕەخنەگـران زۆریـان لەسـەر نووسـی، هەتـا دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵیش وتارێکـی ڕەخنەیـی لەسـەر نووسـی.

نـەوزاد ڕەفعـەت کۆمەڵێـک بەرهەمـی لـە شـیعر و وەرگێڕان و نووسینی دیکـەی هەمەجـۆری لـە زۆر لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردووەتـەوە و ئـەم بەرهەمانەشـی چـاپ کـردوون:

- تیری ئایرۆس، کۆمەڵە شیعر.
- نیگەران، کۆمەڵە شیعر.
- باڵەکانـم بدەرەوە، هەشـتەمین کۆشـیعرییەتی، کـە لەسـەر ئەرکـی خانـەی



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: خالید محەمەد، فەرهاد شاکەلی، حوسێن عەلی، محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، حەمە کەریم عارف، نازم جاسم، نەوزاد ڕەفعەت، عەلی ئەحمەد داودی، دانیشتووەکان: عەباس محەمەد حوسێن، شێرکۆ فەتحوڵڵا**




**لە لای ڕاستەوە: نەوزاد ڕەفعەت، دکتۆر وریا عومەر ئەمین.**

چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی لە چاپخانەی ماد لە تاران چاپکراوە.

- کورتە چیرۆکی منداڵان، نووسین و وەرگێڕانی خۆی و نیگارکێشانی هونەرمەند چۆمان نەجمەدین.

نەوزاد ڕەفعەت زۆر چالاکانە بەشداری لە بەشی زۆری چالاکییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژە و یەکێتیی نووسەرانی کورد کردووە، چ ئەو ماوەیەی لە بەغدا بووە، چ پاشتر لە هەولێر، لە ٢٨-٥-١٩٧٧ لە کۆڕێکی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد حوسێن عارف ئەو کۆڕەکەی بەڕێوە بردووە، لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیر نەوزاد ڕەفعەت لە باخچەی کۆشکی (نازە) لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرەوە ڕێکخرا، کە شیعری (دەربازبوون)ی خوێندووەتەوە، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی کۆڕەکەی بەڕێوە برد.





**شاعیر نەوزاد ڕەفعەت لەگەڵ هەردوو کوڕی نالی و نەیژەن**
**لەسەر ئارامگای (مەم و زین) لە جەزیرەی بۆتانی باکووری کوردستان**

هەندێ لە شیعرەکانی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی.

لە ٨-١٠-2015 لە هۆڵی ڕەوانشاد(دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد) لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامادەبوونی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت و لێژنەی وتووێژکردن لەسەر ماستەرنامەی قوتابی(ماریا جەلال) کە بە ناونیشانی (دەلالەتی شوێن لە دەقەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا)، کە مامۆستا دکتۆر سەردار گەردی سەرپەرشتیی کردبوو و بە سەرۆکایەتی دکتۆر نەوزاد وەقاس و ئەندامێتی هەر یەک لە دکتۆرە شنۆ محەمەد مەحمود و دکتۆرە پەخشان سابیر بەڕێوە چوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤ مامۆستا (بێریڤان سەمەد حەوێز) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین توێژینەوەیەکی ئەدەبیی میتۆلۆژی بە ناو

نیشانی(ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا)بە سەرپەرشتیی یاریدەدەری پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مستەفا مەعروف بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەش کردووە و بە سەرکەوتوویش بڕوانامەکەی وەرگرتووە.



شاعیر نەوزاد ڕەفعەت
بە جلی پێشمەرگایەتی

ماوەیەک پێش ئێستا، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر بە یاوەریی چەند نووسەریکی دیکە سەردانی ناوبراویان کردووە و لە هەواڵیان پرسیوە، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی ئەویش لە ڕۆژی ٢٤-٦-٢٠٢٢ سەردانی ناوبراوی کردووە و لە تەندروستیی پرسیوە، لە ٢٦-٦-٢٠٢٢ هاوڕێی دێرینی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، شاعیر و نووسەر ئەسکەندەر زرار سەردانی ناوبراوی کردووە و پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی(بۆ نەوزاد ڕەفعەت)بە دیاری بردووە، تێیدا هانی دەدات بۆ ئەوەی ورەی بەرزتر بێت و هەڵسێتەوە سەر قاچەکانی، ئەویش زۆر کەیفی بەم پارچە شیعرە هاتووە، وا لە کۆتایی نووسینەکەم بۆتانی دەنووسمەوە.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، ئێمە بەیەکەوە قوتابی بووین لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، لە ڕۆژی ١٢-١٢-١٩٧٢ بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیرە نوێخوازەکان هەر یەک لە(ڕەوانشاد سامی شۆڕش، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ڕەفیق سابیر، نەوزاد ڕەفعەت) لە هۆڵی(ساطع الحصري) ڕێکخست، کە هەموو قوتابیانی بەشەکەمان و بەشێکی زۆری قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکانی دیکەی زانکۆی بەغدا ئامادە ببوون، هەریەکە

لە شاعیران شیعری خۆیان خوێندەوە و ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەقی شیعری هەموو شاعیرەکانی بە ئەرێنی هەڵسەنگاند، لە بیرمە شاعیری نەمر شەهید جەمیل ڕەنجبەر تازە هاوسەرگیری کردبوو بۆ(شهر العسل) هاتبووە بەغدا، بە خۆی و خێزانەکەی لەم کۆڕەدا ئامادە بوون، شەهید جەمیل موداخەلەیەکی جوان و گونجاویشی کرد.

لە ڕۆژی ٤-٧-٢٠٢٢ لە شاری هەولێر پاش ململانی لەگەڵ نەخۆشی گیانی پاکی سپارد بە خاکی نیشتمان.

بۆ نەوزاد ڕەفعەت ڕوحی پاکت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، گلکۆت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر نەوزاد ڕەفعەت- م بە وێنە لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

پارچە شیعری شاعیر ئەسکەندەر زرار بە ناونیشانی(بۆ نەوزاد ڕەفعەت):

**دڵنیام هەڵدەستییەوە**

ئێوارەییێکی دیش وەک جاران
سڵاوێکی هێمن دەکەی
بزەییێکی پڕ عیشق و جوانی
دەڵێی: شیعرێکی نوێم نووسیوە
یەکەم بزەی منداڵییم
یەکەم جۆلانە
یەکەم موو، کە لە سمێڵم هات
یەکەم نامە
یەکەم چاوداگرتن
یەکەم شیعر
یەکەم دیوان و ژنهێنان و بوون بە باوک و پیربوون و

هەڵچوون و درەوشانەوە و کوژانەوە و ڕووچوون و
یەکەم پێک کە هەڵمدا
یەکەم ژەهر کە نۆشم کرد
یەکەم ژوان
یەکەم سەرچۆپی و یەکەم گریان
باسی خودا و ڕووبار
باسی ماچ و ئیبلیس
باسی هەور و شەڕاب
باسی ژن و عەزاب و
باسی هەموو گەردوون و ژیان و مردنم کردووە
لەو شیعرەم هەموو وجوود، بوون و نەبوون تێکەڵ بوون
لەو شیعرە تازەیەم دونیام نووسیوەتەوە
تەنها ئەو چرکانە نەبێ، کە وەک ئەوەی لە قەبر بم
لە ژوورەکەم نەخۆش بووم و دونیا فەرامۆشی کردبووم.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- هەموو وێنەکان و هەندێ زانیاری لە لاپەرەی فەیسبووکی شاعیر نەوزاد ڕەفعەت وەرگیراون. ٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.

.



# ڕەئوف بێگەرد

ئەو دەڵێت:(بە ڕای من هەر کتێبخانەیەک بەرهەمەکانی دیستۆفیسکی بە تایبەتی(تاوان و سزا- الجریمة و العقاب)تێدا نەبێت، بە لای منەوە نوقسانیی زۆری تێدایە).

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕی گەورەی کورد ڕەئوف بێگەرد.

ناوی تەواوی(ڕەئوف سالح سەعید)ە، لە ساڵی ١٩٤٢ لەماڵی باپیری لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، لە گەڕەکی(چوارباخی)ی سلێمانی ژیاوە و گەورە بووە، ئەو کاتەی منداڵ بووە باپیری فێری خوێندنەوە و نووسینی فارسی کردووە، ئەو ماوەیەک لە حوجرەی خوێندووە، دواتر چووەتە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٦٠ دەورەیەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا، زیاتر لە(٤٠)ساڵ خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە ڕەشبگیرییەکەی زەعیم سدیق دەستگیر کراوە و ماوەی چوار مانگ لە حامییەی سلێمانی بەندکراوە، لە ساڵی ١٩٨٦ دائیرەی ئەمنی سلێمانی بە بیانووی بوونی کتێبی قەدەغەکراو لە ماڵەکەی، ماڵەکەی دەپشکنن و دەستگیری دەکەن، ئەمەش نارەزایەتییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە و لەژێر فیشاری جەماوەر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٩٠ جارێکی دیکە لە ماڵەکەی لە سەرچنار دەری دەکەن، دیسان بە پاساوی ئەوەی، ئەو نووسەرێکی دژ بە




**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: نووسەر ڕەئوف بێگەرد، دکتۆر یاسین، نووسەر مستەفا ساڵح کەریم، شاعیر شێرکۆ بێکەس، نووسەر تایەر ساڵح، نووسەر کوردۆ کاروان، نووسەر کەمال سابیر، دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە: نووسەر فوئاد محەمەد ئەمین، نووسەر محەمەد نوری، نووسەر کەریم شێخ حەسەن.**

حوکمی بەعسە و کوڕەکەشی پێشمەرگەیە.

نووسەر ڕەئوف بێگەرد هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان بووە، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی ئەدەبی کردووە و وتار و کورتە چیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ بە تەواوی چووەتە ناو دنیای چیرۆکنووسینەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ یەکەم




بەرهەمی خۆی کە کۆمەڵە چیرۆکی(بوار) بووە بڵاوکردووەتەوە، ئەو زمانەکانی عەرەبی و فارسیشی زانیوە، زۆریش پەیوەند و پەیوەست بووە بە دیستۆڤیسکی و بەرهەمی نووسەرە جیهانییەکان، بە تایبەتی نووسەرانی ڕۆژئاوا وەکو(گابریێل گارسیا مارکیز، ئانتوان چیخۆف، ئەلبێر کامۆ، چەندانی دیکە)، بۆیە لە تەک کۆمەڵە چیرۆکەکانی خۆی، دەبینین کۆمەڵێک




چیرۆک و ڕۆمان و شاکارە جیهانییەکانی لە زمانی عەرەبی و فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەو زیاتر لە(٣٠) کتێبی چاپ کردووە، کە ئەمانەن:

- کۆمەڵە چیرۆکی(بوار)، ساڵی ١٩٧٧،
- کۆمەڵە چیرۆکی(هەوار)، ساڵی ١٩٨٠.
- کۆمەڵە چیرۆکێکی(ئانتوان چیخۆف)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ١٩٨٤.
- کتێبی(سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی)، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ساڵی ١٩٨٦.
- وەرگێڕانی سێ شانۆ لە عەرەبییەوە، ساڵی ١٩٨٧.



**- لە لای ڕاستەوە: نووسەر عوسمان هەورامی، شاعیر شێرکۆ بێکەس، نووسەر ڕەئوف بێگەرد، دکتۆر حەمید بڵباس.**




- کۆمەڵە چیرۆکی(هەڵۆ)، ساڵی ١٩٨٩.
- کۆمەڵە چیرۆکی(کۆڵان)، ١٩٩٤.
- کۆمەڵە چیرۆکی(سەما)، ١٩٩٨.
- کۆمەڵە چیرۆکی(دڵۆپە خوێنەکانی سەربەفر)، کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانین لە فارسییەوە بۆ کوردی، ١٩٩٨.
- وەرگێڕان و چاپکردنی شانۆنامەی(ئیڤانۆڤ) ی چیخۆف لە فارسییەوە، ساڵی ١٩٩٩.
- ڕۆمانی(زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس، لە فارسییەوە، ساڵی ٢٠٠١.
- نامیلکەی(دیکارت)، لە فارسییەوە، ٢٠٠٢.
- ڕۆمانی( ئاهەنگی ماڵئاوایی)ی، میلان کوندبرا، لە فارسییەوە، ٢٠٠٢.
- نامیلکەی(چۆن ڕۆمان دەنووسرێ)، لە نووسینی گابریێل گارسیا مارکیز، ٢٠٠٣.



نووسەر ڕەئوف بێگەرد بە جلی فەقێیاتی لە ناوەندێ، ئەوانی دیکە نە ناسراون.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورەی کورد حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، نووسەر ڕەئوف بێگەرد، نووسەر حەمە فەریق حەسەن، شاعیر جەوهەر کرمانج.**

- کۆمەڵە چیرۆکی(دەشتی خودا)، ٢٠٠٤.
-(دوا گفتوگۆکانی بۆرخیس)، لە فارسییەوە، ٢٠٠٤.
- سێ دەقی شانۆیی، لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٥.
- کتێبی(یەکەمین ترپەی عاشقانەی دڵم)، کە کۆمەڵە نامەی شاعیری ئێرانی(فروغ فروخزادە)یە، بە هاوکاریی نووسەر شەیدا سەڵاح، لە فارسییەوە، ٢٠٠٥، لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیکەش.




- دوامین بەرهەمیشی(چاکەتی ئەفسوناوی) کە کتێبێکی(٤٤٤) لاپەڕەییە و (٣٠) چیرۆکی جیهانی لە خۆدەگرێت، کە هی نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهانین.

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ ڕەئوف بێگەرد تا سەر ئێسقان مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرە، لەکوێ زوڵم و ستەمکاری و نا عەدالەتی هەبێت، ئەو بەرەنگاری بووەتەوە و دەبێت، نەک هەر

بە نووسینەکانی، بەڵکو بە کرداریش، ئەو هەردەم پشت و پەنای هەژاران و غەدرلێکراوان بووە هەر واش ماوەتەوە، ئەو پیاوێکی قسەخۆش و مەسرەف خۆشە، لە هەر شوێنێ دانیشتبێ بە قسە خۆش و ڕووخۆشییەکەی بووەتە گوڵی مەجلیسەکە.

لە سلێمانی لە شوێنێک نەمام دەڕوێنێت و دەڵێت؛(سوپاس بۆ بیرۆکەی نەمام ڕواندن، سوپاسی کاک هیوا قادری ڕۆماننووسیش دەکەم کە منی دەستنیشان کردووە بۆ ئەم مەبەستە، منیش لە لای خۆمەوە، دوو کەس دادەنێم کە یەکێکییان مۆسیقارێکی گەورەیە ناوی(عەبدوڵڵا سەگرمە)یە، دووەمیشیان (چیمەن فایەق ڕەشاد)ە کە هونەرمەندێکی تەشکیلییە، حەز دەکەم لە دوای من نەمام بڕوێنن).

نووسەرو چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد لە ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە، لەساڵی ١٩٩٧ سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ بووە و لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیان دامەزراندووە و بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری(سەردەم)یش، لە پاش کۆچی دوایی کردنی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، بووەتە سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

با بزانین شاعیر و نووسەرانی کورد سەبارەت بە نووسەر ڕەئوف بێگەرد چی دەڵێن و چی دەنووسن:

- شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەی کورد لە ستۆکهۆڵمەوە نامەیەکی دەستنووس بۆ ڕەئوف بێگەرد دەنێرێت و تێیدا نووسیوە:(نامەکەی دواییتان گەیشت، ئەویش هەروەکو نامەکانی دیکەت، تام و چێژی تایبەتی خۆیان












هەبوو، ...من هەموو نامەیەکی تۆ دوو سێ جار ئەخوێنمەوە، چونکە هەست ئەکەم «لە دڵەوە بۆ دڵ نووسراوە»، .....چی بکەم کەوتووینەتە سەردەمێکی ئێجگار ناقۆڵاو تاریکەوە....چاکە ئێمەمانان مەگەر لە ڕێگای ئەو هونەرەوە خەم و خەفەتی خۆمان بە با بدەین).

- لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هاوڕێیەکی لە بەغداوە نامەیەکی بۆ دەنێریت لە ڕستەیەکی نامەکەدا بۆی نووسیوە:(تۆ لەو نووسەرە خۆشبەختانەی، کە پاشگری ناوەکەت ڕاستگۆیانە هەڵبژاردووە، گەر بڕیاربێ هەموو نازناوی نووسەرانی کورد بخەینە سەنگی ڕاستگۆیی، بە دڵنیاییەوە تۆ پێشەنگی نووسەرانی ڕاستگۆیی و بێگەردیی کوردیت).

عەتا محەمەدی ڕۆماننووسیش لە نووسینێکی بیرەوەریدا بۆ ڕەئوف بێگەردی نووسەر و وەرگێڕ دەنووسێت:(ڕەئوف بێگەرد یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی ناسیومە و هەمیشە خۆشمویستووە، جگە لەوەی مامۆستا ڕەئوف مرۆڤێکی پڕ ژیان و دوور لە بوغز و کینە دەژی، یەکێکە لەو نووسەرە کوردە دەگمەنانەی کە چاوی جوانی دەبینێت، ..... ئەو هاوڕێی نزیکی گەنجەکانیشە، هەم پاڵپشت و هەم ڕاستگۆیە لەگەڵیاندا).

سەرچاوەکان:


١-Yuotube، فیلمێکی دۆکیومێنتاری، بە ناو نیشانی ئالنگاری نەمام ناشتن.

٢- K٢٤Tv، فیلمێکی دوکیۆمێنتاری، ڕێزلێنان لە نووسەر و وەرگێڕ ڕەئوف بێگەرد.

٣- Morkurd, فیلمێکی دوکیۆمێنتاری.

٤- ماڵپەڕی زەمەن ، وتارێک بە ناونیشانی ڕەئوف بێگەرد نووسەرێ، چاوی تەنها جوانی دەبینیی لە ٢٥-٦-٢٠١٩.

٥- کوردیپیدیا.

٦- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## بەدیعە دارتاش

**ئـەو دەڵێـت: خۆشـی و عیشـقی شـانۆ یـا خـوا کـەس تووشـی نەبێ، ئەوەنـدەم خۆشویستووە عیشـق و شتی دیکە هـەر بیـرم لـێ نەکردووەتـەوە.**

مامۆسـتای ئەکادیمـی هونـەر و شـانۆ، ئەکتـەر و دەرهێنـەر و وەرگێڕ و سیناریست، خاتوو بەدیعە دارتاش، ناوی تەواوی(بەدیعە عەبدوڵڵا حەسەن) ە، کـە بـە بەدیعـە دارتـاش ناسـراوە، ئـەو دەڵێـت: کـە لـە ئامادەیـی کچانـی سـلێمانی مامۆسـتا بـووم ئێمـە دوو مامۆسـتا ناومـان بەدیعـە بـوو، مـن و مامۆستا بەدیعە مەحوی، ڕۆژێکیان بەڕێوەبەرەکەمان کە (ست درەخشان شـێخ حەفید)بـوو گوتـی: بەدیعـە، هەردووکمـان گوتمـان: بەڵـێ، ئەویش گوتی: بەدیعە دارتـاش تـۆ ناڵێـم، بەدیعـە مەحـوی دەڵێـم، ئیتـر لـەو ڕۆژەوە ئـەو نازنـاوەم بەسـەردا بـڕا.



لـە سـاڵی ١٩٤٦ لـە شـاری سـلێمانی لـە بنەماڵەیەکی ڕۆشـنبیر لـە دایک بـووە، باوکی زۆر ڕۆشـنبیر بـوو و پیشـەی دارتاش بـووە و ئەندامیش بـووە لـە حیزبـی شـیوعی عێراقـی، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی تەواکردووە، لـە خوێندنـی



**بەدیعە دارتاش لە کارە هونەرییەکانیدا.**

ئامادەیی کە لە بەشی زانستی بووە، دوو ساڵ دوا کەوتووە و لە دەرسی فیزیا کەوتووە، لە سلێمانی هیچ خوولی بەهێز کردن نەبووە چووەتە بەغدا لە پەیمانگای(کامل الدباغ) بۆ ماوەی مانگێک خوولی بە هێزکردنی وانەی فیزیای وەرگرتووە و دواتر لە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەرچووە، بەڵام نمرەی زۆر کەم بووە دیارە لە هیچ شوێنێک وەرنەگیراوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٨ جارێکی دیکە دەچێتەوە بەغدا، دەگەڕێت و دەسووڕێت لە شوێنێک کە وەریبگرن خۆی لەبەر دەرگای ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەبینێتەوە و یەکسەر مامۆستا (ئیبراهیم جەلال) پێشوازی لێ دەکات و پێی دەڵێت: ئێمە قوتابی ئەگەر نمرەشی کەم بێت هەر وەری دەگرین، بەڵام دەبێت بەهرەی هەبێت لە شێوەکاری، مۆسیقا، نواندن، پەیکەرتاشی، ئەویش دەڵێت: هیچ لەو شتانە نازانم، مامۆستا ئیبراهیم جەلال دەقێکی عەرەبی پێ دەخوێنێتەوە، ئەویش چونکە ئەو کات خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە، دەقەکە زۆر جوان دەخوێنێتەوە و وەری دەگرن.

هونەرمەند بەدیعە دارتاش لە ساڵی ١٩٧٢ وەکو یەکەم ئافرەتی کورد




ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو دەکات، ئەو کاتەی قوتابی بووە لەوێ بەشداری لە چەند تەمسیلیە و شانۆ دەکات، یەکەم بەشداربوونیشی لە شانۆگەرییەکی گەورە بووە لە دەرهێنانی هونەرمەند(جاسم العبیدي) بووە، ئەو ڕۆڵی پیرێژنێکی (٩٠)ساڵی زۆر بە جوانی بینیوە، خەڵاتیشان کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٢ کە دێتەوە سلێمانی ئەو ساڵ عێراق نەوتی خۆماڵی کردبوو، (تقشف) بووە کەس دانەدەمەزرا، بۆیە دەچێتە لای بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان کە مامۆستا (ئەنوەر تۆفی) بووە و پێی دەڵێت ئەگەر بە خۆڕاییش بێت دەمەوێ کار بکەم و قوتابیان فێرە شتێک لە هونەری شانۆ و تەمسیل بکەم، مامۆستا ئەنوەر پێی دەڵێت: زۆر باشە من شانۆگەریی(بازرگانی ڤینیسیا) دەردەهێنم و تۆ تەمسیل بکە و پلیتەکان کە نرخی(٥٠) فلسیان بۆ داناوە دەفرۆشین و بە پارەکەی (موبەڕیدە) بۆ قوتابخانەکان دەکڕین، بەدیعە دارتاش ڕازی دەبێت و تێیدا سەردەکەون و یەک فلسیش وەرناگرێت کەچی



**بەدیعە دارتاش لە کارە هونەرییەکانیدا.**



ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت: هەر چەندە موحتاجی دینارێکیش بووم، بەڵام هیچم وەرنەگرت، لە پاداشتی ئەمە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بە دوایدا دەنێرێت، هەندێ پارەی لە ناو زەرفێک داناوە بەو هیوایەی بیداتێ، ئەویش دەڵێت: ئەگەر ئەو زەرفە هەڵنەگرن من دانانیشم، ئیتر پێی دەڵێن چیت دەوێت، ئەویش دەڵێت: لە شوێنێک دامەزرێنن، دیارە وەکو مامۆستا وانەی هونەر لە ئامادەیی کچانی سلیمانی دایدەمەزرێنن.

هونەرمەند بەدیعە دارتاش(٨) ساڵ لە ئامادەیی کچانی سلێمانی مامۆستا بووە دەیان تەمسیلییە و شانۆی لە نووسینی خۆی و وەرگێڕان پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دادەمەزرێت ئەو یەکێک بووە لە دامەزرێنەران و (٢٣) ساڵ مامۆستا بووە و هەر لەوێ (١٤) ساڵیش سەرۆکی بەشی شانۆ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە سەرپەرشتیاری گشتیی هەموو پەیمانگا هونەرە



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند میدیا، هونەرمەند گەزیزە، هونەرمەند فرمێسک، هونەرمەند بەدیعە دارتاش، هونەرمەند نیگار.**



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، هونەرمەند عەلی جۆلا، هونەرمەند حیکمەت هیندی، دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەحمەد سالار، هونەرمەند بەدیعە دارتاش، هونەرمەند ئازاد جەلال.**

جوانەکانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ناسناوی یەکەم ئافرەتی شانۆکاری کوردی پێ دەبەخشرێت.

بەدیعە دارتاش زیاتر لە (٥٠)ساڵ وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسینی سیناریست و وەرگێڕی شانۆ و شانۆی منداڵان و تەمسیلییە و درامای





تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی، زۆر بە چالاکی خزمەتی کردووەو زۆریش کوردپەروەرە، چەندین جار لە سلێمانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس بانگکراوە، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٦ کە لە ئامادەیی کچانی سلێمانی بووە شانۆگەرییەکی وەرگێڕدراویان پێشکەش کردووە، کە نووسەری دەقە(ئەگەر سەهو نەبم فەلەستینی بوو) بەڵام دەقەکە بۆ بارودۆخی ئەوسای کورد



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر ئەحمەد سالار، نووسەر و میدیاکار کەمال ڕەئوف محەمەد، هونەرمەند بەدیعە دارتاش، هونەرمەندی دەرهێنەر زوهێر عەبدولمەسیح.**

گونجاو بووە، چونکە باسی کوشتن و گرتن و ڕاونانی تێدا بووە، بەدیعە دارتاش ڕۆڵی دایکی شەهیدی هەبووە، پاش سێ ڕۆژ نمایش کردن لە ڕۆژی چوارەمدا تەرمی هەر چوار قارەمانی کورد کە لە موسڵ لە سێدارە درابوون، ئەوانیش شەهیدان(شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب و شەهیدێکی دیکە) بوو گەیشتۆتەوە سلێمانی، هەموو جەماوەری شاری سلێمانی لە دوای تەرمەکان بوون بۆ گۆڕستانی سەیوان، ئەم دیمەنە زۆر کاری کردووەتە سەر بەدیعە دارتاش، هەر هەمان ڕۆژ لە کاتی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە بە ڕاستی بەدیعە دارتاش وەکو دایکی شەهیدان گریاوە و سەردوولکەو ستایشی کردوون بە شیعرەکەی گۆرانی شاعیر دەستی پێکردووە کە دەڵێت(نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ.....)، خۆی لە بیرکردووە و لە دەقی شانۆگەرییەکە چووەتە دەرەوە، هەموو ئامادەبووانیشی هێناوەتە گریان، بۆیە پیاوانی ڕژێم بانگی (جەلال عەزیز) یان کردووە، کە ئەو کات بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان بووە، پێیان



گوتووە ئەم ژنە لەسەر شانۆ بهێنە خوارەوە، ئەویش گوتوویەتی: ئەو ژنە زۆر عینادە ئەگەر بە گوللەش لەسەری بدەن لەسەر شانۆ نایەتە خوارەوە، هەر بەم هۆیەوە ڕۆژی پاشتر لێپێچینەوەی لەگەڵ کراوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووە لە کارە هونەرییە بەسوودەکان و باکی بە چاودێریکردن و سزادان نەبووە، ئەو کارەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت:(خۆشی و عیشقی شانۆ یا خوا کەس تووشی نەبێ، ئەوەندەم خۆشویستووە، عیشق و شتی دیکە هەر بیرم لێ نەکردووەتەوە)، ئەو بەشداری لە زۆر لە تەمسیلییە و شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی کردووە لەوانە:(بازرگانی ڤینیسیا، یۆلیۆس و قەیسەر، نێرگز بووکی کوردستان، نەفرەت لێکراو، ترێ و ڕێوی، هاواری دایک، کێشەی چوون و نەچوون، زەردەشت، حەزرەتی غەریبان، فلیمی شەڕی بەر دەرکی سەرا، کۆتایی زۆردار، کەژاوەی مێژوو، ئەی گەلی فەلەستین ڕاپەڕە، شانۆگەریی لالۆ ڤانیا.....چەندانی دیکە).

- پێنج شانۆی بۆ منداڵان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەرهێنانی بۆ کردوون و پێشکەشکراون.
- بەشداری لە دەیان زنجیرە دراماو فلیمی تەلەفزیۆنی و سینەمایی کردووە.



**پەیکەری بەدیعە دارتاش.**

- چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بواری شانۆ و شانۆگەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە.
-هەموو یادەوەرییەکانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە کتێبێکی قەشەنگ لە چاپداوە و بڵاوی کردووەتەوە.
- ئەو لەسەر ئۆپەرێتی(کەژاوەی مێژوو) کە لە نووسینی نووسەر(ع.ع.شەونم)ە، دەرهێنانی خۆی خەڵاتکراوە.
- لەسەر دەرهێنانی ئۆپەرێتی(کۆتایی زۆردار) کە هی گۆرانی شاعیرە، لە دەرهێنانی خۆیەتی، خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی عێراق.
- لە فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی سالار، لە ١٤-١١- ٢٠٠٦، ڕێزی لێندراوە.
- دەیان بڕوانامە و مەدالییای ڕێزلێنانی لە دەزگا هونەری ڕۆشنبیرییەکان وەرگرتووە.

لەبەر دەمی پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ هونەرمەند بەدیعە دارتاش دروستکراوە و داندراوە کە هونەرمەندی پەیکەرتاش ڕەنج چێوار دروستی کردووە.

هونەرمەند بەدیعە دارتاش هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی شانۆ و هونەری کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١- jin، بەرنامەی گوڵنیشان لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار ساکار عەبدوڵڵا.
٢-Goran Radio، بەرنامەی ئاوین، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار سهیل فاروق.
٣- Sterk tv، بەرنامەی شەبەنگ، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار ئاڤان قادر.
٤- نووسین و دارشتنی خۆم.



# خورشیدە بابان

باوکی بۆی نووسیوە:

**بەرخی کالم، گولی ئالم، خورشیدی سەر یالی منی**
**شێوەت گزنگی هیوامە، خۆشترین خەیالی منی**
**شا گولی باغی ئومێدم، نەوەی زەند و مادی منی**
**هەڵگری مێژووی سامناکم، لە بابانی کوردی منی**

شاعیر و مامۆستا و هونەرمەند و پەرستیار و پێشمەرگە و خەباتگێڕ، ڕەوانشاد خورشیدە بابان.

ناوی تەواوی(خورشیدە ڕەئوف عەبدولڕەحمان بابان)ە، لە ساڵی ١٩٤٠، هەندێ سەرچاوە دەڵێن لە ساڵی ١٩٤٢، لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، ئەو بە ڕەچەڵەک لە بابانییەکانە، باوکی فەرمانبەری میری بووە، بۆیە لەیەک شوێن جێگیر نەبووینە، کە لە دایک دەبێت باوکی بە ناوی دایکی خۆی دەکات کە ناوی(خورشیدە) بووە، ژنێکی ناودار و ناسراوی(ڕەباتییەکان) بووە، زۆریش خورشیدەی کچی خۆشویستووە، کە لە ڕانیە بووە لە ١٥-٧-١٩٤٥، دەست دەداتە قەڵەم و شیعرێکی بۆ دەنووسێت کە تیایدا داوای لێ دەکات دڵسۆز و خەمخۆری نەتەوە و نیشتمانەکەی بێت، لە ساڵی ١٩٤٨، باوکی دەکوژرێت، خورشیدە لای باوە ژنی دەمێنێتەوە، کە تەمەنی




**لە دیداری خورشیدە بابان،**
**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر محەمەد مەردان، نەناسراوە، نە ناسراوە.**

دەبێتە کاتی چوونە قوتابخانە دەچێتە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٥٦، پۆلی شەشەمی سەرەتایی بە پلەی یەکەم تەواو دەکات، ئەو کات لە هەڵەبجە قوتابخانەی ناوەندیی کچان نەبووە، بۆیە ئەو لە خەمی خوێندنەکەی بووە، ئەو خێزانەی کە لە گەڵیان ژیاوە(باوە ژنەکەی)، خەریکی گەورە کردنی تەمەنی بووینە بۆ ئەوەی بە(شوو- مێرد)ی بدەن، دیارە داویانەتە پیاوێکی زۆر پیر ئەویش شەوی بووک گواستنەوە ڕادەکات، هەموو شەوەکە لە دەوروبەری شاری هەڵەبجە بە گریان و چاوی بە فرمێسک لە ناو دڕک و دال ڕادەبوێرێت، تا لەماڵێکی تەرێک لە شاری هەڵەبجە ژنێک دەیباتە لای خۆی و دڵنەوایی دەداتەوە و دەبێتە دایکێکی دڵسۆز بۆی، ئەویش زۆری خۆشویستووە حەزی لێ نەبووە بە جێی بێڵێت، بەڵام دیارە ماڵەکە نەیانتوانیوە لای خۆیان بیهێڵنەوە و چووەتەوە ماڵەوە، لەساڵی ١٩٥٨ لە حکومەتی ئەوسای عێراق بڕیارێک دەردەچێت هەر کەسێ دەرچووی شەشی سەرەتایی بێت دەتوانێت بچێتە خولێکی دوو ساڵی بۆ وانەوتنەوە و ببێتە مامۆستا، دیارە





خورشیده بابان ئەم خولە بە پلەی یەکەم تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستا لە ناوچەی هەورامان، ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە(تەوێڵە)بەیانییەکان وانەی لە قوتابخانە وتووەتەوە و ئێوارەکانیش خۆبەخشانە ژنانی دانیشتووی گوندی(گوڵپی) فێرە خوێندەواری کردووە، پاش دوو ساڵ خزمەتکردن وەکو مامۆستا، دیارە دیسان حکومەت بڕیارێکی دیکە دەردەکات و ئەوانەی دەرچووی خانەی مامۆستایانن دەیانکەنە مامۆستا و ئەوانی دەرچووی پۆلی شەش بووینە لەسەر کارەکانیان لایان دەبەن، بۆیە ئەویش لە ساڵی ١٩٦٠ لە مامۆستایی لادەبردرێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی لە گەڕەکی(قەزازەکان) لەگەڵماڵێک یەک(هۆدە-غرفة) بەکرێ دەگرێت.

خورشیده بابان بە دوای کاردا دەگەڕێت، چونکە لە کاتی بە(شوو-مێرد)دانی تەمەنیان بە ساختە گەورە کردووە بۆ ئەوەی بە مێردی بدەن، لەبەر تەمەن گەورەیی هیچ کارێکی دەست ناکەوێت، دیارە هاوڕێ و





نووسەر محەممەد مەردان لە دیداری خورشیده بابان.



ڕەئوف عەبدولرەحمان
باوکی خورشیدە بابان.

دۆستانی ئامۆژگاری دەکەن بچێتە دائیرەی نفوسی هەڵەبجە لە ساڵی دایک بوونەکەی بپێچێتەوە، کە دەچێتە هەڵەبجە شاعیری گەورەی کورد(ع. ح . ب)، زۆر یارمەتی دەادت و دەیباتە دائیرەی نفوس کە تەماشا دەکەن ساڵی لە دایکبوونەکەی هەر وەکو خۆی ١٩٤٠ نەک ئەو نفوسەی کە بۆی کراوە ١٩٣٤، بۆیە تەسکەرەیەکی نوێی بۆ دەکەن و دەگەڕێتەوە سلێمانی، دواتر دەچێتە خولێکی تەندروستی بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێتە کارمەندی تەندروستی وەکو(برینپێچ- سیستەر)، دەگەڕیتەوە هەڵەبجە و دەست بەکار دەبێت، یەکەم ئافرەت بووە لە هەڵەبجە وەکو سیستەر کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ دەچێتە خولێکی دیکەی تەندروستی بۆ پەروەردەی دایکان و منداڵان، ئیتر بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی ژنان و منداڵانی کورد، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕوو لە شاخ دەکات و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش و ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەست بەکار دەبێت، پاش نسکۆش دەیگوازنەوە ڕانیە و دواتر بۆ هەڵەبجە و پاشانیش لە ساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی لە بنکەیەی تەندروستیی(بەکرە جۆ) بەردەوام دەبێت لە خزمەت تا لە ساڵی ١٩٨٦ خانەنشین کراوە.

خورشیدە بابان کە فێری خوێندەواری دەبێت، نامە شیعرییەکەی باوکی دەخوێنێتەوە و ڕێک دەیکاتە ڕێپیشاندەر و ڕێچکەی ژیانی خۆی، ئەو لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا بووە، بەڵام ئازا و بوێرانە خۆی پێگەیاندووە، لە ساڵی ١٩٥٩ ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە تەوێڵە یەکەم نۆبەرەی شیعری خۆی نووسیوە بە ناوی(نەورۆز) لە یادی نەورۆزدا داویەتییە دەست قوتابییەکی خۆی خوێندوویەتییەوە، لە پاشان ناردوویەتی بۆ ڕەوانشاد دکتۆرە نەسرین فەخری کە ئەو کات بەرنامەیەکی ئەدەبی



و شیعر خوێندنەوەی هەبووە لە رادیۆی کوردیی بەغدا، ئەویش بۆی بڵاوکردووەتەوە، دواتر هەمان پارچە شیعری خورشیدە بابان لە ڕۆژنامەی(ژین) بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش هاندەرێک بووە بۆ ئەوەی بە تەواوی بچێتە ناو دنیای شیعرو ئەدەب و هونەرەوە، ئیتر دەست بە نووسینی شیعر دەکات و لە هەموو کتێب و نامیلکە شیعرییەکانیدا کۆمەڵێک شیعری نیشتمانپەروەری و فۆلکلۆری و جوانیی سروشتی کوردستان و کۆمەڵایەتی و پەندی پێشینانی کوردی تێدا بڵاوکردووەتەوە، جگە لە نووسینەوەی بیرەوەرییە سەختەکانی ژیانی بە ناوی(زام)، ئەو شیعری دڵداری و ئەڤینی نەنووسیوە، چونکە ژیانی ئەو هەمووی هەر سەخت و نالەبار بووە، دیارە حەز و ئارەزوویشی لەم بوارەدا نەبووە، ئەو خەمخۆری گەلەکەی بووە، کۆمەڵێک بەرهەمی بۆ نەوەکانمان بە جێهێشتووە کە ئەمانەن:

- دیاری و یادگار، نامیلکەی شیعری و هەندێ شیعری فۆلکلۆری و پەندی کوردی، ساڵی ١٩٦٩. - تیشک، یان تیشکی خۆر، شیعر و پەندی کوردی و شیعری فۆلکلۆری، ساڵی ١٩٧٠.

- دارەوەن، نامیلکەی شیعری.

- من هەڵەبجەم، نامیلکەی شیعری.

- پێشمەرگە، نامیلکەی شیعری.




-(زام- زامەکان)، پێش مردنی داویەتی بە هاوڕێیەکی خۆی نووسەر محەمەد مەردان ، ئەویش داویەتییە ڕێکخراوێکی خێرخوازی، بڕیار وابووە بۆی چاپ بکەن.

خورشیدە بابان لە ساڵی ١٩٩١، هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلەپوور و هونەری کوردی بووەتە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەکە و لە گۆڤاری کەلەپوور بەرهەمی خۆی بڵاوکردووەتەوە.

خورشیده بابان وەکو ئەکتەریش لە فلیمی(بووکی کوردستان) بەشداری کردووە و ڕۆڵێکی هەبووە و زۆر حەزی لە شانۆ و هونەر بووە.

لە ساڵی ١٩٧٠ کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزراوە ئەو لە پاش دکتۆرە نەسرین فەخری کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بووە، دەبێتە ئەندام و لە ساڵی ١٩٧٩ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی بووە.

بەشداری لەو کۆڕە شیعرییانە کردووە کە لە هۆڵی کتێبخانەی هەڵەبجە بەستراون، بەشداریش بووە لە بەشی زۆری ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سلێمانی ئەنجامدراون.

لە ٦-١٢-٢٠٢١، لە هۆڵی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی هەڵەبجە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە لە ژێر دروشمی(خورشیدە بابان ڕووناکییەک لە تاریکیدا) دیداریکیان بۆ ڕێکخستووە، کە تێیدا باسی دڵسۆزی و بوێری و خەمخۆری ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە کراوە.

ئەو لە دنیا هیچی نەبووە، ماڵەکەی هەردەم لە کۆڵی بووە و هەموو خەڵکیشی خۆشویستووە بە تایبەتی هەژار و کەم دەرامەتەکان، هەتا خشڵ و گوارەی گوێی خۆی بەخشیوە بۆ ئاوارەکانی شاری کەرکوک ئەو کاتەی هاتوونەتە شاری سلێمانی.

لە مانگی ١٢ ی ساڵی ١٩٩٧ لە بەکرەجۆ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بەکرەجۆش بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

یەکەم پارچە شیعری شاعیر خورشیدە بابان بە ناوی(نەورۆز)، کە ساڵی ١٩٥٩ نووسیویەتی:

منم گوڵی نەوبەهار، کیژۆڵەی کوردی نازدار
منیش تازە نەمامم، ئەڕۆم ڕووە مەرامم
ئاوات و هەستم پاکە، گیان ئەبەخشم بەم خاکە

پێشکەش ئەکەم بە کورد، کام کردەوەی زۆر چاکە
دۆستی ڕاستم زانینە، دوژمنم کینە و قینە
بەڵام بەرامبەر زۆردار، زۆردارێکم خوێندەوار
دژی پەستی و تاریکم، تیشکی هیوام بۆ هەژار
جەژنەکەم جەژنی هۆزم ، ڕازاوەم بۆ نەورۆزم
جەژنتان لێ پیرۆز بێ، یەکێتیتان پیرۆز بێ
سەیرکەن لوتکەی بەفرینم، دەستی دڵگیر و شینم
من نەمامی ئەم خاکەم، هەوڵ ئەدەم بە گشت تینم
بە سێبەری دڵپاکی کوردستانی شیرینم.

**سەرچاوەکان:**


١- کوردیپیدیا.
٢- Jintv- Beshur، بەرنامەی بیرەوەری لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ئەڤین ئەسرین، فلمێکی دکیومێنتارییە ، کە هەر یەک لە هاوڕێیانی خورشیدە بابان(محەمەد مەردان ، فاتمە فەتاح، کۆچەر ئەنوەر)باس لە ژیانی ناوبراو دەکەن.
٣- -Roj news، فلمێکی دکیومێنتاری لە ٦-١٢-٢٠٢١.
٤- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عەبدولوەهاب تاڵەبانی

نووسەر و وەرگێڕو ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا عەبدولوەهاب تاڵەبانی ..

ناوی تەواوی (عەبدولوەهاب مەحمود عەزیز مستەفا تاڵەبانی)یە، لە ساڵی ١٩٤٦، لە گەڕەکی(گاورباغی)ی شاری کەرکووک لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و پۆلی یەکەمی ناوەندی لەکەرکووک تەواو کردووە، پۆلەکانی دیکەی ناوەندی تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە سلێمانی خوێندووە، کە قوتابی پۆلی پێنجەم بووە لە ڕەشبگیرییەکەی(زەعیم سدیق) دەستگیرکراوە، بۆیە بە یاوەریی ئینزیباتی عەسکەری بردوویانە بۆ تاقیکردنەوە، هۆڵی قوتابخانەی ناوەندیی (جمهورية) دوو دەرگای هەبووە ئەو لە یەک لە دەرگایەکانەوە هەڵاتووە و خۆی گەیاندووەتە شاخ و لەوێشەوە بۆ(چەمی ڕێزان)، ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە و چووەتە بەغدا لە قوتابخانەی ئامادیی(جعفرية) لە بەغدا تاقیکردنەوەی پێنجی ئامادەیی بە (إمتحان خارجی- تاقیکردنەوەی دەرەکی) کردووە و بە پلەیەکی زۆر باش دەرچووە و چووەتە بەشی (ئامار-الإحصاء) لە کۆلێژی(الإقتصاد و العلوم السياسية- ئابووری و زانستییە سیاسیەکان)،



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی، ڕۆماننووس بەیان سەلمان.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی، وێنەگر فارس سەعدی، هونەرمەند خەلیل یابە، نەناسراوە، ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان.

ساڵی ١٩٧١ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بووەتە فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروباری شارەوانی(البلديات) لە بەغدا.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ وەکو بەشی زۆری شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد جارێکی دیکە بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش وەکو (مذيع- بێژەر)و وەرگێڕ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەست بەکار بووە، دەنگە زوڵاڵییەکەی عەبدولوەهاب تاڵەبانی ببووە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە قارەمانەکان، پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە بەغدا و نەفی دەکرێت بۆ شاری نەجەف لە خوارووی عێراق و دواتر دوور خراوەتەوە بۆ تکریت. لەساڵی ١٩٧٩



له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، شاعیر و نووسەر دکتۆر نافیع ئاکرەیی، شاعیر سەعدوڵلا پەرۆش، شاعیر و نووسەر لەتیف هەڵمەت.

گواستراوەتەوە بۆ دائیرەی (إحصاء )ی هەولێر و پاش ماوەیەکی کەم چووەتەوە دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، هەرهەمان ساڵ نێردراوەتەوە هەولێر وەکو بەڕێوەبەری نووسینگەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەهەولێر تا ساڵی ١٩٨٣، لەساڵی ١٩٨٦ دەبێتە سەرباز، چونکە ڕۆژنامەنووس و میدیاکار بووە ناردراوەتە ڕۆژنامەی (العراق)، لەگەڵ چەند نووسەرێکی کوردی دیکە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)یان بۆ ماوەی ساڵێک دەرکردووە، پاشان وەزارەتی ڕاگەیاندن دایخستووە، پاش تەواوکردنی سەربازی گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دواتر لە ژێر فیشاردا دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی لەسەر داخوازیی نووسەری عەرەبی عێراقی(محسن الموسوي)، بە کاتیی دەبێتە جێگری بەڕێوەبەری چاپخانەی(آفاق العربية) لە بەغدا، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٢ بە ڕێگای قاچاغ خۆی گەیاندووەتەوە هەولێر و لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣ دیسان هەر لە ژێر فیشاری ڕژێم، ڕوو دەکاتە وڵاتی سووریا و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئوستراليا وەکو پەنابەر نیشتەجێ بووە.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەسوڵ بێزار گەردی، نووسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و میدیاکار عەبدولوەهاب تاڵەبانی هەر لە منداڵییەوە خولیاو سەودای ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردی بووە،

یەکەم دەستپێکی نووسین و کاری میدیایی لە ساڵی ١٩٦٧، بووە، ئەوکاتەی وتارێکی بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی( صوت الاهالي) بڵاوکردۆتەوە، ئەو هێشتا قوتابیی کۆلێژی ئابووری بووە وەکو (مذيع و مترجم- بێژەر و وەرگێڕ) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بەکار بووە تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٢، دەیان چاوپێکەوتن و دیداری لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی کورد و دەیان بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بە(پەخشی ڕاستەوخۆی دەرەکی- نقل مباشر خارجي)، بۆ گوێگران و هەوادارانی ڕادیۆی کوردیی بەغدا گواستووەتەوە.

هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(هاوکاری)، لە ٩- ١٠- ١٩٧٠، ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی بەشدار بووە بە نووسینە



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: شاعیر و نووسەر سامی شۆڕش، شاعیر و نووسەر سەعدوڵڵا پەرۆش، ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، شاعیرو ڕۆژنامەنووس سەلاح شوان، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، شاعیر و نووسەر جەوهەر کرمانج.**



له لای ڕاستەوە: دکتۆر فوئاد خورشید،
نووسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی.



له لای ڕاستەوە: بەڕێز ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل،
ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی.



له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، بەڕێز ئیسماعیل ڕەسوڵ،
نووسەر محەمەدئەمین هەورامانی.

هەمەجۆرەکانی لەگەڵ هەریەک لە ڕۆژنامەنووسان (سەربەست بامەڕنی و جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس و سەلاح شوان و دیزایینەر محەمەد زادە) تا ئاداری ساڵی ١٩٧٤، هەروەها هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(برایەتی)ی کوردی پاشکۆی(التآخي)، لەگەل هەمان هاوڕێیانی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە و شاعیر لەتیف هەڵمەتیشیان لەگەڵدا بووە، بەشدار بووە بە نووسینەکانی تا داخستنی ڕۆژنامەکە.

- ئەو سەدان وتاری هەمەجۆری بە زمانی عەرەبی و کوردی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە.

- لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بووە لە هەولێر، ماوەیەکیش بەڕێوەبەری نووسین بووە لە گۆڤاری (بەیان) ی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا.
- لەساڵی ١٩٨٩ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ)ی کوردی بووە، کە ساڵێکی خایاندووە، دواتر ڕژێم دایخستووە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٥، ئەو دوو ساڵ و نیوەی کە لە سووریا بووە، پرۆگرامێکی هەفتانەی لە ڕادیۆی(دەنگی گەلی عێراق- صوت الشعب العراقي)، لە دیمەشق پێشکەشکردووە و باشترین وتارە ئەدەبی و سیاسییەکانی خۆی بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی بڵاوکردووەتەوە.

- ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی هەر لەو کاتەی گەیشتووەتە



**لە لای ڕاستەوە ڕیزی پێشەوە: نووسەر موکەڕەم تاڵەبانی، ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی،**
**لە لای ڕاستەوە ڕیزی پشتەوە: شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ،**
**شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس، نووسەر زادوق ئادەم.**



**پۆلێك نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسانی كورد ساڵی ١٩٧٤، لە ناوپردان، دانیشتووەكان لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەرید زامدار، ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، نووسەر محەممەد بەدری، شاعیر جەلالی میرزا كەریم، شاعیر عەبدولخالیق سەرسام، ڕاوەستاوەكان لە لای ڕاستەوە:**
**شاعیر لەتیف هەڵمەت، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس، نووسەر و ڕۆژنامەنووس كامەران قەرەداغی، نووسەر محەممەد موكری، شاعیر و نووسەر فەرهاد شاكەلی، دكتۆر فوئاد خورشید.**

ئوستراليا هەمیشە بێ وچان لە كاری ڕۆژنامەگەریدا درێغی نەكردووە، ئەو لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە كاری كردووە:

- لە ساڵی ١٩٩٨ وەكو موحەریر لە ڕۆژنامەی (التلغراف) كاری كردووە و دواتر سەرنووسەری هەفتەنامەی(چرا)ی كوردی بووە كە سەر بە ڕۆژنامەی(التلغراف)بووە.
- ماوەیەكیش پەیامنێری ڕادیۆی(مۆنتی كارلۆ) و سەرنووسەری ڕۆژنامەی(الديار) بووە، كە نووسەر ئەحمەد سوكارنۆ دەریدەكرد.
- ماوەیەك پەیامنێری گۆڤاری(الصوت الاخر) بووە لە سیدنی، كە لەهەولێر دەردەچوو و سەرنووسەرەكەی ڕەوانشاد سەعید یەحیا بوو.
- لەساڵی ٢٠١٤، سكرتێری كۆمەڵەی یەكگرتووی كوردی بووە لە هەرێمی (نیو ساوث ویلز)ی ئوسترالی.

- ئەندامی یەکێتیی میدیاکارانی ئوسترالییە.

لە ٢-٦- ٢٠٢٢، وەکو سەرۆکی ناوەندی(دیاسپۆرای) کوردانی ئوسترالیا لە لایەن دەستەی دامەزرێنەران هەڵبژێردراوە.

- بەم دواییەش دەستی بە نووسین کردووەتەوە لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ئوسترالیا و لە ڕۆژنامەی هەولێریش دەنووسێت.

ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدولوەهاب تاڵەبانی خاوەنی بڕوانامەی ڕۆژنامەگەری سەرەتاییە کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لە براگ وەریگرتووە..

عەبدولوەهاب تاڵەبانی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدولوەهاب تاڵەبانی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.




# حەمە سەعید حەمە کەریم جاف

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و وەرگێڕو وەرزشوان و توێژەر حەمە سەعید جاف

ناوی تەواوی(حەمە سەعید حەمە کەریم جاف)ە، لە ١٤-٧-١٩٥١ لە گوندی(نەوێ)ی بناری سورێن لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٤ بە ماڵەوە چوونەتە سەید سادق، لەساڵی ١٩٥٧ چووەتە قوتابخانەی سەید سادقی سەرەتایی و ساڵی ١٩٦٣ تەواوی کردووە و یەکەم بووە لەسەر ئاستی قەزاکە و سێیەمیش بووە لەسەر ئاستی هەموو پارێزگای سلێمانی، بۆ خوێندنی ناوەندی چووەتە سلێمانی لە قوتابخانەی ناوەندیی کۆماری تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە و سالی ١٩٦٩-١٩٧٠ تەواوی کردووە و لە ١-٩-١٩٧٣ بووەتە مامۆستا لە گوندی(وەڵەسمت)ی بناری شارەزوور، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی



**نووسەر حەمە سەعید جاف لەساڵی ١٩٨٢، تازە لە بەندیخانەی ئەمنی حکومەت ئازاد کرابوو.**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چیرۆکنووس مستەفا ساڵح کەریم، دکتۆر مارف خەزنەدار، نووسەر حەمە سەعید جاف.**

کوردستان لە هێزی خەبات.

ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆی شۆڕش هاتووەتەوە سەر کارەکەی خۆی و ڕەوانەی قوتابخانەی ناوەندیی سەید سادق کراوە، وەکو مامۆستای دەرسی ئایین و وەرزش دەست بەکار بووە.

لەبەر هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی لە ٢٢-١١-١٩٨١ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی حوکمی زاتی دەستگیر کراوە و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ٢٢-٧-١٩٨٢ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە کە بە لێبووردنی(شێخ عەبدولقادری چوێسە) بەناوبانگە و ئازاد دەکرێت و خزمەتی وەزیفەی دەگوازنەوە سەر میلاکی وەزارەتی کشتوکاڵ و ڕەوانەی(مزرعة الدلمج)ی نێوان شاری کوت و عیمارە دەکرێت، تا ساڵی ١٩٨٧ بە واسیتەی هەندێ دۆست و برادەرانی



دەگەڕێتەوە بەغدا و لە گۆڤاری(دەنگی جووتیار) دەست بەکار دەبێت، پاش ماوەیەک دەگوازرێتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی و لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری(ڕەنگین)، تا ساڵی ١٩٩٥ دیسان لەسەر هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی بە بێ ویست و داخوازی خۆی خانەنشین کراوە، ئیدی کەوتووەتە کاسبی کردن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی.

حەمە سەعید جاف هەرچەندە مامۆستا بووە، بەڵام هەر لە تافی لاوێتیدا حەزو خولیای چووەتە سەر ئەدەب و کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی، لەساڵی ١٩٧٢، یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی بە وتارێکی ڕەخنەئامێز دەستپێکردووە کە لەسەر دامودەزگاکانی ئەو کاتی قەزای هەڵەبجە بووە و



لە لای ڕاستەوە: دکتۆرە کوردستان موکریانی، نووسەر حەمە سەعید جاف.



نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف لە کاتی وتارخوێندنەوە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە سەعید جاف، هونەرمەندی ئەکتەر حاجی مەکی(عەلییە فەندی).



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس.




بە ناوی خوازراوی(جەبار کوردە لە شارەزوور) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردۆتەوە، ئیدی کەوتووەتە ناو دنیای نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی و چیرۆک بۆ منداڵان و بابەتی هەمەجۆری دیکە، لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردوونەتەوە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزیشە، کە بە زمانێکی کوردی سادە و ساکار و پاراو نووسیویەتی ئەمانەن:

- یادی (٨١)ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، کە لەسەر ئەرکی حاجی مەلا حەمە کەریم ساڵی ١٩٧٩ چاپکراوە.
- خۆشەویستیی نیشتمان، چیرۆک بۆ منداڵان، دەزگای ڕۆشنیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە چاپی داوە.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە سەعید جاف، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ.



له لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال مەزهەر، نووسەر حەمە سەعید جاف.

- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە چاپی داوە.
- کتێبی کورد، کە دکتۆر مارف خەزنەدار کردوویەتییە عەرەبی، حەمە سەعید جافیش، لەساڵی ١٩٨٤، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەر ئەو کتێبە نوسخە کوردییەکەی لە لایەن نووسەری بە ناوبانگی ئێرانی(ڕەزا خەیری موتڵەق) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و چاپکراوە.




- ژیانی کوردەواری، لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- (یاداشتەکانی ڕۆژنامەنووسیم)ی نووسەر مەکسیم گۆرگی، لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ١٩٨٣.
- پەیامی شۆڕشگێڕانە، لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی بەڕێز بەکری حاجی سەفەر، ساڵی ٢٠١٢، سلێمانی.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین- نووسەر حەمە سەعید جاف.**

ئەو سێ کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف هەر نووسەر و وەرگێڕ و توێژەر نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی زۆر بە توانا بووە، لە ژیانی پیشەیی خۆی ئەم چالاکییانەی خوارەوەی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧، یەکەم پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوکاری بووە لە شاری سلێمانی، لاپەڕەی(دیوەخانی کاکە حەمە)شی هەبووە کە بایەخی بە کێشەی هاووڵاتیان داوە.




- لە ساڵی ١٩٧٩ کە گواستراوەتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی بووەتە لێپرسراوی نووسینگەی(ئاژانسی دەنگوباسی عێراق- وكالة الأنباء العراقية- واع) لە شاری سلێمانی.
- ماوەیەکیش پەیامنێری ڕادیۆی عەرەبیی بەغدا

و ڕادیۆی کوردیی بەغدا بووە و بەرنامەی(قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری) ئامادە و پێشکەشکردووە، لە تەلەفزیۆنی کەرکووکیش بەرنامەی(ئەدەب و ژیان)ی ئامادە و پێشکەشکردووە.

- لە بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری کە هەردوو ڕەوانشاد مستەفا نەریمان و مەحمود زامدار ئامادەیان کردبوو، ئەو دوو ساڵ یەکەم نووسەر بووە کە زۆرترین وتار و نووسینی هەمەجۆری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە.



حەمە سەعید جاف، هونەرمەند و ڕۆماننووس خەسرەو جاف.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە سەعید جاف، دکتۆر ئیحسان فوئاد.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە سەعید جاف، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند کەریم کابان، هونەرمەند تەحسین تەها، ئەوەی دانیشتووە: هونەرمەند فوئاد حەمە ئەمین ئاغا.



**له لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە سەعید جاف، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووسی گەورەی کورد حسێن عارف.**

بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرپەرشتی لە چاپدانی گۆڤاری کاروانی لەمەڕ نووسەر و چیرۆکنووسی گەورەی کورد حسێن عارف کردووە لەگەڵ ڕەوانشاد شێخ جەعفەر.

- لەساڵی ٢٠٠٧ بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری(دەنگی هاوردەکارانی کوردستان)ی سەر بە یەکێتیی هاوردەکاران و ناردنکارانی کوردستان، تا داخستنی گۆڤارەکە لەبەر بێ پارەیی.





- بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراس و کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان کردووە و ڕووماڵی ڕووداوەکانی ناو ئەو کۆبوونەوانەی کردووە، چ وەکو ڕۆژنامەنووس چ وەکو پەیامنێر.
- پەیوەندییەکی زۆر باشیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی










کوردستان و عێراق هەبووە و هەیە.

- بۆ پەرەپێدانی توانای خۆی بە شێوەیەکی ئەکادیمی دوو جار چووەتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن و نووسینەوەی ڕۆژنامەگەری.

ئەو خاوەنی بڕوانامەی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە کە لە قوتابخانەی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە وڵاتی هەنگاریا وەریگرتووە، لە پەیمانگای ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لە چیکۆسلۆفاکیاش هەڵگری هەمان بڕوانامەیە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان و نێو دەوڵەتییە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانیشە.

- لەساڵی ١٩٨٩، کۆرسێکی زمانی ئینگلیزی لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و بڕوانامەی وەرگرتووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و میدیاکار حەمە سەعید جاف جگە لە لایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ئەو وەرزشوانیش بووە لە سەرەتای لاوێتیدا تیپی تۆپی پێی(كرة القدم)ی سەید سادقی دامەزراندووە و هەر خۆشی سەرۆکی تیپەکە بووە، لە تیپی نەوجەوانان(دیدەوان- کشافة)، زۆر چالاکییان نواندووە و بەشداریش بووە و لە کۆنگرەی هەشتەم و نۆیەمی دەیدەوانان لە موسڵ و وڵاتی سووریا لە(دیمەشق- زەبەدانی)، ئەو بە خۆی

وەکو وەرزشوان یەکەمی(ڕاکردنی ١٠٠ مەتری) بووە لەو میهرەجانە.

حەمە سەعید جاف ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی ژیان بە خوێندنەوە و نووسین دەباتە سەر و خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەیە کە زیاتر لە(٦) هەزار کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی فارسی و ئینگلیزی لە خۆدەگرێت، لە کتێبخانەی گشتیی سەید سادقیش ڕەفێکی تایبەت بە کتێبەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف دانراوە کە زیاتر لە(٦٠٠) کتێبی تێدایە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# جەوهەر غەمگین

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و یاسازان، ڕەوانشاد جەوهەر غەمگین، ناوی تەواوی(جەوهەر حاجی بەکر کێخوا تەها) یە، بە جەوهەر غەمگین ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی(تۆبزاوە)ی سەر لووتکەی چیای سەفینی سەرکەشی سەر بە پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی خاوەنی چوار ژن بووە، دایکی ئەو بچووکترین ژنی بووە و خۆیشی بچووکترین منداڵی باوکی بووە لەنێو(٧ برا و ٣ خوشک)دا.


لە ساڵی ١٩٤١ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە لە قوتابخانەی(اربیل الثالثة) و لە قوتابخانەی(اربیل الاولی) تەواوی کردووە و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیشی هەر لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٣ وەکو پارێزەر لە هەولێر دەست بە کار بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٩٤ بووەتە ڕاوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێمی کوردستان.





**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، جەوهەر غەمگین، نە ناسراوە.**

جەوهـەر غەمگیـن هـەر لـە منداڵییـەوە حـەز و ئـارەزووی بـۆ زمـان و ئـەدەب و شـیعری کـوردی و گیانـی کوردایەتـی زۆر بـەرز بـووە، ئـەو لـە ڕێگای دیوەخانی باوکییەوە گوێچکەی بە مێژووی شۆڕشـەکانی کورد(شێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری و سـمکۆی شـکاک و شـێخ مەحمـودی حەفیـد) ئاشـنا بـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٤ بووەتـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان-لقی هەولێر، دواتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ ماوەی (٦) مانگ لەسـەر وتارێکی سیاسـی دەسـتگیر کراوە و دواتر(٩) مانگ خراوەتە بەندیخانـە لەسـەر هەڵبەسـتێکی کـە ڕەخنـەی لـە مەلیک(فەیسـەلی دووەم) گرتـووە و ڕەوانـەی بەندیخانـەی (کەرکوک و بەسرە و بـەدرە) کراوە، لـە سـاڵانی ١٩٦١- ١٩٦٣ دیسـان دوو جاری دیکە هـەر لەسـەر سیاسـەت دەسـتگیر کراوە، ئـەو کاتـەی لـە بەندیخانـەی (مسـیب) بـووە، سـێ کتێبـی لـە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.




جەوهـەر غەمگین هـەر چەندە شیعری شاعیرە




کلاسیکییەکانی خوێندووەتەوە، بەڵام زۆر حەزی لە شیعری کۆن نەبووە، بەڵکو ئەو زۆر ئارەزووی لە شیعر، لەسەر کێشی فۆلکلۆریی نەتەوەیی بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ یەکەم نۆبەرەی نووسینی وتارێک بووە کە لە ڕۆژنامەی(هەتاو) بڵاوی کردووەتەوە، هەر لە هەمان ساڵدا یەکەم چیرۆکی خۆی لە گۆڤاری(پەیام) بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ کە دەستگیر دەکرێت لە بەندیخانە سێ کۆمەڵە شیعر و شەش چیرۆک دەنووسێت بەڵام لێیان فەوتاندووە، لە ساڵی ١٩٥٧ دەست دەکاتەوە بە نووسینی شیعر و ئەو بە یەکێک لە پێشڕەوەکانی شیعری(الحر- ئازاد) لە هەولێر هەژمار دەکرێت، لە مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٥٧، بە پارچە شیعرێک(هجو- ڕەخنە- زەم)ی مەلیک فیسەلی دووەم دەکات و لە گۆڤاری (هیوا) بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت:


گوێ بگرە فەیسەل
ئەی دوژمنی گەل
ڕاوچی بێ ئایین
خوێنمژی گشت مەل



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جەوهەر غەمگین، هونەرمەند و میدیاکار سالار کۆشار.**








جەوهەر غەمگین شاعیرێکی کورد پەروەر بووە، شیعر و چیرۆکی بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، زۆر بایەخی بە فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی داوە و ئەمەش لە بەرهەمەکانی بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، زۆریشی لا ئاسایی بووە بە زمانی عەرەبی دەنووسێت و دەڵێت: با گەلانی عەرەبی بە شیعر و کەلتووری کوردی ئاشنا ببن، کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان لە چاپ داوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:


- ئاوازی تازە، شیعر، ١٩٥٩.
- کوردستان، شیعر، ساڵی ١٩٦٠.
- خاک و ڕۆژ و خۆشەویستی، شیعر، ساڵی ١٩٦٠.
- خەونەکانم، شیعر، ساڵی١٩٩٨.
- فتاة المشرب، ڕۆمان بە زمانی عەرەبی، هەولێر ساڵی ١٩٩٨.
- شێرۆش کوژرا، کورتە چیرۆک و وتار، ساڵی ١٩٩٨.
- الجدار، ڕۆمان، بە زمانی عەرەبی.
- ذات الجمال الدافيء، کورتە چیرۆک و وتار بە زمانی عەرەبی، ١٩٩٨.
- قصائد منسية، شیعر بە زمانی عەرەبی، ٢٠٠١.
- گوڵی سەربەستی، ڕۆمانێکی ئۆکرانییە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، ساڵی ١٩٩٨.

- پەپوولەو ڕستە دابڕاوەکان، شیعر، ٢٠٠١.
- من و ئێوە و سبەی، چیرۆک و وتار، ٢٠٠١.

جەوهەر غەمگین سەبارەت بە شیعر و شاعیران دەڵێت: (شیعر پەیامێکی پیرۆزە، لەسەر شاعیر پێویستە ئەم پیرۆزییە بە هەند وەربگرێت، شاعیر نێردەی میللەتەکەیەتی پێویستە زۆر ڕوون و ڕاستگۆ بێت، چونکە خەڵک کاتی بیرکردنەوەی لوغز و تەلیسم و ناڕوونیی شیعری نییە، شاعیریش پێویستە پێش هەموو خەڵکی بێ بەزەییانە ڕەخنە لە خۆی بگریت).

جەوهەر غەمگین زۆر کورد و کوردپەروەر بووە، ساڵی ١٩٥٧ ئەو کاتانەی کە لە بەندیخانەش بووە هەر چالاک بووە، با بزانین مەلا عەولای حاجی سمایل لە کتێبی(سەربردەی ژیانی سیاسیم)دا دەربارەی جەوهەر غەمگین چی دەڵێت:(ڕەئیس عورەفا بە حەیزەرانێکەوە هات کاکەی فەلاح و جەوهەریان یەک لە دوای یەک بە دارجەلدەکەوە بەستەوە، ڕەئیس عورەفاکە هەر یەکە سێ جەلدەی لێدان و لە پاشان بردنیانەوە مەحجەر، ئەو سزایەش لەسەر ئەوە بوو لە گەڕە لاوژەی شەوەکانی مەحجەردا جەوهەر گۆرانیی گوڵی خوێناوی لەمەڕ گۆرانی شاعیر گۆتبوو، کاکەی فەلاحیش هەڵبەستی(کونە پەپوو)ی خوێندبووەوە، سیخوڕەکانی دایەرە زمانیان لێدابوون لەسەر ئەوە مودیر بانگی کردبوون لە جەوهەری پرسیبوو (انت اش قريت ؟) جەوهەریش لە جیاتی بڵێ من فڵانە گۆرانیم گوتییە کە هەمیشە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بڵاودەکرێتەوە، گوتبووی(قريت الوردة الدامية) ئێ خۆ لەو سەردەمدا هەر وشەی(سوور) نەخوزالا (خوێن)یش بە






تەنیا بۆ سزا دان بەس بوو).

جەوهەر غەمگین لە ٢٥-٢-٢٠١٢ لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ئەو لە نەخۆشخانە لە سەرەمەرگدا بووە، لە شۆفێری ئۆتۆمۆبێلەکە خۆشبووە.

جەوهەر غەمگینی شاعیر و کوردپەروەر ڕەوانتشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا چەند پارچە شیعرێکی شاعیر جەوهەر غەمگین- تان بۆ دەنووسمەوە:

**باڵداری بەبێ لانە***

وەک باڵداری بەبێ لانە
هەرسات..هەرکات
لە جێگایە لە کوچەیەک...
لە ڕێگایەک دێ و دەنیشێ
و دیسان دەفڕێ ملی
ڕێگایەکی دیکە دەگرێ
تۆ نازانی دڵم چرۆی دەرکردووە
بەرەو بەرزایی هەڵچووە
بە چرکەیەک بووە بەدار
بالآبەرز پەلک هەزار
بۆتۆ ، بۆتۆی نازدار
ڕووی تێبکەی بیکەیت بەجێت
شادەماری بکەی بەڕێت

***

جا نازانم باڵدارەکەم لە وەرزی ساڵ ،
بەهارەکەم تێڕامانم

هەموو شتێ نادرکێنێ
لەناو چاوما چی دیارە
چی نهێنی و چی ئاشکارە
وا بزانم بێگومانم
بە تیلایی چاوێکی خۆت
ئەزانی من ناخی دڵم هێلانەیە
گەرم وگوڕە
لەتۆ پڕە عاشق
بەو دووچاوانەیە
بەم باڵایەی هەڵچووە
لە ناخمدا خەتم بووە
***
ئۆباڵی دڵم بەئەستۆت
ئەگەر نەیکەی بەداڵدەی خۆت
بەردە باز بێ بۆهات و چۆت
ئیتر بەسە بنیشەوە کات درەنگە
دوورلە تیشکی چاوەکانت شەوەزەنگە،
شەوەزەنگە

**جەوهەرغەمگین***

**خۆزگە ***
خۆزگە جوانی کزە بابام
لە گۆناکەی لوس وسافت
بە نەرم ونۆڵی خشابام

لێی سووا بام

****

خۆزگە لە پرچەکەی ئاڵۆزاوت

یاخود گەرمی دڵی گەورەت

حەشار درابام

****

خۆزگە داوەموویێکی پرچت بام

ڕەگ و ڕیشەم دەکووتابا

قەت نەپسابام

****

خۆزگە دڵپەخوێنێ بام

لەناو لەشتا بگەڕابام

لەگەڵ خوێنتا لەناو

دەمارتا بسووڕابام

****

خۆزگە وەکو مەمکەوانەی

دەم زۆر تەسک ،

مەمکەکانتم بگرتبا خۆ ،

بمگوشیبا تێی ئاڵابام

****

خۆزگە گیانە ،

دەسماڵێک بام

وەک خەناوکە نەرم و نیان

دەوری گەردن تاکو مردن

ئەبووە جێگام هەرواش مابام

****

خۆزگە وەکو توولی
پەروازی ئەتەکت ،
بەسەر پووزا
هەربخشابام
وەکو ڕۆجی
سەرلێوی ئاڵ
ببریسکابام
ڕەنگی مۆری سەر پێڵوی چاو
لەبەرهەتاو
لەگەڵ هێڵی برژانگەکان
وەکو کانیاو منی هەژار،
بەرامبەریا بۆی تاسابام

****

خۆزگە دەستە سرێک
بام ئاوریشمین،
جەستەم پڕ بۆن بکەی
گوڵاوی ئارەقت لەسەرگۆنا،
گۆنای شیرین و ورد،
ورد ئەمژی خۆزگە وابام

*****

بڕوابکە هێندە تامەزرۆی سینەتم
هەمیشە خۆزگە دەخوازم
کە ساوابام هەرساوابام
جەوهەرغەمگین*

هێندە *

چەندە لاواز و لەڕم
هێندەش کوشتوومی شەرم
بەم لاوازو لەڕیەش
دڵ وەک کوڵمی یار تەڕم

****

دڵ تەڕم وەک گشت ئینسان
کە حەزبکا لە ژیان ژیانێکی پڕبەهار
وەک پەپوولەی ناو گوڵان

***

حەز ئەکەم لە دڵداری
نەک دڵداری هەژاری
بژیم و ڕەنجەڕۆبم
لە ژیان بە یەکجاری

**سەرچاوەکان:**


بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١-هەڤپەیڤینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ شاعیر جەوهەر غەمگین، بەشی یەکەم لاپەڕە(١٣٧-١٧٢) ساڵی ٢٠١٣، هەولێر.

٢- سەربردەی ژیانی سیاسیم، مەلا عەوڵای حاجی سمایل، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٩، لاپەڕە(١٩١).

٣- لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر جەلال زەنگابادی لە ٢٥-٢-٢٠١٢.

٤- چاوپێکەوتنی هونەرمەند و میدیاکار سالار کۆشار لەگەڵ شاعیر جەوهەر غەمگین، ساڵی ٢٠٠٦.

٥- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر فازڵ جاف

دەرهێنەر و ڕاهێنەر، توێژەری ئەکادیمی، پرۆفیسۆر فازڵ جاف ..

ناوی تەواوی(فازڵ عەلی موراد جاف)ە، دایکیشی خاتوو(زەینەب غەریب)ە، کە پەروەردەی کەناری ئەلوەندی خانەقینە، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکووک تەواو کردووە و چووەتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا و زۆر بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە. لە ساڵی ١٩٩٤ دکتۆرای لە(ڕێبازی مییرهولد، بیومیکانیک)ی لە ئەکادیمیای هونەر و شانۆی لە سانت بیترسبۆرگی ڕووسی بەدەستهێناوە و ماجستێری لە کۆلێژی(گۆلدسمس)ی زانکۆی لەندەن وەرگرتووە، دبلۆمیشی لە زانستەکانی شانۆ لە ستۆکهۆڵم بەدەستهێناوە.



دکتۆر فازڵ جاف

بە منداڵی ساڵی ١٩٦٢.

دکتۆر فازڵ جاف ماوەیەک ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین بووە لە هەولێر، نزیکەی(١٠) ساڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئێستا لە سوید نیشتەجێیە.





شانۆگەریی(هەزار و یەك شەوە)، لە سوید نمایشکراوە.

فازڵ جاف لە کەرکووکی فرەکەلتوور پەروەرد بووە، بۆیە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی تورکمانی دەزانێت، لە لوتکەی کێشەی نێوان کورد و تورکمان لە کەرکووک یەکەم مامۆستا کە وانەی شانۆ و نواندنی پێ گوتووە تورکمان بووە، ناوی مامۆستا(تەحسین شەعبان) بووە، زۆریشی خۆشویستووە و فێری شانۆی کردووە و دەرگای کتێبخانەکەشی بە ڕوویدا والآکردووە. ئەو هێشتا لە پۆلی ناوەندی بووە، ئەو کاتەی هاوتەمەنەکانی لە شارەکانی دیکەی کوردستان خەریکی کوردایەتی و خوێندنەوەی(مارکسیزم و لینیزم) بووینە، ئەو خەریکی خوێندنەوەی بەرهەم و شاکارە عەرەبی و جیهانییەکان بووە، لەوانە(نەجیب مەحفوز، تەوفیق حەکیم، ئیحسان عەبدولقدوس، تەها حوسێن، سارتەر، کامۆ، کافکا، دیستۆڤسکی، چەندان نووسەری دیکە).




ئەو زۆر حەزو ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و شیعر و هونەر بووە، لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ یەکەم جار





چووەتە سەر تەختەی شانۆ لە شانۆگەریی(کۆڵ نادەین) کە بە زمانی عەرەبی بووە و دەوری پاڵەوانێتی دراوەتێ، لەم شانۆگەرییە هاوڕێی نووسەر و شاعیر سەلاح شوان ئامادە بووە و پێی گوتووە: (خوا تۆی بۆ شانۆ خوڵقاندووە).

لە ساڵی ١٩٧٠ کە شانۆگەریی(دایکی شەهید) یان لە کەرکوک نمایش کردووە و فازڵ جاف دەورێکی گرنگی هەبووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند سەلمان فایەق بووە، ڕژێمی بەعس چاودێریی خستووەتە سەریان، بەڵام ئەوان زیاتر لە (١٠) ڕۆژ نمایشیان کردووە.

پاش تەواوکردنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا کۆمەڵێک شانۆگەری لە گەڵ تیپەکانی سلێمانی و کەرکوک دەرهێناوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ ڕوو لە وڵاتی سوید دەکات و ئێوارەی ٢٢-١-١٩٨٢ دەگاتە فڕۆکەخانەی(ئارلاندا) هاوڕێی دێرینی نووسەر و شاعیری ناسراوی کورد



شانۆگەریی(خەونە نمایشێك)، لە مەغریب نمایشكراوە.




فەرهـاد شـاکەلی پێشـوازی لێکـردووه و ڕێنمایـی و ڕێووشـوێنی خـۆ تەسـلیم کردنـی بـه پۆلیسـی سـویدی نیشـانداوه.

هونەرمەنـدی ئەکادیمـی فـازڵ جـاف هـەر کـه گەیشـتووەته سـوید یەکسـەر کۆڕسـی زمانـی سـویدی خوێنـدووه و زۆر زووش تێکـەڵ بـه کەلتووری ئەوان بووه، له ساڵی ١٩٨٤ خاتوو ئاریا دەناسـێت و زۆر کاری تێـدەکات و هاوسـەرگیری دەکـەن و ژیانـی پـڕ خۆشـی و بەرهەمهێنـان دەبەنەسـەر، ئیدی فازڵ جاف دبلۆمی زانستەکانی شـانۆ لـه زانکـۆی سـتۆکهۆڵم وەردەگرێت و چەندیـن خـول وۆرکشـۆپی لـه بواری جووڵـه و جەسـتەی مـرۆڤ لـه چەندین وڵات دەبینێت، لەوانە:(بەریتانیا، سـوید، فینلانـد، ئیتاڵیـا، مەغریـب، تونـس، لوبنـان، ئـوردن، بەحرەیـن، کوێـت) کاری دەرهێنـان بـۆ چەندیـن شـانۆنامەی نووسـەرانی جیهانـی وەکو:(شکسـبیر، مۆلییـر، سـتریندبێرگ، مـرۆژک، ئەسترۆڤسـکی، کۆلتێـس، دۆرفمـان) بـه




له لای ڕاستەوه: دکتۆر فازڵ جاف، د.وریا عومەر ئەمین.


زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ڕووسی و سویدی کردووەو نمایشی کردوون.

ئەو کە قوتابیی دکتۆرا بووە لە سانت بیترسبۆرگ مامۆستا رووسیەکانی پێیان گوتووە:( ئەو دەرهێنەرە دڵێکی ڕۆژهەڵاتیی هەیە، بەڵام بە عەقڵێکی ڕۆژئاوایی دەرهێنان دەکات)،هەر بۆیەش لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی بانگهێشتی دەکەن، چونکە پسپۆڕایەتی لە ڕووسیا وەرگرتووە و لە کۆلیژی (گۆڵدسمیس)ی زانکۆی لەندەن خوێندوویەتی، ئەو بە خۆی لە دڵییەوە سوپاسی مامۆستاکانی و کەلتووریان دەکات ناوی ئەمانەشی هێناوە:(ستانیسلاڤسکی، مییرهولڵد، گۆگۆل، پوشکین، چیخۆڤ، چایکۆڤسکی و شاستاکۆفیچ)کە هۆکار بووینە بۆ دیدی هونەری ئەو و خستنە سەر سکەی پان و بەرینی ئینسانییەت و خۆشی بە قەرزاری مامۆستایانی ڕووسی دەزانێت.

فازڵ جاف چەندین کاری هونەری لە وڵاتانی ئەروپی و عەرەبی ئەنجامداوە وا مشتێک لە خەرمانی کارە هونەرییەکانی ئەو دەخەینە ڕوو:

-ئەوکاتەی لەلەندەن شانۆگەریی(تەرتوف)ی زۆر بەسەرکەوتوویی پێشکەشکردووە، خانمە نووسەری مەغریبی(زهور گوڕام) داوای لێکردووە کە بێتە مەغریب و


شانۆگەریی(یاری بە ئاگر)، لە ڕووسیا نمایشکراوە.


شانۆگەری(تەرتوف)، لە لەندەن نمایشکراوە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد مەحمود زامدار، دکتۆر فازڵ جاف.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەری دیاری کورد فەرهاد شاکەلی، دکتۆر فازڵ جاف.

کاریان لەگەڵدا بکات و ئەویش ڕازی بووە و دواتر چووەتە مەغریب و لەسەر شانۆی نەتەوەیی مەغریب شانۆگەریی(ڕاشاموون و خەونی نیوە شەوێکی هاوینە)ی شکسبیری پێشکەشکردووە، ئەو کارەی بە گەورەترین کاری شانۆگەری خۆی دادەنێت.

- لە شاری سانت پترسبۆرگ لە ڕووسیا شانۆگەریی(گەمە بە ئاگری ئاوگوست)ی ستریندبێرگ بە زمانی ڕووسی خستووەتە سەر شانۆ.
- چەندین شانۆگەری و کاری هونەری لە شاریقە و تونس و مەغریب نمایشکردووە.
- لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ چەند شانۆکارێکی دیکە تیپی شانۆی(ئارارات)یان لە ستۆکهۆڵم دامەزراندووە.




- چەندین شانۆگەری لە سوید دەرهێناوە و نمایش کردووە لەوانە شانۆگەریی(مەرگ و کچ، -الف لیلة و لیلة- هەزار و یەک شەو- گێژەن، ڕووتبوونەوە....هتد).

نووسەر و دەرهێنەری ئەکادیمی فازڵ جاف زیاتر لە(١٠) کتێب و وەرگێڕانی چەندانی دیکە لە بوارەکانی هونەری شانۆ نووسیوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری هونەری و ڕەخنەیی

لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان لـە کوردسـتان و لـە سـوید، ئەمانـەش هەندێـک لـە بەرهەمـە چاپکراوەکانییەتـی:

- ستراتیجیەکانی ژیان.
- ستراتیجیەکانی کاریزما.
- فیزیای جەستە، بە کوردی و عەرەبی.
- دەرهێنانی شانۆیی.
- من المسرح السویدي، ترمینال، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە.
- ئەندێشەی داهێنەرانە.
- شانۆنامەکانی مرۆژک ، وەرگێڕانی شانۆنامەکانی نووسەر سلاڤۆمیر مرۆژک.















- ئەزموونی ڕیژیسۆر لە میتودوئیستاتیکا تیپی شانۆی  ئارارات.

هونەرمەند فازڵ جاف بەشداریی دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراسی هونەری و شانۆیی لە کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی کردووە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ئامادە بووە بڕوانامەی ڕێزلێنانیان داوەتێ.

لە ساڵی ٢٠١٣ بە ئەندامی یەکەم دەستەی ئەمینداریێتیی دەزگای شانۆی عەرەبی هەڵبژێردراوە.

سەبارەت بە هونەرمەند دکتۆر فازڵ جاف، مامۆستای ئەکادیمی دکتۆر فەرەیدون کەریم دەڵێت:(بۆ زانین من عادەتم نییە مەدحی کەس بکەم، بەڵام کە باسی دکتۆر فازڵ جاف ئەکەم، ئەمەوێ باسی شانۆی کورد بکەم، شانۆ زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگە، هیوادارم زیاد بایەخی پێبدرێ، گەر ڕۆژێک پەیکەرێک بۆ شانۆگەرێک بکرێ لە کوردستان گەر بۆ دکتۆر فازڵ نەبێ شانۆی کوردی خەمبار ئەبێ، دکتۆر فازڵ یانی شانۆ، شانۆ یانی دکتۆر فازڵ).

دکتۆر فازڵ جاف هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت بۆ ناساندنی کەلتوور و هونەری کوردی بەگەلانی دنیا.


سەرچاوەکان:

١- فازڵ جاف، مەلیک هێشتا ماوە، ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە ١١٣٣ی ڕۆژی ٦-٩-٢٠١١.

٢- ڕۆژنامەی(الحياة اللندنية) وتارێکی نووسەر نزار ئاغریا، لە ٢٨-٣-٢٠٠٦.

٣- Shaista Tv، بەرنامەی هزری نوێ، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار کەمال ئەسکەندەر.

٤- لاپەڕەی فەیسبووکی دکتۆر فازڵ جاف.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## بەختیار عەلی

شاعیر و نووسەرو ڕۆماننووس و ڕووناکبیری کورد بەختیار عەلی، ناوی تەواوی(بەختیار عەلی محەمەد)ە، لە ٨-٨- ١٩٦٦ لە(گەڕەکی ئیبراهیم پاشا) ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(شێخ سەلام) و ناوەندی لە(ناوەندیی ئەزمەر) و ئامادەییش لە ئامادەیی(هەڵکەوت) تەواو کردووە، دواتر بووەتە قوتابی لە هەر دوو زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین لە بەشی(زەویناسی-جیۆلۆجی)ی کۆلێژی زانستی، بەڵام بە هۆی بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی هەولێر بریندار دەبێت و ئیتر ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، ڕوو لە نووسینی شیعر و ئەدەبیات دەکات.




لە ساڵی ١٩٨٥ کە شەڕی عێراق و ئێران هەبووە بۆ ئەوەی نەبێتە سەرباز لە ڕیزی سوپای عێراق دەچێتە ئێران و نزیکەی(٨) مانگ لە شاری(کەرەج) دەمێنێتەوە، لەبەر سەختیی ژیان و باری ناهەمواری کەمپی پەنابەران لە ئێران زۆر بێ هیوا دەبێت و دەگەڕێتەوە کوردستانی



له لای ڕاستەوە: بەختیار عەلی، دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، نووسەر شێرزاد حەسەن

باشوور، ماوەیەک دوور لە چاوی پیاوانی ڕژێم دەمێنێتەوە، دواتر دووبارە بە هاوڕێیەتی و یاوەریی هەردوو نووسەر(فاڕوق ڕەفیق و ڕێبوار سیوەیلی) دەگەڕێنەوە ئێران ماوەیەکی کەم لە ناوچەی(چەمپاراو) دەمێننەوە و پاشان هەر سێکیان دەچنە شاری(بانە)، پاشان لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ ڕوو لە وڵاتی سووریا دەکات و لەوێشەوە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، سەرەتا لە شاری(فرانکفۆرت) و دواتر لە شاریَ(کۆڵن) نیشتەجێ دەبێت.

نۆبەرەی بەرهەمەکانی شاعیر بەختیار عەلی قەسیدەی(نیشتمان)ە، کە قەسیدەیەکی درێژە، هەر لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو قەسیدە درێژەکانی وەک(شار، گوناە و کەرنەڤاڵ) چەندانی دیکەی نووسیوە، دەستنووسی یەکەم ڕۆمانیشی هەر دەگەڕێتەوە ئەو سەردەم، لە پاییزی ساڵی ١٩٩٨ یەکەمین وتاری بە دوو بەش بە ناونیشانی(قسە کردن لە پەراوێزی بێدەنگیدا) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا بڵاوکردووەتەوە، لە ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕین لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری





پەیکەری بەختیار عەلی

دیکە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری(ئازادی) دەردەکەن کە تا ژمارە(٥)یان لێ دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی(گوناە و کەرنەڤاڵ) بە شێوەیەکی یەکجار سادە و ساکار بە تیراژێکی کەم چاپ کردووە.

لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٤ کۆمەڵێک کۆڕو سیمناری لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دەربارەی ئەدەب و فەلسەفە ئەنجامداوە، نووسینەکانی وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز سەیر دەکرێت.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ هەر یەک لە نووسەران(ڕێبین هەردی و ڕێبوار سیوەیلی و مەریوان وریا قانع و فارۆق ڕەفیق و ئاراس فەتاح و هەڵکەوت عەبدوڵڵا)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند دادەمەزرێنن و پاشانیش چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری(ڕەهەند) کە گۆڤارێکی ئەدەبی و فیکری بووە، بڵاودەکەنەوە.



بەختیار عەلی لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی (نیلی زاکس)لە دۆرتمۆند




بەختیار عەلی کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و ڕۆمان و بابەتی فیکری و فەلسەفەیی چاپ کردوون، کە ئەمانەی خوارەوەن:

دیوانە شیعرییەکان:

- گوناه و کەرنەڤاڵ، ١٩٩٢.
- بۆهیمی و ئەستێرەکان، ٢٠٠٠.
- کۆی بەرهەمە شیعرییەکان، (١٩٨٣–١٩٩٨).
- ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا، ٢٠٠٤.

-تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان (١٩٨٣–٢٠٠٤).

- ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتیی دوژمن، ٢٠٠٩.
- شەوێک ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەی شێت، ٢٠١٩.

ڕۆمانەکان:

زۆربەی ڕۆمانەکانی بە ژانری ڕیالیزمی سیحریی دادەنرێن.

-مەرگی تاقانەی دووەم، ١٩٩٧.





**بەختیار عەلی لە کاتی وەرگرتنی خەڵات**

سەردار محەممەدی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی «مرگ تک فرزند دوم»، ٢٠١٥.

-ئێوارەی پەروانە، ١٩٩٨.

بەسام مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر شێوازەری کورمانجی بەناوی «**Êvara Perwaneyê**»، ٢٠١٢.

مەریوان هەڵەبجەیی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی «غروب پروانە»، ٢٠١٧.




ڕاوێژ سەلیم و ئوتە کانتێرا لانگ وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی بەناوی «**Perwanas Abend**»، ٢٠١٩.

- دواهەمین هەناری دونیا، ٢٠٠٢.

ئارەش سنجابی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی «آخرین انار دنیا»، ٢٠٠٩.

مەریوان هەڵەبجەیی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی



بەختیار عەلی لە کۆڕێکی ئەدەبیدا

فارسی بەناوی «آخرین انار دنیا»، ٢٠١٤.

ڕاوێژ سەلیم و ئوتە کانتێرا لانگ وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی بەناوی «[[دواهەمین هەناری دونیا- وەرگێڕانەکان- ئەڵمانی، (**Der letze Granatapfel**)، ٢٠١٦|**Der letzte Granatapfel**]]»، ٢٠١٦.

بەسام مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کورمانجی بەناوی «**Hinara Dawî ya Dinyayê**»، ٢٠١٧.

م. دیۆتالیڤی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئیتالی بەناوی «**L›Ultimo Melograno**»، ٢٠١٧.

غەسان حەمدان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (آخرُ رمان الدنیا)، ٢٠١٨.

ئیبراهیم خەلیل و عەبدوڵڵا شەیخۆ وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی «آخر رمَّانات العَالم»، ٢٠١٩.

ساندرین تریدیا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی بەناوی «**Le dernier grenadier du monde**»، ٢٠١٩.



بەختیار لە کاتی واژۆکردنی کتێبێکدا

- شاری مۆسیقارە سپییەکان، ٢٠٠٦.

پێشەوا فەتاح و هانس ئولریچ مولەر شیوفێ وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی بەناوی «**Die Stadt der weißen Musiker**»، ٢٠١٧.

- غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، ٢٠٠٨.

کەریم عەبدولڕەحمان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بەناوی «**I Stared at the Night of the City**»، ٢٠١٦

- کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ٢٠٠٩.

بەسام مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کورمانجی بەناوی «**Qesra Balindeyên Xemgîn**»، ٢٠١٧.

- جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ٢٠١٠.

بەسام مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کورمانجی بەناوی «**Apê min Cemşîd xan kû hertim bê ew li ber xwe dibir**»، ٢٠١٢.

مەریوان هەڵەبجەیی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی «جمشید خان عمویم کە همیشە باد او را با خو می برد»، ٢٠١٦.[٤]

- کەشتیی فریشتەکان – بەرگی یەکەم، ٢٠١٢.
- کەشتیی فریشتەکان – بەرگی دووەم، ٢٠١٣.
- هەورەکانی دانیال، ٢٠١٥.
- کەشتیی فریشتەکان – بەرگی سێیەم، ٢٠١٧.
- دەریاس و لاشەکان، ٢٠١٩.
- داگیرکردنی تاریکی، ٢٠٢٠.

بەرهەمە فیکرییەکان:

- وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، ١٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر، ٢٠١٣.
- ئیمان و جەنگاوەرانی، ٢٠٠٤.
- خوێنەری کوشندە، ٢٠٠٥.
- سێوی سێیەم، ٢٠٠٩
- چێژی مەرگدۆستی، ٢٠١١.
- لە دیارەوە بۆ نادیار، ٢٠١١.
- وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، ٢٠١٢.
- ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس، ٢٠١٤.
- نەرسیسی کوژراو، ٢٠١٥.
- ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ٢٠١٥.
- جوانییەکانی ناڕێکی، ٢٠١٥.
- یادەوەری و زەمەن، ٢٠١٥.
- ناشوێن، ٢٠١٩.
- خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی، دەربارەی ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان، ٢٠١٩.
- ئایدۆلۆژیست، ٢٠١٩.
- دوا خەندەی دیکتاتۆر، ٢٠٢٠.

لە ڕۆژی ٢٧-١٠-٢٠١٩ لە شاری(زیورخ)ی سویسری خۆێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە) و چەند کتێبێکی دیکەی نووسەرانی بیانی کراوە، کە مامۆستای ئەدەبیات(فیلیپ تایسۆن) لە زانکۆی زیورخ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ کردووە.

نووسەری ئەلمانی(ئانیا رۆف) دەڵێت:( بەختیار عەلی نیگاری دونیایەکی دڵڕەقمان بۆ دەکێشێت پڕ لە هەستی وەها بە هێز کە توانای وێرانکارییەکی توندیان هەیە، بەڵام بە عەشقێکی زۆر قووڵەوە بۆ مرۆڤ دەنووسێت).

لە ١٠-١١- ٢٠١٧ لە سەنتەری شاری(دۆرتمۆند)ی ئەڵمانی بە ئامادەبوونی چەند کەسایەتیی گرنگی شارەکە و پارێزگار(بریگێت یوردەر)، خەڵاتی(نیلی زاکس) بەخشراوە بە نووسەر و ڕۆماننووس بەختیار عەلی، لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئەو وتارێکی بە زمانی ئەڵمانی خوێندووەتەوە کە تێیدا وتوویەتی(من بۆ ئەوانە دەنووسم، ئەوانەی کە لە شەڕ و بەدبەختییە گەورەکاندا ژیاون و دەژین، نامەوێت هیوای درۆیان پێ ببەخشم، بەڵام هەوڵ دەدەم خوێنەرەکانم جیهان بە چاوێکی تر ببینن، ئەم خەڵاتەش شتێکە کە بە درێژایی ژیانم شانازی پێوە دەکەم).

بەختیار عەلی لە نووسینەکانی خۆیدا دەڵێت:( لە پشت هەر وشەیەکەوە کە خستوومەتە سەر کاغەز خەونێک هەیە، خەونی گۆڕینی دنیا تەنانەت گەر کەمێکیش بێت).

ئەو خەونی ئەوە بووە ببێتە سینەماکار لەو بارەیەوە دەڵێت:(ئەو شتەی کە حەزم لێی بوو هەرگیز نەشم دەوێرا باسی بکەم و بیهێنمە دی، حەزم لێ بوو لە بواری سینەما کار بکەم، ئێستا ئەگەر لێم بپرسیت ئەگەر نووسەر نەبیت...حەزت دەکرد ببیە چی؟ بێ دوودڵی وەڵامم دەدایتەوە حەزم دەکرد ببمە سینەماکار).

لە سلێمانی پەیکەری بەختیار عەلی هونەرمەند(چێنەر نزار) دروستی کردووە.

بەختیار عەلی بەرهەمەکانی لە شیعر و ڕۆمان و هەتا بەرهەمە فیکرییەکانیشی بە شێواز و ستایلێکی زۆر جیاواز نووسیوە، هەموو ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتییەکانی خۆی و میللەتەکەی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی

داوەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش ئەمانەی هەموو بە بەشێکی زۆری گەلانی جیهان ناساندووە، دەتوانین بڵێین: ئەو نوێنەری ئەدەبیات و کەلتووری کوردییە بۆ جیهان.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس و ڕووناکبیری گەورەی کورد بەختیار عەلی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کوردی، گۆشەی ناوداران، لە ١٠-٨- ٢٠١٧.


٢- وتارێکی نووسەر محەمەد ڕزگار لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی زانیاری، لە ٢١-٧-٢٠٢١.

٣- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤- دیدارێکی نووسەر هیوا قادر لەگەڵ بەختیار عەلی لە ڕادیۆی سوید.

٥- ماڵپەڕی فەیسبووکی بەختیار عەلی.

٦- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# شێرزاد حەسەن

مامۆستا و نووسەر و شاعیری دژەباو و ڕێچکەشکێن و هاوڕێ و پارێزەری منداڵان و ژنان و ژینگە و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، لە ساڵی(١٩٥١ یان ١٩٥٢) لە گەڕەکی(خانەقا)ی شاری هەولێر لە دایک بووە، تا پۆلی چواری سەرەتایی لە قوتابخانەی(پاشای گەورە) لە ڕواندز خوێندووە، پاشانماڵیان هاتووەتەوە هەولێر و هەموو قۆناغەکانی دیکەی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٥ بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە.

لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٧ بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ئامادەیی پیشەسازی و ئەلیکترۆنی لە سلێمانی، دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ گواستراوەتەوە ئامادەیی بازرگانیی تێکەڵ هەر لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٤ تا وەکو ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێکخراوی نا دەوڵەتی سەر بە بەریتانیا کە ناوی(MGA)بووە لە بەشی پەروەردە دەست بەکار بووە، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری(ئاوات و هێڤی) کە ڕێکخراوەکە بۆ وشیارکردنەوەی منداڵان و قوتابیان بەرامبەر ترس و هەڕەشەکانی مین دەری دەکرد.

لە ساڵی ١٩٩٧ لەسەر داخوازیی(یانەی قەڵەمی جیهانی-pen clup)



شێرزاد حەسەن لە چاوپێکەتنێکدا لە گەڵ کەنالی waar midia.

بانگهێشتی کۆنفرانسێکی ئەدەبیی جیهانی کراوە لە وڵاتی فنلندا کە ژمارەیەک ئەدیب و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی ئامادە ببوون و موحازەرەیەکی بە ناونیشانی(زمان و کەسایەتیی نووسەر) پێشکەش کردووە، دواتر وەکو پەنابەر ماوەی(١٠) مانگ لە شاری(تامپێری)ماوەتەوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٨ گەڕاوەتەوە کوردستان، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێکخراوی یۆنیسکۆ وەکو ئەندامێکی کارا دەست بە کار بووە، کاری سەرەکیی ڕێکخراوەکە پەیوەندیی پەروەردەیی بووە لەگەڵ پەروەردەی کوردستان و قوتابیانی خوێندنی باڵا، تا ڕووخانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٣، دواتر بووەتە سەرپەرشتیاری پسپۆر لە پەروەردەی سلێمانی تا ساڵی ٢٠٠٧، پاشانیش وەکو ڕێکخەری کاروباری ڕاگەیاندن و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی پەروەردی سلێمانی هەتا خانەنشین بووە.




شێرزاد حەسەن هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵیدا شێواز و ستایلێکی جیاوازی هەبوو لە ژیان، ئەو بیری زۆر فراوان بوو لە خوێندنی قوتابخانە زۆر زیرەک بوو پاشخانێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی زۆری پەیدا کردبوو بە



خوێندنەوەی شاکارە عەرەبی و جیهانییەکان، کە چووەتە کۆلێژی ئاداب - بەشی زمانی ئینگلیزی ئاشناییەکی زۆر باشیشی لە ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی وئیتالی پەیداکردووە و چووەتە ناو دنیای ئەدەب و نووسینەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی شیعر و پەخشانە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری و دەروونناسی و هونەر و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و سیاسەت نووسیوە ، زیاتریش لە(٢٠) کتێبی وەرگێڕدراوی هەیە و هەمووی خستۆووەتە بەر دەست و دیدی خوێنەران کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- کۆمەڵە چیرۆکی(تەنیایی)، ساڵی ١٩٨٣.
- کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی ڕەش.
- کۆمەڵە چیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکان.

قەلە ڕەشکەو زەنگەکان، گوڵبژێرێک لە شیعری بیانی وەرگێڕدراوە.



**نووسەر شێرزاد حەسەن**

- باڵەکانی فریشتە، کۆمەڵە شیعر.
- دوو ژن و دوو پیاو، کۆمەڵە شیعر.

دیوانی دارشەقەکانی نیشتمان و ورتە ورتی من، کۆی شیعرەکانی ١٩٧٩-٢٠١١، لە ساڵی ٢٠١٢ لە سلێمانی چاپی کردووە.

- پیرە پەپوولەکانی ئێواران، کۆمەڵە شیعر.

ڕۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک:

- ژیان وا لە شوێنێکی دیکە، لە نووسینی میلان گۆندێرا.
- ڕۆمانی دوا شەوی دابەزینی عیسا.
- پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان.
- تەمی سەر خەڕەند.
- حەسار و سەگەکانی باوکم.
- خەونی جاڵجاڵۆکەکان.


ژنێکی منگن.

گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە، هەڵبژاردە لە چیرۆکی بیانی.

شانۆنامە یان شانۆگەری:

- پەڕ بەسەر، لە نووسینی ناسلین هوسورن.، وەرگێڕدراو.
- ماراسات، لە نووسینی پیتەر فایس، وەرگێڕدراو.








- فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، لە نووسینی فریدریش دێرنمان.
- مەرگە ساتی لیر، لە نووسینی ولیام شکسبیر.
- گوندەکانی بەرەو مانگ هەڵدەکشێن، لە نووسینی فەرحان خەلیل ، لە عەرەبییەوە.
- بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو دەرەوە، لە نووسینی جۆن ئۆزبۆرن.

ئەمە جگە لە هەندێ پەخشانە شیعر و چەند وتارێکی فیکریی فەلسەفی و سیاسی و دەروونی و کۆمەڵناسیی دیکە.



بەشی زۆری بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەندی بەرهەمی شێرزاد حەسەنیش وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی فارسی و ئەڵمانی، لەوانە دوا شەوی دابەزینی عیسا بۆ زمانی ئەڵمانی.

شێرزاد حەسەن لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ بەشداریی لە فیستیڤاڵی ئەدەبیی(ئەدنبرە Book cas)لە سکۆتلەندا کردووە.




ئەو زۆر عەشقی ئەدەب و کتێب و خوێندنەوەیە، هەموو خەڵکیش هان دەدات بۆ خوێندنەوە، بۆیە لە شوێنێک دەڵێت:(لە مردن ناترسم، بەڵام کە مردم و نەمتوانی بخوێنمەوە ئەوا بەهەشتیشم پێ خۆش نییە).

لە ٦-٤-٢٠٢٢ ناوەندی غەزەلنووس لە سلێمانی بە ئامادەبوونی خۆی و ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەران، سێ کتێبی وەرگێڕدراوی شێرزاد حەسەن کە بە ناوەکانی(گۆشتەکە بۆ

ئێوە و ئێسقانەکە بۆ من) و(غۆرێلا)لە نووسینی بۆجین ئونێل، لە(هەولێرەوە بۆ هیلسنکی) نمایش کراوە.

لە ٢٧-٥-٢٠٢٠ لە پێشانگای کتێبی گەلاوێژ، ژووری چاپەمەنیی مانگ بەشداری کردووە.

ڕۆمانی(دوا شەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەن لە لایەن ئوتە کانتێرا لانگ و نووسەر ڕاوێژ سەلیم وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، لە لایەن خانەی(کلینگنبێرگ) لە پایزی ئەمساڵ ٢٠٢٢ لە ئەڵمانیا نمایش و بڵاودەکرێتەوە.

شێرزاد حەسەن ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرێکی گەورەی کوردە، هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بێت بۆ بەرگری کردن لە منداڵان و ژن و ژینگە، بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیش.

سەرچاوەکان:

١-لاپەڕەی فەیسبووکی شێرزاد حەسەن.
٢-**youtube**ماڵپەڕی **waar midia** بەرنامەی پەنجەرە، ٢٠٢١.
٣- کوردسات بەرنامەی بەکەلتوورکردنی خوێندنەوە، فیلمێکی دکیۆمێنتاری.
٤-زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# بافڵ هیوا سەرهەنگ

دەرهێنەری سینەمایی و موزیکژەن و ئەکتەر و شێوەکار و ئاوازدانەر و شاعیر بافڵ هیوا سەرهەنگ

ناوی تەواوی(بافڵ هیوا سەرهەنگ)ە، لە ڕۆژی ١٠-٦-١٩٧٩ لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست لەدایک بووە.



هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ بە منداڵی.

ناوەکەشی بە ناوی تاڤگەیەکە لە چەمی ڕێزان کە لە شۆڕشی ئەیلوول مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگی باپیری لەوێ پێشمەرگە بووە.

پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە قوتابخانەی کارۆخی کوڕان لە هەولێر ١٩٨٦- ١٩٨٧، خوێندووە، بە هۆی ئەوەی باوکی پێشمەرگە بووە دایکیشی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و نەیتوانیوە لە شار بمێنێتەوە، خۆی و بافڵ خۆیان گەیاندووەتە ناوچە ئازادکراوەکان لەگەڵ هیوای باوکی کە پێشمەرگە بووە ماونەتەوە. پاشان ماڵیان دەچێتە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پۆلی سێیەوە



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ بڵند عەبدوڵڵا، هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ ئامێری ئۆرگ دەژەنێت.

دەستی پێ کردووەتەوە تا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە و بە پلەی یەکەم دەرچووە و پاداشتکراوە و لە دواناوەندی نموونەیی لە شاری سنە وەرگیراوە. بەڵام لەبەر بارودۆخی ناهەمواری ئەوێ، کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشیان بەجێهێشتووە و کۆتایی ساڵی ١٩٩١ چوونەتە وڵاتی سووریا دوای دوو ساڵ مانەوە لە وێ بە ڤیزە چوونەتە مۆسکۆ و بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ دەبن و لەو ماوەیەدا سوودی زۆر دەبینێت لە کتێبخانەکەی شاعیری مەزنی کورد (عەبدوڵلا پەشێو)، ڕۆمانی قەڵای دمدم بە شیعر دادەڕژێنێتەوە، هەروەها چیرۆکێکیش دەنووسێت بە ناوی ( کاڵێ و جوامێر)، تا ئێستاش ئەم دوو بەرهەمەی پاراستووە، بەڵام هێشتا لە چاپی نەداون.




لە ساڵی١٩٩٣ دەگەنە هۆڵەندا، لە ٢٧-٧-١٩٩٣ لە شاری ڕۆتردام نیشتەجێبووینە.

لە ساڵی ١٩٩٤-٢٠٠٠ دواناوەندی/ Holland Olympus College Rotterdam، لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ Grafisch Lyceum Rotterdam پەیمانگای گرافیک میدیا و دیزاینی تەواو کردووە، لە




١٠-٢-٢٠١٢، KABK ئەكاديمياى هونەر لە لاهاى ( دەنهاخ ) تەواو كردوە، لە ساڵى ٢٠٠٦ خولى پەيوەندييەكان (Communicatie)، كارى ڕێكخراوەى و چۆنيەتى دروستكردنى ڕێكخراوە ناحكوميەكان ( NGO )، لە شارى Contact ) ، Zeist der Continenten)، بەسەركەوتوويى تەواو كردووە، لە ٢٠٠٨ خولى ڕاهێنانى بەڕێوەبردنى ڕێكخراوەيى و هەر هەمان ساڵى ٢٠٠٨ خولى هۆكانى ڕاگەياندن Advertising Mediums لە «ستۆديۆ كاكا»، تەواو كردووە

جگە لە زمانى دايك، زمانەكانى ئينگليزى، هۆڵەندى و فارسى (بە نووسين و خوێندنەوە)، بە باشى دەزانێت.

هەر لە منداڵييەوە هەستى كردووە كە چەندين بەهرە لە ناخيدايە وەك هونەرى شێوەكارى، موزيك، شيعر، نواندن. لە خوێندنگاش هەر لە سەرەتاييەوە لە زۆر بۆنە بەشدارى كردووە .. لە ساڵى ١٩٨٦ لە دواناوەنديى هەڵمەتى كوڕان لە هەولێر پێشەنگاى ساڵانەى خۆى كردووەتەوە و بە



هونەرمەند بافڵ هيوا سەرهەنگ و هاوسەرەكەى خاتوو بالآس بەرەو هۆڵى فيستيڤاڵ بۆ وەرگرتنى خەڵاتى ڕاديۆى ئازاد.




هونەرمەند
بافڵ هيوا سەرهەنگ
لە كارێكى هونەريدا.




یارمەتیی مامۆستا محەمەد خەتاب کە مامۆستای نیگارکێشان بووە لەوێ و دایکیشی مامۆستای بیرکاری بووە، بۆیە گۆشەیەکی بچووکیان بۆ تەرخان کردووە تا نیگارکێشیەکانی لەوێ نمایش بکات ، ئەو ساڵە لە پۆلی دووی سەرەتایی بووە.

لە ١٧-٣-١٩٨٧ لە ئاهەنگی نەورۆزی دواناوەندیی هەڵمەتی کوڕان، بەشدار بووە لە پێشکەشکردنی چەند پارچە موزیکی فۆلکلۆری کوردی بە سایزەرە بچووکەکەی، ئەو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر حەزی لە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و لەتیف هەڵمەت ) بووە و لەبەری کردوون.

چەندین پارچە شیعری ئەو کاتەی لە نامیلکەیەکدا ساڵی ١٩٩٦ بە ناوی ( گوڵ و ئاوارەیی ) بە هاوکاریی یانەی کوردی میدیا لە ڕۆتردام لە چاپ داوە.

ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سەقز لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەشداریی



**بەشداربووان لە گۆرانی (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە)، لە ناوەڕاست هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ و ئۆرگەکەی، لای چەپ هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق.**




**له لای ڕاستەوە: بافڵ هیوا سەرهەنگ پاش نمایشکردنی فیلمی( ئامین) قسە بۆ ڕاگەیاندن دەکات.**

شانۆگەریی ( نێرگز و مەرگی هەڵەبجە ) کردووە لە دەرهێنانی هونەرمەند قادرۆک.

بۆ ماوەی یەک مانگ لە ئەمریکای باشوور و لاتیندا پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بوو لەگەڵ خاتوو کانی هەڵەبجەیی بۆ کەناڵێکی کوردی، بە خۆبەخشی زۆر کاری وەرگێڕانیشی کردووە.

بافڵ هیوا سەرهەنگ وەکو دەرهێنەریش، چەندین ساڵە کار دەکات لە بواری کلیپ و ئاوازدانان و نووسینی شیعری گۆرانی بۆ چەند هونەرمەندێک لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، هەروەها لە بواری بەرهەمهێنان و دەرهێنەری تەلەفزیۆنییش کاری کردووە. لەگەڵ کردنەوەی ستودیۆی ( یاد میدیا ) لە هۆڵەندا، لە ساڵی ٢٠٠٨، دەستی کرد بە کاری پڕۆفیشناڵ بۆ موزیک و تەلەفزیۆن. دوای تەواوکردنی خوێندنی لە بەشی (( Audio, Video & Design لە هۆڵەندا، زۆر کاری هونەری ئەنجام داوە کە بەشێکیان بەرهەمهێنانی ڤیدیۆکلیپ بووە بۆ هونەرمەندانی کورد. هەروەک خۆی دەڵێت:( بەبیری نایە یەکەم کاری کلیپ بۆ کام



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیوب عەلی، هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ، نە ناسراوە.**

هونەرمەندی کورد بووە، چونکە پێشتر لەگەڵ چەندین هونەرمەندی بیانی کاری کردووە، بەڵام لە سەرەتای کردنەوەی ستودیۆی ( یاد میدیا ) چەند کاری هونەرییان کردووە بۆ هونەرمەندان: ئەیوب عەلی، نەریمان بابان، هەرێم سەلاح، دلبرین، ئۆزی- ئێن، کاروان حەمید حەلاق و نەبەز عەبدوڵڵا، هەروەها کلیپی بۆ چەند هونەرمەندێکی بیانییش کردووە لەوانە وەک؛ Eddy Willemsen،Reachel Singh).

هەروەها هونەرمەند بافڵ سەرهەنگ دەڵێت: بۆ ماوەی ساڵێک خەریکی گۆرانیی ( کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە ) بووە، کە کاری موزیک و دابەشکردن و دەرهێنانی کلیپەکە هەر هەمووی خۆی کردوویەتی کە بە چوار زمانی ( کوردی، یۆنانی، عەرەبی و تورکی )یە. لە دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زۆر گەڕان، بۆی دەرکەوتووە کە ئەم گۆرانییە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و لە ساڵی ١٩٢٨، لە نیویۆرک تۆمارکراوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لە تەلەفزیۆنەکان دەنگی دایەوەو سەرنجی بینەرانی ڕاکێشا، تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کەناڵی عەرەبیش پەخشیان کردووو و هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کردووە .. تەنانەت تەلەڤزیۆنی ( الجزیرة )ی عەرەبیش بڵاوی کردووەتەوەو

چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە.

لە بواری فیلمی سینەماییش دوو کورتە فیلمی بەرهەم هێناوە یەکەمیان ناوی ( ئامین ) بوو، باسی لە کاریگەری و کاردانەوەی توندوتیژیی ئایین و ڕادیکالیزم بوو لە ئەوروپا، وەک خۆی دەڵێت:( چۆن ئەو کەسانەی کە خۆیان دەتەقێننەوە، دەگەنە ئەو ڕادەیە کە لە کەسێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگاوە دەبنە تێرۆریست و کۆمەلکوژ !).

ئەو فیلمەی لە فیستیڤاڵی کورتە فلیمی جیهانی (کان) لە فەڕەنسا وەرگیراو نمایش کراوە، ئەو بەشداری لە چەندین فیستیڤالی هۆڵەندی و ئەورووپیشی کردووە.

فیلمی دووەمی بە ناوی (ڕادیۆی ئازادی)، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە و لە ساڵانی نەوەدەکان لە وڵاتی بۆسنیا ڕوویداوە .. لە کاتی جەنگ هەموو ئامێرەکانی پەیوەندی وەکو تەلەفۆن و ئینتەرنێت و تەنانەت تەلەفزیۆنیش بۆردومان کرابوون، تا بەهیچ جۆرێک خەڵک نەتوانن پەیوەندی بە یەکەوە بکەن. ئیتر خەڵکی ئاسایی بە ڕێگای ڕادیۆی کۆن قسەیان لەگەل یەکتر دەکرد و خزم وکەسەکانیان دڵنیا دەکردنەوە لە مانەوەیان. بافڵ دەڵێ:( ئیتر ئێمەش ئەم بیرۆکەیەمان هەڵبژارد و گەشەمان پێدا تا کردمانە



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو کارۆلین، هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی فیستیڤاڵی کورتە فلیم لە ئەمستردام**

سیناریۆیەکی تەواو بۆ بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە، چونکە ئەو وڵاتەش وەکو وڵاتی ئێمە تووشی زۆر ناخۆشی و توندوتیژی بووە و هەستم کرد کە ئەم چیرۆکە زۆر نزیکە لە منیشەوە .. ئەمە دووەم بەرهەمی ستودیۆی ( یاد میدیا ) یە، کە لە هۆڵەندایەو لە نووسین و دەرهێنانی خۆم و هاوکارێکمە بە ناوی ئیزمار ڤیزۆڤیچ).

ئەم فیلمە نوێیەی بە ناوی (رادیۆی ئازادی) ساڵی ٢٠٢١، بە یەک لە باشترین کورتە فیلمی هۆڵەندی هەڵبژێردراوە لە لایەن گەورەترین دەزگای پشتگیری و بڵاوکردنەوەی فیلمی هۆڵەندی کە مایەی شانازییە بۆ کورە کوردێک، سەرەڕای ئەمەش بەشدارییی لە چەند فیستیڤاڵێکی ئەورووپیدا کردووە، لەوانە (فیستیڤاڵی تیرانا- لە وڵاتی ئەلبانیا، ئێرلەندا، فەرەنسا و ئەمەریکا)، کە وەکو دەروازەیەک دەبیندرێ بۆ بەشداری کردن لە پێشبڕکێی ئۆسکاری هۆلیوود.

هەروەها هونەرمەندی لاو بافڵ یەک لە خەونەکانی ئەوەیە فیلمی کوردی بە توانا بەرهەم بێنێت کە لە ئاستی جیهانی بێت، بەڵام ئەمە شتێکی وا ئاسان نییە و بە تەنیا بەو ناکرێ، پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە و بە بێ سپۆنسەر و پشتگیری و هاوکاری ناکرێت.

ئەو کارانەی تا ئێستا کردوونیەتی بەشی زۆری لەسەر ئەرکی خۆی



**هونەرمەندو فلیمساز بافڵ هیوا سەرهەنگ لە فیستیڤاڵی(کان) لە فەرەنسا بۆ پەیامنێری ڕووداو خاتوو ئالا شاڵی دەدەوێت.**



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، منداڵەکە هونەرمەند باڤڵ هیوا سەرهەنگ، هونەرمەند و دەرهێنەر و ئەکتەر قادرۆك لە شانۆگەری (نێرگز و مەرگی هەڵەبجە) لە سەقز ساڵی ١٩٩٠.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند باڤڵ هیوا سەرهەنگ، هیوا سەرهەنگی باوکی، خاتوو پەیمان سەرهەنگی دایکی

بووەو هیچ لایەنێکی کوردی یارمەتی نەداوە، لە بەرهەمهێنانی فیلمی دووەمی بەشێکی بودجەکە لە لایەن هۆڵەندا و بۆسنیا سپۆنسەرکراوە، ئەگەر نا ئەم پرۆژە گەورانە ئەستەمە جێبەجێ بکرێن.

باڤڵ لەم بوارانە کاری کردووە:

لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨: Quality Publishing

دیزاینەری گرافیک / بڵاوکردنەوە، دروستکردنی ڕیکلام ، گۆڤار و پاراستنیان، Illustrations and visualizations پاراستنی مەعمیل (customers) و پەیداکردنی مەعمیلی نوێ، لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧

دیزاینەری گرافیک / بڵاوکردنەوە، دروستکردنی ڕیکلام و گۆڤار و پاراستنیان.

لە ٢٠٠٨ - ەوە بەڕێوەبەری ستۆدیۆی یاد میدیا. دیزاینەر، دەرهێنەری ئاودیۆ، ڤیدیۆ. دیزاینەری بینین و گوێگرتن. (موزیکژەن، DOP، دەنگ و ڤیدیۆ).

لە ٢٠١٤ ، زیاتر لە (٢٠٠) کاری تەلەفزیۆنی کردووە بۆ تەلەفزیۆنی کوردی لە وڵاتانی: (هۆڵەندا، بەلجیکا، فەرەنسا، ئیسپانیا، کرواتیا، بۆسنیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، تورکیا، سربیا).




**یەکێك لە تابلۆكانی هونەرمەند بافڵ هیوا سەرهەنگ.**

بەرپرسیارە لە ئامادەکردن، دەرهێنان، وێنەگرتن و مۆنتاژکردنی چەندین جۆر لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی وەک: فیچەر، دۆکومەنتێر، کورتە فیلم، ڕیپۆرتاژ، ڤیتی، دۆبلاژ کردن، وەرگێڕان، پەیوەندیی ئۆفیسی دەرەوە، ڕاپۆرتی لایڤ، دروست کردنی پرۆگرامی هەفتانە و دۆکومێنتێری هتد...

لە ٢٠١٥ – ٢٠١٨ لە زانکۆی InHolland دەستی کردوە بە کارکردن وەک بەڕێوبەری دەنگی ڤیدیۆیی و بەرپرسی بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆمپیوتەر و دەزگای Apple. یارمەتیدانی مامۆستا و خوێندکاران بۆ چارەسەری هەر کێشەیەکیان هاتە پێش لەبارەی دەنگ و ڤیدیۆ و پڕۆگرامەکانی دیکە.

چەند نموونەیەک لە کاری موزیک:

موزیک و گوتن لەگەڵ هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق و چەند هونەرمەندی بیانی و دەرهێنان بۆ/ کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
Ke Dellên Emro Karwan Hamid Halaq & Bafl Sarhang – YouTube

بافڵ سەرهەنگ کەسێکی کۆمەڵایەتییە و ئارام و لەسەرخۆیە، وزە و توانایەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ کارکردن، ڕژدە لە کارکردندا، ئارەزووی فێربوون و شارەزایی و ئەزموونە لەم بەشەدا. ئێستاس بۆ کەناڵەکانی

تەلفزیۆنــی هۆڵەنــدی کاردەکات لــە بــواری بەرنامەســازی و دەرهێنانــی تەلەفزیۆنــی.

**چەند نموونەیەکی شیعری ئەو شاعیرە لاوە:**

**ئازار**

کەس لە ئازارم ، تێناگا
هەر خۆم نەبم،
کەس، بە دەردی من، ڕاناگا
هەر خۆم نەبم،
کەسیش وەک خۆم،
دڵسۆز نییە، بۆ خەمانم
هەر خۆم نەبم
هیچ خەمیش لام،
پیرۆز نییە
وەک ئەو خەمەی،
خۆم دەیزانم !!
خەم
ئەوەندەی من، لە خەم دەگەم ..
ئەوەندەی من، خەم دەناسم ..
خەم، ڕۆژانە ..
بۆتە وێرد و قسەو باسم ..
خەم بۆتە، هاوڕێ و پێناسم،
بۆیە دەبێ، خەم ڕۆژانە ..
دەیانجار .. بکا سوپاسم!.

* * *

ئەم چوار شیعرە لە تەمەنی دەساڵیدا نووسیویەتی:

بریا .. بریا ..
بمدیبایە ..
گوێم لێ بایە ..
تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دنیا ..
هەموویان .. بیانگوتایە:
یاریی ئەمڕۆ ..
لە نێوانی ..
کوردستان و ئەڵمانیایە.

* * *

چەمی ڕێزان
منداڵانی کوردستانم ..
باش لە بیرمە
ئەو ڕۆژەی، لە باوکم پرسی
کە یەکەمجار ناو خۆم نووسی
پرسیم: بابە ..
بۆچی ناوت ناوم ( بافڵ )؟
بافڵ .. چییە؟
گوڵە .. ڕووبارە .. یا شاخە؟
ناوی شارە .. گوندە .. باخە؟
گوتی ڕۆڵە:
ناوت، تاڤگەیەکی جوانە،
لە ناوچەی چەمی ڕێزانە
زەمانی زوو ..
باپیرەشت لەو ناوچەیە
پێشمەرگە بوو.

* * *


نەخشەی کوردستان
منداڵانی نیشتمانم ..
زۆر بچووک بووم.
باوکم، نەخشەی کوردستانی ..
فێر دەکردم.
هەموو ڕۆژێ،
بیر و هۆشی ..
بە باوەڕی کوردایەتی ..
تێر دەکردم.
لە یادمە، پێی دەگوتم:
دەبێ نەخشەی وڵاتەکەت،
باش بزانی.
ناوی شار و چیاکانی،
ڕووبار و زێ .. گوند وکانی،
دۆڵ و دەشتی ..
وڵاتانی دەور و پشتی ..
باش بزانی.
بۆیە منیش، هەر لەو ساوە
نەخشەی کوردستانی گەورە،
لە ناو دڵمدا چەسپاوە.
* * *
دووره وڵاتی؛ کراوەتە گۆرانی لە لایەن هونەرمەند بورهان محەمەد.
دووره وڵاتی
خوڕەی ئاو و ..
گڤەی باو و ..
دەنگی مەلان ..

هەمان دەنگن.
جوانی سروشت ..
ڕەنگی ئاسمان ..
هەمان ڕەنگن.
ئاو و هەوا و ..
ڕەز و باخی،
پێدەشتایی و گرد و شاخی .
هەمووی لەگەڵ، وڵاتی من
لە یەک دەچن.
کەچی نازانم، بۆ لێرە ..
دڵم، هەرگیز ناکرێتەوە!
بەفری ئەستووری غەرییبیم،
ناتوێتەوە.
مەلی هزر و ئارەزووشم ..
هەر بۆ وڵات، دەفڕێتەوە.
دوورە وڵاتی، کەی ژینە؟!
(بەرد، هەر لە جێی خۆی سەنگینە).

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی هونەرمەند و فلیمساز و دەرهێنەر بافڵ هیوا سەرهەنگ لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

١- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# بەدیع باباجان

هونەرمەندی لەبیرکراو، نیگارکێش و خۆشنووس و دیزاینەر ڕەوانشاد بەدیع باباجان، لە تیرەی باوەجانی عەشیرەتی جافە، لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، بۆ خوێندن چووەتە ماڵی ئامۆزاکانی لە شاری سلێمانی، هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، ئەو حەزی لە بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە تاقیکردنەوەدا هیچی لە نۆتەی مۆسیقا نەزانیوە بۆیە لە بەشی نیگارکێشان و زەخرەفە وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و لە بەڕێوەبەرایەتیی(مساحة) بووەتە کارمەند، پاش ماوەیەک بووەتە مامۆستای بەشی نیگار و سەرۆکی بەشی نیگار و خۆشنووسی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەڵام دیارە بۆ بژێوی ژیانی خۆی وازی لە فەرمانبەریی حکومەت هێناوە، لەگەڵ هاوڕێیەکی هونەرمەند کە ناوی(مهدي جبوري) بووە، لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا نووسینگەیەکی نیگارو خۆشنووسی دەکەنەوە، بە ناوی (الخط العربی).

لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ دیزایینی بۆ گۆڤاری (گەلاوێژ) کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨-١٩٤٩ دیزایینی بۆ گۆڤاری (نزار) کردووە.




**هونەرمەند بەدیع باباجان، خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی.**

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو مامۆستا عەلائەدین سوجادی داوا لە هونەرمەند بەدیع باباجان دەکات کە بە هێڵکاری پۆرترێتی شاعیرە کلاسیکییەکان بکێشێت، بەدیع باباجان و مامۆستا عەلائەدین وا ڕێک دەکەون کە مامۆستا عەلائەدین سوجادی شێوەو شکلی شاعیرەکان بۆ ئەو بکات، ئەویش بە پێی ئەو پێناسانەی ئەو و ئەو سەردەمەی شاعیرەکان تێیدا ژیاون، هێڵکارییەکە بکات، مامۆستا عەلائەدین لە پێناسەی شێوە و ڕووخساری شاعیرەکاندا بەم جۆرە باسی سالمی شاعیری کردووە











(تەمەنی ٦٦ ساڵ، پیاوێکی لاواز بوو، باڵای بەرز بووە، ڕوومەتی پان، سمێڵی ئەستوور، لووتی درێژ و ڕیشی تاشیوە، مشکی و جامانەی بە شێوەی سلێمانی لەسەر بەستووە، چاوی گەورە بووە، لە کۆتایی ژیانیدا زۆر خەمبار بووە).

لە ساڵی ١٩٦٧ بانکی ناوەندیی عێراق داوایان لێ کردوە و ڕایان سپاردووە بۆ کێشانی نەخشەسازی دراوی عێراقی.



بەدیع باباجان قورئانی پیرۆزی بە شێوەی زەخرەفە نووسیوەتەوە، بەرگی کتێبی(یادگار و هیوا)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و قەڵای دم دم کۆمەڵە چیرۆکی مستەفا ساڵح کەریم و(صوت کردستان)ی دکتۆر مارف خەزنەدار و دیوانی بێخود و دیوانی سەلام و بەرگی چەندین کتێب و گۆڤاری کوردی دیکەی کێشاوە، کاری(نووسین) ی ریکلامیشی بۆ کارگەو دوکان و دەزگاکان نووسیوە.




لە ساڵی ١٩٧٠ لە یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزراوە و دیزایینی گۆڤاری نووسەری کوردی کردووە.

بەدیع باباجان لە ساڵی ١٩٥٣ سەرجەم بابەتەکانی ناو کتێبی(ئەلف وبێی کوردی)ی مامۆستا(ئیبراهیم ئەمین باڵدار)ی کوردەوارییانە نەخشاندووە و بە چاپێکی ڕەنگاو ڕەنگ خراوەتە بەر دەستی منداڵانی کورد، زیاتر لە (٢٦) جار چاپکراوەتەوە و لە چاپە نوێیەکاندا لاسایی وێنەکانی ئەو کراوەتەوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی بەدیع باباجان بکرێت کە خاوەنی ئەسڵیی وێنەکانە، کە زیاتر لە(٧٠) وێنەی ڕەنگاوڕەنگن بۆ( دارا دوو داری دی، مێوژی مام زۆراب، دۆی دادە ڕژاوە).




نووسەر ڕۆژنامەنووس بەختیار سەعید ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند بەدیع باباجانی لە کتێبێکی قەشەنگدا چاپکردووە کە قەوارەکەی(١٣٤) لاپەڕەیە، تیایا باسی چەند تەوەر دەکات لەوانە (بەدیع باباجان کێیە؟، شیعر، هونەر، خۆشنووسی،




کاری بازرگانی لای بەدیع باباجان). هەر لە بارەی لە چاپدانی ئەو نامیلکەیە نووسەر بەختیار سەعید دەڵێت:(بە پێی ئەوەی ئەم هونەرمەندە یەکەمین شێوەکاری کوردە کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خوێندووە، لە هەمان کاتدا ئەم هونەرە شایەنی ئەوەیە کە ببێتە یەکەمین شێوەکاری ئەو پڕۆژەیە، چونکە لە ڕێگای ئەو هێڵکارییەی کە کێشاویەتی بۆ شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، توانی بەهێزترین پەیوەندی لەنێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەبی کوردی دروست بکات).

نووسەر خەسرەو جاف لە وتارێکدا دەڵێت:(ئازارم دەدا ئەم هونەرمەندە (بەدیع باباجان) کە یەکەمین کەسە لە شاری کەرکوک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیراوە لەگەڵ زۆربەی زۆری ئودەبا و شوعەرای کوردا هاوکاری کردووە، کەچی مافی ڕەوای پێ نەدراوە و ناوی نەهێندراوە و هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری نە یادیک نە ڕێزلێنانێک، تەنانەت کۆڕێکیشیان بۆ نەکردووە).

هونەرمەند بەدیع باباجان لە ١٥-١١- ١٩٩٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ بە خاک سپێردراوە.

**سەرچاوەکان:**

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- Basnews-، وتارێکی نووسەر خەسرەو جاف لە ٢٦-١-٢٠٢٠.
٢- کوردپیدیا.
٣- کردستان- سنندج، مێژووی کوردو کوردستان.
٤- کتێبی بەدیع باباجان، لە نووسینی نووسەر بەختیار سەعید.
٥- لاپەڕەی فەیسبووکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە ١١-٦-٢٠١٦.
٦- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دارا محەمەد عەلی

ئەو دەڵێت: باوکم یەکەم مامۆستای هونەریم بووە، لە سەرەتاییش مامۆستا جەلیل عەبدوڵڵا و لە ناوەندیش هونەرمەندی ڕەوانشاد عەبدولواحید مەرجان مامۆستام بووە.

شاعیر و نووسەر و مامۆستای ئەکادیمی، شێوەکار ونەخشساز و نیگارکێش و خۆشنووس دارا محەمەد عەلی...

ناوی تەواوی(دارا محەمەد عەلی کامەلا)یە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی عەوێنەی سەر بەناوچەی شەمامکی پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئازادیی سەرەتایی تەواو کردووە مامۆستا(جەلیل عەبدوڵڵا) مامۆستای هونەری بووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندی ئازادی تەواو کردووە و ڕەوانشاد عەبدولواحید مەرجان مامۆستای هونەری بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ساڵی ١٩٧٤ تەواوی کردووە و بووەتە مامۆستای وانەی ڕەسم لە گوندی(کەونە گوند)، لە ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە ناو شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٢ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و(١٢) ساڵیش مامۆستا بووە لەوێ، لە ساڵی ٢٠٠٢ بووەتە سەرپەرشتیاری هونەری



**له لای ڕاستەوە: هونەرمەند و میدیاکار سالار کۆشار، هونەرمەند دارا محەمەد عەلی.**





لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٦ گوازراوەتەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لە زانکۆی سەلاحەدین و بۆ ماوەی دوو ساڵ مامۆستای پراکتیکیی هونەری بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

هونەرمەند دارا محەمەد عەلی چونکە باوکی هونەرمەندێکی میللی بووە و دەستی ڕەنگین بووە لە دارتاشی و بیناسازی، بۆیە حەز و خولیای چووەتە هونەری شێوەکاری و نەقش و نیگار و باوکی بە یەکەم مامۆستای هونەری خۆی دادەنێت، ئەو هەر هونەرمەندێکی شێوەکار و نەخشەساز نییە، بەڵکو نووسەریشە و کۆمەڵێک کتێبی لە بواری هونەری شێوەکاری و هونەر و پەروەردەی منداڵان و چەند بابەتێکی دیکە نووسیوە و چاپی کردوون، لەوانە:

- کەونە گوند، بیرەوەری پەروەردەیی، ساڵی ٢٠٠٤.




- دیوانی مۆتیڤ، هونەرییە، ساڵی ٢٠٠٧.
- پۆرترێت، هونەرییە، ٢٠٠٨.
- شێوەكارانی هەولێر، هونەرییە، ساڵی ٢٠٠٨.
-لاپەڕەی تەمەن، هونەری منداڵان، ساڵی ٢٠٠٨.
- گرنگیی هونەر لە لای منداڵ، هونەری منداڵ، ساڵی ٢٠١٠.
- ئاوێنە و سەفەری شێوەكارێك، هەندێ شیعری ئاوێنەییە، ساڵی ٢٠١٠.
- منداڵ لە هەندێ بواری ڕۆشنبیریدا، ساڵی ٢٠١٣.
- لە شێوە ئەندازەییەكاندا، پەروەردەیی و هونەرییە، فێری نیگار دەبین، ساڵی ٢٠١٥.
- پەیڤ و نیگار، ڕێنمایی بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٠.
- ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێ، وەكو ڕوئیایەكی هونەرییە، ساڵی ٢٠٠٧.
- موزەی ئاوێنە، تابلۆی هونەری، ٢٠٢١.




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەختیار شەعبی، هونەرمەند دارا محەمەد عەلی.**


- هەندێ بابەتی شێوەکاری، هونەرییە، ٢٠٢٢.
- لاپەڕە ئاوێنەییەکانی یادەوەریم، ژیاننامە و یادەوەرییەکانی، ساڵی ٢٠٢٢.

هونەرمەند دارا محەمەد عەلی، تا ئێستا(٢٢) پیشانگای تایبەتیی خۆی کردووەتەوە، بەشداریی زیاتر لە(٧٠) پیشانگای هاوبەش کردووە، کاری سیمینار و سپۆزیۆمی هونەری(لۆکاڵی) و نێو دەوڵەتی ئەنجام داوە، مامۆستای هونەری بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە کۆلێژە ئەهلییەکانی(عیشق، لانە، بڕیار)، بەشداریش بووە لە دامەزراندنی(بنکەی کاری دەستی، پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر، گالێرییەکانی زاموا لە سلێمانی و ئەربێلا لە هەولێر.

ئەو بە تابلۆکانی بەشدار بووە لە پیشانگا هاوبەشەکان لە کوردستان










**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند توانا مەرجان، هونەرمەند دارا محەمەد عەلی ،**
**هونەرمەند محەمەد فەتاح.**

و بەغدا و وڵاتانی دەرەوە لەوانە(ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئێران، پۆڵۆنیا، ئەڵمانیا، یۆنان، ئەمەریکا، ئینگلترا، نەمسا، جۆرجیا)، بەرهەمەکانی نمایشکردووە و بڵاوبوونەتەوە، بەمەش کەلتوور و ناسنامەی گەلەکەی بە گەلانی جیهان ناساندووە.

ئەو لە گۆڤارە کوردییەکان داوای لێکراوە هاوکار بێت و کاری شێوەکاری و دیزایین و پۆرترێکی بۆ کردوون، لەوانە گۆڤارەکانی(ئەستێرە، هەنگ، ئاسۆی منداڵان، پەڕەسێلکە، باوەگوڕگوڕ، ئاوات و هیڤا، گۆڕان، جگەرگۆشەکان و چەندانی دیکە).



هونەرمەند دارا محەمەد عەلی کاری دیکۆرسازیشی بۆ چەند شانۆ و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان کردووە لەوانە (ئەڤینی شارێک، قەڵای دمدم، بووکی بەفر، بەزۆر کراوە بە دکتۆر).

دوا پیشانگای ئەو پیشانگایەک بووە بە ناوی ڕیفڕاندۆم، بیرۆکەی سەبەخۆیی هونەر، ئەدەب ،تاکی کورد، سەربەخۆیی کوردستان بوونی بە دەوڵەت ئاواتی ئەو بووە، ئەو ئاڵای کوردستانی زۆر خۆشدەوێت و حەز دەکات لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو کوردستانە ئاڵای کوردستان هەڵبدرێ و شەکاوە بێت.

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانەو ئەندامی نیقابەی هونەرمەندانی عێراقییە و ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکاریی عێراقییە.

هونەرمەند دارا محەمەد عەلی دەیان جار لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕێزی لێندراوە و خەڵاتکراوە.

هونەرمەند دارا محەمەد عەلی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری شێوەکاری و نیگارکێشان و خۆشنووسی و جۆرەکانی دیکەی هونەر.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند دارا محەمەد عەلی، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی ئەزموونی هونەرمەندان، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار سالار کۆشار.

٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# سەلما تۆما کاکۆ

ژنە کریستیانێک، دڵ ساف و بێگەرد وەک کریستال.....ئەو بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و سریانی شیعر و پەخشان دەنووسێت، خاتوو سەلما تۆما کاکۆ.

ناوی تەواوی(سەلما تۆما کاکۆ)یە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە دامێنی چیای سەفینی سەرکەش لە شارۆچکەی شەقڵاوەی جوان و ڕەنگین لە دایک بووە، چونکە باوکی فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گەشت و گوزاری(پیرمام- مەسیف سەڵاحەدین)، هەر پاش لە دایک بوونی ماڵیان دەچێتە پیرمام، ئەو لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییشی تا پۆلی پێنجەمی زانستی لە پیرمام خوێندووە، پۆلی شەشەمی زانستیشی لە ئامادەیی شەقڵاوە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥، بەشی(ئامار- الإحصاء)ی، لە کۆلێژی(ئابووری و کارگێڕی- الإدارة و الإقتصاد)ی زانکۆی موسڵ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٨٨ وەکو فەرمانبەر لە ئەمینداریێتیی گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەستبەکار بووە.

پاش ساڵی ١٩٩١، وەکو فەرمانبەر و ژمێریار لە بانکەکانی پیرمام و سەفین و عەنکاوەی سەر بە شاری هەولێر کاری کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ پلەی وەزیفی بووەتە(خبیرة فی البنوک- شارەزا لە بواری بانکی)، دواتر



خەبات

KHABAT

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor in chief: Salam Abdulla

سەلما تۆما کاکۆ.. ئەو ژنە مەسیحیەی بەهەر سێ زمانی (کوردی و عەرەبی و سریانی) شیعر دەنووسێت

خاکی نیشتیمان زۆر پیرۆزە، بۆیە دەستەبەر بوونی هەموو خۆشیەکانی ژیان لە مەنفاو وڵاتانی تر ناتوانن لەو پیرۆزیە کەم بکەنەوە

شیعر.. لای من ئاوێنەیەکە، خۆشی و ناخۆشی خۆم و هەموو ئەوانەی خۆشم دەوێن تیایدا

لە ساڵی ٢٠١٦ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کورەکەی کە نەخۆشیی ئۆتیزمی هەیە چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و لەوێ دەژیت، لە ساڵی ٢٠١٨ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشین بووە.

شاعیر و پەخشاننووس سەلما تۆما کاکۆ هەر لە منداڵییەوە خولیاو سەودای خوێندنەوە بووە، ئەو حەزیشی لە زمان و ئەدەب و شیعر بووە، کتێبی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی خوێندووەتەوە، بەڵام زیاترینی بە زمانی کوردی ، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆر کتێبی چیرۆک و شیعری شاعیرە کورد و عەرەبییەکان و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی سەر زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پوختی پەیدا کردووە، بەڵام لەبەر کاری فەرمانبەریەتییەکەی و هاوسەرگیری کردنی و سەرقاڵبوونی بە پەروەردە کردنی منداڵەکانی، دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە ڕاز و نیاز و بەهرە و تواناکانی دەرببڕێت و بیانخاتە سەر کاغەز، بۆیە هەر هەمووی لە هزر و دڵ و مێشکی پەنگاوەیان داوەتەوە، پاش گەیشتنی بۆ ئەڵمانیا دیارە ئەم دەرفەتەی بۆ لواوە، هەر لە ساڵی ٢٠١٨، وە دەستی بە نووسینی شیعر و پەخشانە شیعر کردووە و یەکەم نۆبەرەی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(هەناسەی من)،

لە ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە(٣٥٠٥)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٨ بڵاوکردووەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی هەر لە ڕۆژنامەی هەولێر و لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان.

سەلما تۆما کاکۆ بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و سریانی شیعر و پەخشان دەنووسێت، بەڵام بە زۆری بە زمانی کوردی دەنووسێت، هەموو نووسینەکانی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو دەنووسێت، ئەو شاری شەقڵاوە و هەموو کوردستانی خۆشدەوێت، شیعری بۆ نیشتمان و گەلەکەی و جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی و غوربەت نووسیوە، ئەمانەش هەموویان لە شیعر و نووسینەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، ئەو پارچە شیعرانەی کە بڵاوکراونەتەوە هەمووی لە ئاستێکی بەرزدان، بۆیە لە کاتی بڵاوکردنەوەیان هونەرمەندان دیزاینیان بۆ کردوون.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف دیمانەیەکی تێر و تەسەلی لەگەڵ شاعیر سەلما تۆما کاکۆ ئەنجام داوە و لە ژمارە (٦٢٣٣) ی ڕۆژی ١٥-١١-٢٠٢١ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا نووسراوە:(ئەو ژنە مەسیحییە بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و سریانی دەنووسێت، شیعر لای ئەو ئاوێنەیەکە خۆشی و ناخۆشیی خۆی و ئەوانەی خۆشی دەوێن تیادا دەبینێتەوە، خاکی نیشتمانیشی زۆر لا پیرۆزە،






بۆیە دەستەبەربوونی هەموو خۆشییەکانی ژیان لە مەنفا و وڵاتانی دیکە ناتوانن لەو پیرۆزییە کەم بکەنەوە).

نووسەر و ڕۆشنبیر شوان عوسمان کە لە هۆڵەندا دەژیت لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی نامەیەکی بۆ شاعیر سەلما تۆما کاکۆ لە ژێر ناونیشانی(ژنێکی کریستیانی دڵ کریستال)نووسیوە و تێیدا دەڵێت:(تۆ هەموومان بە وشە و بە بزە ئاشت دەکەیتەوە و پێمان دەڵێیت ژیان ئەوەندە ناهێنێت باوەڕێکی دونیایی و ئاسمانی لە یەکمان جودا بکاتەوە، تۆ دەتەوێت خۆت بیت و کەس نەبیت و وەکو هەموو کەسیش دڵ و بە دڵ بیت، بۆیە تۆ لەکەس ناچیت و خۆزگە هەمووان لە تۆ بچن).

سەلما تۆما کاکۆ مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیر و ئاسۆ فراوانە و هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی خۆشدەوێت، پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو نووسەر و ئەدیبانی ناوەو و دەرەوەی کوردستان زۆر باشە، ناوە بە ناوەش لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان هەوادارانی بە پارچە شیعرێک یان پەخشانێک بەسەر دەکاتەوە، ئەو هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە خوا تەمەنی خۆی و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری زمانی کوردی و عەرەبی و سریانی.

وا سێ پارچە شیعری شاعیر سەلما تۆما کاکۆ- تان بۆ دەنووسمەوە، پارچەی یەکەم بە کوردی و دووەم بە عەرەبی و سێیەم بە سریانی:

١

حەزو عیشقێکی ئیلاهی

.............

تۆ بڵێی جێم مابێ

لەناو هەستە شاراوەکانتا

هێشتا.....!

کە لەناخما ئەتوێمەوەو...

خۆم ئەخۆمەوە!

تا ئێستا

تۆبڵێی ئەو ڕۆژە دابێ

زەنگی دڵم بۆت لێبدا

بەئاشکرا !

ئازیزەکەم

حەزت کە خەونێکی درێژبوو گێڕاتەوە

لەهەواری ئەوین و ...

تۆماری چیرۆکە عیشقێکی

پاکدا

منیش ئەو کات

بەدەم کوڵی گریانەوە

هەموویم بۆ لێکدایتەوە

تا لەگەڵیا

بوومە سەمای سپی فریشتەی بەفر و....

دەقێک لە تیشکی

هەتاو !

دەقێک بۆ ئیلهامی عیشق  و...

گەڕانەوەیەک بۆ دوێنێی خۆم و
خەیاڵێک بۆ حەزە شێتەکانی تۆ و
حەزو عیشقێکی ئیلاهی
لەبیر نەکراو !
٢
نسمة الهواء
* * * * *
لاتناديني مرة
بالملاك
ومرة بالورد !
لاتقل لي انت نسمة
الهواء
او انت قلبي !
الا تدري
لوكنت ملاكا لجعلت
قلبك فردوسا
يأويني !
وإن كنت وردة
لاصبحت مزارعا
تسقي احساس
وعواطف
خيال احلامي
وترويني !
وان كنت نسمة
الهواء
يتنعم قلبك بها
لما تمطر غضبا ؟!

ألا تدري
بسمتك هي التي
على قيد الحياة
تبقيني ؟!!
* * * * *

٣

ئەوەش شیعرە سریانییەکە بە پیتی کوردی
ماتی خلیتە شەقلاوە
ماتی خلیتە شەقلاوە
بگاو تەخمەنتی لەواوە
دونی ئل غەدر کخەدڕاوە
گیانی منەخ کپەرشاوە
* * * * *
من بارۆیا طەلبەنوە
گاوقەدیشێ منەونیەنوە
خەیۆما لا خەزیەنوە
ئانە منەخ پەرشەنوە
* * * * *
زەونی زاڵۆمە وێلێ
شمشی و یۆمی مگنێلێ
پرشۆناخ سامیی وێلێ
نورە بلبی ملهێلێ
* * * * * *
گمەدحەنەخ گمچەخسیلی
قە شواقەخ گملەومیلی
لەکخازی و لا کشەمیلی

کخەشوی بگاوەخ لەڕدیلی

* * * * * *

عەزز تێوەت یا ماتی

ئەکمت دەئلی ئێناتی

دەوقیلیٚ ئەن صوباتی

قەلامت کاتوو قاتی

* * * * * *

کەتوەن مندیت شاکلەخ

لبی لە کپارش منەخ

قەپصخوتەخ کپەصخەنەخ

قەحەشەخ گمێڕەن منەخ

هل ئەبەد لا گمەنشیەنەخ.

سەرچاوەکان:


١- کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر سەلما تۆما کاکۆ، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- ماڵپەڕی فیسبووکی نووسەر شوان عوسمان، لە ١-٨-٢٠٢٢.

٣- وتارێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف لە ژمارە(٦٢٣٣) ی ١٥-١١-٢٠٢١ی ڕۆژنامەی خەبات .

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح

مامۆستای ئەکادیمی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕو توێژەر پرۆفیسۆر ئازاد عوبێد ساڵح

ناوی تەواوی(ئازاد عوبێد ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی(زیارەتی گەورە)ی بناری چیای سەفینی سەرکەشی سەر بە قەزای شەقڵاوەی ڕەنگین لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بووە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بە هۆی بۆردومانکردنی ناوچەکەیان لە لایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق ماڵیان هاتووەتە شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە.



دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح بە جلی کوردی بە جاحێڵی.


لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، وەکو بەشی زۆری شاعیر و ڕۆشنبیران و گەنجانی کورد، ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕش لە ١٠-٥-١٩٧٥هاتووەتەوە و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەمال خەزنەدار، نووسەر دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح ، دکتۆر محەممەد حسێن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق جامباز، دکتۆر کەمال غەمبار، هونەرمەندی دیزایینەر محەممەد زادە.**

لەساڵی ١٩٧٦ چووەتە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری ئێواران و بەشی ئەدەبی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە.

لە ١٧-١١-١٩٧٦ لەسەر میلاکی ئەمینداریێتیی گشتیی کشتوکاڵ- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ وەکو فەرمانبەر لە شارۆچکەی هەریر دەست بەکار بووە، لە شوباتی ساڵی ١٩٧٨ گواستراوەتەوە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالی هەولێر لە ناو شاری هەولێر و لە بەڕێوەبەرایەتیی هەرەوەزیی کشتوکاڵ وەکو(مدقق- وردبین) کاری کردووە، هەموو ساڵێ ئەندام بووە لە لیژنەی وەرگرتنی دانەوێڵە لە سایلۆی هەولێر، لە نێوان ساڵانی ١٩٨١- ١٩٨٢ دوو جار بە هۆی نەچوونی بۆ سەربازی و(جیش شعبي) بۆ ماوەیەکی کورت لە وەزیفە دابڕاوە، لە ساڵی ١٩٨٩ چووەتە دەورەیەکی(ڕووپێوی- مساحة) و گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی زەوی وزاری گشتی، تا ساڵی






٢٠٠٥ لە بوارەکانی دارایی و ڕووپێوی و کارگێڕی و ڕاگەیاندن ئیشی کردووە.

دکتۆر ئازاد عوبێد لە ساڵی ١٩٩٤ دەستی بەخوێندن کردووەتەوە لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و ساڵی ١٩٩٧ تەواوی کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ وەرگرتووە، نامەی ماستەرەکەشی بە ناو نیشانی(کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ...١٩٦١-١٩٧٥) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ هەر لە هەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆراشی بە پلەی زۆر باشی باڵا بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەشی بە ناونیشانی(ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕووناکبیری کورد مەعروف جیاووک لە ١٨٨٥-١٩٥٨)بووە، پڕۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرپەرشتیی نامەی دکتۆرایەکەی کردووە، لە ٢٢-٣-٢٠١٣ ناسناوی(یاریدەدەری پڕۆفیسۆر)



**لە لای ڕاستەوە، ڕاوەستاوەکان: خاڵە حەمرین، شەهید مەهدی خۆشناو، محەممەد شەهاب چەلەبی، نووسەری گەورەی کورد مەسعود محەممەد، نەناسراوە، مامۆستا و نووسەر مەجید ئاسنگەر،نە ناسراوە، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: ئەسکەندەر جەلال، مامۆستا سمکۆ محەممەد، نووسەر غازی حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح ، ڕاستی ئازاد عوبێد.**




ی وەرگرتووە و لە ٢٣-٢-٢٠١٩، ناسناوی (پرۆفیسۆر)ی دراوەتێ.

دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە حەز و خولیای چووەتە خوێندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕاگەیاندنی کوردی، پاش ڕاپەڕینیش بە تەواوی چووەتە ناو دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی پاش تەواوکردنی بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و وەرگرتنی ماستەر و دکتۆرا، بۆیە لە بواری پسپۆڕیی خۆی، وەکو مامۆستای مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی زانستیی پوخت و ئاست بەرزە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کارگێڕیی و توێژینەوە و پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی تێکستە مێژووییەکان و خوێندنەوە بۆ بەرهەمی کەسایەتییە ڕۆشنبیر و ناودارەکانی کورد و وەرگێڕان بە زمانی عەرەبی و کوردی، ئەو خاوەنی(١٢) کتیب و(١٢) توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی و (٣) توێژینەوەی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر و ڕۆژنامەنووس دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح.**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عومەر پەتی، دکتۆر ئەحمەد میرزا، دکتۆر نەبیل فەلسەفە، دکتۆر قادر پشدەری، دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح.**

هاوبەشە، هەمووشیانی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پاک و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون، کە ئەمانەن:

**بەرهەمە چاپکراوەکانی بە زمانی کوردی:**

١- غافڵکوژی سیاسی هەندێ لە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ١٩٩٧، توێژینەوەی دەرچوون- بەکالۆریۆس،(٧٠)لاپەڕەیە،گۆڤاری یەکبوون، ژ(١٤)، نیسانی ٢٠٠٠.

٢- کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە باشووری کوردستاندا ١٩٦١-١٩٧٥، نامەی ماستەر، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٧.




٣- ڕۆڵی سیاسی و کارگێری و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨، نامەی دکتۆرا، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٢.

٤- خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیی شەهید مەئموون دەباغ، . حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥- ژیان و تێکۆشانی مەلا محەمەد شەریف عوسمانی ڕنگەڕێژانی، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- مێژووی ئاڵای کوردستان، هەولێر، ٢٠١٢ .



دەستەی مامۆستایانی بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٧- ئەبوبەکر خۆشناو (١٩٥٦-٢٠١١) ژیان و بەرهەمەکانی، ئەکادیمیای کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢.

٨- چەند توێژینەوەیەکی زانستی لە مێژووی هاوچەرخی کورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٢٢.

٩ - الاثار الكاملة للدكتور احمد عثمان ابوبكر، جزئين، مركز ژين لأحياء التراث الصحفي و الوثائقي الكردي، سليمانية، ٢٠١٠.

١٠- سەرجەم بەرهەمی مەعروف جیاووک، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠.

١١- صالح الحيدري فی مجموعة مقالات مهمة غير منشورة، مراجعة خالد بكر ايوب و دكتور ازاد عبيد، اربيل ٢٠١٩.




١٢- کۆمەڵە وتارێکی گرنگی بڵاونەکراوەی ساڵح حەیدەری، پێداچوونەوەی دکتۆر ئازاد عوبێد.

**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کوردییەکان بڵاویکردۆتەوە:**

١- د.ئارشاک پۆلادیان، کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٠٠.




٢- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی رزگاریخوازیی کورد و ئازەر لە ئێران، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، پەروردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣- د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، ف. مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناس و نووسینەکانی لە بارەی کورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥- لە بەلگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی- دەفتەری تەحریري موفەسەل و ئیجمالی ویلایەتی ئەربیل(هەولێر) ٩٤٩ک/١٥٤٢ز، وەرگێران و پێشەکی و دەروازە بۆ نووسین :پ. د.خەلیل عەلی موراد، وەرگێرانی بۆ کوردی و ساغکردنەوەی ناوی گوندەکان: پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح، ئەکادیمیای کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢١.




دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح لە کۆنفراسی توێژینەوەی مێژوویی.

٦- زاناي بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی بەڕەوانی لە نەتەوەی کوردی کۆیلەکراو، (k۲۱ گۆڤار)، هەولێر، ژمارە(۱۰-۱۱)،۲۲/٤/ ۲۰۱۱.


دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح بە جلی کوردی.

٧- شاکر خصباک، کورد لە نیگای زاناو گەڕیدە ڕۆژئاواییەکانەوە، کاروان(گۆڤار)، هەولێر، ژمارە(۹)،۱۹۹٤.

٨- پ.د. خەلیل عەلی موراد، کورد و کوردستان ل کتێبی»جیهان نوما»ی کاتب چەلەبیدا (۱۰۱۷-۱۰٦۷کم ۱٦۰۹ _ ۱٦٥۷ز)، و : د. ئازاد عوبێد ساڵح، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(۲۹)، ۲۰۱٤.

٩- مەسعود محەمەد، مەمدوح سەلیم، نیو سەدە خەباتی بێ وچانی کوردانە، وەرگێران، ڕۆژنامەڤان، ژ(٦-٧)، ۲۰۰۱-۲۰۰۲.

١٠- محەمەد ئۆزۆن، مەحمود حەسەن حاجي، مەمدوح سلیم لە سییا ئەڤینێ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ڕۆژنامەڤان،(٦-٧)ي ۲۰۰۱ -۲۰۰۲.

١١- کتێبي یەکبوون: سەعد ناجي جەواد، کەمینەی کوردی سوریا، ب ۱، یەکبوون، ژ(۷)، ۲٥/۳/۱۹۹۹. لە ژمارەکانی دواتر بەشەکانی دیکەی بڵاوکراوەتەوە.

١٢- د. عەبدولفەتاح بۆتانی، ناوەڕۆکی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کورد کە لە ۲۲ی تشرینی دووەمی ۱۹۰۸ دەرچووە، وەرگێڕان، ڕۆژنامەڤان ،ژ (۹)، ۲۰۰۲.




١٣- یەکەمین دیداری دوای ڕێککەوتنی ۱۱ ی ئاداری، بارزانی : من چاوم لە هیچ پلە و پایە و دەستکەوتێک نییە لە پەنای شۆڕشەوە بە دەستی بێنم، دوڕیە عەونی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، یەکبوون(ڕۆژنامە)، ژ (۷)، ۲٥/۳/۱۹۹۹.

١٤- ئیسماعیل فەتاح قازی، ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ( دائرة المعارف اسلام)، وەرگێران لە




فارسییەوە: ، بەشی دووەم، هەرێمی کوردستان، ژ( ٢٠)،٧/٣٠/ ١٩٩٦.

د سەد سالیا بوري دە رەوشا گۆڤار و ڕۆژنامەيێ کوردستانا باکوور و ڕۆژنامەڤانییێن ڤی هەرێمی، لە ڕێنووسی لاتینی گۆڕدراوە، ڕۆژنامەنووس، ژ(٥)هاوینی ٢٠٠٥.

١٥- ......،دبلۆماسیەتی ستراتیژی : ئازاد عوبێد ساڵح، کوردستانی نوێ، ژ(٨٣١)، ١٩٩٤/١١/٨.

١٦- د. کەمال سەیدۆ کورداغی، کورد..لە یەکێتیی سۆڤیەت و بارودۆخی نوێ، ئاڵای ئازادی ، ژ(١١٥)،١٩٩٤/٣/٢٧.

١٧- د. جەبار قادر، ژيان و داهێنانەکاني نووسەري کورد دکتۆر زوهێر عەبدولمەلیک، وەرگێڕانی بۆ کوردی. د.ئازاد عوبێد ساڵح،١-٢ رامان(گۆڤار)، هەولێر،ژ(٢٨٣- ٢٨٤)،٢٠٢١. ٢-٢ ژ(٢٨٥- ٢٨٦)،٢٠٢١.

١٨- لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییەوە، گۆڤاری « مێژوو» ، ژ (٥)، زستانی ٢٠٠٨ .

١٩- کورد و ئەرمەن ، گۆڤاری « k٢١ » ، ژ (٥-٦)، ٢٠٠٩ .

٢٠- یەکێتیی ئیتاڵیا، گۆڤاری « مێژوو» ، ژ(٢٥)، ساڵی حەوتەم.

دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشی بە ناوە خوازراوەکانی(ڕاستی، باوکی ڕاستی، ڕابەر) بڵاوکردووەتەوە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری دیکەی هەمەجۆر لەم ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانە :(گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ئاڵای ئازادی، ڕۆژنامەنووس، گۆڤاری k٢١، کوردستانی نوێ، دەنگی میللەت، رامان، برایەتی، خەبات ،گوڵان، هاوکاری، ئەکادیمیای کوردی چەندانی دیکە).

دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح هەر مامۆستای ئەکادیمی زانکۆ نییە، بەڵکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە لەم بوارەدا ئەم چالاکییانەی نواندووە:

- وەکو نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسین و بەڕێوەبەری نووسین لەم ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانە کاری کردووە و بەرهەمیشی تێدا

بڵاوکردووەتەوە:(ئـاڵای ئـازادی، گۆڤـاری کشـتوکاڵ، دەنگـی میللـەت، ڕزگاریـی نیشـتمان، ڕۆژنامەنـووس، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی).

- چەندیـن چاوپێکەوتـن و دیـداری لەگـەڵ دەیـان مامۆسـتای ئەکادیمـی و نووسـەر و کەسـایەتییەکانی کوردسـتان کـردووە.
- لـە بەشـی ڕاگەیاندنـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەدین دوو سـاڵ خۆبەخشـانە وانـەی مێـژووی ڕۆژنامەگـەری گوتووەتـەوە، مـاوەی چەنـد سـاڵێکیش وەکـو مامۆسـتای موحـازر هـەر لـەوێ دەرسـی گوتووەتـەوە.
- ئەندامی ڕاوێژکارە لە دەستەی نووسینی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.
- ئەندامـی لێژنـەی ئینسـکلۆپیدیای کوردسـتان و لێژنـەی دەسـتنووس و بەڵگەنامەکانـە لـە ئەکادیمیـای کـوردی.

دکتۆر ئازاد لە ژیانی مامۆستایەتی زانکۆش سەرەڕای وانە گوتنەوەی ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- ئێسـتا مامۆسـتایە لە بەشـی مێژوو لـە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سـەلاحەدین و وانـە بـە قوتابیانـی خوێندنـی باڵا(ماسـتەر و دکتـۆرا) دەڵێـت و سەرپەرشـتیی نامەکانیـان دەکات.
- سەرپەرشتیی(٨) نامـەی ماسـتەر و(٢) تێزی دکتۆرای کردووە و تاوتۆی زیاتـر لە(٢٠)نامـەی ماسـتەر و دکتۆراشـی کـردووە، چ وەکـو ئەنـدام چ وەکو سـەرۆک لێژنـە.
- لـە نێوان سـاڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٨ بەشـداریی زیاتـر لـە(٥٠) لێژنـەی زانسـتی کردووە و دیارترینیان لێژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی مامۆسـتایان و لێژنـەی زانسـتی خوێندنی باڵای بەشـی مێژوو.
- هەر بە هۆی چالاکییەکانی بەشداریی لە زۆر لە کۆنفراس و کۆڕوکۆڕبەندی زانستی کردووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٩ەو، تـا ئێسـتا لەتـەک کارەکانـی خـۆی وەکـو مامۆسـتا سەرپەرشـتیی کتێبخانـەی بەشـی مێـژوو لـە کۆلێـژی ئـاداب دەکات.
- تـا ئیسـتا (١٤) جـار لـە لایـەن وەزیـری خوێندنـی بـاڵا و سـەرۆکی زانکۆ و ڕاگـری کۆلێژ و ئەکادیمیـای کوردیش ڕێـزی لێنـدراوە.

**دکتۆر ئازاد عوبێدساڵح ئەندامە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانە:**

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و مێژوویی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.

دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و خەریکی کۆکردنەوە و نووسینەوە و لێکۆڵینەوەیە لە بواری پسپۆڕیی خۆی و ڕۆژنامەنووسیش ، ئەو... هەموو بەرهەمەکانی بە ماندووبوون و شەونخونیی خۆی نووسیوە، خەمی خۆی و میللەتەکەی و ئازار و ئەشکەنجە و باری ناهەمواری گەلەکەی هەمووی لە بەرهەمەکانیدا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، دوا بەرهەمیشی خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی زانا و مێژوونووسی گەورەی کورد کەمال مەزهەر ئەحمەدە.

دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی مێژوو و زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی دکتۆر ئازاد عوبێد لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# موسەدەق تۆڤی

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و لێکۆڵـەر و وەرگێـڕو خاوەنـی ئینسیکلۆپیدیای پارێـزگای دهۆک(ئینسکلۆپیدیا پارێزگەهـا دهۆکێ)، مامۆسـتا موسـەدەق تۆڤـی

موسـەدەق تۆڤـی لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە گوندی(بامەڕنی)ی سـەر بـە قـەزای ئامێدی - پارێـزگای دهـۆک لـە خانەوادەیەکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، هـەر لـە سـەرەتای لاوێتیـدا سـەوداو حـەزی چووەتـە زمـان و ئـەدەب و نووسـینی کـوردی، لـە سـاڵی ١٩٧٠ یەکـەم دەسـتپێکی نووسـینی خـۆی کـە پارچـە هەڵبەسـتێک بـووە لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری) بڵاوکردووەتـەوە، ئیـدی بـەردەوام بـووە لـە نووسـین و چیـڕۆک و لێکۆڵینـەوە و کۆکردنـەوەو ئامادەکـردن و سـاغکرنەوە لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردییەکانـی ئـەو کات لەوانە(هـاوکاری، برایەتـی، بەیـان، ڕۆشـنبیری نـوێ، ڕۆژی کوردسـتان)بە شـێوەزاری کرمانجـی باکـوور بـڵاوی کردوونەتـەوە.

لـە ئاداری سـاڵی ١٩٧٤ بـە هـۆی ڕێکنەکەوتنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لەگەڵ ڕژێمی ئەوسـای عێراق، خۆی گەیاندووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگەی کوردسـتان و لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان دەسـت بـەکار بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٥ پـاش نسـکۆی شـۆڕش هاتووەتـەوە و لـە نێـوان شـاری سـلێمانی و دهـۆک ژیـاوە.




**لە لای ڕاستەوە: سینەم خانم کچی میر جەلادەت بەدرخان، نووسەر موسەدەق تۆڤی.**

لــە ســاڵانی ١٩٨٢- ١٩٩٠ لەبــەر چەنــد هۆیەکــی کەســایەتیی و بــارو دۆخــی ئەوســای کــورد ماوەیــەک بەرهەمەکانــی خــۆی بڵاونەکردووەتــەوە، هــەر لەگــەڵ ڕاپەڕینــی ســاڵی ١٩٩١ دووبــارە دەســتی بــە نووســینی بابەتــی هەمەجــۆر کــردووە و بەرهەمەکانــی لــەم ڕۆژنامــە و گۆڤــارە کوردییانە(ڕۆژنامــەی خەبــات، برایەتــی، هەرێمــی کوردســتان، نــەورۆز، بۆتــان، پەیمــان، ئەڤــڕۆ، وار، جەمــاوەر، ڕووداو، مەتیــن، پەیــڤ، دهــۆک، ســەنتەری برایەتــی، دیجلــە، چاودێــر، نووبــوون، هــاوارا نــوێ، ڕۆژنامەوانــی، ڕۆژنامەنــووس، کاروان و چەندانــی دیکە)بڵاوکردووەتــەوە.



**نووسەر موسەدەق تۆڤی**
**بە منداڵی و بە جلی کوردی.**

نووســەر موســەدەق تۆڤــی کۆمەڵێــک بەرهەمــی لــە چیــرۆک و وەرگێــڕان و لێکۆڵینــەوە و ســاغکردنەوە و بــە ئەرشــیفکردنی چەندیــن ڕۆژنامــەو گۆڤــارە کــۆن و نوێیەکانــی کــوردی ئامادە کردووە و چاپی کردوون، کە دیارترینیان ئەمانــەن:




- چەند بەرپەڕەیەک ژ دیرۆکا رۆژنامەڤانیا کوردی، بەشی یەکەم، سالی ١٩٩٩.
- شۆڕشا شێخ سەعیدی پیران سالی ١٩٢٥، دهۆک ١٩٩٩.
- سەرهەڵدانا ساسۆنێ، کۆنی رەش، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە، سالی ٢٠٠١.
- رۆناهی ڤەکۆلینەک رەوشنبیری دیرۆکی، هەولێر ٢٠٠٦.
- شۆڕشا کوردین تورکیا و کاریگەریا وێ لەسەر پەیوەندییێن دەرڤەیێ ئێرانێ، کاوە بەیات، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، دهۆک سالی ٢٠٠٩.
- دۆزا کورد ل سوریا، عیسمەت شەریف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دهۆک سالی ٢٠٠٩.
- وەڵاتێ هەکاری، دکتۆر دەرویش هروری، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دهۆک سالی ٢٠١٠.
- چەند بەرپەڕەک ژ دیرۆکا رۆژنامەڤانیا کوردی، بەشی دووەم، دهۆک سالی ٢٠١١.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولڕەحمان بامەڕنی، نووسەر موسەدەق تۆڤی لە کاتی پێشکەشکردنی سیمینارێك دەربارەی زمانی کوردی.**




- یاشار خانم هەڤژین و هەڤالا رۆژێن دژوار، دهۆک سالی ٢٠١١.
- سالێن پەنابەریێ ژ ژیانا ئیحسان نوری پاشا، چاپی یەکەم ٢٠١٢ و چاپی دووەم ٢٠١٧.
- میر جەلادەت بەدرخان سەرکردەیێ شۆڕشەک رۆشنبیری، دهۆک ٢٠١٣.
- زڤرینەڤا بارزانی و هەڤالین وی ژ یەکێتیا سۆڤییەت ل بەر رۆناهیا هندەک بەلگەنامەیێن ئێرانی، هەولێر، ٢٠١٣.
- ئەوا من دڤیا بێژم من گۆت، دهۆک، ٢٠١٥.
- دیرۆکا رۆژنامەڤانیێ ل پارێزگەها دهۆکێ، دهۆک، ٢٠١٩.
- ژ عەممان بۆ ئامێدیێ، نووسەر عەلی سەیدۆ گەورانی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، سالی ٢٠٢٢.
- دیرۆکا پەروەردە و فێرکرنێ ل پارێزگەها دهۆکێ، دهۆک، ٢٠٢٢.
- بیبلۆگرافیای رۆژناما(پەیمان)، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر ئیسماعیل بادی و نووسەر خالد دێرەشی.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نە ناسراوە، نووسەر موسەدەق تۆڤی، پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، نووسەر مستەفا نوری بامەڕنی، نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەڕۆ،**
**ئەوەی لە پشتەوە: نووسەر ئەلەند مزووری.**

- ڕێبەرێ پارێزگەها دهۆکێ، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر ئیسماعیل بادی.
- لە ساڵی ٢٠١٣- ٢٠١٨ سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری پرۆژەی بەرهەمهێنانی ئینسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆک(ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ)بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ بە هاوکاریی نووسەر خالد ساڵح ئینسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆک لە(٩) بەرگ و بە قەوارەی(٥٠٠٠) لاپەڕەی گەورە لە ئەستەنبوڵ لە چاپدراوە و نمایشکراوەو و لە سەرانسەری کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر داخوازیی بنەماڵەی قازی و بە هاوکاری لەگەڵ بنکەی(ژین) لە سلێمانی و نووسەر عەبدوڵڵا زەنگەنە لە هەولێر، سەر لە نوێ ئامادە و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بۆ گۆڤاری (ڕۆناهی) کردووەتەوە و لە هەولێر لە چاپدراوەتەوە، ئەوەی شایەنی باسە گۆڤاری (ڕۆناهی) یەکەمین گۆڤاری کوردییە بە شێوەزاری (کرمانجی باکوور) لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٢ لە بەغدا دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕەوانشاد(حافز مستەفا قازی)بووە.



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد محەمەد سینۆ برای نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر موسەدەق تۆڤی، زێرەڤان محەمەد سینۆ، کارزان محەمەد سینۆ.**

نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تا وەکو ئێستا هەمیشە ئەندامێکی چالاک بووە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییانە:

- لە ساڵی ١٩٧٨ بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و لە ساڵی ١٩٨٠- وە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک بووە و لە بەشی زۆری کۆنگرەو کۆنفراسەکانی بەشدار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٠ بەشدار بووە لە دەرچوواندنی گۆڤاری(پەیڤ).
- لە ساڵی ١٩٩٨ بووەتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەشداریی هەموو چالاکییەکانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨١ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٢ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی دهۆک بووە.



- لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٤ وەکو نووسەر لە گۆڤاری(مەتین) دەست بە کار بووە.




- لە سـاڵی ١٩٩٤-٢٠٠٣ ئەندامی دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی (پەیمـان) بـووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ وەکو سکرتێری نووسـین لـە گۆڤاری(دهـۆک)و دواتـر لـە سـاڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٧ وەکو سەرنووسـەری ئـەو گۆڤـارە درێـژەی بـە خزمەتـی کـردن داوە.
- لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٤ ئەندامی دەستەی دەستنووس و بەڵگەنامە بووە لە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
- لـە سـاڵی ٢٠١٢-٢٠١٧ وەکـو ئەندامـی دەسـتەی ڕاوێـژکاری لـە گۆڤاری(ڕ‌ڕۆژنامەنـووس) دەسـت بـە کار بـووە.

موسـەدەق تۆڤـی سـەرپەرشـتیی چەندین فیسـتیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و کەلتووری کردووە لەوانە:

- سـەرپەرشـتیی فیسـتیڤاڵی شۆڕشا ئاگری و جەنەڕاڵ ئیحسـان نوری پاشـای کردووە، لـە دهۆک سـاڵی ٢٠١٢.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان مزووری، نووسەر دکتۆر زرار سدیق، نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر دکتۆر محەممەد ساڵح زێباری.**



لەسەر گۆڕی شاعیری نەمر هەژار، لە لای ڕاستەوە: نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر حەجی جەعفەر.



لە تەنیشت پەیکەری ئیحسان نوری پاشا، لە لای ڕاستەوە: نووسەر کۆنی ڕەش، نووسەر موسەدەق تۆڤی، نووسەر محەممەد ڕۆناهی(دیار بەکر).

- سەرپەرشتیی فیستیڤاڵی میر جەلادەت بەدرخانی کردووە، لە دهۆک ساڵی ٢٠١٣.
- سەرپەرشتیی فیستیڤاڵی ساغکردنەوە و بە بیرهێنانەوەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس (حافز مستەفا قازی) کردووە ، لە دهۆک ساڵی ٢٠١٤.

نووسەر موسەدەق تۆڤی ئێستاش ئەندامە لە بەشی ڕۆشنبیری لە ناوەندی (خانی) بۆ ڕۆشنبییری و راگەیاندن. بەردەوامیشە لە نواندنی چالاکییەکانی لە بواری نووسین و سەرپەرشتیی کۆڕو کۆبوونەوەکانی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک و سەنتەرە ڕۆشنبیەییەکانی دیکە، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان هەیە.

نووسەر ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و توێژەر موسەدەق تۆڤی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان: بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ژیاننامەی نووسەر کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢-- Seme kurd وتارێکی نووسەر هۆزان ئەمین لە ٢٨-١١-٢٠١٥.

٣-زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# فەیسەل مستەفا

مامۆستاو نووسەر و شاعیری نوێخوازو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار مامۆستا فەیسەل مستەفا.


ناوی تەواوی(فەیسەل مستەفا حاجی عەلی)یە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی(بامەڕنی) سەر بە ئامێدی- پارێزگای دهۆک لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی فەیسەل مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، ئەو خوێندنی سەرەتایی لە بامەڕنی تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ناوەندی چووەتە ئامێدی، پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی لە ئامێدی خوێندووە، بە هۆی کاری سیاسییەوە باوکی گواستراوەتەوە ڕواندز، بۆیەماڵیان هاتووەتە هەولێر پۆلی سێیەمی ناوەندی و ئامادەیی بەشی زانستی ساڵی ١٩٦٢ هەر لە هەولێر تەواو کردووە.

فەیسەل مستەفا لە ساڵی ١٩٦٢ کە ئامادەیی تەواو دەکات زۆر حەزی لە(کۆلێژی پۆلیس- كلية الشرطة) بووە، بۆیە هەوڵی داوە بچێتە کۆلێژی پۆلیسی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کات کورد وەرنەدەگیرا یان زۆر کەم وەردەگیرا، بۆیە ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، ساڵێک دادەنیشێت و لە ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە چوار ساڵ تەواوی دەکات.




لەلای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد زەرو، شاعیر فەیسەل مستەفا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەجی جەعفەر.


لەبەر ئەوەی ئەو کات خوێندنی وانەی کوردی تا پۆلی شەشی سەرەتایی هەبووە، بۆیە دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی بە ناونیشانی (معلم جامعي) لە قوتابخانەی(اربيل الاولى) سەرەتایی لە هەولێر، ئەو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە چەند قوتابخانەیەک لە هەولێر تا لە سەرەتای حەفتاکان لەگەڵ هەندێ مامۆستای دیکە پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواری وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، بەم کارە لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی (انذار) ی بۆ هاتووە و سزا دراوە، ئەو مامۆستایەکی زۆر دڵسۆز بووە بۆ زمانی کوردی، بۆیە هەر بەمەش نەوەستاوە لە ڕێگای شاعیری گەورەی کورد(ڕەوانشاد سەبری بۆتانی)یەوە خۆی دەگەیەنێتە سەرکردایەتیی شۆڕش لە(حاجی ئۆمەران)، نامەیەک وەردەگرێت بۆ شەهید( سامی عەبدولڕەحمان)


دیالێکتا کرمانجیا ژووری

بۆ پۆلا ئێکێ ژ
پەیمانگەها مەڵبەندیا مامۆستایان و

پۆلا چارێ ژ
پەیمانگەها پێگەهاندنا مامۆستایان

دانانا
شێرکۆ احمد حویز و فیصل مصطفی حاجی




کە ئەو کات وەزیری کاروباری باکوور بووە، دەچێتە لای و داوای لێدەکات کە خوێندنی وانەی کوردی لە یەکی ناوەندی تا شەشی ئامادەیی بکرێتەوە، دیارە ئەویش زۆری پێ خۆشبووە و داوا لە وەزیری پەروەردی عێراق دەکات و هەڕەشەی لێدەکات ئەگەر خوێندنی وانەی کوردی نەکەنەوە لە قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی، ئێمە لە حکومەت دەکشێینەوە، بۆیە بڕیار دەدەرێت وانەی زمانی کوردی تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی بخوێندرێت.

فەیسەل مستەفا بۆ وەرگێڕان و نووسینی پرۆگرامی وانەی زمانی کوردی لێژنەیەکیان پێکهێناوە و بە ماوەی ٣ مانگ هەموویان تەواو کردووە، بەڵام ئەو کات لە هەولێر هیچ چاپخانەیەک توانای چاپکردنی نەبووە، بۆیە ئەوان سێ مامۆستا کە دەستخەتیان خۆشبووە، خۆی و مامۆستا نەبی نادر عەبدوڵڵا قەهوەچی و ڕەمزی دزەیی پرۆگرامەکەیان بە دەست نووسیوەتەوە، دواتر چاپکراوە.



**لە لای ڕاستەوە: نەجمەدین عەزیز، شاعیر و نووسەر ڕەوانشاد کەریم شارەزا، فەیسەل مستەفا.**

مامۆستا فەیسەڵ مستەفا مرۆڤێکی هەست ناسک و هێمن و لەسەرخۆ بووە، کە مامۆستا بووە و دواتریش بەڕێوەبەری ناوەندیی جمهوری بووە، هەموو قوتابیانی قوتابخانەکەی خۆشویستووە، ئەو لە شوێنێک دەڵێت:(من کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی جمهوریی کوڕان بووم، تاکە قوتابخانە بووین لە هەولێر کە جلی(یەکپۆشی- زي الموحد)مان جێبەجێ کرد، تاکە قوتابخانەش بووین کە هەموو ساڵی کتێبی نوێی داوەتە هەموو قوتابییەکان، چونکە بڕیار وابوو( ڕێژەی ٥٠٪ یان ٧٥٪) کتێبی نوێ وەربگرن ئەوانی دیکە کتێبی کۆن- مرجع)بن.

ئەو لە ژیانی پەروەردەیی خۆی زۆر  پابەند بووە بە ڕێمنایی و چاودێریی ڕەوشتی قوتابییەکانیشی کردووە، جارێکیان زللەیەک لە قوتابییەک دەدات بۆ چاکردنەوەی هەڵسوکەوتی، پاش نزیکەی (٢٥) ساڵ زیاتر، تووشی قوتابییەکە دەبێت کە ئەفسەری پۆلیس بووە، دیارە قوتابییەکە مامۆستا فەیسەڵ دەناسێتەوە، بەڵام مامۆستا فەیسەڵ ئەو ناناسێتەوە، قوتابییەکە سەلامی لێ دەکات و ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەیەوێت بڕوات، قوتابییەکە پێی دەڵێت: مامۆستا مەڕۆ ئەتو زللەیەکت لە بن گوێی من دا، بن گوێیەکەی دیکەم سوور بووەوە، مامۆستا فەیسەڵ زۆر ئیحراج دەبێت و تۆزیک دادەمێنێت و لێی دەپرسێت یەک پرسیارت لێدەکەم، ئەفسەرەکەش دەڵێت فەرموو: پێی دەڵێت بە غەدر ئەو زللەیەم لێدایت، ئەویش دەڵێت: نا مامۆستا ئەو زللەیەی تۆ وای لە من کرد کە ببمە ئەو پیاوەی ئەمڕۆ، لەم هەڵوێستە مامۆستا فەیسەڵ پڕی هەوکی گریان و هەردوو چاویشی پڕ فرمێسک دەبێت لە خۆشیان.




فەیسەڵ مستەفا هەر مامۆستا نەبوو، بەڵکو ئەو ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بە توانا بووە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە لە بەغدا بوو ماوەیەک لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)




له لای ڕاستەوە: میدیاکار ڕێبەر، فەیسەل مستەفا.

کاری کردووە و لێپرسراوی بەشی هەموو نووسینەکان لە شیعر، چیرۆک ، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە و هەر نووسینێکی دیکە بووە، کە بە شێوە زمانی کرمانجی ژووروو(بادینانی)بووە، ئەو چونکە زۆر کوردپەروەر بووە تووشی دڵگرانییەک بووە، ئەو دەڵێت:( جارێکیان دکتۆرە کوردستان موکریانی وتارێکی ناردبوو بۆ بڵاوکردنەوە، منیش لەسەرم نووسیبوو بڵاوبکرێتەوە، ئاخر ئەو کات دەبووایە نەنووسرێت کوردستان بەڵکو دەبوایە بنووسرێت (ناوچەی حوکمی زاتی)، دیارە وتارەکەی دکتۆرە کوردستان موکریانیان بردووە بۆ(ڕەقیب- خبیر)، بە فەیسەل مستەفایان وتووە ئەمە چییە کوردستان، بیکەنە حوکمی زاتی، ئەویش پێی وتوون کاکە ئەوە خاوەنی وتارەکە ناوی کوردستان چۆن ناوی بگۆڕم.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەندە لەگەڵ فەیسەل مستەفا ماوەیەک کاری میدیاکاریمان کردووە و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٣ بەسەرەوە لە تەک ئەوەی مامۆستا بوو، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروانیش بوو، ئەو زۆر بە چالاکی و دڵسۆزی هەموو کارەکانی خۆی ڕادەپەڕاند.

فەیسەل مستەفا یەکێکە لە شاعیرە هەرە باش و نوێخوازەکان کە بە



شێوەی کرمانجی ژووروو شیعرەکانی نووسیوە، ئەو لە گەڵ هاوڕێ شاعیرەکان هەر یەک لە (بەدرخان سندی و عەبدولڕەحمان مزووری و موئەیەد تەیب و محسن قۆچان) شیعری کوردیی دەڤەری بادینانیان گەیاندە لووتکە.

ئەو شیعری بۆ نیشتمانپەروەری و ئەڤینی و سروشت و جوانیی کوردستان نووسیوە، شیعرەکانی پڕ ئاواز و مۆسیقان، گۆرانیبێژی گەورەی کورد ڕەوانشاد تەحسین تەها زیاتر لە(١٧) هەڵبەستی فەیسەل مستەفای کردووەتە گۆرانی لەوانە(من تو نەڤێ، خال خالۆکێ، خەون، وەرە نوکە نوکە، چەندانی دیکە)، هەروەها گۆرانیبێژ حەسەن شەریفی لە ڕێگای برادەرێکی داوای چەند پارچە شیعرێکی لێ کردووە تا بیانکاتە گۆرانی، ئەویش (٩) هەڵبەستی بۆ ناردووە هەندێکی کردوونەتە گۆرانی، هەر یەک لە گوڵبەهار و سەلاح ئەمین و بەشار زاخۆلیش، پارچە شیعری شاعیر فەیسەل مستەفایان کردووەتە گۆرانی.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای پەروەردە فەیسەل مستەفا هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- Waar Midia. فلمێکی دیکیۆمێنتاری لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار ڕێبەر لە ١٧-٤- ٢٠٢٢.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## محەمەد ڕەشید فەتاح

ئەو یەکەم کەس بووە لە ساڵی ١٩٦٩، وشەی (بیبلۆگرافیای)، لە نووسینێکدا بەکار هێناوە، مامۆستای پەروەردیی و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کوردپەروەر ڕەوانشاد محەمەد ڕەشید فەتاح

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەشید فەتاح)ە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و چووەتە خانەی مامۆستایان و بووەتە مامۆستا لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی و دواتر گواستراوەتەوە ناو شاری سلێمانی، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سەر بە شۆڕش لەگەڵ هاوڕێیانی شاعیر و نووسەرانی دیکە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش دەست بەکار بووە، لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ هاتووەتەوە سەر کارەکەی خۆی و لە بواری پەروەردەدا درێژەی بە خزمەتکردنی خۆی داوە تا خانەنشین بوونی.

محەمەد ڕەشید فەتاح ئەو کاتەی قوتابی بووە سەوداو عەشقی خوێندنەوە و نووسین بووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسین کردووە، چەند وتار و نووسینی لە ڕۆژنامەی(ژین)




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس محەممەد ڕەشید فەتاح،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین.**

بڵاوکردووەتەوە، ئیدی چووەتە ناو دنیای چیرۆک نووسینەوە، هەموو ئەو خەم و پەژارەی خۆی و گەلەکەی لە نەهامەتی و زوڵم و ستەمی داگیرکەران، لە ئەنفالکردن و بێ سەروشوێن کردنی ڕۆڵەکانمان و ڕاگواستنەوەیان، لە ناخی دڵ و مێشکی پەنگی داوەتەوە و بووەتە سەرچاوەی بەرهەمەکانی لە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمانەکانیدا، جگە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، یەکەم کتێبی چاپکراویشی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی(ژیان و ئەشکەنجە) بووە.

ئەو هەموو بەرهەمەکانی بە زمانێکی سادە و ساکارو خۆماڵیی کوردی نووسیوە، زۆریش سەرنج ڕاکێشن، خوێنەر پەلکێش دەکات تا کۆتایی بیانخوێنێتەوە.

ڕەوانشاد محەمەد ڕەشید فەتاح خەرمانێک نووسینی بە تام و چێژی لە چیرۆک و ڕۆمان و ئەدەبی منداڵان دوای خۆی بۆ نەوەکانی بەجێهێشتووە، هەمووشی لە چاپداون و بڵاویشکردوونەتەوە کە ئەمانەن:




- ژیان و ئەشکەنجە، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٦٩.
- تروسکاییەک لە شەوەزەنگدا، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٧٢.
- گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٧٧.
- درەختی پورخیش پوازی لە خۆیەتی، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٨٥.
- هەڵۆکانی ژێر خاک، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٩٩.
- سێ شانۆنامەی خۆماڵی، ساڵی ٢٠٠٤.
- حیکایەتەکانی وەهم و حەقیقەت، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٩.
- ڕۆمانی دیوەخان، ساڵی ١٩٩٥.



**وێنەکە لە ساڵی ١٩٧٤، لە گەلاڵە گیراوە، پۆلێك شاعیرو نووسەری کورد**



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئاوات حەسەن، چیرۆکنووس محەممەد ڕەشید فەتاح.

- ڕۆمانی ئەنفال، ساڵی ١٩٩٧.
- ڕۆمانی ئەفسانەی میرەگوڵ، دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠١ و چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٩.
- ساباتێک لە مێژەلوک، ساڵی ٢٠٠٩.
- قسەکردن لە شکست، قسەکردنە لە نائومێدی، ساڵی ٢٠١٣.
- ئەدەبی منداڵان، لێکۆڵینەوە، دوو جار چاپکراوە، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٧٤، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٩.
- کەسێتیی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا، لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠١٣.

نووسەر و لێکۆڵەر بوار نورەدین کە پسپۆڕی بواری(بیبلۆگرافیایە)، لە کتێبی(بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردیدا)دا کە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ پێیداچووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە دەڵێت:(مامۆستا محەمەد ڕەشید فەتاح یەکەم کەس بووە لە ساڵی ١٩٦٩ وشەی(بیبلۆگرافیا)ی لە نووسینێکدا بەکار هێناوە).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن ئەحمەد لە وتارێکدا بە ناونیشانی(گوڵی تۆزلێنیشتووی کورتە چیرۆک و ڕۆمان)، کە لە ڕۆژنامەی

کوردستـانی نـویٚ بڵاوکراوەتـەوە، دەڵێت:(مامۆسـتا محەمـەد ڕەشـید فەتـاح ڕۆڵـەی لـە دایکبووی ئـەم شـارە هەڵمـەت و قوربانییەیە، تێیدا گەشـەی کردووە و پێگەیشـتووە و بـووە بـە مامۆسـتا و پـەروەدکار، ....وەک بەهرەمەندیـک چووەتـە نـاو هونـەری پڕ لـە وردەکاریـی چیرۆکـەوە، بـە زمانـی کوردییەکـی ڕەوانـی خۆماڵییـەوە بـەرەو ئاسـۆ بـەرە بـەرە هەنـگاوی نـاوە، هـەر کەسـێ گەشـتێک بـە نـاو دنیـای بەرهەمـە چاپکراوەکانـی مامۆسـتادا بـکات خـۆی دەخاتـە نـاو بەهەشـتی لالـەزاری جـۆرە داهێنانێکـەوە لـەو ئاقارەوە درێـژە بـە خوێندنەوەیـان دەدات...هتـد....).

نووسـەر و چیرۆکنـووس محەمـەد ڕەشـید فەتـاح لـە ڕۆژی ١٦-٨-٢٠٢٢ لـە شـاری سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد بێـت و گلکـۆی پـڕ لـە نـوور و ڕەحمـەت بێـت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.

٢- وتارێکی نووسـەر ئەحمـەد حسـێن ئەحمـەد لـە ڕۆژنامەی کوردستـانی نویٚ بـە ناونیشانی(مامۆسـتا محەمـەد ڕەشـید فەتـاح .. گوڵـی تـۆز لێنیشـتووی کورتـە چیرۆک و ڕۆمـان)، لـە ٢٤-١١-٢٠٢٠.

٣- ماڵپـەڕی خـاکHD، بەرنامـەی گۆڤـار، چاوپێکەوتنێک لەگـەڵ نووسـەر و لێکۆڵـەر بـوار نورەدیـن، لـە ٢١-٨-٢٠١٩.

٤- بنکـەی ڕووناکبیریـی گەلاوێـژ، لـە ١٤-٤-٢٠٢٠، وێنەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٤، لـە گەڵاڵـە گیـراوە.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# محەمەد مەردان

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەلەپوورناس، عاشقی کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی، هونەرمەند محەمەد مەردان..

ناوی تەواوی(محەمەد مەردان مەجید)ە، لە ١٢-٥- ١٩٥٧ لە گەڕەکی(چوارباخ)ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، بە هۆی کاری سیاسی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی زیاتر بدات.

لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەگەڵ هاوتەمەنەکانی لە گەڕەکی خۆیان تیپێکی وەرزشی میللیان پێکهێناوە، دواتر ئەم تیپە بووەتە تیپێکی هونەری، چەندین تەمسیلییە و شانۆگەرییان لە کوچەو کۆڵانی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی پێشکەشکردووە، دوای ساڵی ١٩٧٨ بەشێک لە ئەندامانی تیپەکە خزاونەتە ناو کاری سیاسی، پاشان بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانیان تیپەکەیان لێتێکداون، هەندێ لە ئەندامانی تیپەکە گیراون و لە سێدارە دراون و هەندێکیشیان بوونەتە پێشمەرگە و لە پێشمەرگایەتی شەهید بووینە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەلەپوورناس محەمەد مەردان پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، یەکەم کەس بووە لە سلێمانی نەورۆزی زیندوو



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین، چیرۆکنووس محەمەد ساڵح سەعید، هونەرمەندی شێوەکار خالید سەعید، هونەرمەند و نووسەر محەمەد مەردان.**

کردووەتەوە، بایەخدان بە کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتوور و داب و نەریتی کوردی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک بە شێوازی تاکە کەسی بووە، لە کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٩١(کۆنگرەی ڕاپەڕین)، لە شەقڵاوە لەگەڵ چەند نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیری دیکە لەوانە (عەبدولرەقیب یوسف، محەمەد ساڵح تۆفیق، سەلام مەنمی، خالید دلێر، محەمەد مەردان، سەردار فەتاح ئەمین، محەمەد ساڵح سەعید، عومەری عەلی ئەمین، عەبدول شارباژێڕی) بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتووریان بۆ هاتووە و لە دوکانەکەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین، کە(دوکانی تەجلیدکردن)ی کتێب بووە کۆبوونەوەیان کردووە، لە ١٠-١١-١٩٩١ لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی لە گەڕەکی بەختیاری دامەزراوە، نووسەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف بە یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە، هەر لە هەمان دانیشتندا لیژنەی گۆڤاری کەلەپووری کوردی هەڵبژێردراوە، دواتر لە ٣١-١٠-١٩٩٤ مۆڵەتی






ڕەسمییان بۆ کۆمەڵەکە وەرگرتووە، لە خولی دووەمەوە ساڵی ١٩٩٧ نووسەر محەمەد مەردان بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد مەردان لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو حەزی چووەتە ئەدەب و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، وەکو هەموو گەنجانی ئەو کات بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەم نۆبەرەی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە، ئیدی بە تەواوی چووەتە ناو دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیری و بە بەردەوامی بەشداریی کۆڕوکۆبوونە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کردووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چەندین بابەتی هەمەجۆری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و پوختیشی نووسیوە و زیاتر لە(١١)کتێبیشی چاپکردووە، کە ئەمانەن:

- دابڕانی خۆشەویستی، کۆمەڵە شیعر، سلێمانی، ٢٠٠٤.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر لەتیف هەڵمەت، نووسەر محەممەد مەردان.**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، هونەرمەند شەهلا نامق، نووسەر محەمەد مەردان.**

- نەورۆزنامەی فیستیڤاڵی سلێمانی، نەورۆزی، ٢٠٠٨، ساڵی، ٢٠٠٨.
- پەڕەنگی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی شاری سلێمانی، لەگەڵ(شەهلا نامق)دا سلێمانی، ٢٠٠٨.
- پیاوێک لە ئەرخەوان، سەیوانێک لە سلێمانی، ساڵی، ٢٠٠٩.
- پەڕەنگی سەمای ڕەنگ و گۆچانەکانی هونەرمەند(شەهلا نامق) سلێمانی، ٢٠٠٩.


سلێمانی ٢٣٤

سلێمانی ناخێزگەی سەرهەڵدانی رەنگە جیاوازەکانە

سلێمانی و مۆرکی شار بوون

سلێمانی

یادەوەرییەک

سلێمانی

- بەرات لە ڕێڕەوی مێژوودا، سلێمانی، ٢٠١٢.
- گوڵە گەنمێک لە سلێمانی، خەرمانێک لە داستان و سەروەری، سلێمانی، ٢٠١٣.
- دیوانی خەمناک، سلێمانی، ٢٠١٢.
- سەرگوزشتەی گێڕانەوەی خەوەکانی پاشا(فۆلکلۆر) سلێمانی، ٢٠١٤.
- فەرهەنگی کەلەپوور، بەرگی یەکەم بە


چناروک

وەکو کوڕی مەلای گەورەو خێزانی جەلیزادە

فاروق محەمەد بۆ کۆمەڵەی کەلەپور: لەئینۆکی پێمەوە تا تەپلی سەرم دەستخۆشیان لێئەکەم

لیژنەی ئامادەکاری جەژنی نەورۆزی ٢٠٢٠ سەرنتارامگای پیرەمێرد لە گردی مامە یارە

شانۆگەری لەناوێتەی هۆزی مەلای گەورەدا نمایش دەکرێت

هاوبەشیی نووسەر عەبدولرەحمان قادر و ئاراڕات ئەحمەد و هەردەویڵ کاکەیی و ڕێبوار حەمە تۆفیق، سلێمانی، ٢٠١٥.

- (٢٥) فلکلۆریست، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧.

چەندین بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ لەوانە:

- مێژووی کڵاوی کوردی.
- بەسەرهات و قسە خۆشەکانی فەریقە کوێر.
- یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شاری سلێمانی.
- دیوانە شیعری خۆی، بەشی دووەم.
- مێژووی سەیران و سەیرانگای سلێمانی.
- مژیوە، قسە و نوکتە خۆشەکانی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی کورد.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سیامەند هادی، نووسەر محەمەد مەردان، هونەرمەند بەیان محەمەد، نووسەر جەمال عەبدول، نووسەر محەمەد ساڵح سەعید، هونەرمەند عادل محەمەد کەریم، هونەرمەند ڕێبوار حەمە تۆفیق.**



**لە لای ڕاستەوە: لە یادی دامەزراندنی شاری سلێمانی لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند کاوە ئەدیب، نووسەر و هونەرمەند محەممەد مەردان، هونەرمەند مەهاباد خان، سلێمان کوڕی نووسەر محەممەد مەردان، مامۆستا هاوسەر عوسمان، هونەرمەند کەمال دڵشاد، هونەرمەند ئاڤێستا محەممەد مەردان، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا کەریم.**

-چەژن و بۆنە کوردییەکان.

- سلێمانی لە دیدگای هۆنراوە فۆلکلۆرییەکانەوە.

کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی لە سلێمانی کە سەرۆکەکەی نووسەر محەمەد مەردانە، ماوەی(٢١)ساڵ بە خۆی و هاوڕێکانی لە دەستەی کارگێڕی بە بێ پشتیوانی و یارمەتی هیچ لایەنێک خۆ بەخشانە و بێ ووچان کاریان کردووە و دەکەن بۆ خزمەت و زیندووکردنەوەی کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردی، لەم بوارەدا کۆمەڵێک خزمەتییان کردووە کە ئەمانەن:

- زیاتر لە(٢٠) پیشانگای فۆلکلۆری و شێوەکاری و بابەتی کەلەپووری هەمەچەشنەیان کردووەتەوە، تەنانەت پیشانگایەکیشیان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لە شاری(سنە) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووەتەوە.

- تا ئێستا(٢٢) گۆڤاری وەرزیی کەلەپووریان دەرکردووە.

-(١٢) ژمارەی بڵاوکراوەی (گڕی نەورۆز)یان دەرکردووە، ژمارەیەکی تایبەتیشیان بۆ هونەرمەند (شەهلا نامق) دەرکردووە.

- زیاتر لە(٣٠٠) کاسێتی ڤیدۆییان بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار کردووە.
- زیاتر لە(٢٠٠) کاسێتی ڕیکۆردییان تۆمار کردووە.
-(١٢) فیستیڤاڵی فۆلکلۆر، جگە لە یادکردنەوەی ساڵانەی نەورۆز و فیستیڤاڵێکی(شەوی بەرات) کە جەژنێکی ڕەسەنی کوردە، بە هاریکاریی ڕێکخراوی کەلەپووری ئیبراهیم ئەحمەد.

محەمەد مەردان هەر عاشق و شەیدای کەلەپوور و فۆلکلۆر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە ، دەیان دیدارو چاوپێکەوتنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆی و کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان ئەنجامداوە، ئەو کارانەشی هەمووی بووینە(ئەرشیفێکی نەتەوەیی کورد)، بۆ شیکردنەوە و ساغکردنەوە و جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکان لە(ئینستیوتی کەلەپووری کورد)ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان پارێزراوە.

محەمەد مەردان لە بواری ڕۆژنامەگەریش زۆر چالاک بووە ئەم لێکۆڵینەوە و وتار و بابەتە هەمەجۆرانەشی بڵاوکردووەتەوە:
- خوە نهێنییەکانی کاتی نووسینی شاعیران و نووسەران، لە ڕڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی و گۆڤاری کەلەپوور.
- گۆشەی(بەردوئەستی)، بە هاوبەشی لەگەڵ شەهلا نامق، لە گۆڤاری کەلەپووری کوردی.



- ئامادەکردنی بەرنامەی(وەردیلە)، کە بەرنامەیەکی هەمەجۆری فۆلکلۆر لە ئێستگەی گەلی کوردستان، شەهلا نامق پێشکەشی دەکرد.

محەمەد مەردان وەکو سەرنووسەر و جێگری سەر نووسەر و دەستەی نووسەران لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەش کاری کردووە:

- وەکو جێگری سەرنووسەری گۆڤاری(سەنگەر)، کە لە ساڵی ١٩٩٢، دەردەچوو.
- سەرنووسەری گۆڤاری کەلەپووری کوردی ژمارە(١)ی نیسانی ١٩٩٢.
- گۆڤاری(کوردمیر) کە گۆڤارێکی ساڵانە بووە تایبەت بە شوێنەوار و مێژووی و کەلەپووری کوردستان، ژمارە(١)ی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە.
- بە تەنیا گۆڤاری سلێمانی کە تایبەت بە یادەکانی(٢٢٧-٢٢٨)ی دروستبوونی شاری سلێمانی بووە دەرکردووە، دواتر بووەتە ساڵانە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی(گڕی نەورۆز) بووە، کە ساڵانە لە یادی نەورۆز دەردەچێت و تا ئێستا(٢٢) ژمارەی لێ دەرکردووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی(کاڵێ) تایبەت بە کۆچی دوایی شەهلا نامق کە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەممەد مەردان، دکتۆر کەمال مەزهەر.



نووسەر محەمەد مەردان لە کاتی وتار خوێندنەوە، ئەوانی دیکە نەناسراون

سکرتێری کۆمەڵەی کەلەپووری کوردی بووە، ساڵی ۲۰۰۹.

- وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی( شەونامەی چلە)، لە ۲۰-۱۲-۲۰۱۸ەوە، تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون.
- وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی(چنارۆک) کە تایبەت بە یادی مەلای گەورەی کۆیە، ساڵی ۲۰۲۰.
- وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی(شیرین)، کە تایبەت بوو بە یادی عوسمان عوزێری شاعیر، ساڵی ۲۰۲۱.
- وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی(کاوەی گەرمیان) تایبەت بە شکوری حەمەی هەیەر، ساڵی ۲۰۲۲.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد مەردان وەکو نووسەری شانۆ و شانۆنامە چەند شانۆگەرییەکی نووسیوە و ئامادەی کردووە لەوانە:

شانۆگەریی(لە ئاوێنەی هزری مەلای گەورە)دا، بە هاوبەشیی تیپی مۆسیقای باواجی لەسەر سەکۆی پارکی ئازادی لە سلێمانی ساڵی ۲۰۲۰، نمایشکراوە.

- شانۆگەریی(ئەوینی خۆر و مانگ)، لە یادی شەو چلەدا لە هۆڵی تەوار ساڵی ٢٠٢١، نمایش کراوە.
- شانۆگەریی(شەشی ئەیلول) بە هاوکاریی دەزگای میدیا کوردسات، لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی ساڵی ٢٠٢١ نمایشکراوە.
- شانۆگەریی(کاوەی ئاسنگەر)، ساڵی ٢٠٢٢ لە هۆڵی تەوار نمایشکراوە.

شاعیر و کەلتوورناس محەمەد مەردان شیعری بۆ نیشتمانپەروەری و سروشتی جوانی کورستان و ئەڤینی و ستایش کردنیش نووسیوە، ئەو بەشی زۆری دەقە شیعرییەکانی لە بیرۆکە و فیکر و داب و نەریتی کوردەواری و فۆلکلۆری کوردی هەڵهێنجاوە، بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو و پڕن لە وشەی فۆلکلۆری کۆن و ڕەسەن کە بۆ ئەو کەسەی زانیارییەکی باشی نەبێت لە زمانی کوردی تێگەیشتینیان تۆزی زەحمەتە، بۆیە لە دیوانە شیعرییەکەی پەراوێزی داناوە بۆ هەندێ وشە.

دوو هۆنراوەی شاعیر محەمەد مەردان هونەرمەند عادل محەمەد کەریم ئاوازی بۆ داناون، یەکێکیان گۆرانیبێژ پشتیوان، ئەوی دیکە کیژانی ئیبراهیم خەیات وتوویانە.

سەبارەت بە شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد مەردان شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت دەڵێت:(یەکێکە لە عاشقانی کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی، بەم دواییە دوو کتێبی عەرەبیم داناوە(قصائد فولكلورية، الخروج من دوائر المربعة) ئەوەندە کەلەپوور و فۆلکلۆری خۆشدەوێت، وای کرد پێشکەش بە ئەو بکەم لەگەڵ قەیس قەرەداغی کە هەردووکیان عاشقی فۆلکلۆری کوردین).

هەروەها هونەرمەندی ئاوازدانەرعادل محەمەد کەریم دەربارەی نووسەر محەمەد مەردان دەڵێت:(کاک محەمەد مەردان لەگەڵ نەورۆزدا بەیەک شتی لێک دانەبڕوا ئەزانم، ئەوان تەواوکەری یەکن، زۆر لە ڕۆشنبیران باسی ئەوە دەکەن کە نەورۆز جەژنی کورد نییە، بۆیە من حەز دەکەم یاداشتەکانی محەمەد مەردان بخوێننەوە، خۆشەویستیی ئەو بۆ گەل و نەتەوەکەی هەست دەکەم یەکسانە بەو کارەی کە لە ناو کۆمەڵەکە دەیکات، بۆیە لە ناو هەمووان خۆشەویستە).

ڕۆژنامەنووس و کەلتوورناس محەمەد مەردان مرۆڤێکی خۆشەویست و جێگای متمانە و باوەڕی شاعیران و نووسەرانە، دەبینین شاعیری نەمر خورشیدە بابان کە لە سەرەمەرگدا بووە هەموو شتەکانی خۆی بە دەستنووسی(زام)ەوە، کە بیرەوەرییەکانیەتی داویەتە نووسەر محمەد مەردان چونکە زۆر باوەڕی پێ بووە، ئەویش هەمووی داوەتە ڕێکخراوێکی خێرخوازی.

محەمەد مەردان هەر ساغ و سەلامەت و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی کەلەپوور و فۆلکلۆر و کەلتوور و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- GKtv - فیلمێکی دوکیومێنتاری، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار سامان حەمە غەریب.

٣- زانیاری ونووسین و دارشتنی خۆم



## محەمەد ئەحمەد ئەربیلی

خاوەنی گۆرانی(یالّـلا شـوفێر)هونەرمەندی گـەورەی کـورد، هونەرمەنـدی گۆرانـی و مەقـام و قۆریـات، بـە هـەر سێ زمانـی کـوردی و تورکـی و عەرەبی، نـاوی تەواوی(محەمـەد ئەحمـەد شـێخ فەتحی)یە، بە (محەمـەد ئەحمەد ئەربیلی) ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە گەڕەکی تەعجیل (سـەعدوناوە)ی شـاری هەولێر لەدایکبـووە، بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی دەربەنـدی ڕایاتـی ناوچـەی باڵەکایەتیـن، شـێخ فەتحیـی باوکـی لـە سـاڵی ١٨٩٨ لـە گوندی(باوەکـراوە)ی ناوچـەی باڵەکایەتـی هاتووەتـە هەولێـر و لـە سـاڵی ١٩٧٢ کۆچـی دوایـی کـردووە.

محەمـەد ئەحمـەد ئەربیلـی لـە سـاڵی ١٩٤٤ چووەتـە بـەر خوێنـدن لـە قوتابخانـەی(اربیـل الاولـی) تاوەکـو سـاڵی ١٩٤٩، دواتـر لەبـەر بـاری خراپیـی ژیانیـان ناچـار بـووە دەسـت لـە خوێنـدن هەڵبگرێـت، ئـەو کـە لـە پۆلەکانـی سـەرەتایی بـووە دەنگـی زۆر خـۆش بـووە، مامۆسـتاکانی بایەخیـان پێـداوە و لـە هەمـوو چالاکییەکانـی قوتابخانـەی (اربیـل الاولـی) بەشـدار بـووە لـە وتنـی سـروودە نیشـتمانییەکانی( نـەورۆز، ئـەی دلێـران، و لاوانـی کـورد، کـە هەمـوو بەیانییـان قوتابیـان گوتوویانـە.

لـە سـاڵی ١٩٥٦ کـە مەلیـک فەیسـەڵی دووەم، مەلیکـی عێـراق سـەردانی هەولێـری کـردووە و لـە دیوەخانـی(مـەلا فەنـدی) بـە چەنديـن مەقـام وگۆرانیـی



کۆمەڵێك هونەرمەند لە ناوەڕاست هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان

فۆلکلۆری پێشوازی لە مەلیک کردووە، بۆیە جێگای سەرنجی مەلیک و میوانانی دیوەخانی مەلا فەندی بووە، هونەرمەند مەجید فەتاح زۆر بایەخی پێ دەدات و مامۆستای ڕەوانشاد عیزەدین فەیزیش زۆر هانی داوە تاوەکو ڕێچکەی هونەر بگرێت و پەرە بە تواناکانی بدات.

لە ساڵی ١٩٥٣ دەبێتە (شوفێر) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر، بەدەم سەیارە لێخوڕینەوە گۆرانی (یالّلا شوفێر) دەڵێت و ناوبانگی زیاتر لە ناو خەڵکی کوردستان بڵاودەبێتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە ڕادیۆی بەغدا - بەشی تورکمانی غەزەلێک و چوار قۆریات تۆمار دەکات، بە یەکجاری ناودەنگێکی گەورە پەیدا دەکات، ئەو وەکو خۆی دەڵێت:(لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ چۆتە ئێزگەی بەغدا-بەشی تورکمانی یەکەم گۆرانی بە ناوی(مەن ئەربیلدە چختم) بە مانای لە هەولێر دەرچووم تۆمار دەکات، دەنگ و سەدایەکی زۆری دەبێت.

ئەربیلی لە ساڵی ١٩٧٣ دەچیە وڵاتی سعودیە بە مەبەستی (حەج) کردن بەمەش ناوی دەبێتە حاجی محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، ئەو لەگەڵ هونەرمەند مشکۆ دەبێتە هاوڕێ و چەندین ئاهەنگ لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی ئەنجام دەدەن.

ئەربیلی پاش بڵاوبوونەوەی گۆرانی(یالّلا شوفێر) زیاتر بە ناوبانگ دەبێت و هونەرمەندان حەسەن زیرەک و ئیبراهیم تاتلیسەس ئەم

گۆرانییەیان گوتووەتەوە، گۆرانیبێژانی عەرەبیش هەریەک لە مەییادە حەنناوی و جۆرج وەسوف گۆرانیی محەمەد ئەحمەد ئەربیلییان گوتووە، ئەمە بووەتە هاندەرێک کە زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆی بدات لە دانانی هۆنراوە و ئاوازی مەقام و بەستە بە زمانی کوردی و تورکمانی، لەگەڵ هونەرمەندان(عەبدولواحید گۆزەچی و نەجات تووتنچی و یونس تووتنچی چەندین ئاهەنگیان گێڕاوە و بەم هۆیەشەوە جەباری براشی بووەتە گۆرانیبێژ.

محەمەد ئەحمەد ئەربیلی لە مەقامەکانی نەهاوەند، سەبا، کورد، بەیات توانایەکی زۆر سەرسوڕهێنەری هەبووە، بۆیە لە زۆربەی ئاهەنگەکان بانگهێشت دەکرا، لە نێوان ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٧ خاوەن تەکسییەک بە ناوی (غازی حوسێن جەوان) کاسێتێکی گۆرانییەکانی ناوبراو دەگەیەنێتە گۆرانیبێژی بەناوبانگ  ئیبراهیم تاتلیسەس ئەویش زۆر پێی خۆشدەبێت و دەپرسێت ئەوە خەڵکی کوێیە و چۆن داواتی بکەم؟ پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ توانای سەفەر کردن و هاتوچۆ لە نێوان (هەولێر و ئەستەنبۆڵ) زیاد بوو.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئیبراهیم تاتلیسەس ، گۆرانیبێژ محەمەد ئەحمەد ئەربیلی**




محەمەد ئەحمەد ئەربیلی لە دوو تەمەنی جیاوازدا،



لە لای ڕاستەوە: محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، گۆرانیبێژ مشکۆ



ئەربیلی دەڵێت:(دوو جار چووەتە ئەستەمبۆل، جاری یەکەم ساڵی ١٩٩٣ میوانی ئیحسان دۆغرەمەچی بووە، هەر لە هەمان ساڵدا میوانی گۆرانیبێژی گەورە ئیبراهیم تاتلیسەس بوو، کە(٣٥) ڕۆژ لای ماوەتەوەو (١٢) گۆرانیی خۆی داوەتێ لەوانە گۆرانی(یاڵڵا شوفێر) کە زۆر حەزی لێ بووە.

لە ڕۆژی ١٥-٦-٢٠٢٢ گۆرانیبێژی گەورەی کورد محەمەد ئەحمەد ئەربیلی بە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی لە نەخۆشخانەی(ژین) لە هەولێر هەولی چارەسەر کردنی درا، بەڵام لە ٢٠-٦-٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستە و بە ئامادە بوونی لێپرسراوان و هونەرمەندان خەڵکێکی زۆری شاری هەولێر پاش بردنی تەرمەکەی بۆ پارکی سەنتەری شار و سەنتەری خانەنشینان و ناو بازاڕی هەولێر، بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە گەورە و ناسراوەی شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری لە ئەمینداریێتیی

گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان لـه هۆلـی گـەل ئاهەنگێکـی ڕێزلێنانمـان بـۆ (١٩) گۆرانیبێـژ و هونەرمەنـد سـازکرد، لەوانـه ڕەوانشـادان(محەمەد ئەحمـەد ئەربیلـی و حەیـدەر بەقـاڵ) بـوو، لـه یادمـه حەیـدەر بەقـاڵ بـه قۆریاتی(ئۆف یاندم) دەسـتی پێ کـرد. بەنـده وتـاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشـنبیریم خوێندەوە، پاشـان هـەر بـه خـۆم و هونەرمەنـدی بەهـرەدار چەتـۆ حەسـەن و نووسـەر و شـاعیر نـازم دڵبەنـد، ئاهەنگەکەمـان زۆر بـه سـەرکەوتوویی بەڕێوەبـرد و هونەرمەنـدان و خەڵکێکـی زۆری نـاو شـاری هەولێـر ئامـادە ببـوون.

بۆ هونەرمەندی دیار و ناسـراوی شـاری هەولێر و کوردسـتان، ڕەوانتشـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت و گڵکۆت پڕ گوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینه سوود لەم سەرچاوانه وەرگیراوە:

١- کوردیپێدیا.

٢- ئینسیکلۆپیدیای ئازاد.

٣- دیمانەیـەک کـه هاوڕێـی بەڕێـزم نەبیـل عەریـف خـدر لەگـەڵ ڕەوانشـاد هونەرمەنـد محەمـەد ئەحمـەد ئەربیلـی سـازی کردبـوو، بـۆی نـاردووم.

٤-- Bas mews له ٢٠-٦-٢٠٢٢.

٥-- Xalk.org له ٢٠-٦-٢٠٢٢.

٦-- Wikihand له ٢٠-٦-٢٠٢٢.

٧- بیرەوەری و زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## محەمەد جەزا بەرزنجی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد جەزا بەرزنجی...

ناوی تەواوی(محەمەد جەزا حسێن بەرزنجی)یە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی(گۆیژە)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گۆیژە و ئیسکانی مەجید بەگ و ناوەندیشی لە کانیسکان تەواو کردووە، پاشان چووەتە ئامادەیی بازرگانیی تێکەڵ لە سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لەسەر دەستی مامۆستایانی زانکۆی بەغدا دەورەیەکی توێژینەوە و ڕاپۆری بینیوە و بە پلەی(جید جدا- زۆر باشە) تەواوی کردووە و وەکو لێپرسراوی بەشی توێژینەوە و نرخ لە ژووری بازرگانیی سلێمانی دەست بەکار بووە، لە ٢٧-٩-١٩٩٦ گەیشتووەتە وڵاتی هۆڵەندا، ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

شاعیر و نووسەر محەمەد جەزا بەرزنجی هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە خولیای ئەدەب و خوێندنەوە بووە، ئەمەش دیاردەیەکی ناو بنەماڵەکەیان بووە و لە بنەماڵەیەکی ئایینزادە و ئەدەب دۆست بوون و شێخ محەمەدی تەراتەوەن باپیرە گەورەیانە و دەچنەوە سەر بابا تاهیری هەمەدانی، سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بازرگانی بووە و ئەندامی ناوچەی سلێمانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و پەیوەندیی بە شاخ و شۆڕشەوە کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو شاهۆ هاوسەری نووسەر محەمەد جەزا بەرزنجی، نە ناسراوە، نووسەر محەمەد جەزا بەرزنجی.**

یەکەم بەرهەمی ساڵی ١٩٧٤ لە بڵاوکراوەی شەهید لەیلا لە شاخ کە لە پێنجوێن دەردەچوو بڵاوکردووەتەوە، پاشانیش ناو بەناو چیرۆک و هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردووەتەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی محەمەد جەزا بەرزنجی:**

١- ساڵی ١٩٧٨ نامیلکەیەکی لەسەر مێژووی دامەزراندنی ژووری بازرگانیی سلێمانی بە چاپ گەیاندووە لەگەل کۆمەڵێک زانیاری و ئاماری بازرگانیدا.

٢- ساڵی ١٩٨٣- کرێکار و بەرهەم- وەک کورتە باسێکی مێژوویی کرێکار و بەرهەم و ئامارێکی فەرمیی کرێکار و نرخ و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پیشە دەستییە باوەکان لە ناوچەی سلێمانیدا، مامۆستای ئابووریناس ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا پێشەکی بۆ نوسیووە و هەڵیسەنگاندووە. ٣- ساڵی ١٩٨٤ کتێبی کەرتی پیشەسازیی بەرهەم لە سلێمانی ناوچەکانی دەرەوەیدا چاپکردووە کە بریتی بووە لە زانیاریی دۆکۆمینتاری لەسەر ژمارەی کرێکار و کرێ و ئاستی بەرز و نزمی بەرهەم.




٤ - ساڵی ١٩٨٥ ( بنچینەکانی مارکسیزم ) ی کردووە بە کوردی لە ژێر نازناوی ( ڕزگار ) داو بە ڕۆنیۆی دەستی ١٥٠ نامیلکەی لێ چاپکراوە و بەرگەکەشی بە نهێنی لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکردووە.

٥- ساڵی ١٩٩٠ مێژووی ژووری بازرگانیی سلێمانی و ئەنجومەنەکانی بە وێنە و دۆکۆمێنتەوە ئامادەکردووە و بە چاپی گەیاندووە.

٦- ساڵی ١٩٩٩ نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی ( چرپە) چاپکردوە، لە چاپکراوەکانی دەزگای بڵاوکراوەی ( بێوار).

٧- ساڵی ٢٠٠١ نامیلکەیەکی بە ناوی ( سێ وتار ) چاپکردووە، لە چاپکراوەکانی بڵاوکراوەی بێوار.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەد جەزا بەرزنجی، نووسەر هیوا سەرهەنگ، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس.**

٨ – ساڵی ٢٠٠٢ کتێبی ( ڕایەڵە )ی چاپکردووە، بریتییە لە بیرەوەری کۆمەڵێک لە زیندانییە سیاسییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس.

-٩ ساڵی ٢٠١٢ دەزگای بێوار لە ڕۆتردام نامیلکە شیعری (گەردەلول لەسەمادا) بۆ چاپکردووە.

**چالاکییە ئەدەبی رۆژنامەوانییەکانی:**

-١ لە ساڵی ١٩٨٥ وە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ نوێنەری فەرمیی ڕۆژنامەی ( الاتحاد ) بووە کە ڕۆژنامەیەکی ئابووری بوو، هەوڵێکی زۆری دابوو لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای ١٩٩٠ تا بە فەرمی ڕەزامەندی دوو لاپەرەی کوردی بۆ ڕۆژنامەی ( الاتحاد ) وەربگرێت بە هۆی بارودۆخی نەوەدەکانی عێراقەوە نەتوانرا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهاری ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیردەکرێت و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە ئەمنی عاممەی بەغدا ئازاد دەکرێت.

٢ – سەرپەرشتیار و جێبەجێکاری چاپ وهونەری گۆڤاری (ڕێنوێن) ی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بووە ساڵی١٩٩٣بە هاوکاریی




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەد جەزا بەرزنجی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین.**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر خەسرۆ شاڵی، مامۆستا ساڵح محەممەد ئەمین،
نووسەر محەممەد جەزا بەرزنجی.**

ڕەشاد حسەینی ڕووناکبیر و نووسەر و چیرۆکنووس کە تەنیا چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو.

٣- ئەندامی چالاکیی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی فەرمانبەرانی کوردستان بووە لە نیوەی یەکەمی ساڵی نەوەدەکان.

٤- لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆڕی ڕووناکبیریی کورد بووە لە ساڵی ١٩٩٥.

٥- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ وەک ئەندامێکی کارای خێزانی بڵاکراوەی مانگانەی (بێوار) چالاکیی ئەدەبی و نووسین و ڕۆژنامەوانی لە هۆڵەندا دەستپێکردوە، شایانی باسە (بێوار) بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتی بووە لە ١٦ ئابی ١٩٩٦ وە، دەستی بە بڵاوکردنەوەی کراوە و تا ساڵی (٢٠٠٧)، ( ١٢٧ ) ژمارەی لێ دەرچووە، کە بە یەکەم بڵاوکراوەی کوردی دادەنرێت لە ئەوروپا و دەرەوەی کوردستان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بێ وەستان بەردەوام بووە بە سەرپەرشتیاری نووسەر و






ڕووناكبیر و ڕۆژنامەوان ( هیوا سەرهەنگ )و هاوكاریی تەكنیكی و بنچینەیی خاتوو ( پەیمان سەرهەنگ).

٧- هەرلە سەرەتای دەرچوونی بڵاوكراوەی مانگانەی (بێوار)ەوە بەشداریی كاریگەری كردووە لە زۆربەی ژمارەكانیدا بە وتار و شیعر و كورتە چیرۆك و لێكۆڵینەوەو ناساندن و نرخاندنی چەند بەرهەمێكی چاپكراوی نووسەران، شایانی باسە ئەو یەكێك لەو نووسەرانەیە كە زۆرترین بەرهەمی لە بێوار بڵاوكردووەتەوە، لە كتێبی بیبلۆگرافیاكەی (ئیسماعیل تەنیا) كە ساڵی (٢٠١٢) لە چاپی داوە ئاماژەی پێكردووە.

٨- ماوەی ساڵێك ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوكراوەی ( هۆریزۆن ) بووە بە زمانی هۆڵەندی كە لە لایەن كاروباری پەناهەندانی شاری ( ماسلاوس )ە وە دەردەچوو .

٩- لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوكراوەی (ئۆپ كیكەر) بووە بە زمانی هوڵەندی كە دەزگای ( ستود ) دەری دەكات.

١٠ – لە ڕۆژی ٢/٤ /٢٠٠٥ لە شاری ڕۆتردام بە ئامادەبوونی (د. جەمیل شەڕەف، محەمەد جەزا بەرزنجی، هیوا سەرهەنگ، بەكر محەمەد ئەمین



، (خاڵـه بەکـر )، و سـەردار فەتـاح ئەمیـن ) کۆبوونەتـەوەو بڕیاریـان داوە کـە ( یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد ) لـە هۆڵەنـدا دابمەزرێنـن و بـە فەرمـی مۆڵەتـی کارکردنیـان لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا وەرگرتـووە. چەندین چالاکی و کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییان ڕێکخسـتووە.

١١- سـاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئەندامـی دەسـتەی سەرپەرشـتیاری ماڵپـەڕی ( کوردسـتان تەلەگراف) و جێبەجێکاری بـووە.

١٢- ئەندامی ڕێکخراوی (دونیا) ی میللەتان.

١٣- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسـەرانی کورد لـە هۆڵەندا، لـە کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٧ ەوە، ئەندامـی سەرپەرشـتیار و جێبەجێکاری ماڵپەڕی (خامەی نووسـەران)ی یەکێتیی نووسـەرانی کورد بـووە لـە هۆڵەندا.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد جەزا بەرزنجی لە کۆڕی پێشکەشکردنی خەڵاتی بێوار.**

١٤- هەر لە ٢٠١٢ هاوكار بووە لە كۆكردنەوە و ڕێكخستنەوەی نامیلكەیەكی دۆكۆمینتاری بۆ دكتۆر جەمیل شەرەف بە زمانی هولەندی لەسەرئەنفال و جینوسایدی كورد لەسەر ئەركی یەكێتیی نووسەرانی كورد لە هۆڵەندا و دەزگای بێوار لە ڕوتردام سەرپەرشتی و چاپی كردووە.

**خەڵاتەكانی ژیانی ..**

وێڕای وەرگرتنی چەندین سوپاس و ڕێزنامە و بەخشیشی دارایی لە ژیانی كارمەندیدا لە ژووری بازرگانیی سلێمانی، ئەم ڕێزلێنانەشی وەرگرتووە:

١- وەرگرتنی مەدالیای شار بۆ ئەو كارمەندانەی خۆبەخش لە ماوەی چەند ساڵێكدا خزمەتیان كردوە.

٢- وەرگرتنی ڕێزلێنان لە لەلایەن كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان كۆمیتەی هۆڵەندا.

٣- وەرگرتنی (خەلاتی بێوار) كە وێنەیەكی ئەلیكترۆنی نووسەر لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی (بێوار) ەوە.

هەر لە نیوەی دووەمی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو دەیان دیدار و چاوپێكەوتنی لەگەڵ نووسەر و شاعیر و ناودارانی كورد ئەنجام داوە، لە هۆڵەنداش بە هەمان شێوە سەرپەرشتیی دەیان كۆروكۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بۆ ڕۆشنبیرو شاعیر و هونەرمەندان كردووە.

ئێستاش خەریكە كۆی بەرهەمە نوێیەكانی و بەرهەمەكانی پێشووتری پێكەوە بكاتە دیوانێك و پێشكەشی كتێبخانەی كوردی بكات.

نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد جەزا بەرزنجی هەر سەركەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی كوردی.

**هەندێ لە شیعرەكانی محەمەد جەزا بەرزنجی:**

ئای لە كێشی ئەم مرۆڤە

کەی دەگاتە ئاستی پووشێ

هەر کە چڵێکی لێ سووتا

هەرچی پووشی ئەو ناوەیە

گڕ لە جەستەی خۆی بەر ئەدا ..!

لە نامیلکەی ( گەردەلول لە سەمادا ) م.ج بەرزنجی

***

یادی دوا سەفەر و کۆچی دوایی شاعیر و نوسەر شێخ هوشیار بەرزنجی برای.

دەمویست بۆ ئەم یادەت لە هەناوی هەموو پەڵە هەورێکدا

بارانێک بسازێنم ،

وتیان لە هەموو هەورێک باران ناباریێت.

ویستم بۆ ئارامی نزرگەت،

پەنجەکانم داگیرسێنم

یەکە یەکە دەکووژانەوە و

وتیان چی تر چەرخی گەردون

بە ویستی تۆ قەد ناگەرێت.

لە دورێکی زۆر نزیکەوە سەرم نا بە کێلێکەوە

باڵا بەرز وەک باڵای خەمەکانت

درەوشاوە وەک درەوشی کاویانی

چەمامەوە و

دەتویست شتێکم پێ بڵێیت

دەمویست شتێکت پێبڵێم

وەک دوا چرکەی دابڕانمان

بێدەنگیمان کردە

گوڵزارێکی رەنگاڵە بۆ خۆشی ژیانی هەموان.

***

وا پیر بوم و کەچی هێشتا
چاوەروانی دەم خڵافێنیَ،
تەمای چی بم !
چاو کە کز بوو
خەندەی لێوت بەڵێنیش بێ
سروشکی حەزێ ناهێنیَ ..
ئەمێستا ببمە خوێندکارت
مەخسەرەی پیری دەمکوژیَ
لە پۆلی وانەکانتدا
تەمەڵی، وەنەوزی قورسە
خەو بۆ چاوەکانم دێنیَ
پێت وتم هێندە زرنگم
نیگای چاوت دەخوێنمەوە
هەر وشەیەک دەری دەبڕی
من لەو سەریەوە دێمەوە
خۆزگە ئەمەت نە وتایە
تا بەو هیوایەی تێناگەی
لە ژیاندا بمێنمەوە.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەد جەزا بەرزنجی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# فەهمی بالایی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و نیگارکێش و خۆشنووسی ئەکادیمی مامۆستا فەهمی بالایی، ناوی تەواوی(فەهمی سالح بالایی)یە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری دهۆک لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دهۆک تەواو کردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٥-١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکان- بەشی نیگارکێشانی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٥ بووەتە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ، هەر لە ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ٢٠٠٩ بە بەردەوامی وتاری هونەری دەربارەی نیگارکێشان و خۆشنووسی لە زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٥ چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی(هۆڵەندای ئازاد- هولندا الحرة) وەرگرتووە و نامەی ماستەرەکەشی بە ناو نیشانی(پەیوەندیا د ناڤبەرا تابلۆ و هەلبەستێ دا) بووە،

لە ساڵی ٢٠١٢ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دەزگای پالۆی پەخش و ڕاگەیاندن دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠١٩ بووەتە مامۆستا لە بەشی هونەری شێوەکاری لە کۆلێژی زانستییە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی دهۆک، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک.









هونەرمەند فەهمی بالایی لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری زۆر چالاک بووە، تا ئێستا چوار کتێبی لە بواری هونەری نیگارکیشان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زانستی چاپ کردوون و چەندین کتێبی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن: کتێبە چاپکراوەکان:









کتێبی(دیرۆکا هونەرێ شێوەکاری ل کوردستانێ ب تیپێین لاتینی و ئارامی، عەرەبی).

- کتێبی(جیهانا رەنگان، لێکۆڵینەک زانستییە ژ سەر رەنگان).
- کتێبی(کاتەلوگ بناڤێ رەنگێن وەڵاتەکێ نەناسکری).





– هنری ماتیس، هونەرمەندی فەرەنسی، وەرگێڕان.

ئەو کتێبانەی ئامادە کراون بۆ چاپ:

– کتێبی هونەر ل موزۆپۆتانیا.

– کتێبی هونەری میناتور(منەمنمات).

– کتێبی پلانێت کوردستان بینالا ٥٣ یا پێڤەنەتەوەیی ژ ئیتالیا.

– کتێبی دیرۆکا رەخنەیا هونەری.

– کتێبی تابلۆیەکی بێ رەنگ.





هونەرمەندی نیگارکێش و خۆشنووس فەهمی بالایی لە نێوان سالانی ١٩٨٤ - ٢٠١٠ زیاتر لە (٢٠) پێشانگای تاکەکەسی لە بەشی زۆری شارەکانی کوردستان و عێراق کردووەتەوە لەوانە:(یەک پیشانگا لە شارەکانی بەغداو موسڵ و هەولێر و سلێمانی، ٨ پیشانگا لە پارێزگای دهۆک لە ناوەندی ڕۆشنبیری و بنکەی کەلتووری کوردی، (١٢) پیشانگای لە بەرلین و شارەکانی دیکەی ئەڵمانیا کردووەتەوە و بەشداری لە پیشانگای فیستیڤاڵی کارل مای و گالەری بنکەی کەلتوور و ماڵی کوردی و گالەری کلۆب شپتیل کولو تاون و بەرلینی ئاوەدانی و گالەری کۆتست بەرلین و هانۆڤەر و ماڵی

کەلتووری جیهانی و ناوەندی کەلتووری یا دێسا هەر لە ئەڵمانیا کردووە.

هونەرمەند فەهمی بالایی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەش بەشداری لە زیاتر لە(٢٢) پیشانگای هاوبەش کردووە، دیسان لە شارەکانی کوردستان و عێراق و ئیتاڵیا و بەلجیکا، لەوانە:(پیشانگای هاوبەشی لە بەغدا لە هۆڵی ڕەشید، لە هەولێر لە هۆڵی میدیا، لە موسڵ و سلێمانی و زیاتر لە (٨) جار لە دهۆک لە گالەری شەهید سەلمان و ناوەندی کەلتووری کوردی و گالەری کاوە، لە ئەڵمانیاش لە یانەی ڕافیدەینی ڕۆشنبیری لە بەرلین و ماڵی کەلتووری شەپەنداو و چەند شوێنی دیکە).

فەهمی بالایی ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری(ڕەنگزە)ی تایبەت بە هونەری شێوەکاری سەر بە دەزگای(سپیرێز) بووە کە لە دهۆک دەردەچوو، هەروەها ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیال میدیای گاڤ نیوز بووە.

ئەو ئەندامە لەم ڕێکخراونەی خوارەوە:

- لە ساڵی ٢٠٠٧ - ٢٠١٢ سەرۆکی ئینستیتوتی کوردی بۆ زانست و لێکۆڵینەوە بووە لە بەرلین.
- ئەندامی هونەرمەندانی عێراقییە.
- ئەندامی یەکێتیی شێوەکاری کوردستانە.
- ئەندامی شێوەکاری عێراقییە.
- ئەندامی شێوەکارییە لە بەرلین.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی گروپی نووژەن و ڕەخنەیی لە بادینان.

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند فەهمی بالایی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.
٢- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# هێڤی بەرواری

شاعیر و نووسەر، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، خاتوو هێڤی بەرواری...

ناوی تەواوی(پەروین حەبیب ڕەسوڵ)ە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە دەڤەری(بەرواری باڵا)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەلاحەدین و خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی برایەتی لە دهۆک تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٧٩ چووەتە خانەی مامۆستایانی دهۆک و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بووەتە مامۆستا لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری دهۆک، دواتر هاتووەتەوە ناو شاری دهۆک، زیاتر لە (١٤) ساڵ مامۆستا بووە و خزمەتێکی زۆری لە بواری پەروەردە کردووە لە دهۆک، لەساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ هاوسەرەکەی هونەرمەند فەهمی بالایی ڕوویان لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و ئێستا لەوێ نیشتەجێن.




شاعیر هێڤی بەرواری

خاتوو هێڤی بەرواریی شاعیر هەر لە



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، تیرۆژ ئامێدی، شاعیر هێڤی بەرواری، نووسەر و شاعیر حەسەن سلیڤانی، شاعیر دایکا دالیایێ.**

منداڵییەوە حەزو خولیای چووەتە سەر خوێندنەوەی زمان و شیعر و ئەدەبی کوردی، شیعرەکانی شاعیر(ئەحمەدی ناڵبەند و ئەحمەدێ خانی و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و شاعیرانی دیکەی کلاسیکی خوێندووەتەوە، ئەو هێشتا قوتابی ناوەندی بووە گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و پارچە هەڵبەستی نووسیوە و بە هاوپۆلەکانی و مامۆستایەکانی پیشانداوە، ئەوانیش پێیان خۆشبووە و هانیان داوە کە بەردەوام بێت.




تا لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەم کچە کورد بووە لە دهۆک زۆر ئازا و بوێرانە لە بۆنەکان شیعری خوێندووەتەوە، ئیدی بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای شیعر و نووسینەوە، لەساڵی ١٩٨٤ دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە شیعر



شاعیر هێڤی بەرواری، لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە







لە لای ڕاستەوە: شاعیر و هێڤی بەرواری، نووسەر و شاعیر کەریم فندی.




و لێکۆڵینـەوە و بابەتـی دیکـەی هەمەجـۆر و لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان لەوانـە (گۆڤـاری بەیـان، ڕۆشـنبیری نـوێ، پەیـڤ، مەتیـن، ئازادیـا وەڵات، ڕۆژنامـەی هـاوکاری، پاشـکۆی عێـراق، بـزاڤ، ڕۆژنامـا ئەڤـرۆ، ڕۆژنامـا وار.. چەندانـی دیکـە).

هێڤـی بـەرواری شـیعری بـۆ نیشـتمان و جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی و بابەتی کۆمەڵایەتـی، بـە زمانێکـی کـوردی(کرمانجـی باکـوور- بەهدینانـی)، سـادە و سـاکار و پـاراو نووسـیوە، خاوەنـی کۆمەڵێـک بەرهەمـی نـاوازەو پوختەیـە و هەندێکـی لەچاپـداون و بڵاویشـیکردوونەتەوە و هەندێکیشـی ئامادەیـە بـۆ چـاپ، بەرهەمـە چاپکراوەکانـی ئەمانـەن:

- دیوانـا وەشـا بـووکان، کۆمەڵـە شـیعر، یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی دهـۆک، ٢٠٠٥.



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: شاعیر هێڤی بەرواری، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، ئەوانی دیکە نە ناسراون.**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر هێڤی بەرواری، ڕۆماننوس محەمەد سەلیم سواری، شاعیری گەورەی کورد سەبری بۆتانی**

- دیوانا وەشانێن پالۆ. کۆمەڵە شیعر، دهۆک، ٢٠٢٠.
- دیوانا ڤەگەرا هیڤیەک وەندابووی، کۆمەڵە شیعر.
- دیوانا مەی پەرێس، کۆمەڵە شیعر.
- پەرتووکا کەسایەتیا ژنێ د دیرۆکیدا، لیکۆڵینەوە، دەزگای سپێرێز، دهۆک، ٢٠٠٨.
- پەرتووکا ڕێبازیێن ئەدەبی، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠١١.


گۆتە و پەیوەندیا وی ب وەلاتێن ڕۆژهەلاتی و ئولێ ئیسلامێڤە

- پەرتووکا شۆڕشا هزری لە ڕۆژئاوا، دهۆک، ٢٠١٩.
- ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆ چاپکردن:
- دەستپێکا فەلسەفا گریکی.


شاعیر هێڤی بەرواری هەر نووسەر و شاعیر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی

زۆر بـه تواناشــه، لـه کوردسـتان و کـه هاتووەتـه وڵاتـی ئەڵمانیـاش، پاش فێربوونی زمانی ئەڵمانی ، یەکسـەر بـەردەوام بووە لـە نووسین و چالاکییـە ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییەکان و کاری ڕێکخراوەیی لـە ئەڵمانیا و وڵاتانـی ئەورووپـی و دەوروبـەری و ئـەم چالاکییانـەی نوانـدووە:

- ماوەیـەک وەکـو پەیامنێـری ڕادیـۆی دەنگـی ئەمەریکا- بەشـی کـوردی دەسـت بـەکار بـووە.




خاتوو هێڤی بەرواری
لە کاتی
شیعر خوێندنەوە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر هێڤی بەرواری،
هونەرمەند فەهمی باڵایی هاوسەری شاعیر
هێڤی بەرواری.








- ماوەیەکیش پەیامنێری ڕادیۆی بەرلین - بەشی کوردی بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ بەرنامەی هەڵبەست و مۆسیقای لە ڕادیۆی کوردی بەغدا پێشکەشکردووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراس و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات کردووە. لەوانە(فیستیڤاڵەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کۆنفراسی پەنا کورد لە مەکسیک، کاتەلۆنیا، بڕۆکسل، بەرلین، درێزدن، لاپیزک، فرنکفۆرت.. چەندین شوێنی دیکە).

هێڤی بەرواری ئەندام بووە و ئەندامە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(زینێ) بووە کە لە دەزگای پاڵۆ دەردەچوو.
- ساڵی ١٩٨٦، جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک بووە.
- ئەندامی بەڕێوەبردنی ئینستیتوتی کوردی بووە لە بەرلین.
- ئەندامی ڕێکخراوی پەنا کوردی نێو دەوڵەتییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە لە دەرەوەی وڵات.

لە ٨-٩- ٢٠١٩ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی شایستە بۆ ناساندن و واژۆکردنی کتێبی(شۆڕشا هزری ل ڕۆژئاوا)، ڕێزیان لە شاعیر هێڤی بەرواری ناوە و خەڵاتیان کردووە.

هێڤی بەرواری خاوەنی دوو منداڵە بەناوەکانی کۆمات و ئاگری، خوا تەمەن درێژیان بکات و بەخۆشی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار هیڤی بەرواری، بە ناو نیشانی (گەردون)تان، بۆ دەنووسمەوە:

## گەردون

گەردون بەسە
نە زڤرە و چەرخان نەدە
گەر ژ چەرخێن تە بهار
نەزێت
د گەل سالاَن ژیان
نەهێت
گەر بایێ تە ژ بۆ مە
بێ ئوکسجین بیت و
دەستێ ژیانێ نەگریت
گەر ل دەستورا تە
مرن و ژین
وەک هەڤ بن
ژ بۆ چ چەرخ و زڤڕین
نەخشەیێ تە
ل دادگەها وژدانان
گونەهبارە
ل هند جهان
تێر بوون ژ ژیانێ خوە دکوژن
ل جهێن دن
ژ بۆ ژیانی دمرن
ل هند جهان
یاریان ب قەدەران دکەن
ل سنورێن دن

قەسەر باهرا وانە
لێ وەلاتێ مە
قەسەر پشتەک ندە
دگەل مە ژ دایک بوویو و
ل بەر سینگێ دایکامە
مە فرشک بوویە
ل ڤێ گەردونێ
بتنێ ئەو حەز ژ مە دکەت و
مە ناهێلێت
ژ بۆ مە بوویە هەڤال و
دەستێ مە گرتیە
نکارین نێی وێ گاڤ بدەین
دگەل دەنگی مەلاییێن مە باریە
دگەل دەمان بەلاڤ بوویە
تا چارەنوسێ مە
دەستنیشان دکەت و
هەردەم ل بریارێن مە
سوارە
چار چوقە شکەستیە و
تابلۆ د هزرا هەر کەس دا
پاەچەیە
هەر تشت پارچەیە
دایک پاەچەیە
ناڤ پارچەیە

شەهید پارچەنە و
زمان پارچەیە و
پیت هەڤ ناگرن
تا ژانێن مە پارچەنە و هەڤدژ
نوباتی گوهڕینە و بەردەوامی
لێ ژێ دترسم
ژ هەمی جۆرێن نویاتیێ
هاتنا سالێن نوی
سیستەمێن نوی
ژ دایکبوونا مرۆڤان

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر خاتوو هێڤی بەرواری لەسەر داخوازیی من هونەرمەند فەهمی بالآیی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## سەروین دەروێش

سـەروین دەروێـش: شـیعر ئەوەنـدەی پارێـزگاری لـە زمـان کـردووە، ئەوەندە پەیام نەبووە، باوەڕیشم بە ئەدەبی مرۆڤانە هەیە، من دەمویست مرۆڤانە بنووسـم نـەک ژنانـە.

شاعیر و نووسـەری ئازاو بوێرو ڕێچکەشکێن سـەروین دەروێش، ناوی تەواوی(سـەروین عومـەر مەولـود دەرویـش)ە، لـە سـاڵی ١٩٧٤ لـە گەڕەکـی (سـەیداوە)ی شـاری هەولێـر لـە خانەوادەیەکی کوردپـەروەر لەدایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی گوڵاڵـەی کچـان و دواتریـش لـە قوتابخانـەی نەهـری کچـان لـە گەڕەکـی ئـازادی تەواوکـردووە، دواناوەندیشـی هـەر لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٤، بەشـی(تەکنیکی تەندروسـتی) لـە (پەیمانـگای بـاڵای پزیشـکی) تـەواو کـردووە لـە نەخۆشـخانەی ژنـان و منداڵبـوون وەکـو فەرمانبـەر دەسـت بـە کار بـووە تاوەکو ئێسـتاش بەردەوامـە.



**شاعیر سەروین دەروێش بە منداڵی.**

سـەروین دەروێـش کچـی عومـەر مەولـود



لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەروین دەروێش، نە ناسراوە، نووسەر و میدیاکار قەهار شێخانی.

دەروێشـە، کـە پیاوێکـی ڕۆشـنبیر و کـورد پـەروەر بـووە، لـە کۆتایـی سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوو لەگـەڵ هاوڕێکانـی هـەر یـەک لـە (حەیـدەر هەمـزە و دکتـۆر کەمـال غەمبـار و چەندانـی دیکـە) هـەر بـە دەسـتخەت بڵاوکراوەیـان دژی ڕژێمـی پاشـایەتی نووسـیوە و بڵاویـان کردووەتـەوە، ئـەو پێـش ئـەوەی بچێتـە قوتابخانـە باوکـی کۆمەڵێـک گۆڤـار و نامیلکـەی بـۆ هێنـاوە کـە چیرۆکـی ئەفسـانەییان تێـدا بـووە، ئـەویش بـۆ خوشـک و براکانـی گێڕاوەتـەوە، کـە چووەتـە قوتابخانـە ئـەو کات خوێندنـی سـەرەتایی بـە زمانـی عەرەبـی بـووە، زۆریـش حـەزی لـە خوێندنـەوەی کتێبی(فەلسـەفە) یـی بـووە، یەکـەم کتێـب کـە خوێندوویەتییـەوە کتێبی(هکذا تكلم زرادشت) بووە کـە لـە ئەڵمانییـەوە نووسـەر(علي مصبـاح) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، دواتریـش ئـەم کتێبـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر






زمانی کوردیش، باوکی کتێبخانەی هەبووە، ئەو کتێبەکانی دیستۆڤسکی و کافکا و نزار قەبانی و عەزیز نەسین و چەند شاکارێکی دیکەی لە چیرۆک و ڕۆمانی جیهانی خوێندووەتەوە.

سەروین دەروێش لە تەمەنی(١٣) ساڵیدا دەستی بە شیعر نووسین کردووە، هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە شیعرێکی بە ناونیشانی(پێشمەرگە) نووسیوە، ئێ خۆ ئەو کات کەس هەر نەدوێرا ناوی پێشمەرگەش بهێنێت، بەڵام ئەو ئازاو بوێر بووە، شیعرەکەشی بۆ ئەو کچە قوتابییانەی هاوپۆلی نووسیوە کە باوکیان پێشمەرگە بووە و بە نهێنی بۆی خوێندوونەتەوە، جارێکیان باوکی میوانی دێت و لەماڵەکەی خۆیان ئەم شیعرە بۆ میوانەکانی دەخوێنێتەوە، ئەمەش یەکەم جاری بووە کە شیعر بخوێنێتەوە، ئیدی کەوتووەتە ناو دنیای شیعر نووسینەوە، لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک لە نووسین دوور کەوتووەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار کۆمەڵە شیعریک



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر سەروین دەروێش، نە ناسراوە، ئوسامە جەمیل.**




کە زیاتر چیرۆک ئامێز بووینە لە گۆڤاری (گوڵە گەنم) بڵاوکردووەتەوە.

سەروین دەروێش شیعری بۆ نیشتمان و جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی و ژنان نووسیوە، لە شوێنێکدا دەڵێت: شیعر ئەوەندەی پارێزگاری لە زمان کردووە، ئەوەندە پەیام نەبووە، باوەڕیشم بە ئەدەبی مرۆڤانە هەیە، من دەمویست مرۆڤانە بنووسم نەک ژنانە)، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی بە زمانێکی سادە و پاک و پاراوی کوردی نووسیوە و چاپ کردوون، کە ئەمانەن:

- بەدەم ئازارەوە سەما، کۆمەڵە شیعر، بەشی زۆری ئەم کۆمەڵە شیعرەی لە نەخۆشخانە نووسیوە چونکە ئەو کات نەخۆش بووە، لە ساڵی ٢٠١٩،ماڵی کتێب بۆیان چاپ کردووە.
- کڵۆم، کۆمەڵە شیعر. هەولێر، ٢٠٢١.



**دایک و باوکی شاعیر سەروین دەروێش.**



سەروین دەروێش و ڕەوانشاد هاوسەرەکەی.

- کۆمەڵە شیعری(ئەلف)، کە شیعری(٣٠) شاعیرن، ئەو بە شیعری(بارۆکە) بەشداری تێدا کردووە، ئەوەش ماڵی کتێب چاپی کردووە.
- (ژن ژیان دەنووسێتەوە)، هەڵبژاردەیەک لە شیعری ژنانی کوردستان کە شیعری (٨١) شاعیری ژنە لە کوردستان، ئەویش بە دەقی هەڵبەستی(ئالنگاری)، بەشداری کردووە، ماڵی کتێب بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٩ چاپی کردووە.




- هەڵبەستی(شیزۆفرینیا)، کە باسی کەسایەتیی خۆی دەکات هەر لە منداڵییەوە تا هاوسەرگیری کردن و بوونی بە خاوەنی منداڵێک، لە ڕۆمانی(بۆرژان)ی نووسەر دڵزار حەسەن بڵاوکراوەتەوە.
- تلاوین شعریە من اربیل، دکتۆر محەمەد

موهەندیس، ساڵی ٢٠١٧، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.




- چەند دەقە شیعرێکی لە لایەن نووسەر دکتۆر محەمەد موهەندیس وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی لە کتێبی(ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی بە زمانی فەرەنسی) کە دەزگای(هارماتان)ی فەرەنسی لە ساڵی ٢٠٢٢، چاپی کردووە.
- لە گۆڤاری(تەمموز) کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی عێراقی لە سوید دەریدەکەن، ئەو بە چەند پارچە شیعرێک لە ژمارە(٧٠)ی ساڵی ٢٠١٩، بەشداری کردووە.



**شاعیر سەروین دەروێش**



**شاعیر سەروین دەروێش**

- ئەو بەشداری لە (یەکەمین فیستیڤاڵی شیعری کەرکووک)ی ساڵی ٢٠١٦ کردووە و بەشێک لە شیعرەکانیشی لە کتێبی(فیستیڤاڵی کەرکووک)، بڵاوکراوەتەوە.
- پارچە شیعرێکی کە بە زمانی عەرەبی نووسیوە لە گۆڤاری(الاهالي)، میسری، کە (امل جمال) سەرنووسەریەتی، بڵاوکراوەتەوە.
- چەندین وتاری هەمەجۆر و بە سوودی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردووەتەوە و بەردەوامە.


ەی دەنگی پێڵاوەکانی پیاو دەترسێنێت
اریزگاری لە زمان کردووە ئەوەندە پەیام نەبووە"

چەند قوتابییەکی خوێندنی باڵا خەریکی لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی دەقی شیعرەکانی سەروین دەروێشن بۆ سوود وەرگرتن لێیان بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٥-٥-٢٠٢١ مامۆستا کامەران ئەبابەکر کە خەریکی نامەی دکتۆراکەی بووە بەو مەبەستە




سەردانی سەروین دەروێشی کردووە و دیدارێکی لەگەڵدا کردووە.

ئەو ئەندام بووە لە ڕێکخراوی(خانی) کە ڕۆژنامەنووس فەرەیدون سامان سەرپەرشتیی دەکرد بۆ کاری بایەخدان بە زمان و کەلتووری کوردی، بەشداریش بووە لە کۆنفرانسی خانەقین کە بۆ هەرەشە لەسەر زمانی کوردی لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان ئەنجامدراوە.

سەروین دەروێش ئەندامە لە ڕێکخراوی(کانی) کە ڕێکخراوێکی خێرخوازییە بۆ ڕۆشنبیری و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن بووە.

ئەو هەر چەندە ئەندام نییە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەڵام هەمیشە و هەرگیز درێغی نەکردووە لە بەشداربوون لەو کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەی کە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی ، کەرکووک بەستراون و دەبەسترێن، لە ماوەی ڕابردوو لەم چالاکییانە بەشدار بووە:

- ئامادەی کۆڕی شیعر خوێندنەوە بووە لەگەڵ هەر یەک لە شاعیران(کۆسرەت ئەحمەد، هاوژین حەسەن، نەورەس) کە لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر سازکراوە.
- بەشدار بووە لەگەڵ شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی لە کۆڕی شیعر خوێندنەوە کە ڕێکخراوی سازانی ڕەنگەکان بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سلێمانی و بە هاوکاریی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە ١٧-٦-٢٠١٩، لە سلێمانی ئەنجامدراوە.

- ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە شاعیر و نووسەران( هێمن ڕەفیق و قەهار شێخانی)، بەشدار بووینە لە هەڵسەنگاندنی شیعری کۆمەڵێک قوتابیانی ناوەندی و ئامادیی لە قوتابخانەی (ئیشقی ئەهلی) لە هەولێر.

شاعیر سەروین دەروێش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد هەیە، زۆریش چالاکە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بە بەردەوامی بابەتی هەمەجۆر دەنووسێت و ناوە بە ناوەش هەوادارانی بە پارچە شیعرێکی ناسک و جوان بەسەر دەکاتەوە.

ناوبراو هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی کوڕێک و سێ کچە، خوا تەمەن درێژیان بکات، سەرکەوتن و داهێنانیش بۆ ئەو لە پێناو خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر سەروین دەروێش- تان بۆ دەنووسمەوە:

**باروکە**

لە هیندستان...
(قژە ڕەش و درێژە قەترانیەکەی)
کرد بە قوربانی...
من لە کوردستان بە
پارەیەکی زۆر
کڕیمەوە
هەروەک ئەوەی
خەونی کەسێکی ترم
لە ئاسمانی
ئارەزووەکانیدا
ڕفاندبێت بەدیاریەوە
گریام...
هەر وەک ئەوەی

شێرپەنجە جوانی و
خەیاڵەکانمی لە
قوتووی خەونەکانم
هەڵپچڕی بێت
گریام...
بیر لەو ژنە هیندیە
دەکەمەوە و دەپرسم
ئاخۆ (قژێکی ڕەش و
درێژی قەترانی)
بەرامبەر چەند ژەمە
خۆراکە؟
ئاخۆ دەبێ ئەو ژنە
بزانێ من و ئەو
(کڕیارو فرۆشیار)
بۆ گیرابوونی
نزاکانمان لە
چاوەڕوانین؟
لەپەرستگای
(تریۆباتی)
لەگەڵ ئەوەی لە
پەرستگاکان زۆر شت
بزر دەبن
ژنێک نەزرەکەی خۆی
بەجێهێنا
من چەند جار نزاکانم

لە مزگەوتەکەی نزیک
ماڵمان ون بوون!
باروکەکەم دەخەمە
سەرم
هەروەک
سەماکەرێکی
ئۆدیسی حەزم
دەچێتە سەما
بە شەمەندەفەری
خەیاڵ
سەفەرێک بۆ
مۆمبای دەکەم
لەوێوە بۆ نیودەلهی
و تاج مەحەل
باروکەکە لادەبەم
خەونەکانم بەو ژنەم
ناگەیەنن
کە نازانم بۆ چەند
ژەمە خۆراک
قژە ڕەش و درێژە
قەترانیەکەی
کرد بە قوربانی

**سەروین دەروێش**

٢

**ئایەتەکانی جوانی لە تۆدا بەدی دەکەم**

سەروین دەرویش
کە دڵم تەنگ دەبوو،
لە نیگایەکی پڕ ئیشقتدا
سەوزی دارستانەکانم بەدی دەکرد
بە تولەڕێییەکی نێو لەپی دەستتدا
لەم شارە بێزارکەرە دەچوومە دەرەوە
حەزم دەچووە سەمایەکی سەرشێت
بە ئاوازی ئەم سروشتە جوانە
باوەشمان بە یەکتردا دەکرد
ئایەتەکانی جوانیم لەتۆدا بەدی کرد و
باوەڕم بەوە هێنا
کە تۆ ئەو نیشتمانە ئەبەدییەی منیت
کە نامەوێت لێت بڕۆمە دەرەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- فلیمێکی دۆکیومێنتاری کەناڵی گەلی کوردستان، بەرنامەی بۆ مێژوو.
٢- ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٣- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر عارف حیتۆ

نووسـەر و شـاعیری نوێخـواز و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و پسـپۆڕی شـیعر و چیرۆکـی(زارۆکا- منـدالان)، دەروونناسـی منـداڵ و گەنجـان دکتـۆر عـارف حیتـۆ.

نـاوی تەواوی(عـارف حیتـۆ عەبدولڕەحمان بالاتەیی)یـە، لـە ١-٢- ١٩٦٨ لـە گونـدی(بالەتـە)ی سـەر بـە پارێزگای دهـۆک لـە خانەوادەیەکی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری دهـۆک تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩١-١٩٩٢ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە پزیشـکی و نەشـتەرگەریی گشـتی لـە کۆلێـژی پزیشـکیی زانکـۆی موسـڵ وەرگرتـووە، هـەر هەمـان سـاڵ وەکـو پزیشـکی خۆبەخـش یارمەتـی خێزانـە ئاوارەکانـی گونـدی بامەڕنـی داوە و لـەوێ دەسـت بـەکار بـووە، یەکـەم دامەزراندنـی لـە ١٢-٩-١٩٩٢ وەکـو پزیشـکی(نیشـتەجێ-مقیم)لە نەخۆشـخانەی ئازادیـی دهـۆک بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ بەرپرسـی کەرەنتینە(المحجـر الصحـي)، بـووە لـە گومرگـی دەروازەی ئیبراهیـم خەلیـل، لێپرسـراو و سـەرپەرشتیی پشـکنینی هەمـوو ئـەو خۆراکانـەی کـردووە کـە هاتوونەتـە نـاو کوردسـتان.

لـە سـاڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٠، بەرپرسـی بنکـەی تەندروسـتی و وەکـو پزیشـک لـە نەخۆشـخانەی ئـازادی خزمەتـی کـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠١، دبلۆمـی بـاڵای(٤٠





**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، شاعیری گەورەی کورد دکتۆر بەدرخان سندی، شاعیری گەورەی کورد دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، شاعیر و نووسەر عارف حیتۆ.**

کریدیت) لە بواری چارەسەری دەروونی و ڕێنماییکردنی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی(ئومیۆی سوێدی) لە ڕێگای ڕێکخراوی(دیاکۆتیا)ی سوێدی لە دهۆک وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ ماستەری لە پسپۆڕی پزیشکیی دەروونیی منداڵان و گەنجان لە زانکۆی دهۆک بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی(ئوپسالای سوێدی) بەدەست هێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ تاوەکو ئێستا وەکو بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لە بوارە جۆربەجۆرەکان بەردەوامە لە خزمەتکردن.

دکتۆر عارف حیتۆ، هێشتا هەر قوتابیی ناوەندی بووە خولیاو سەودای زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، هەستی نەتەوایەتیشی زۆر بەرز بووە، خۆ ئەو کات شۆڕشی نوێی گەلەکەمان سەرتاسەری کوردستانی گرتبووەوە، بەشی زۆری قوتابیان و لاوانی کورد خۆیان خزیبووە ناو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، هەرچەندە ڕژێمی ئەوسای عێراق چاودێریی خستبووە سەر هەموو جموجۆڵییەکانی قوتابیان، بەڵام وا دەبینین عارف حیتۆ لە






نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ کاتێ لە قوتابخانە ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن کە تێیدا شانۆگەری و وتار و شیعر خوێندراوەتەوە، ئەویش پارچە شیعرێک بە ناو نیشانی(ژیانا بخەم) دەخوێنێتەوە کە باسی نەورۆز و مێژووی کوردی کردووە، بۆتە جۆش و خرۆشکردنی هەستی نەتەوایەتی لە ناو قوتابیان و هەموو ئامادەبووان، بۆیە بانگی ئیدارەیان کردووە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردووە و داوایان لێ کردووە شیعرەکەی بکاتە عەرەبی، ئەویش گوتوویەتی باسی زوحاکم کردووە کە حاکمێکی زۆردار بووەو و باسی کاوەی ئاسنگەرم کردووە کە لاوێکی کوردی شۆڕشگێر بووە، دیارە ئەو کات بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕەوانشاد شاعیر (سدیق شەرۆ) بووە، چاوی لێ پۆشتییە لە دەستگیر کردن رزگار بووە، هەر لە پاش ئەم شیعر خوێندنەوەیە، ئیتر بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر تا یەکەم دەستپێکی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە و بەردەوامیش بووە لە نووسین و بابەتی فۆلکلۆری و هەمەجۆر لە رۆژنامەی هاوکاری و بزاڤ، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عارف حیتۆ، شاعیری گەورەی کورد قوبادی جەلی زادە، شاعیر موحسین ئاوارە.**




تـەواوی چووەتـە نـاو دنیـای شـیعر و ئەدەبـەوە.

دکتـۆر عـارف حتیـۆ زیاتـر لـە(٣٧) کتێبـی لـە بوارەکانـی شـیعر، چیرۆک و ڕۆمـان و شـیعر بـۆ منداڵان و فۆلکلـۆر و لیکۆڵینـەوە نووسـیوە و(٢٢) کتێبیشـی لـە شـیعر و چیـڕۆک و ڕۆمـان و شـیعڕ و چیـڕۆک بـۆ منـداڵان و فۆلکلـۆر لـە زمانەکانـی عەرەبـی و ئینگلیزیـش وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی ، جگـە لـە(١١) کتێـب و نامیلکـەی لـە بوارەکانی پـەروەردی زانسـتی، زانسـتی پزیشـکیی دەروونـی بـۆ منـداڵان و گەنجـان و لاوان و لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵایەتـی، هـەر هەموویانـی چاپکـردوون.

هەمـوو ئـەو نەهامەتـی و دەردەسـەری و ئێـش و ئـازار و ئەشـکەنجە و بـاری خراپـی خەڵکـی کوردسـتان، لـە بەرهەمەکانـی عـارف حیتـۆ زۆر بـە زەقـی ڕەنگـی داوەتـەوە، بـە تایبەتـی لـە دیوانـە شـیعرییەکانی، ئـەو شـیعری بـۆ نیشـتمان و ئەڤینـی و سروشـتی جوانـی کوردسـتان و بـۆ زارۆکان و ئافرەتـان نووسـیوە، ئـەو لە(ڕەعیلـی دووەم- جیلـی دووەم)ی شـاعیرە نوێخوازەکانـی دەڤـەری بەهدینـان و کوردسـتان هەژمـار دەکرێـت کـە لەگـەڵ هاوڕێکانـی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فەیسەل مستەفا حاجی، شاعیر عەبدولڕەحمان مزووری، نووسەر عارف حیتۆ.**



پۆلێك شاعیر و نووسەر لە باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆك.

جیلی یەکەم هەر یەک لە (بەدرخان سندی و عەبدولڕەحمان مزووری و موئەیەد تەیب و محسن قۆچان و چەندانی دیکە) ئاستی شیعری کوردیی نوێخوازیان گەیاندووەتە لووتکە، ئەمانە هەندێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر دکتۆر عارف حیتۆ-نە:

- دل و دەریا و چادر، شیعر، دهۆک، ١٩٩٣.
- نان و برین و بشکورین، شیعر، دهۆک، ١٩٩٧.
- ئاوازێن سمفۆنیەکا گرچن، شیعر، دهۆک، ١٩٩٧.
- مەرهەبا، شیعر، ژ وەشانێن ئێکەتیا لاوێن دیموکراتیا کوردستان، دهۆک، ١٩٩٨.




- روستەمێ زالێ، فۆلکلۆر، ژ وەشانێن پشکا ڕەوشەنبیری(پ.د.ک)، لقی دهۆک، چاپی یەکەم ١٩٩٩، چاپی دووەم ٢٠٠٥.
- شیزۆفرینیا، لێکۆڵینەکا دەروونییە، دهۆک، ١٩٩٩.
- پەستێن بازنەیی، شیعر، دهۆک، ١٩٩٩.
- سەما، شیعر، دهۆک، ٢٠٠٢.



پۆلێك شاعیر و نووسەر لە باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر.

- پاییزا چیای، شیعر، دهۆک، ٢٠٠٤.
- هزر و دڤین، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠٠٤
- دالەهی بێن کەسەکێ ب تنێ، چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠٠٧.
- هەلوەسیێن زینێ، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠٠٩.
- هەپارییێن بارانێ، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠١٠




- دەستپێیەک دەربارەی مادده بێهۆشکەر، لێکۆلین، هەولێر، ٢٠١٠.
- مرۆڤ و چڤاک دگۆ هورپنەکا بەردەوامدانە، کۆمەڵە گوتارێن دەروونی و چڤاکی، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمان خۆدیکا ژیانییە، ڕەخنەیا ویژەیی بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، بەرگی دووەم، تاران، ئێران، ٢٠٢٠، بەرگی سێیەم، تاران، ئێران



٢٠٢٠، بەرگی چوارەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

- گڤە بایەکێ کانوونی، شیعر، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، ٢٠١١.

- سترانێی پەلا، کۆبەرهەمی شیعری، بەرگی ئێکی و دووێ، یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی، ٢٠١٢.

- نامەیێن بای، شیعر، هەولێر، ٢٠١٦.

- ڕووبارەکێ د پاخلا مندا هشک نابیت، شیعر، هەولێر، ٢٠١٧.

- تێگەهێنن جڤاکی و لۆژیکا هزرکرنێ، خواندنەک و چڤاکیین یا عەلی وەردی، چڤاکی، هەولێر، ٢٠١٧.

- هەناسەیێن ناخی، شیعر، هەولێر، ٢٠١٩.

- نزایێن ئاگری: کەریا دلسۆز، شیعر، هەولێر، ٢٠١٩.

- تراتيل فی مهب الريح، شیعر بە زمانی عەرەبی، هەولێر، ٢٠٢٠.

- دوو ئالێزما پەلاتینکان، شیعر، هاوبەش د گەل هزرڤان، هەولێر، ٢٠٢٠.

- گزرێن گەریدا، ڤەکۆلین، دهۆک، ٢٠٢٠.

- دلبەرا دوور ژ ویصالێ، شیعر دوو قۆلی د گەل شاعیر شەمال ئاکرەیی، ٢٠٢١.

- هەستەوەرێن ناخێ، شیعر، تاران، ئێران، ٢٠٢١.



شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عارف حیتۆ.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عارف حیتۆ. نە ناسراوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل بادی، نووسەر و شاعیر عارف حیتۆ، شاعیر و نووسەر محسن قۆچان، هشیار ڕێکانی.**

- ئاواز و کەمانجیێ، شیعر، تاران ، ئێران، ۲۰۲۱.
- وەرگوهێزکیێن مژەوی، شیعر، تاران، ئێران، ۲۰۲۲.
- دڕیک،چیرۆکەکا فۆلکلۆری ژ بۆ زارۆکان، دهۆک، ۲۰۰۵.
- سترانێن هەڤند و ڤینی، شیعر بۆ زارۆکان، دهۆک، ۲۰۰۵.
- سیپان، چیرۆک ژ بۆ زارۆکان، دهۆک، ۲۰۰۶.
- شەمدین، چیرۆک ژ بۆ زارۆکان، دهۆک، ۲۰۰۶.
- سێندریلا، چیرۆک ژ بۆ زارۆکان، لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دهۆک، ۲۰۰۳.
- بەچکە شێرێن دارستانێ، چیرۆک ژ بۆ زارۆکان، لە عەرەبییەوە، دهۆک، ۲۰۰۳.
- هەرکۆل و ئەژدیها، چیرۆک ژ بۆ زارۆکان، لە عەرەبییەوە، دهۆک، ۲۰۰۳.



لەگەڵ چەندین کتێبی دیکەی زانستی پزیشکی دەروونی بۆ منداڵان و گەنجان، ئەمەیان بۆ پسپۆڕانی بواری زانستی بەجێدێڵم.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەباح ڕەنجدەر، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید. نووسەر عارف حیتۆ.**

دکتۆر عارف حیتۆ هەر شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە، هەر لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووو بە بەردەوامی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان شیعر و چیرۆک و وتار و بابەتی لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوە و دەکاتەوە، ئەندامیش بووە تا ئێستاش هەر ئەندامە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریانە:

- لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەندامە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک.
- لە ساڵی ١٩٩٤، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی گروپی(نووکرن و هەروهەر) لە دهۆک.
- لە ساڵی ١٩٩٩، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک بووە، لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧، بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەری گۆڤاری(پەیڤ) بووە کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک دەردەکرد.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهانییە.
- ئەندامی سەندیکای پزیشکانی کوردستانە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٦، دوو ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری(سایکۆلۆژیا) بووە، کە سەنتەری دەروونی لە دهۆک دەریدەکرد.
- لە ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٧، سەرنووسەری زنجیرەی ئەڤین بۆ چیرۆکی

منداڵان بووه لە دهۆک.

- لە ٢٠٠٧ سەرنووسەری گۆڤاری(گەشە) بووە کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی - هەرێمی کوردستان دەردەچوو.
- لە ساڵی ٢٠٠٢، ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی(کونکۆردیا) بووە.
- ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مەدەنی کوردستان بووە.

دکتۆر عارف حیتۆ چەندین پارچە شیعری شاعیری شۆڕشگێڕ، شاعیری(بەرگری - مقاومة)ی فەلەستینی مەحموود دەرویش وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی- شێوەزاری بەهدینانی) و بڵاوی کردوونەتەوە.

- شاعیرانی کورد بەدەل ڕەفۆ و حەسەن سلیڤانی و چەندانی دیکە چەند پارچە شیعری شاعیر عارف حیتۆ- یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- لە ٢١-٧-٢٠٢٠ قوتابی ئەرشەد حیتۆ نامەی دکتۆراکەی کە لە ژێر ناو نیشانی(هێماییێ ئایینی لە شیعری نوێخوازی کوردی) لەسەر شیعرەکانی هەر یەک لە شاعیران(عارف حیتۆ، ئەحمەدی لاو، سەباح ڕەنجدەر، کەژاڵ ئیبراهیم)بووە، کە پڕۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین سەرپەرشتیی کردووە.
- زۆر لە ئەدیب و ڕەخنەگرانی کورد وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەرهەمەکانی عارف حیتۆ نووسیوە.

هەموو بەرهەمەکانی دکتۆر عارف حیتۆ بە تایبەتی شیعرەکانی هەوێنێکی پوخت و چڕو پڕن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لەسەر کردنی بە تایبەتی لە لایەن قوتابییانی کۆلێژی زمان و ئەدەبیات لە زانکۆکانی کوردستان.

- عارف حیتۆ زیاتر لە(٤٨) لە بەرهەمەکانی بە شێوەی(PDF) پێشکەش بە کتێبخانەی گوندی بامەڕنی کردووە.

- ئەو بەشداری لە کۆمەڵێک کۆنگرە و کۆنفراس و فیستیڤاڵی زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە، بەردەوامیشە لە ئامادەبوون لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و دهۆک و




جاروباریش لە سلێمانی دەبەسترێت، پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و نووسەرانی کوردستان زۆر باشە، ئیستاش چالاکانە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی ناوە بە ناوە هەوادارانی بە پارچە شیعرێک بەسەر دەکاتەوە.

عارف حیتۆ، زمانی کوردی بەر هەر دوو شێوەزاری(کرمانجی خواروو و ژوورو) زۆر بە باشی دەزانێت و زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش پوختە دەزانیت، خێزاندارە کوڕێک و دوو کچی هەیە خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان ئەدەب و وشەی کوردی.

چەند چوارینەیەکی شاعیر عارف حیتۆ و شاعیر شەمال ئاکرەیی- تان بۆ دەنووسمەوە کە بە دوو قۆڵی وتوویانە:

**دلبەرا دوور ژ ویصالێ – ١**

د. عارف حیتۆ و شەمال ئاکرەیی

عارف حیتۆ:

تووتی یا ژ بەر خویل دبن تووتی

ئەڤ جانێ هێژ ل بەر جۆتی

تە ب ئاوڕان یێ ڤەڕۆتی

عەمر بۆری، بۆ تە زەکات
شەمال ئاکرەیی:
ل پەنا من تو نەهاتی
ب سیڤە سۆرێن ئەخلاتی
سینە ژ قەند و نەباتی
مێهڤانا من بوو، لێ نەهات

٢
عارف حیتۆ:
ل دلی بەهی و خەم بوونە شیر
ل جەستەی پالە بوون بێ تەکبیر
ژ بۆ هەستان نینە تەقدیر
لەو بێدەنگە و هێژ ل سبات
شەمال ئاکرەیی:
ئیرۆ ل دلی بەهی و خەمە
ئاسمانێ وی مژ و تەمە
وەلی مە، ئەو ژی شەمە
هەڕفی ل من ئەو کەلات

٣
عارف حیتۆ:
ل بەندا بەندیێ بەندەر
کەمالا کەرافتی کەدەر
دەرگەهێ دەردێ دەربەدەر
کەرافت گوهان و کێفەرات

شەمال ئاکرەیی:
چاڤ ناوەستن ژ بەندا وێ
نا نڤن ب مۆرکا خەوێ
ژ خەیالا وێ مێ کەوێ
دلێ من گرتیە شەوات

٤
عارف حیتۆ:
مینا رۆژێ گەرم و شەهی
وەکو مەیێ خۆش و کەهی
نۆلا یارا مشت دالەهی
نەهات بێژت ئەڤە دەمهات
شەمال ئاکرەیی:
مینا رۆژا ل ئەلندێ
دێ هەلێت و بێژت بەندێ
دێ بهوژم تەڤی ڕندێ
ژبۆ عەشقێ دێ کەین سەلات

٥
عارف حیتۆ:
گولەکێ دل ژ من دزی
بلبلەک یێ ل سەر ئالزی
ئەڤینەکا د دل دا ڕزی
ژین تێکدا یا بووی خەرابات
شەمال ئاکرەیی:

ب سەمانە گول و بولبول
ژبۆ عەشقێ ئەون سومبول
قەت نابە ژ هەڤ ببن سل
غەییدینا وانە مەرگەسات

٦
عارف حیتۆ:
غەییدینا دلبەرا بەنگی
ژ من دئێخیت خولک و ڕەنگی
عەشقا مە تێکدا کر لەنگی
نە گۆتی نە و نە ل بەرهات
شەمال ئاکرەیی:
ئەز نە چاکم نە وەلی
نە ئەزم یێ ژ دۆزێ زەلی
لێ هاتنێ ناکەت بەلی
نە ب پەیوەندییێ نە ب چات

٧
عارف حیتۆ:
چات و پەیوەندی ب نۆبەنە
ل دیدارا وێ تلۆڤەنە
ژ بۆ من یێ ل بەندێ دۆبەنە
د گەل وێ هەر تم سیجالات
شەمال ئاکرەیی:
عەقلی ئەم خستین سیجالان

بەرسینگ گرتن و جیدالان
نێزبوو بکەڤین نەوالان
لێ دل ژ مەڕا بوو نەجات

٨
عارف حیتۆ:
عەقلێ من کەفت تێهزرینێ
ل ڤێ شەڤا کەوچەرینێ
دلێ من یێ دچیت گەهینێ
دۆل و نەوالان گۆت هەیهات
شەمال ئاکرەیی:
هەیهات و هات ل منێ ژار
تەنێ ئەوە یارا بژار
هەر ئەوە سەرپشک و مژار
بۆ وێ یە ئەڤ کار و خەبات

٩
عارف حیتۆ:
کار و خەباتا من هەمی
ژ پێخەمەت یارا دەمدەمی
کو بکەمە نوورا سەردەمی
لێ ڕێ هەردەم تاری و زولمات
شەمال ئاکرەیی:
ئەو ڕێیا زولمات و تاری
یا بۆ دکەین خەبات و کاری

دێ رۆوهن بیت ب ئێک جاری
گەر نوورا وێ سەر مەدا هات

١٠
عارف حیتۆ:
گەر نوورا وێ تاری ڕەڤاند
جێژڤان و باخچە کەناند
دیدارەک ژ دووریێ ڤەژاند
دێ ل مە ڤەبن دەر و قەنات
شەمال ئاکرەیی:
دەر و قەنات تەڤ دێ ڤەبن
هەمبێز و ویصال دێ هەبن
ل باخچەیان کەو دێ قەبن
دێ ب هەڤڕا بین تا مەمات.

سەرچاوەکان:


١- کورتە ژیاننامەی شاعیر دکتۆر عارف حیتۆ کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢- ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە، وتارێکی نووسەر ع. بامەڕنی.
٣- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەڤڕۆ، وتارێک بە ناو نیشانی هەناسەکا شیعری، لە ٢-٨-٢٠٢١.
٤- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٥- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی AO.Mg، لە ٢١-٧-٢٠٢٠.
٦- ماڵپەڕی دەزگەهێ میدیایێ بادینان. لە ١٣-١١-٢٠٢٠.
٧ - نووسین و دارشتنی خۆم.



## ئیسماعیل بادی

شاعیر و نووسەر و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و پسپۆری ساغکردنەوەی تێکستە کلاسیکییەکان، ئیسماعیل بادی.

ناوی تەواوی(ئیسماعیل ئیبراهیم محەمەد سالح)ە، لە ڕۆژی ٢-٦-١٩٦٣ لە شاری دهۆک لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان بە ڕەچەڵەک خەڵکی دەڤەری(بەرواری ژێری)نە، باپیری لە ناوچەی دۆسکی نیشتەجێ بووە و دواتر باوکی هاتووەتە شاری دهۆک، هەر لە منداڵییەوە ڕەوانەی گوندی بادی کراوە بۆ ئەوەی بە کەش و هەوای ساف و زمانی پاراوی کوردی پەروەردە بکرێت.

ئیسماعیل بادی لە ساڵی ١٩٧٠ هەر لە گوندی بادی چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و تەواوی کردووە، پۆلی یەکەمی ناوەندی لە ئامادەیی




برایەتی لە دهۆک خوێندووە، پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی(زاوێتە) خوێندووە، پۆلی سێیەمیشی لە ناوەندیی(گارا) لە دهۆک تەواو کردووە، پاشان ئامادەیی بازرگانی تێکەڵی لە دهۆک تەواو کردووە، دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٠٤



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مسەدەق تۆڤی، نووسەر حەجی جەعفەر، نووسەر ئیسماعیل بادی.**

بڕیاریک دەرچووە کە دەرچووانی ئامادەیی پیشەیی دەتوانن خولێکی سێ مانگی ببینن و ببنە مامۆستا، ئەویش ئەم خولە تەواو دەکات، وەکو مامۆستا لە پەروەردی دهۆک دەست بەکار دەبێت، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦- ٢٠١٧ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی(بنەڕەتی-بنیات) لە زانکۆی دهۆک تەواو دەکات، ئێستا وەکو مامۆستا و سەرپەرشتیاری نووسین لە تەلەفزیۆنی پەروەردەی دهۆک لە خزمەتکردن بەردەوامە، لێپرسراوی کتێبخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانییە.

ئەگەر بە وردی تەماشای ساڵی لە دایکبوونی نووسەر ئیسماعیل بادی بکەین، دەبینین ساڵی ١٩٦٣ یە، ئەو کات هەموو بستێکی خاکی ئەو کوردستانە شیرین و ڕەنگینە لە ژێر بۆردومانی( تۆپ و تەیارە)ی ڕژێمی بەعس و حەرەس قەومییەکاندا بوو، ئەو کارەسات و نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دیوە، سێ جار گوندەکەیان سووتێنراوە، بەخۆشی لە کاتی شەڕی عێراق- ئێراندا دوو جار بووەتە سەرباز و هەردوو جاریش هەر ڕایکردووە ، شوێن نەماوە خۆی تێدا حەشار نەدابێت، دوا








جاریش هەر دەستگیر کراوە و داگاییان کردووە و (١٥) ساڵ بە (غیابی) سزادراوە، لە شۆڕشی ئەیلوولیش برایەکی بە ناوی(داود) شەهید بووە، پێشی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دیسان ڕایکردووە، ئەم هەموو دەردەسەرییە کاری لەسەر باری جەستەیی و دەروونی کردووە و تا ئێستاش لە دەستییان دەناڵێنێ، هەر هەمووی لە نووسینەکانی خۆی کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو نووسیویەتی، ڕەنگی داوەتەوە.

نووسەر ئیسماعیل بادی هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو هەموو لاوێک گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، بەڵام لە ئاستێکی وا نەبووە کە بیانێرێت بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات کە لە بەغدا دەردەچوون، بۆیە دوو پارچە شیعر دەنێرێتە بەرنامەی(هۆزان و مۆسیقا) کە بەرنامەیەکی هەفتانە بووە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، مدیدیاکار(مەعصوم مائی) ئامادە و پێشکەشی کردووە، بۆ یەکەم جار پارچە شیعرێکی لە کاتی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فەنەر ڕۆژبەیانی، نووسەر ئیسماعیل بادی**
**لە گەڵ ئیسحاق پاشا لە نزیک ئارامگای ئەحمەدێ خانی.**




جەژنی(نەورۆز) لەم بەرنامەیە دەخوێندرێتەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری(دەنگی مە) کاری کردووە و پاش ڕاپەڕینیش لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی وەکو پەیامنێر و نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەران و سکرتێری نووسین و جێگری سەرنووسەر و سەرنووسەریش کاری کردووە لەوانە:(هاوکاری، بەیان، بەغدا، پەیمان، گازی، ڕۆژنامەنووس، برایەتیی ئەدەب و هونەر، الصحفي، خەبات، الإعتصام، سەرهەڵدان، خەباتا قوتابیان، پێشمەرگە، ئەڤرۆ، خابوور، بزاڤا پالا، پەیڤ، ڕامان، بەیان، مهاباد، سروە، ئورمێ... چەندانی دیکە).

ئیسماعیل بادی هەر لە بواری ڕاگەیاندن ومیدیاکاریدا، کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ چەندین خەباتگێڕ و ناوداری کورد ئەنجامداوە، هەندێکی لە کاتی خۆیدا بڵاوکردووەتەوە، هەندێکیشی تا ئێستا لە ئەرشیفی خۆی پاراستووە، لەوانە دیدارەکانی لەگەڵ خەباتگێڕ(جەمیلێ سەیدا) کە نووسەر بووە لەگەڵ جەلادەت بەدرخان لە گۆڤاری(هاوار) لە قامیشلۆ کاری کردووە، هەروەها لەگەڵ شاعیری عێراقی ناسراو(خزعل الماجدي) و هەر یەک لە ناوداران(دکتۆر مەسعود کەتانی و سەلاح سەعدوڵڵا و هونەرمەند نەڤرۆز ئورەماری).




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل بادی لە تافی لاوێتیدا ، مەهدی جەهوەر بادی.**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل بادی،**
**نووسەر خاتوو ئەزهار بامەڕنی هاوسەری نووسەر ئیسماعیل بادی.**

ئیسماعیل بادی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣- ١٩٩٦ چەندین بەرنامەی بۆ (ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕادیۆی دهۆک نوکە) ئامادە و پێشکەشکردووە، لەوانە بەرنامەی(FM یانا، باغی هێڤیا، یانا ١٠١، دەنگی نەمر، کە دەربارەی گۆرانیبێژانی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ یش (٣٠) ئەڵقە بەرنامەی دەنگی نەمری بۆ تەلەفزیۆنی کوردستان ئامادە و پێشکەشکردووە.

ئیسماعیل بادی لە سەرەتای ژیانی یەکەم جار دیوانی(زێڕ گوڵ)ی شاعیر سالح عەلی گولی خوێندووەتەوە و دواتریش دیوانی ئەحمەدی موخلس(نالبەند)، لە ساڵی ١٩٧٩ دەستی بە شیعر نووسین کردووە، یەکەمین بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە لە ژمارە(١٦٤٧)ی ڕۆژی ١١-٧-١٩٨١ لە ڕۆژنامەی(العراق) بڵاوکردووەتەوە، شیعرەکەیان لێ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە کۆتایی شیعرەکەدا هەندێکیان بۆ زیادکردووە کە بووەتە جێگای ناڕەزایی ئەو، لە ساڵی ١٩٨٢ وتارێک و پارچە شیعرێکیشی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە و هەر





**لە لای ڕاستەوە: دیزاینەر و ڕۆژنامەنووس ناجی بەدەل باجلور، نووسەر ئیسماعیل بادی، هونەرمەند فەنەر ڕۆژبەیانی، نووسەر مسەدەق تۆڤی، دکتۆر زرار سدیق مامۆستای زانکۆی دهۆك.**

لە هاوکاری لە ژمارە (٦٤٥)ی ڕۆژی ٨-٧-١٩٨٢ کۆمەڵێک حەیرانۆکی کۆکراوەی بۆ بڵاوکراوەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری و بەیان و کاروان و پاشکۆی عێراق و چەندانی دیکە، دواتر ڕووی لە چیرۆک نووسین کردووە، بەڵام دیارە تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، تووشی ڕەخنە بووە، بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو زیاتر خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرە کلاسیکییەکان و بواری کەلتووری زمانەوانییە، زیاتر لە(٢٩) کتێبی چاپ کردووە، هەندێکیان هەر خۆی بە تەنیا نووسیویەتی و هەندێکیشیان بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی دیکە، هەندێ بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن، بەتێکڕایی بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- پێزانێ ئالیجان، نڤیسەرین کورد، دهۆک، ١٩٩٢.
- سێدارا چوچکان، پێزانێ ئالیخان، ، دهۆک، ١٩٩٩.
- سەعدوڵڵا ئاڤدەل، شاعیر، پێشمەرگە، شەهید، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٢، چاپی دووەم، دهۆک، ٢٠٠٢.
- هەڤپەیڤینێن حافز قازی، دیداری ڕۆژنامەڤانی، دهۆک، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ و چاپی دووەم ٢٠١٦.

- بیبلۆگرافیا حەفتینامەیا پەیمان، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەران مسەدەق تۆڤی و خالد دێرشی، دهۆک، ١٩٩٨.
- باغی کوردا، هەموو شیعرەکانی دیوانا ئەحمەد موخلس(نالبەند)لە (پێنج بەرگ)، بە هاوبەشی لەگەڵ مەلا تەهای مایی و رەشید فندی و محەمەد عەبدوڵڵا، دهۆک ١٩٩٨.
- رێبەرێ پارێزگەها دهۆکێ، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر مسەدەق تۆڤی، بە زمانی کوردی، دهۆک ٢٠١٠.
- ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی(کۆمکردن و توێژینەوە)، دهۆک، ١٩٩٦.
- (صادق بهاءالدین)،ئامێدی و کاروانی ڕۆشنبیریی کوردی، دهۆک، ١٩٩٩.
- حەیرانۆک، ژ تۆرێ زارگۆتنا کوردان،(ڤەکۆلین و دەق) چاپی یەکەم دهۆک ٢٠٠١، چاپی دووەم، ٢٠٢١.
- بەرەڤ شرۆڤەکرنا دەقی(ڤەکۆلینێن تۆرەیی)، ئەڵمانیا، بەرلین، ٢٠٠٣.
- پەیڤێن تە بەرەڤ ئاسۆیێن بڵند دفڕن، کۆمەڵە شیعر، دهۆک ٢٠٠٤.
- ڕۆژنامەڤانیا کوردی د ناڤبەرا بزاڤا سیاسی و ڕۆشنبیری دا، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- جەمیلێ حاجۆ ئاغایەکی وەلاتپارێز و خورتەکی زانا، دهۆک، ٢٠٠٦.
- کاروانی ڕۆژنامەڤانیا کوردی لە دەڤەرا بەهدینان(ڤەکۆلین)، دهۆک، ٢٠٠٦.
- سنورێن ڤەکری(دیدارێن ئەدەبی و مێژگەرد)، دهۆک، ٢٠٠٨.
- ڕەمەزانێ جزیری(دیڤچون و توێژاندنەکا دیترا)، دهۆک، ٢٠١١.









- زمان و دیالێکتێن زمانی کوردی، دهۆک، ٢٠١٩.
- ئەحمەدێ نالبەند- چوومە زاخۆ بۆ تەماشە، دهۆک، ٢٠١٩.
- ڕۆلی قوتابخانەیا(قوبەهان) د پێشڤەبرنا ئەدەبی کلاسیکی دا، تەهران، ٢٠٢١.
- دکتۆر محەمەد نووری دێرسمی و بانگینا وەلاتپارێزێن کورد بۆ کۆنگرەی هەڤگرتنی یێ گەلێن ئاسیا و ئەفریقییا، تەهران، ٢٠٢١.
- چەندین مژارێن زمانڤانییێ، دهۆک، ٢٠٢٢.
- دیوانا داخا دلێ کوردان، شیعری شاعیری پێشمەرگە شەهید(دلۆڤان بێسکی)یە، کۆمکردنەوەی حاجی بێسکی، پێداچوون و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ئیسماعیل بادی.
- مەدرەسەیا مایێ، دیرۆک و ناڤدارترین زانا و شاعرێن وێ، بەغدا، ٢٠٢١.
- ئەحمەدێ نالبەند، کۆمەکا ڤەکۆلین و گوتار و دیداران، بەغدا، ٢٠٢١.
- ئەدەب و تیۆرێن ئەدەبی، دهۆک، ٢٠٢٢.
- جوهر المبدعين،(نقاشات أدبية)، دهۆک، ٢٠٠٥.
- رحلة ناصر خسرو عبر المناطق الكردية، دراسة، دهوک، ٢٠١٠.
- الشيخ يونس الكردي و رسائله فى الادب الصوفي الإسلامي، دراسة و تحقيق، دهوک، ٢٠١٢.
-الشاعر احمد نالبند(مخلص) و باقة من قصائده غير المنشورة، مع الكاتبة ازهار بامرني، دهوک، ٢٠١٩.
-کۆمەڵێک وتاری بۆ منداڵان نووسیوە لە گۆڤاری(سڤۆرە) بڵاوکراوەتەوە.

کۆمەڵێک بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ لەوانە:
- پاییزۆک کو چقەکێ سترانا کوردییە.
- دیوانا(خاکی ئاکرەیی)، هۆزانێ کلاسیکییە.
- دیوانا(محەمەد تەیار پاشا) ، میری ئامێدی.
- دیرۆکا(دێرا ئەختەمارێ و سترانا مەتران عیسا) .

نووسەر ئیسماعیل بادی لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١- ەوە و پێش بەستنی کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شەقڵاوە، ئەندام بووە

لە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک و تا ئێستاش هەر ئەندامە، ئەو ئەندامیشە لەم ڕێکخراوانە:

- بەرپرسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - لقی دهۆک بووە بۆ دوو خول لە ٢٠٠١- ٢٠٠٨.
- ئەندامە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی و لێپرسراوی بەشی کتێبخانەیە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی سەنتەری(قوبەهان)ە، بەرپرسی نووسینیشە.

ئەو لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ناوەندی ڕۆشنبیریی خانی و زۆر لە چالاکییەکانی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئامادە دەبێت و زۆر جاریش ئیدارە و گەنگەشە کردنی کۆڕو کۆبوونەوەکان بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی دیکە دەکات، چەندین کۆڕوکۆبوونەوەشی لە شارەکانی کوردستان گێڕاوە لەوانە (سلێمانی، دهۆک، دیاربەکر(ئامەدێ)، موکسێ، قامیشلۆ، ئاکرێ، زاخۆ)، پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد لە سەرانسەری کوردستان زۆر باشە.

نووسەر ئیسماعیل بادی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی نووسەر، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# شێرزاد هەینی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی گەورەی کورد و ڕووپێو، مامۆستا شێرزاد هەینی.

ناوی تەواوی(شێرزاد قادر هەینی)یە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی(گەڕەسۆر) ی نزیک هەولێر، لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەر لەگەڵ دروست بوونی گەڕەکی سەیداوە، باوکی هاتووەتە هەولێر و خانوویەکی بە خشت و قوڕ دروستکردووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی(هەولێری یەکەمی نموونەیی- اربيل الاولى النموذجية) خوێندووە، لەبەر دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بارو دۆخی ناهەمواری هەموو کوردستان، باوکی ئەویش پۆلیس بووە نەقلی لیوای دیوانییەی باشووری عێراق کراوە و لە شارۆچکەی(الشامية) جێگیر بووینە، لەوێ ماونەتەوە تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، پۆلەکانی چوار و پێنچ و شەشی هەر لەوێ تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە و چووەتە پەیمانگای تەکنەلۆژی لە بەغدا و


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سوپاسنامە

بەڕێز: شێرزاد هەینی

بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بەرامبەر بەخشینی (٨٠) دانە لە کتێبی (دکتۆر نەوزاد باجگەر: لە ناو زانکۆی جیهان بمێنن)، بۆ دابەش کردنیان بە سەر کتێبخانە گشتییەکان، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، نموونەتان زۆر بێت.

لە گەڵ ڕێزدا..

سەرباز جوهر بابان
ج. ب. گ. کتێبخانە گشتییەکان
٢٠٢٢/٦/١٢




له لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد هەینی، شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس.

ساڵی ١٩٧٨، تەواوی کردووە و بووەتە( ڕووپێو- مساح) لە شارەوانیی هەولێر، ئەو یەکەم ڕووپێو بووە لە هەولێر یەکەم کاریشی وەکو ڕووپێو لەگەڵ کارمەندانی دیکەی شارەوانی(إفراز)کردنی ئەو دەشتاییەی تەنیشت بەنزینخانەی کۆنی گەڕەکی شۆڕش بووە و بەشداری لە نەخشەسازی و ئیفراز کردنی زەویی بەشی زۆری گەڕەکەکانی هەولێری کردووە لەوانە (گەڕەکی حەی شورتە، حەوتی نیسان، پیشەسازیی باکوور، کوردستان، ڕزگاری و چەندانی دیکە)، ئەو حەزی لەکارکردن بووە لە لای مەسیف و بەسەرەوە تا شەقڵاوە و دوورتریش، زۆر ماندوو بووە، تا توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێت، لە ساڵی ١٩٩٨ ڕووی لە وڵاتی سوید کردوەو لە ساڵی ١٩٩٩وە لەوێ نیشتەجێ بووە.




شێرزاد هەینی کە ئامادەیی تەواو دەکات زۆر حەزی لە کۆلێژی(إعلام- ڕاگەیاندن) بووە، بەڵام دیارە لەبەر نەبوونی بە بەعسی وەریان نەگرتووە و بە ناچاری چووەتە پەیمانگای تەکنەلۆژیا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ ماڵیان هاتۆتەوە هەولێر، پاش بەیاننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، دەستی



بە خوێندنەوەی کوردی کردووە، ئەو زمانی عەرەبی باشتر زانیوە، بەڵام چونکە حەز و ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردی بووە، بەردەوام هەوڵی داوە بۆ بەرزکردنەوەی خوێندنەوەی کوردی، یەکەم کتێبی کوردی دیوانی پیرەمێردی شاعیری خوێندووەتەوە، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی برایەتیشی کڕیوە و خوێندوویەتییەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە خوێندنەوە و کڕینی کتێبی کوردی.

ئەوکات بەشی زۆری گەنجان بە شیعر نووسین دەستیان پێدەکرد، بەڵام دەستپێکی نووسینی شێرزاد هەینی لە ساڵی ١٩٧٣ پەخشانێک بووە لەژێر ناو نیشانی(ڕێبوارێکی یاخی بوو)کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری(خەرمانەی وشە) بڵاوی کردووەتەوە، هەر چەندە کوردییەکەی زۆر باش نەبووە، بەڵام هاوڕێکانی هەندێ دەسکارییان لە ڕووی ڕێنووسەوە بۆ کردووە، ئەو زۆر کەیفی پێهاتووە، لە ژمارەی دوومیش بەشداری کردووە، بەڵام




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، نووسەر شێرزاد هەینی، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، بەڕێز نەژاد عەبدوڵڵا(عەبە هەولێری).**




بارودۆخی کورد بەرەو تێکچوون چووە ساڵی ١٩٧٤، چاپ نەکراوە، ئیتر دەکەوێتە ناو دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان.
لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەم کتێبی خۆی بە ناوی(لە یادی(١٠٠) ساڵەی شارەوانی هەولێر) نووسیوە و لە ساڵی ١٩٨٥ چاپی کردووە، ئەوە یەکەمین کتێب بووە کە بە زمانی کوردی لەسەر هەولێر نووسرابێت، پێشتر زۆر کتێب لەسەر هەولێر نووسراون بە زمانی عەرەبی وەکو(اربیل السنوات الاربعة، اربیل بین الماضي و الحاضر)، هەروەها بەشدار بووە لە دەرچوواندنی(١٢) ژمارەی گۆڤاری هەولێر.
شێرزاد هەینی لە پاش ساڵی ١٩٩٨ کە لە سوید جێگیر بووە (١٢) بەرگ ڕۆمانی هەولێری نووسیوە و زیاتر لە(٥٠)کتێبی لە زمانی عەرەبی و زمانە بیانییەکان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە زۆربەیان لە شاکارەکانی عەرەبی و جیهانین، چەندین نامیلکە و ڕیپۆرتاج و هەڤپەیڤین و چاوپێکەوتنی




نووسەر شێرزاد لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی لە چیای سەفین.




ڕۆژنامەگەری، ئەو وەکو(گەریدە- رحالة)سەردانی کەنارەکانی دەریای سوور و ڕەش و سپی و شارە کۆنەکانی لە وڵاتانی دوور وەکو کوبا و تایلەند کردوە و لە هەر شوێنی بووبێت قەڵەم و کاغەزی بەدەستەوە بووە و نووسیویەتی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد هەینی زیاتر لە (١٢٠) کتێبی چاپ کردوون، وا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:




- لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥.
- کەلاوە، ڕیپۆرتاج، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر، ١٩٩٤.
- دیوەخانی(فلین)، ڕۆژانە و ڕیپۆرتاج، ١٩٩٩.
- هەولێر- دبلن، ڕیپۆرتاج، چاپی یەکەم لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ئازادی، ١٩٩٦، چاپی دووەم گۆڤاری هاڤیبوون- زانکۆی ئازادی(الحر)، بەرلین، ٢٠٠٠.
- بەغدا بۆ هەولێر، ڕیپۆرتاج، چاپی یەکەم،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد هەینی، هاوسەرەکەی خاتوو (سروە).**

سوید ، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- مەملەکەتی فارگۆنەکان،ڕیپۆرتاجی ڕۆژانە، چ١، سلێمانی. ٢٠٠٠، چ٢، هەولێر،٢٠٠٦.
- کاکە ئەبو ئیسماعیل، سلێمانی، ٢٠٠١.
- گابریل گاری مارکیز، بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، وەرگێڕان ، سلێمانی، ٢٠٠١.
- دە ڕۆژەکەی هەولێرم، ڕیپۆرتاج، هەولێر گۆڤاری گوڵان، ئوستراليا ڕۆژنامەی کورد، ٢٠٠١.
- سیڤییەکان ١، کۆمەڵە دیدارێکە، ٢٠٠٢- ٢٠٠٩-.
- سارد یان گەرم، دەزگای هەوار بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، ٢٠٠٥.
- نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لە پێناوی ئازادیدا، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٥.
- مەملەکەتی کەلاوەکان، وتار و پێناسەی بیناسازی کوردییە، نامیلکە، ٢٠٠٥.



**نووسەر شێرزاد هەینی بە خۆی و منداڵەکانی.**

– کۆریـا، پێناسـە و شـارەزابوونی وڵات و میللەتـی کۆریایـە، نامیلکـە، وەرگێـڕان، هەولێـر، ٢٠٠٧.

– ٩٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکری و ئەدەبی نمـا، چاپی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٨،چاپـی دووەم دەزگای عیرفـان، ٢٠١٥.

– دۆلار لە ئەمەریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە، هەولێر، ٢٠٠٨.

– جەمـال عەلەمـدار: یەکەمیـن هەولێـری لـە سـوید، بیرەوەرییەکانـی دەگێڕێتـەوە، هەڤپەیڤیـن و نووسـینەوەی نووسـەر شـێرزاد هەینـی، ٢٠٢١.

– وێنەکانـی سـەر دیوارەکـە، سـەربردەی خێزانێکـی جـوو لـە عێـراق، وەرگێـڕان، هەولێـر.

– میرنامە و نەفرەتی وەرگرتن، جان دۆست، وەرگێڕانی سەباح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە، وەرگێڕانی بۆ کوردی نووسـەر شـێرزاد هەینی.

– نازک خانم، ڕۆمان، وەرگێڕان، لینا الحەسەنی، ٢٠٢٠.

– ئەرکەکانی من، ڕۆبەرت گیتس، وەرگێران، ٢٠٢٠.



**له لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد هەینی، نووسەری گەورەی کورد عەزیز گەردی، بەڕێز سەربەست.**

- چیرۆکی ژیانم، بیرەوەری ژیانم، مۆشێ دایان، وەرگێڕان، ٢٠٢٠.
- گۆرانییەکی ئارام، لەیلا سولیمانی، وەرگێڕان، ٢٠٢٠.
- پۆستەچییەکەی نیرۆدا، ڕۆمان، وەرگێڕان، ٢٠٢١.
- تەنیا دارهەنارەکە، ڕۆمان، وەرگێڕان، ٢٠٢١.
- لەناو زانکۆی جیهان بمنێژن، دیمانە لەگەڵ (دکتۆر(نەوزاد باجگر)، ٢٠٢٢.
- ناندین، ڕۆمان، وەرگێڕان، دەزگای چینی، ٢٠٢٠.




چەندین کتێبی دیکەش.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد هەینی لە ١٢-٦-٢٠٢٢، (٨٠) دانە کتێبی(دکتۆر نەوزاد باجگەر: (لەناو زانکۆی جیهان بمنێژن)، بەخشیوەتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ئەوانیش سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ناردووە، وا هاوپێچم کردووە.

لە ٢٥--٣-٢٠١٩، لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردی




لە هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەران و ڕۆشنبیران، نووسەر شێرزاد هەینی کتێبی ڕۆمانی(هەولێر ڕینکەی) بە بەرگێکی نوێ نمایش کردووە و بە دیاری داویەتییە ئامادەبووان.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس شێرزاد هەینی مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ و سادە و ساکارانە دەژیت لە نێوان هەولێر و وڵاتی سوید، ئەو کوردستان و شاری هەولێری زۆر خۆشدەوێت، بە تایبەتی گەڕەکە کۆنەکانی، ئاواتیەتی گەڕەکە کۆنەکان نۆژەن بکرێنەوە و بکرێنە شوێنی شوێنەواری و گەشتیاران ڕووی تێ بکەن، وەکو قەڵاتی هەولێری دێرین.

شێرزاد هەینی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(سروە)، کردووە، کە هەردەم پشت و پەنای بووە و یارمەتی داوە، بەیەکەوە (٦) منداڵیان بە باشی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد هەینی، بەڕێز خاتوو سروە.




پەروەردە کردووە بە ناوەکانی(کاژڤان، کەڤان، ڕۆڤان، باهۆ، هەتان، شارڤان)، خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- لاپەڕەی فەیسبووکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین، وتارێک دەربارەی کتێبی(دکتۆر نەوزاد باجگەر)ی لە دیمانەو نووسینی نووسەر شێرزاد هەینی، لە ١٧-٦-٢٠٢٢.

٢- کوردیپێدیا.

٣- ژیاننامەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد هەینی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤- ktv٢٤-. فلیمێکی دوکیۆمێنتاری، بەرنامەی نزیکتر، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ژڤان عابد.

٥- Basnews, لە ٢٥-٣-٢٠١٩.

٦- Dimen tv، بەرنامەی لاپەڕە، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار جەمال جەباری.

٧- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عومەر ئەمین

مامۆستای پەروەردەیی و شاعیر و نووسەر و نیگارکێش و پەیکەرتاش ڕەوانشاد عومەر ئەمین

مامۆستا عومەر ئەمین لە ساڵی ١٩٠٥ لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، خوێندنەکانی لە هەولێر تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٢٤ بووەتە مامۆستای سەرەتایی و لە ساڵی ١٩٢٥ (معهد المعلمین- پەیمانگای مامۆستایان)ی لە بەغدا تەواو کردووە، بووەتە مامۆستا لە کۆیە.

ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر مامۆستا عومەر ئەمین لە ماوەی نزیکەی(٤٠) ساڵ مامۆستایی خزمەتێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن گەیاندووە لە شاری هەولێر و هەموو کوردستان، ئەو لە شارەکانی(هەولێر و سلێمانی - لە قوتابخانەی فەیسەلییە و مەلکەندی و کۆیە و شەقلاوە و باتاس و عەنکاوە) مامۆستا بووە، لە ناو شاری هەولێریش لە قوتابخانەکانی(اربیل الاولی و اربیل الثانیة و ئیبن مستەوفی و گۆڤەندی ئێواران) مامۆستا بووە، کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانی کورد لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندن بووینە لەوانە(مەسعود محەمەد، ئەحمەد دڵزار و دڵداری شاعیر و چەندین پیاوانی ناسراو و دیاری شاری کۆیە و هەولێر.



**کۆمەڵێك مامۆستایانی پێشەنگ  ساڵی ١٩٤٠**
**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: بویا مرقس، شەمعون هورمز، حەننا عەبدولئەحەد.**
**دانیشتووان لە ڕاستەوە: عومەر ئەمین، لۆقا دمیانوس، یوسف یەڵدا، عەبدولئەحەد عودیش**

مامۆستا عومەر ئەمین مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بووە، ئەو کاتەی لە بەغدا لە پەیمانگای مامۆستایان بوو لە گەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانی هەر یەک لە:( عەبدولعەزیز-عەبە هەولێری، ئەمین ڕەواندزی، شێخ نوری شێخ ساڵح، شاعیری نەمر فایەق بێکەس، مستەفا سائیب، ئەکرم زانستی، شێخ تەییب، غەنی شاڵی، کامل کاکەمین، عەبدوڵڵا حیکمەت، ڕەشید عارف، ئەفسەری شەهید مستەفا خۆشناو، ئەفسەری شەهید عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، تاهیر مەریوانی و چەندانی دیکە)، ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردیان لە بەغدا دامەزراندووە، ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن هەر یەک لە ڕووناکبیران (تۆفیق وەهبی و جەمال بابان و مەعروف جیاووک) سەرپەرشتی کراوە، لە پاشان کە لە ساڵی ١٩٣٩ حیزبی هیوای کوردی دامەزراوە هەر هەموویان بوونەتە ئەندام لەو حیزبە کوردییە.

مامۆستا عومەر ئەمین هەر مامۆستای پەروەردییی نەبوو، بەڵکو نیگارکیش و پەیکەرتاشیش بووە، ئەو بۆیە و سبوغی بەکار نەهێناوە، هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانی خۆی لە کەرەسەی سەرەتایی خۆماڵی وەکو بەرد و چەو و ڕەمل و پارچە شووشەی شکاو و قەپێلک و توێکڵی دار

و زەنگییانە بووە، هەمووساڵێش لە پیشانگای قوتابخانەکان بەشداری کردووە.

با بزانین ئەو ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و مامۆستایانە دەربارەی مامۆستا عومەر ئەمینی پەروەردکار و دەست ڕەنگین چی دەڵێن:

زانا و ڕووناکبیری گەورەی کورد مەسعود محەمەد لە ئەڵقەی پێنجەمی(گەشتی ژیانم) کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ژمارە(١٠٩٩)ی



ساڵی ١٩٨٦بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:(مامۆستا عومەر ئەمین خەڵکی هەولێر بوو، باشترین دەرسدەری(قراءە و حیساب) بوو، من زۆر زوو فێری خوێندن و نووسین بووم، هێندەش لێم ڕازی بوو زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لە پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی هەورازتر دەچووم پرسیارێکم وەڵام دەداوە کە قوتابی ئەو پۆلە پێی نەدرابۆوە، کە دەچووە لای باوکم ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕی بەرامبەرم).

مامۆستا بەشیر حسێن سەعدی لە ژمارە(٦)ی گۆڤاری(مێژوو) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە بارەی مامۆستا عومەر ئەمین دەڵێت:(لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ لە قوتابخانەی(گۆڤەند)ی سەرەتایی ئێواران بەیەکەوە مامۆستا بووین، ئەو بەڕێوەبەر و منیش مامۆستای سەرەتایی بووم لای ئەو بەڕێزە، لەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بوو، ئەوەی شایانی بیرکردنەوەیە ئەوەیە هەر چەندە ئەو بە تەمەن گەورە بوو، بەڵام هەستێکی نەتەوایەتیی بەرزی هەبوو، لە یەک شانەی ڕێکخستنیش بووین..من و ئەو مامۆستا محەمەد عەزیز باسی ئەوەمان دەکرد کە چۆن ناوی قوتابخانەکەمان(گۆڤەندی ئێواران)بوو کردییانە (شبیان المسائیة) ئەو جۆرە کردەوانە زیان دەگەێنێ ئەوان دەیانویست قوتابخانەکە بکەنە عەرەبی).

پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن کە یەکێک بووە لەو قوتابیانەی کە مامۆستا عومەر ئەمین لە قۆناغی سەرەتایی دەرسی پێ گوتووە دەڵێت:(لە ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ مامۆستا عومەر ئەمین وانەی(اشیاء و صحة)ی پێدەگوتین مامۆستایەکی زۆر چاک بوو، لە دەرس گوتنەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، جیاواز بوو لە مامۆستایەکانی دیکە، قسەی خۆش بوو کەس لە دەرسەکانی ئەو بێزار نەدەبوو).

دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور سەبارەت بە مامۆستا عومەر ئەمین دەڵێت:( ئەو یەکێکە لە کۆنترین مامۆستای شاری هەولێر و کوردستان، بە بەردەوامی نووسینی پارچە شیعری لە گۆڤاری(هەتاو)ی مامۆستای کوردپەروەر گیوموکریانی بڵاودەکردەوە).

پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین کە کوڕی مامۆستا عومەر ئەمینە دەڵێت:( باوکم هەر مامۆستا نەبوو، بەڵکو هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین



دکتۆر وریا عومەر ئەمین و خێزانەکەی لەسەر گڵکۆی عومەر ئەمینی باوکی

بوو، ئەو هەرگیز بۆ تابلۆکانی بۆیەی بەکار نەدەهێنا، بەرد و چەوی ڕەنگاوڕەنگی لە شاخ و بەستەکان کۆدەکردەوە بە ئاون دەیکوتان و لەگەڵ چیمەنتۆی سپی تێکەڵی دەکرد و ڕەنگەکانی پێدادەڕشت، قەپێلکە دار و زەنگییانە و وردە جامی ئاوێنەی بەکار دەهێناو هەموو ساڵێ لە پیشانگای قوتابیان بەشداری کردووە).

مامۆستا خاتوو ئاواز عومەر ئەمین کە کچی مامۆستا عومەر ئەمینە(٢٥) ساڵ مامۆستا و بەڕێوەبەر بووە لە قوتابخانەی(گۆڤەند) کە پێشتر باوکی لەو قوتابخانەیە بەڕێوەبەر بووە و خراوەتە ژێر چاودێریی حوکمی ئەوسای عێراق. مامۆستا عومەر ئەمین لەسەر هەڵوێستە نیشتمانپەروەییەکانی جارێک دوورخراوەتەوە ناوچەی(مونتەفیک) لە شاری ناسرییەی خوارووی عێراق.

عومەر ئەمین پێش کۆچی دوایی کردنی وەسییەتی کردووە کە ئەم چوارینە لەسەر کێلی قەبرەکەی بنووسن:

به کاری چی دێ سەر و ماڵ و ژیان
گەر بەختی نەکەی لە ڕێی نیشتمان
کوردم و ڕوام لە باغی ژیان
بە ئاو و خاکی پاکی کوردستان.

لە ٤-١- ١٩٦٤ مامۆستا عومەر ئەمین لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە ڕێوڕەسمێکی شایستە و بە ئامادەبوونی کەس وکاری و بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی شاری هەولێر لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە نزیک منارەی چۆلی بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- زانا و ڕووناکبیر مەسعود محەمەد، (گەشتی ژیانم) لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە(١٠٩٩)ی ساڵی ١٩٨٦.


٢- پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، لاپەڕەی فەیسبووکی لە ٢٩-٥-٢٠١٠.

٣- دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، ، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥٣.

٤- حەمید ئەبوبەکر، دیداری ڕۆژنامەی بەدرخان لەگەڵ پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە ٢٢-٢-٢٠٠٦.

٥-مامۆستا بەشیر حەسەن سەعدی، چەند بیرەوەرییەک دەربارەی خوالێخۆشبوو عومەر ئەمین ساڵی ٢٠٠٨.

- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ویداد قازی

مامۆستای پەروەدە و نووسەر، خاتوو ویداد قازی ...

ناوی تەواوی(ویداد خالیس ڕەشید ئەفەندی قازی)یە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراوی شاری هەولێر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٠ بەرپرسی لێژنەی باڵای یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەشی کچان بووە لە هەولێر، ئەندامی هەردوو کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و عێراقی بووە. ساڵی ١٩٦٥ بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، بووەتە مامۆستا لە شارەکانی(ڕومادی، بەغدا، کەرکووک، لە هەولێریش لە قوتابخانەکانی شۆڕش و گەلاڵە و چۆمان و لە مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خزمەتی کردووە.



خاتوو ویداد قازی
بە منداڵی.

لە سەرەتای مانگی شەشی سالی ١٩٨٦ ڕوو لە شاخ دەکات و دەچێتە ناو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و ماوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ، خاتوو جوان خاڵس، خاتوو سەیران ساڵح میران، مامۆستا ویداد قازی، خاتوو دڵدار ڕەشاد موفتی، خاتوو جوان تەڵعەت یەعقوبی، پیاوەکە دانیشتووە: کونسوڵی فەرەنسی لە هەولێر، وێنەکە بە بۆنەی تەواوبوونی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٥ .**

مهاباد دەمێنێتەوەو وەکو مامۆستا خزمەت دەکات، پاشان بەرەو هەندەران دەکەوێتە ڕێ و لە وڵاتی نەمسا وەکو پەنابەر نیشتەجێ دەبێت.


لە ساڵی ٢٠٠٢ بە مەبەستی خزمەتکردن لە بواری پەروەردە، خۆبەخشانە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی.

مامۆستا ویداد قازی یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە خزمەتێکی زۆری بە بواری پەروەردە گەیاندووە، لە بەشی زۆری شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەغدا و ڕومادی و کەرکووک.




ئەو کاتەی لە ڤیەننا- نەمسا بووە کۆمەڵێک چالاکیی هەمەجۆری نواندووە کە ئەمانەن:

- بە هەوڵ و کۆششی کەسێتیی خۆی، خوێندنەوەی زمانی کوردی وەک زمانی دایک بە فەرمی لە قوتابخانەی ڤیەننا بڕیاریان داوە کە بخوێندرێ و یارمەتییان داوە بۆ چاپکردنی کتێبی(خوێندنەوەی کوردی بۆ خوێندکارانی




دەرەوەی وڵات).

- لە ڤیەننا بەشداریی لە بەشی زۆری چالاکییەکانی کوردانـی دەرەوە کـردووە و لـە هەمـوو بۆنـە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیش ئامادە بووە.
- ئەندامـی مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری کـوردی ڤیەننـا بـووە.
- ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق بووە.
- لـە سـاڵانی ١٩٦٦- ١٩٧٤ بەشـدار بـووە لـە کۆنگـرەو کۆنفرانسـەکانی مامۆسـتایانی ئافـرەت لـە کوردسـتان و عێـراق.



لە لای ڕاستەوە: خاتوو حەنان عەشراوی خانمە خەباتگێڕی فەلەستینی، خاتوو ویداد قازی.



لە ڕاستەوە: نەوال سەعداوی، مامۆستا ویداد قازی.



مامۆستا ویداد قازی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی.



هەموو ژیانم حەزم کردووە لەژێر سێبەری
قەڵاو منارە بژیم



معروف جياووك وأنا.. وقلعة أربيل

ویداد قازی وەکو مامۆستا و پەروەردەیی دەیان وتار و نووسینی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش وتار و ڕوونکردنەوەیان نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردییەکان بڵاویان کردووەتەوە، کە تیایا تیشکیان خستووەتە سەر ڕۆڵی مامۆستا ویداد قازی وەکو مامۆستا و فێرکارێکی نموونەیی لە کوردستان، لەوانە نووسەر و ڕۆژنامەنووس نافیع دیبەگەیی لە وتارێکدا کە لە هەفتەنامەی هەولێر بڵاویکردۆتەوە بەم جۆرە باسی مامۆستا ویداد قازی دەکات:(مامۆستا ویداد یەکێکە لەو مامۆستایانەی پەروەردەی هەولێر، خزمەتێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن گەیاندووە، نیوسەدەیە لەم بوارە کار دەکات... ئەو دانەری کتێبی(خوێندنەوەی کوردی بۆ خوێندکارانی دەرەوەی وڵات)ە.

مامۆستای پەروەردە خاتوو ویداد قازی، لە ٢٢-٦-٢٠١٦ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، چوار کوڕی هەبوو بە ناوەکانی(هاومەند، هاوڕێ، هەردی و هۆزان) خوا تەمەن درێژیان بکات، ڕوحی مامۆستا ویدادیش شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا ویداد قازی کە لەسەر داخوازی من لیوای خانەنشین فاروق ئیبراهیم شەریف بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢- زانیاری نووسین و داڕشتنی خۆم.



## ئەحمەد حسێن

ماموٚستاو شاعیرو نووسەر و ڕۆژنامەنووس لێکۆڵەرو کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی شیعری شاعیرانی کۆچکردوو، ناوی تەواوی(ئەحمەد حسێن ئەحمەد ڕەسوڵ شیت جوامێر)ە، بە (پێزان) ناسراوە، ئەو ناسناوی جوامێری هەڵنەبژاردووە، بەڵکو(پێزان)ی هەڵبژاردووە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی(کانی سپیکە) لە دامێنی شاخی(گڵەزەردە)ی سەرکەشی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ ماڵیان هاتووەتە ناو شاری سلێمانی، سەرەتا چووەتە بەر خوێندنی(حوجرە)، بەڵام شتێکی وای لێ هەڵنەکڕاندووە، لە ساڵی ١٩٥٦ باوکی ناردوویەتییە بەر خوێندنی سەرەتایی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی ماموٚستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە، بووەتە ماموٚستا لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی.




شاعیر و نووسەر ئەحمەد حسێن هێشتا هەر قوتابی سەرەتایی بووە خولیای خوێندن و نووسینی زمان و ئەدەبی کوردی بووە و گڕوگاڵی شیعر نووسینیشی کردووە، ئەو هەر ئەوکات کەوتووەتە ژێر کاریگەریی چەند ماموٚستاو



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیر عەبدولکەریم شێخانی، نووسەر ئەحمەد حسێن**

کەسانێکی ڕۆشنبیر لەوانە(ڕەوانشاد فەرەیدون عەلی ئەمین، عەبدوڵڵای مەجید بەگ، ئەحمەد مارف مۆریاسی و چەندانی دیکە).

ئەحمەد حسێن ئەحمەد لە سەرەتای لاوێتیدا چووەتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بەڵام پاش ماوەیەک وازی لێ هێناوە، لەساڵی ١٩٥٩ باوکی کۆچی دوایی دەکات، ئەو پشتی بە خۆی بەستووە و ئازار و ئەشکەنجە و دەست کورتی و نەهامەتییەکی زۆری دیوە، بەڵام ئەو زیاتر سوور بووە بۆ پێگەیاندنی خۆی و پاش بوونی بە مامۆستا بە تەواوی چووەتە ناو دنیای شیعر ئەدەب و نووسینەوە، سەرەتا دەستی بە نووسین و کۆکردنەوەی شیعری شاعیرانی کۆن و کۆچکردوو کردووە و لە گۆڤاری(سلێمانی) بڵاوی کردوونەتەوە.




لە ساڵی ١٩٦٩،(٥٠) چوارینەی بابا تاهیری هەمەدانی بۆ کەمال باپیر ئاغا خوێندووەتەوە و نووسیوە، چونکە ئەو نابینا بووە، هەمووشی بۆ ڕاست کردووەتەوە و دواتر لەگەڵ بیرەوەرییەکانی لە چاپی داوە و لە گۆڤاری(

نووسەری نویّ)ش بڵاوی کردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ بەشێک لە دیوانی حاجی مەلا ئەسعەدی مەحوی نووسیوەتەوە و لە چاپخانەی ڕاپەڕینیش لە چاپی داوە، بەڵام بەشی دووەمی پیّ نەکراوە، چونکە حاجی مەلا ئەسعەد بەسەردا کۆچی دوایی کردووە.




لە ساڵی ١٩٧٧ دوورخراوەتەوە بۆ شاری ناسریە لە باشووری عێراق، لەوێش هەندیّ شیعر و نووسینی کۆکردووەتەوە و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٤ دیوانی محەمەد ساڵح دیلانی نووسیوەتەوە و ئامادەی چاپی کردووە، بەڵام لە بەغدا لێیان ون کردووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ڕێگای کاکەی فەللاحەوە بەرگی یەکەمی گۆڤاری (شاری سلیمانی) بۆ بەڕێز (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە) نووسیوەتەوە و ئامادەی کردووە و لە چاپیشی داوە، بەشی زۆری بەرگی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیر عومەر مارف بەرزنجی، ڕەئوف بێگەرد، ئەحمەد حسێن، شاعیر و نووسەر محەممەد ئەمین پێنجوێنی،

دووەمیشی بۆ ئامادە کردووە، ئەمەش دەنگ و سەدایەکی زۆری بۆ ئەو هەبووە، هەر لەهەمان کاتدا دیوانی بەختیار زیوەری بۆ مەحمود زیوەر نووسیوەتەوە و ئامادەی کردووە.




ئەحمەد حسێن لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەموو نووسینەکانی خۆی لە (هەفتەنامەی ژین و ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان)دا بڵاوکردووەتەوە. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ سەدان وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە و زیاتر لە(١٥) بەرهەمی بە پێزو ناوازەیشی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر چاپ کردووە، کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:


(117)
ئەحمەد حوسێن ئەحمەد


**لە لای ڕاستەوە: ئەحمەد حسێن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد کەمال ڕەئوف محەمەد**




- شەکرە سێو، چیرۆک بۆ منداڵان ، ساڵی ٢٠٠٧.
- پەرژینی سەوز، چیرۆک بۆ منداڵان.
- هەنار گرەوی بردەوە، کۆمەڵە چیرۆک و سیناریۆ بۆ منداڵان.
- ماری باڵدار، چیرۆک بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٩.
- باوەشی گەرم، شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٦.
- ئەنجامی چاوچنۆکی، چیرۆک بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٩١.




- گەڕانەوەی زەردەپەڕ، کۆمەڵە شیعر، بەرگی یەکەم ساڵی ٢٠١٠.
- لە نزیکەوە بمناسە، کۆمەڵە شیعر، بەرگی دووەم ساڵی ٢٠١١.
- گەشتێک لە نێوان مەرگ و ژیاندا، چامەیەکی درێژە بۆ کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ نووسراوە.
- ئەو دەمانەی خۆزگەکان سەوز دەبن.
- دیوانی شاری، سەرجەم شیعرەکانی عەلی عارف ئاغا، ئامادەکردنی ئەحمەد حسێن.
- پلوسک، شیعر بۆ منداڵان، نیگارسازیی هونەرمەند حەمە هاشم، ساڵی ٢٠١٢.




- مەلای خەیاڵ، چەند جەستە لە گیانێکدا بەدواچوون و ئامادەکردنی ئەحمەد حسێن.
- شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ٦- ئەیلولی ١٩٣٠، لێکۆڵینەوە لە شیعری شاعیراندا، ساڵی ٢٠٠٢.

مامۆستا ئەحمەد حسێن مرۆڤێکی بێ دەنگ و هێمنە، بەڵام لێوانلێوە لە میهرەبانی و وەفایی


و دڵسۆزی بۆ خۆی و گەل و نیشتمانەکەی، ئەمەش هەمووی لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، با بزانین نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی دەربارەی ئەحمەد حسێن چی دەڵێت:(ئەحمەد حسێن کە بە - پێزان- ناسراوە مرۆڤێکی هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ و قسەخۆشە، دەربارەی هەندێ لە نووسەران و شاعیران بە تایبەتی ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە زانیاری لایە، کێ هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڤاری(سلێمانی)ی نەخوێندبێتەوە کە یەکێکە لەو گۆڤارە تایبەتییانەی گرنگی بە بەڵگەنامە و ئەرشیف و پێشوەر و هەموو کەسایەتییە چالاکەکانی شاری سلێمانی دەدات، ئەحمەد حسێن هەر لە سەرەتای دەرچوونی ئەم گۆڤارە یەکێک بووە لە نووسەرە چالاکەکانی و سەدان بابەتی بە پێزی تێدا بڵاوکردووەتەوە و ماوەیەکیش سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بووە).







شاعیر و نووسەر ئەحمەد حسێن زیاتر لە (٥٥) ساڵە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە لە نووسینەکانی، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد لە سلێمانی و هەموو کوردستان هەیە، هێشتاش هەر چالاکەو لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەران و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی دیکە ئامادە دەبێت، ئەو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.



بۆ ئەحمەد حسێن هەر ساغ و سەلامەت و

سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان وئەدەبی کوردی.
وا پارچە شیعرێکی شاعیر ئەحمە حسین- تان بۆ دەنووسمەوە:

**مەلی بەردڵان**

چۆن دەخوێنی بخوێنە
من گوێبیستی دەنگی تۆم
ئەی کوکوختی خنجیلە
بەیانیان هاو زەنگی تۆم

لەسەر ئەو دارە بەرزە
دەفڕی و دەنیشیتەوە
شادمانی و ئارامی
ورد ورد دەبەخشیتەوە
-
خۆزگە بەتۆ دەخوازم
جوان ژیان دەبەیتە سەر
بەو تەمەنە کورتەوە
ئازادی، نەک دەسبەسەر

وەرە ببە میوانی
هەناسەی وشەکانم
تا دیمەنی نەخشینت
لابەرێت ئێشەکانم

تۆ بە گەرووی بێگەردو
من بە قەڵەمی هەستم
شیعرو ئاواز پێکدێنین
تۆ هەژێنەر ، من مەستم
-
هەردوو دەچینەوە ناو
ئامێزی سروشتی گەش
تێر ناخۆین لە گەشبینی
ئاوایە ژینی هاوبەش

بخوێنە تا دەتوانی
لام تۆمارە نەواکەت
هەزار کەڕەت بەرەکەت
لە خەرمانی بەهرەکەت.

سەرچاوەکان:

١- کورتە ژینانامەی شاعیر و نووسەر ئەحمەد حسێن کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# یوسف مەنتك

شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شانۆیی و ڕۆژنامەنووس و چالاكوانی مەدەنی یوسف مەنتک، ناوی تەواوی(یوسف ئەحمەد محەمەد لەتیف)ە، لەناو کەس و کار و خزمانی بە (یوسف شینە) ناسراوە و لەناو ئەدیب و ڕۆشنبیرانیش بە یوسف مەنتک، ئەو لە عەشیرەتی مەنتکە و لە بنەماڵەی حەمەد حاجییە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(دووشیوان)ی مەنتکانی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی لە هەولێر تەواوکردووە، دوا قۆناغەکانی کۆلێژی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی خوێندووە.



نووسەر یوسف مەنتك بە منداڵی.

لە سەرەتای لاوێتیدا چووەتە ناو کاری سیاسی و لە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دواتر(ئاڵای شۆڕش) بووە، زۆر چالاکانە بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی هەولێری ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ کردووە،




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر یوسف مەنتك، ڕۆمانووس دکتۆر زوهدی داودی.**

بەشداریش بووە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ڕووداوە نەخوازراوەکانی ساڵی ١٩٩٤، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و لە شاری(لودڤیگسهافن) نیشتەجێ بووە.

یوسف مەنتک لە ڕێگای کاری هونەری وەک ئەکتەر و بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری شانۆیی فلیمی منداڵان چووەتە ناو دنیای هونەر و ئەدەب و نووسینەوە، یەکەم نووسینیشی وتارێکی ڕەخنەی شانۆیی بوو کە لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردووەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لەوانە(کوردستانی نوێ، بەدرخان، پاشکۆی ڕەوەند، کوردستان ڕاپۆرت، میدیا، گۆڤاری کورد دیکۆمێنت، هەواڵ، ڕرۆژنامەنووس، ڕووبەر، بارزان، گۆڤاری ڕامان، گۆڤاری مێرگ، ڕۆژنامەی وشە، گۆڤاری پێشهاتی ئەڵمانی، ماڵپەڕی زەمەن، دەنگەکان، سبەی، بۆ پێشەوە، کوردستان نێت، پوک میدیا، ...هتد).







یوسف مەنتک هەر کە هاتووەتە وڵاتی ئەڵمانیا یەکسەر بە بێ وەستان دەستی بە خوێندنی زمانی ئەڵمانی کردووە و زۆر ئازاو چالاکانە فێری زمان و کەلتووری پێکەوە ژیان و کاری پیشەیی و بازرگانی و تەکنیکاری تەلەفزیۆنی و ئیدارەدان و هاوکاری و یارمەتیدانی کۆچبەران بووە، بەشداری لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفرانسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی پەیوەند بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و کەلتووری کوردییەوە کردووە، بە نیازی ئاشناکردنی نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی ئەڵمانی بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و کەلتووری کوردی، چاوپێکەوتن و دیداری لەگەڵ زۆر لە ئەدیب و نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگرانی ئەڵمانی کردووە لەوانە:(کلاودیا ڕۆت، جەم ئۆزدەمی، گریگۆر گەیس، ڤیگان بۆکسەداگڕ، ئەنالینا باربۆک، ڕۆبەرت




**پۆلێك لە نووسەران و ئەدیبانی کورد لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هولێر.**




هەپەگ، ئەحمەد تورک، کەمال بۆرقای، ئەحمەد نەسینی کوڕی چیڕۆکنووس عەزیز نەسین، هێرتا مولەر، گۆنتەر گراس، ئێزابێل ئەلێندی، رفیق الشامی، ڕەخنەگری ناسراوی ئەڵمانی لە بواری ئەدەبی دەنیزشیک ...چەندانی دیکە).

یوسف مەنتک هەر لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوامە و بەردەوام بووە لە چالاکییە ئەدەبی هونەری و شانۆگەری و شیعری و جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی کوردانی ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، ئەمانەش بەشێکن لە چالاکییەکانی:

- ئەندامی ڕێکخراوی فێردی-ماڵی ڕاوێژکاری کەلتووری و بەڕێوەبەرایەتیی کەلتووری شاری لودڤیگسهافنە.
- ئەندامی ڕێکخراوی (پێن-Pen)ی کوردی جهیانییە و وەکو ئەندامیش



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر یوسف مەنتك.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس شەفیقی حاجی خدر، نووسەر یوسف مەنتك، نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش.**

لە ڕۆژانی ٨-٩-١٠ مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٢٢، بەشدار بووە لە کۆنگرەی (پێن)Pen) کە لە موزەخانەی ئۆڵدن بورگی ئەڵمانی بەستراوە.


- ماوەی چەند ساڵێکە ڕێکخەر و هاوکاری ستاندی کتێب و چاپەمەنی کوردستانە لە پیشانگای نێودەوڵەتیی فرانکفۆرت.
- لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠١٨، بەشدار بووە لە فیستیڤاڵی ٢٠٠ ساڵەی شیعر خوێندنەوەی کارل مارکس کە لە موزەخانەی(هاکگارتن موسیوم)، لە ئەڵمانیا، ئەنجامدراوە.




- چەند پارچە شیعرێکی لە کتیبی هەڵبژاردەی مەکتەبەی شاعیران(ئەنتۆلۆژیای ئەڵمانی) و مەکتەبی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.
- لە ٢١-٥-٢٠٢٢ لەگەڵ سێ شاعیر و نووسەری دیکەی ئەڵمانی بەشداریی شیعر خوێندنەوەی کردووە لە شاری(لود ڤیگسهافن).




- لە ٢٥-٦-٢٠٢٢ بەشداریی فیستیڤاڵی هاوینەی شیعر خوێندنەوەی کردووە لە شاری(هاکگارتن موسیوم) هەر لە ئەڵمانیا.
- وەکو ئەکتەر لە شانۆگەرییەکانی(پرۆژەی کافکا دادگا، کۆشک، بەدگۆڕان، جورجەکانی لودڤیگسهافن، کە لە نووسینی نووسەری ئەڵمانی گیرهارد هاوپتمان بووە، هەروەها وەکو ئەکتەریش ڕۆڵی بینیوە لە شانۆگەریی کاترینە کنیٚ چیرۆکنووس) کە لە نووسینی کارل چۆکەر مایەرە.




- لە ١٥ هەتا ٢٩ی-٦-٢٠١٩ بە پیشانگای فۆتۆگرافی(قەڵای هەولێر) و کۆڕێک هەر لەسەر هەمان بابەت کە لە هۆڵی شانۆگەریی لاوانی(ئەدریم) بەشدار بووە لە فیستیڤاڵی کەلتووری هاوینە لە شاری(لودڤیگدهافن)، ڕێزیشی لێنراوە.

- لە ٢-٤-٢٠٠٩ بەشداریی لە کۆنفراسی جینۆسایدی کوردی لە ئەورووپا(بروکسل) کردووە.
- بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵەکانی یادکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پەیوەند بە کورد و کوردستان کردووە.
- لە شانۆگەری(پفالتزبا)، ئەو وەک ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە.
- نووسەر یوسف مەنتک کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوە و مێژوو و






لە لای ڕاستەوە: ڕووناکبیری گەورەی کورد جەمال نەبەز، نووسەر یوسف مەنتک.




شانۆگەری و ڕۆژنامەگەری نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشی کردوونەتەوە لەوانە:

- بەدرخانییەکان ماڵباتێکی خەباتکار، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥
- بیبلۆگرافیای کوردستان لە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی تر، هەولێر، ٢٠١١.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئالآی شۆڕش.
- ڕەچەڵەکی کورد، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی، ئەکادیمیای بەدرخان، سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٦، چاپی دووەم ٢٠١٧.

-دیوانی شیعری گەمەی ئاگر، بە زمانی کوردی، ڕێنووسی ئارامی-دیالێکتی سۆرانی، هەولێر، ٢٠١٧.

- کورد لە پیشانگای کتێبی فرانکفۆرت، هەولێر، ٢٠١٨
- دیوانی شیعری ئێوارانی ڕاین، بە زمانی کوردی، ڕێنووسی لاتینی-دیالێکتی کرمانجی، وەرگێڕانی بۆ کرمانجی موحسین ئۆزدەمیر، لە شاری(وان)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سیتاف، لە تورکیا چاپکراوە ساڵی ٢٠٢٠.

ئەم کتێبانەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن:

- چەپکێک لە مێژووی ڕرۆژنامەگەری کوردی(ڕۆژنامەگەری- بیبلۆگرافیای لێکۆڵینەوە ١٩٥٩- ٢٠١٢.
- دیوانێکی شیعری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی فارسی و ئەڵمانی بڕیارە بەم زووانە چاپ بکرێت.

یوسف مەنتک ئەندامە لەو ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسییانەی خوارەوە:

- لە ساڵی ١٩٩٣ ئەندامی کۆمەڵەی کەلتووری بووە لە هەولێر، یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەری(شەبەنگ نینایان).
- لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشدار بووە لە دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیری و




زانینی کوردی لە شاری(مانهایم)ی ئەڵمانی.

– ئەندامی پارتی سەوزی ئەڵمانییە.

– ئەندامی ئەنجومەنی هاوبەشی دۆستایەتیی ئەنجومەنی شا ر ی ( لو د ڤیکسـها فن ) ، ە .

– ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانییە.

– ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە.

– ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

– ئەندامە لە کۆمیتەی هاوکاریی شاری(لودڤیکسهافن)، بۆ کۆبانی کە لە ساڵی ٢٠١٥ دامەزراوە.

– ئەندامە لە کافێی دیداری جیهان، کاری خۆبەخشانەی وەرگێڕان و ڕێنمایی کردنی پەنابەران و کوردانی تاراوگە لە شاری لودڤیگسهافن و دەوروبەری دەکات.

یوسف مەنتک زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی و کەمێکیش ئینگلیزی دەزانێت.

ئەو هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو کوڕو کچێکە، هەموویان خوێندنی باڵایان تەواو کردووە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس یوسف مەنتک هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت، بۆ ناساندن و ئاشناکردنی زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی بە گەلانی ئەڵمانیا و ولاتانی دەوروبەری.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر کە لەسەر داخوازیی من، بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## شێرزاد عەبدولڕەحمان

نووسـەر و وەرگێـرو ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکاری ناسـراو و دیـاری کـورد ڕەوانشـاد شـێرزاد عەبدولڕەحمـان....

نـاوی تەواوی(شـێرزاد عەبدولڕەحمـان مامە)یە،لـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە گەڕەکی(تەیـراوە)ی شـاری هەولێـر لـە خانەوادەیەکـی کوردپـەروەر و ڕۆشـنبیر و هونەردۆست لەدایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لە قوتابخانەی زانیـن و ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە قوتابخانـەی کۆماری(الجمهوریـة) لـە هەولێـر تـەواو کـردووە.

هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان هـەر لە منداڵییەوە حـەزی لە ئەدەب و هونـەر و کاری ڕاگەیاندن بووە، ئەو لەگـەڵ برای گـەورەی نووسـەر و ڕەخنەگر و میدیـاکاری کـورد حەیدەر عەبدولڕەحمـان بەیەکـەوە لە یـەک مـاڵ پـەروەردە بووینە، بۆیە سـەرەتا بە هونـەر دەسـتی پێکرد، لە سـاڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا گۆرانیی(دۆسـتە دۆسـتە)، لـە نووسـین و ئـاوازی نووسـەر و ڕەخنەگـر حەیـدەر عەبدولڕەحمـان تۆمارکـردووە، ئیـدی ماوەیـەک کەوتـە نـاو دنیـای هونـەر و گۆرانـی و کۆمەڵێـک گۆرانیـی دیکـەی تۆمارکـرد، لەوانە(نەجیبـە یـار نەجیبـە و لیمـۆ هـەی لیمـۆ)، کـە دەق و ئـاوازی هەردووکیـان فۆلکلۆریـن، لـە بەغـدا بـۆ



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد عەبدولڕەحمان، نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان

تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکراو دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو لە هەموو کوردستان، ببووە وێردی سەر زمانی هەموو لاوان و گەنجانی ئەو سەردەم.

لە ساڵی ١٩٧٢ کاتی بەیاننامەی ئازار و ئۆتۆنۆمی کوردستان بوو، شێرزاد عەبدولڕەحمان سرووودی(سوێندت بۆ دەخۆم کوردستانی جوان)، ئەویش هەر لە نووسینی نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمانی برای بووە، ئەو سرووودەی دیسان لە یاریگەی ئیدارەی محەلی، کە پاشان بووە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری پێشکەش کردووە، ئەم سرووودەش هەر زوو لە هەموو کوردستان بڵاوبووەوە، خەڵک زۆر پێیان خۆش بووە، بەم چەند گۆرانییە و سرووودە ئەو بووە خۆشەویستی جەماوەری شاری هەولێر و هەموو کوردستان.

شێرزاد عەبدولڕەحمان هەر هونەرمەند و گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری زۆر بە تواناش بووە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی بە باشی دەزانی، زیاتر لە (١٠) کتێبی لە

بوارەکانی هونەر و ڕۆژنامەوانی و مێژوویی و یادەوەری و وەرگێڕان بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو نووسیوە و لە چاپیداون، داخی گرانم زۆر گەڕام و سوڕام و پرسیاریشم کرد بەرگی هیچ لە بەرهەمەکانیم دەست نەکەوت تا نووسینەکەم پێ پوختەتر بکەم، هەندێک لە کتێبەکانی ئەمانە بوون:

- کتێبیک لەسەر هونەرمەند و ئەکتەری کۆمیدی ئینگلیزی(شارلی شاپلن).
- کتێبێک کە چەند چیرۆکێکی چیرۆکنووسی تورکی(عەزیز نەسین)ی، لە زمانی تورکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- کتێبێک تایبەت بە خەباتگێڕ(عیزەتی سلێمان بەگ).
- کتێبێک تایبەت بە ژیان و خەباتی نووسەر و ڕۆژنامەنووس(فەلەکەدین کاکەیی).

کتێبێک تایبەت بە ژیان و خەباتی بەڕێز کاک(موحسین دزەیی).

لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا شێرزاد عەبدولڕەحمان ڕۆژنامەنووسێکی بە



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس شیڤان شێرزاد عەبدولڕەحمان، هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان.**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگر سەباح هرمز، هونەرمەندی ئەکتەر جەلال بەیار، هونەرمەندی ئەکتەر حاجی مەکی(عەلییە فەندی)، هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان، ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید ئیبراهیم.**



**هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان لە کاتی گۆرانی وتندا**

توانا بوو، ئەو لەگەڵ هەریەک لە ڕۆژنامەنووس حەیدەرعەبدولڕەحمانی برای و ڕەوانشاد تاریق ئیبراهیم شەریف و نزار جەرجیس، ڕەوانشاد عەبدولغەنی یەحیا، ئەوانە بە زمانی عەرەبی وتار و ڕیپۆرتاژەکانیان دەنووسی و دەنارد بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکان.

شێرزاد عەبدولڕەحمان زیاتر لە(١٢) ساڵ پەیامنێرێکی هەمیشەیی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان، نەناسراون.

ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)ی لەندەنی بووە، ڕۆژانە ڕووماڵی ڕووداوە سیاسی و هونەری ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی دەکرد، سەدان ڕیپۆرتاژی لەم بارەیە ناردووە و هەمووشی لە ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)، کاتی خۆی بڵاودەکرایەوە، ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەی(الزمان)ی عەرەبی وەکو پەیامنێر کاریکردووە و بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط) ڕاپۆرتی وتاری دەنارد.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان ، هونەرمەند عارەب عوسمان.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، شێرزاد عەبدولڕەحمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کاری ڕۆژنامەگەری و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و ماوەیەک ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بووە لە کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرنووسەری گۆڤاری(هەرێمی کوردستان) بووە و بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکانی(خەبات و برایەتی و گوڵان) بووە، ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی نووسەرانی خەبات بووە، دوا کاریشی تا کۆچی دوایی کردنی بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (هەولێر) بووە کە لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچوو.



هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان لە گۆرانیی(لیمۆ هەی لیمۆ).

شێرزاد عەبدولڕەحمان وەکو میدیاکاریش ماوەیەک بەرنامەی(ناوازە) ی لە تەلەفزیۆنی کوردستان پێیشکەش دەکرد، کە بەرنامەیەکی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی بووە، دەیان چاوپێکەوتن و دیمانەی لەگەڵ بەرپرسان و هونەرمەندان



و کەسایەتییە دیارەکانی شاری هەولێر و کوردستان ئەنجام داوە.

- شێرزاد عەبدولڕەحمان ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان بوو.



هونەرمەند
شێرزاد عەبدولڕەحمان.

- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بوو.
- لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بوو لە هەولێر.

هونەرمەندو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار شێرزاد عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ هونەرمەند و ئەکتەری شانۆ خاتوو(جیهان ئەحمەد) هاوسەرگیری کردووە و سێ کوڕ و سێ کچیان هەیە بە ناوەکانی(ئیڤان ، شیڤان، سۆنیا، ئالان، سۆلین، وارڤان)، شیڤانی کوڕی ڕێچکەی باوکی گرتووەتەبەر و ڕۆژنامەنووسێکی بە توانایە و خوا تەمەنی

خـۆی و خوشـک و براکانـی درێـژ بـکات و سـەرکەوتوو بـن بـۆ خزمەتـی ئـەدەب و زمانـی کـوردی.

پـاش ململانێیەکـی زۆر لەگـەڵ نەخۆشـیدا، ڕۆژی ٨-٧-٢٠٢٠ لـە نەخۆشـخانەی ڕزگاری لـە هەولێـر دڵـە گەورەکـەی هونەرمەنـد و ڕۆژنامەنـووس شـێرزاد عەبدولڕەحمـان لـە لێدان کـەوت و کۆچـی دوایـی کـرد، بـە ئامادەبوونـی کـەس وکاری و هونەرمەنـدان و هەوادارانـی لـە گۆڕستانی(کەسـنەزان) لـە شـاری هەولێـر بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت و گڵکـۆی پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێـت.

سەرچاوەکان:

١- هەنـدێ کورتـە زانیـاری لەسـەر ژیانـی هونەرمەنـد و ڕۆژنامەنـووس شـێرزاد عەبدولڕەحمـان، لـە نووسـەر و ڕەخنەگـر و میدیـاکار حەیـدەر عەبدولڕەحمـان وەرگیـراوە، سوپاسـی دەکـەم.

٢- ماڵپەڕی ئیلیکترۆنی (Xor)، خۆر، لە ٨-٧-٢٠٢٠.

٣- ماڵپەڕی ئیلیکترۆنیPuk now، لە ٨-٧-٢٠٢٠.

٤- ماڵپەڕێیZahawe, Youyube، لـە بەرنامـەی دیدار و یـادو ڕێزلێنان، لە ٨-٧-٢٠٢٠.

٥- - K٢٤، کۆچی دوایی هونەرمەندێکی کورد، لە ٨-٧-٢٠٢٠.

٦- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# سەمیرە عەلی مەندی

لە کەرکووکەوە بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا، لەوێشەوە بۆ ڕادیۆی بەرلین و براگ و دەنگی ئەمەریکا و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی (سەوا) لە واشنتۆن و فرجینیا، بێژەر(مذیع) و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی ناسراوی کورد خاتوو سەمیرە عەلی مەندی...

میدیاکار سەمیرە عەلی مەندی لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکووک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست لە دایک بووە، لە تەمەنی(٥) ساڵیداماڵیان چووەتە بەغدا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بە زمانی عەرەبی لە بەغدا تەواو کردووە، دواتر پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی هەر لە بەغدا تەواو کردووە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە زمانی ئینگلیزی دەورەیەکی لە پەیمانگای بەریتانی لە بەغدا بینیوە و زمانی ئینگلیزیش زۆر بە باشی فێر بووە.

خاتوو سەمیرە عەلی مەندی زۆر حەزی لە ڕاگەیاندن و میدیا بووە، ئەو خوشکی هونەرمەند و دەرهێنەری شانۆیی و بێژەری ناسراوی نێو دەوڵەتی هاشم عەلی مەندییە، هێشتا تەمەنی(٥) ساڵان بووە و پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ هاشمی برای پێی ناوەتە ناو دەزگای گشتیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا و ئاشنا بووە بە بێژەر و ئەکتەر و



له لای ڕاستەوە: سەمیرە عەلی مەندی، شاعیری گەورەی کورد سەبری بۆتانی.



شاعیر و میدیاکار نەجیب باللایی، نە ناسراوە، خاتوو سەمیرە عەلی مەندی.

دەرهێنەر و هونەرمەندە گەورەکانی کورد و عەرەب، لە ڕادیۆی کوردیی بەغداش بەشدار بووە لە کورتە تەمسیلییە و شانۆگەریی رادیۆیی.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەم جار دەستی مایکرۆفۆنی گرتووە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو پێشکەشکاری بەرنامەی(ئەدەب و هونەر) نامەی بۆ پاشکۆی ڕۆژنامەی(العراق) نووسیوە، چووەتە ناو تیپی(شۆڕشڤانی شانۆگەر) کە تیپێک بووە لە کۆمەڵێک ئەکتەری شانۆگەری

گەنج لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو پێکهاتبوو، پاشان وەکو پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی کوردیی(محلي) لە دهۆک دەستبەکار بووە.

لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ هاوسەرەکەی میدیاکار و بێژەر(نەجیب باڵایی) ڕوو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکەن و لەوێ نیشتەجێ دەبن، پاش ماوەیەکی کەم لە ڕادیۆی بەرلینی ئازاد Sender Freies Berlin- SFB، وەکو بێژەر دادەمەزرێت، هەروەها چەند ساڵێکیش وەکو پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا کاریکردووە و وەرگێڕێش بووە لە پەیمانگای کوردی بۆ دیراسات و لێکۆڵینەوە لە بەرلین.

سەمیرە عەلی مەندی لە ساڵی ٢٠٠٣ چووەتە(براغ)ی پایتەختی چیک




لە لای ڕاستەوە: سەمیرە عەلی مەندی، هاشم عەلی مەندی لە هەولێر.



لەلای ڕاستەوە:
سەمیرە عەلی مەندی، هونەرمەندی مۆسیقاژەن دڵشاد محەمەد سەعید.







لەلای ڕاستەوە: هونەرمەندو دەرهێنەر ئیبراهیم سەلمان، سەمیرە عەلی مەندی، نەجیب بالایی

سەمیرە عەلی مەندی لە کاتی خوێندنەوەی دەنگوباس.

لەگەڵ کادیرانی ڕادیۆی عێراقی ئازاد وەک بێژەر و ئامادەکار و پێشکەشکار و بەرهەم هێنەر بۆ بەرنامەکان و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان و ڕاپۆرتە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان دەست بەکار بووە، ئەو دەیان زنجیرە ئەلقەی لە بەرنامەی(عێراقییەکان لە تاراوگە- عراقیون فی المهجر) پێشکەشکردووە.

لە ساڵی ٢٠١٥ چووەتە ئەمەریکا- واشنتۆن بۆ کارکردن لە ڕادیۆی( سوا العراق) وەکو بێژەر و ئامادەکار و پێشکەشکاری کۆمەڵێک بەرنامەی ڕادیۆیی لەوانە(اوراق الصباح، العراق اليله).




ستافی رادیۆی(العراق الحر- عێراقی ئازاد) لە براغ.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند و مدیدیاکار هاشم عەلی مەندی، میدیاکار سەمیرە عەلی مەندی، میدیاکار و شاعیر نەجیب بالایی، ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد کامەران قەرەداغی.

لە ساڵی ٢٠١٩ بووەتە موحەریر و سەرپەرشتیاری دەستەی نووسینی دەنگوباس و هەواڵەکان لە ڕادیۆی سەوای عێراق، لە ساڵی ٢٠٢١ لێپرسراوێتی بەشی(محتوی- ناوەڕۆک) لە بەشی پرۆگرامی کەناڵی ئازادی لە واشنتۆن پێ سپێردراوە.



خاتوو سەمیرە عەلی مەندی بە جلی کوردی.

خاتوو سەمیرە عەلی مەندی لە ماوەی (٢٤)ساڵ خزمەتکردن لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی و میدیاکاریدا، ئەزموونێکی زۆر باشی پەیدا کردووە وەکو میدیاکارێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی ناسراوە، ئەو دەیان ڕاپۆرت و دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ گەورە لێپرسراوانی کورد و عێراقی و وڵاتانی عەرەبییش ئەنجامداوە.

ئەو وەکو پەیامنێرێک ڕووداوە گرنگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی عێراقی ڕووماڵ کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم هەڵبژاردنی پەڕلەمانی

عێراقی ڕووماڵ کردووە، لە ساڵی ٢٠١٩ خۆپیشاندانەکانی عێراقی کە بە خۆپیشاندانەکانی تشرین ناودەبرێت ئەویشی هەر ڕووماڵ کردووە.

سەمیرە عەلی مەندی پاش ماوەیەک ژیان لە غوربەت لە(بەرلین و براگ و واشنتۆن و فرجینیا) دەڵێت:( شاری کەرکوک و هەموو کوردستانم خۆشدەوێت، غەریبیی کوچەو کۆڵان و بازاڕی کەرکوک دەکەم، غەریبیی فرە کەلتوورییەکەی دەکەم، من لەوێ پەروەردە بوویمە، هەر ئەو فرە کەلتوورییەش بوو کە وایکرد من زوو زوو بە کەلتووری ڕۆژئاوایی ئاشنا و تێکەڵ ببم، هەموو خەڵکەکەیم خۆشدەوێت).

سەمیرە عەلی مەندی هاوسەرگیری لەگەڵ بێژەر و ڕۆژنامەنووس و نووسەری کورد نەجیب بالایی کردووە و ئێستا لە ئەمەریکا دەژین، هەر سەرکەوتوو بیت لە کارە میدیایی و هونەرییەکانی دیکەت.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی خاتوو سەمیرە عەلی مەندی لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# محەمەد وەسمان

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و زمانزان و وەرگێڕ و کۆمەڵناس و یاساناس محەمەد وەسمان.


ناوی تەواوی(محەمەد وەسمان عەزیز)ە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەردوو قوتابخانەی(هەولێر و مەولەی) تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی(زازا) و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەولێر تەواو کردووە، لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ەوە، کۆلێژی (ماف-حقوق)ی لە کۆلێژی(دیجلە)ی ئەهلی تەواوکردووە، لە بەشی یاسایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە.

نووسەر محەمەد وەسمان هێشتا هەر قوتابی ئامادەیی بووە، حەز و ئارەزووی چووەتە خوێندنەوەو و نووسین، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی(تیۆرە زانستی و سیاسییەکانی وەکو(مارکسیزم و لینینزم) کردووە و لەگەڵ بەرهەم و شاکارە جیهانییەکانی زانا و فەیلەسوفە گەورەکانی کۆمەڵناسی(علم الإجتماع)ی سەدەی بیستەم، پاشخانێکی زانستی و کۆمەڵناسی و فەلسەفی پوختی پەیدا کردووە، هەر گڕوگاڵی نووسینی ئەدەبی و زمانەوانیشی کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم




**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری گەورەی کورد جەمال خەزنەدار، نووسەر محەمەد وەسمان.**

نۆبەرەی خۆی کە وتارێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٥١٣)ی ڕۆژی ١١-٢-١٩٨٠ بڵاوکردووەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەجۆر لە بوارەکانی ئەدەب و زمانەوانی و مێژوو و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، هەرێمی کوردستان، گۆڤاری تەندروستی، گۆڤاری وەرگێڕان، کاروان، گۆڤاری کشتوکاڵ، گۆڤاری بارش، برایەتی، ئاڵای ئازادی، ڕێگای کوردستان، گۆڤاری ڕۆشنبیریی یاسایی، گۆڤاری هەنگ و پەلکە زێڕینەی منداڵان و چەندانی دیکە).




ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ محەمەد وەسمان، پاش ڕاپەڕین بە تەواوی کەوتووەتە ناو دنیای نووسین و وەرگێران و ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەو زیاتر لە(٤٠) کتێبی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب

و لێکۆڵینەوە و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و یاسا و پەروەردە و بیبلۆگرافیست و مێژوو نووسیوە و چاپی کردوون کە ئەمانەن:




١- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر، ٦٤ لاپەڕە، ١٩٩١.

٢- بەرەو ڕۆشنبیریی هاوچەرخ، هەولێر، ٤٨ لاپەڕە چاپی یەکەم، ١٩٩٢.

٣- د. شێرزاد نەجار، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (ئۆ. پ. ل. ج) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.




٤- چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠٠٤، ٢٣٢ لاپەڕەیە.

٥- کەسێتی تاکی عێراقی، نووسینی دکتۆر عەلی الوردی)، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانکۆ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، ٧٢ لاپەڕە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.




٦- م. ڕۆزنتال، ب، یوردین، ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، ٥٥٠ لاپەڕەیە.

٧- گیروگرفتەکانی زاراوە دانان لە زمانی کوردیدا،




چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ٧٥ لاپەڕە، قەبارە.

٨- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ، ٢٠٠٥.

٩- من گەورەبووم، ڕێبەری کچان وەرگێڕان لەعەرەبییەوە ، لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ کراوە، (٢٠٠٥).

١٠- نوێگەری، کۆمەڵێک وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ١٠٧ لاپەڕەیە.

١١- کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.




**نووسەر محەمەد وەسمان**



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز هاوڕێ ڕەشید، نووسەر محەمەد وەسمان، ڕۆماننووس کەریم سۆفی، ڕۆماننووس ئیحسان خەیات.

١٢- د. شێرزاد نەجار، هزر و سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (ئۆ.پ.ل.ج)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ٥٠ لاپەڕە.

١٣- ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، ئامادەکردن ،لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.




١٤- نەوال سەعداوی، ڕوخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

١٥- ئێرک فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

١٦-ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان

، وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، هاوبـەش
، ژووری بازرگانییەکانـی هەرێـم،
وەرگێـڕان لـە عەرەبییـەوە، بەهاوبەشـی ,
چاپـی یەکـەم، ٢٠٠٧. ،١٧٢ لاپـەڕە.

١٧- ئیمـام عەبدولفەتـاح ئیمـام، فەلسـەفەی دوالیـزم لـە هزری د. زەکـی نەجیب مەحمـود دا، وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای وەرگێـڕان، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٧.

١٨- دەسـتوور کلیلی ماف و ئازادییەکانـە، لـە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسـایی لـە کوردسـتان (ئۆ. پ. ل. ج)، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٨، ٦٢، لاپـەڕە.

١٩- کورتنووسـیی لـە زمانـی کوردیـدا، وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٩.


نووسەر
محەمەد وەسمان
لە تافی لاوێتیدا.







٢٠- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٧٦ لاپەڕە.

٢١- د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، مێژوو و شارستانیەتی کورد، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، لە لایەن دەزگای (زهرة الرافدین) بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بەهاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ٣٦٧ لاپەڕە.

٢٢- - ئینگلیزیی گشتگیر - ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، بەهاوبەشی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.

٢٣- ڕێبەر بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە, ٢٠١٠.





٢٤- بیبلۆگرافیـای ئەکادیمیـای کـوردی، بەشـی یەکـەم، زمـان بەرگـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٠، وەک ئەندامێکـی لیژنـەی بیبلۆگرافیـا.

٢٥- رەخنـەو دەقـی ئەدەبـی، لـە بڵاوکراوەکانـی کتێبخانـەی تەبایـی، هەولێـر، ٢٠١٠.

٢٦- فەرهەنگـی زاراوە سـەربازییەکان، چاپـی ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر، ٢٠١١.

٢٧- یاسـای سـزاکانی عێراقـی ژمـارە ١١١ سـاڵی ١٩٦٩، تیایـدا هەمـوو هەموارکردنـەکان دەستنیشـانکراون کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق تـا کاتـی چاپکردنـی کارپێکـراون، وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، هەولێـر، ٢٠١١.




٢٨- ئیتێکـی ڕۆژنامەنووسـی، ئامادەکـردن، لـە بڵاوکراوەکانـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، بەڕێوەبەرایەتیـی چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠١١، ٩١ لاپـەڕە.

٢٩- توێژینەوەکانـی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمانـی کـوردی ٢٠١١، هاوبـەش، ڕۆڵـی ڕەگـی کار لـە زاراوەدانانـدا، ل ٢٤٥ -٢٨٢ ،چاپخانـەی ڕۆشـنبیری چ١،هەولێـر ٢٠١٢،٣٧٠ لاپـەڕە




٣٠- سـوقرات، وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، لـە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپـەڕە.

٣١- فەلسـەفەی سـۆفیگەری، لـە بڵاوکراوەکانـی کتێبخانـەی ئاوێـر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپـەڕە.

٣٢- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی ،هەولێر، ٢٠١٣.

٣٣- زمانی یاسا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (ئۆ. پ. ل. ج) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٣.

٣٤- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی،هەولێر، ٢٠١٤.

٣٥- ڕێبەری داوا شارستانییەکان، وەرگێڕان، هەولێر،٢٠١٥.

٣٦- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە ،نووسینی :د.باسم محمد سالح محمدسامی ، چاپخانەی رۆژهەڵات،چ٣، هەولێر، ٢٠١٨، ٤٥٠، لاپەڕە.

٣٧- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، نووسینی د.فوزی محمدسامی و د.فائق محمودالشماع ،بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی، چاپخانەی هێڤی،چ١، هەولێ، ٢٠١٩، ٤٣٠، لاپەڕە.

٣٨- قاموس نەوەکان- الاجیال، چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩. ٢٩٤ لاپەڕە.

٣٩-ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ٢٠١٩، ٢٧٥ لاپەڕە.

٤٠- لەژیاننامەی فەیلەسووفان، تیراژ: ٥٠٠ دانە، نۆرەی چاپ: یەکەم، چاپ: مەهاباد، ٢٠٢٠.

نووسەر محەمەد وەسمان، هەر نووسەر و وەرگێڕ نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا بووە، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو ئێستاش بەدەوامە لە کاری ڕۆژنامەگەری، وەکو سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و نووسەر و کاری هەڵەچنیشی کردووە لەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە:

- سەرنووسەری گۆڤاری(داد)ی ئەهلی بووە تا ئێستاش.
- لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، لە گۆڤاری(هەرێمی کوردستان) نووسەر بووە و ماوەیەکیش سەرنووسەر بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٨ وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران و نووسەر و هەڵەچن لە گۆڤاری (تەندروستی)، کاری کردووە.

- لە ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٣ لە گۆڤارەکانی(کاروان و کشتوکاڵ و بارش)کاری هەڵەچنی کردووە.

- بەڕێوەبەری نووسین بووە لە گۆڤاری(ڕۆشنبیری یاسایی و پەلکە زێڕینەی منداڵان).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد وەسمان ئەندامە و ئەندام بووە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانە:

- ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردییە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێرە.

محەمەد وەسمان زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی دەزانێت و ئێستا خانەنشینە و خەریکی خوێندنەوە و نووسینەوەیە لە کتێبخانەکەی خۆی، هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین، ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد وەسمان، لە فەیسبووکی د. وریا، لە ٤-٨-٢٠٢٢.

٢- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر محەمەد وەسمان، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

- کوردیپیدیا.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عەدنان کەریم

هونەرمەندی نیگارکێش(شێوەکار) و گۆرانیبێژی گەورەی کورد عەدنان کەریم

ناوی تەواوی(عەدنان کەریم ڕەشید)ە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(ژاژڵە)ی سەر بە ناوچەی ماوەتی قەزای شارباژێڕە، بە هۆی سیاسەتی ڕاگواستنەوە و بە عەرەبکردنی ڕژێمی بەعس چوونەتە شاری سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ بەشی نیگارکێشانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆڕەوییەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و ماوەیەک لە مهاباد ماوەتەوە و وەکو(عودژەن) بەشدار بووە لە هەندێ کاری هونەری لەگەڵ هونەرمەندانی مۆسیقای ناوچەی موکریان، وەکو گۆرانیبێژی نەمر محەمەدی ماملێ و دانش و ئەحمەد ئیسلامی و ئیسماعیل شاهی و چەندانی دیکە، لە ساڵی ١٩٩٢ دەگاتە وڵاتی سوید لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

یەکەم کاری هونەری هونەرمەند عەدنان کەریم لە ساڵی١٩٧٩ بووە ئەو کاتەی گۆرانیی (دەسماڵێ) لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمار



**لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم، هونەرمەندی گەورەی کورد محەمەدی مامڵێ**

دەکات، پاشان لە ساڵی ١٩٨٠ گۆرانیی(کازیوە)، هەر لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلیمانی بۆ شانۆگەریی(زەلکاو) کە لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی پێشڕەوی کوردی بووە، لە ئامادەکردنی هونەرمەند دلێر ئیبراهیم و ئاوازی ئارام خاچەتۆریان بووە لە سلێمانی ١٩٨٣، گۆرانیی(شەوی تاریک و بێدەنگی) کە لە ئامادە و ئاوازی هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی بووە، هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە تیپی مۆسیقای (نەورۆز)ەوە کردووە کە سەر بە تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە و هونەرمەند عوسمان محەمەد سەرپەرشتی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای(پیرەمێرد)، ئەویش هەر سەر بە تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە و هونەرمەند سەلاح ڕەئوف سەرپەرشتیی کردووە و چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە لەوانە:(ژاڵە، گوڵاڵە، ئازیزەکەم) هەر سێ گۆرانی ئاوازی سەلاح ڕەئوفن و لە هۆنراوەی شاعیری نەمر حەسیب قەرەداغی بووە، گۆرانیی پەروانە ئاوازی سەلاح ڕەئوف و هۆنراوەی هونەرمەند ئەحمەد سالارە، گۆرانیی ئەی هاوسەرە ئازیزەکەم ئاوازی هونەرمەند غەمگین فەرەج و هۆنراوەی بەرزان هەستیارە.



هونەرمەند عەدنان کەریم، بە منداڵی

عەدنـان کـەریـم پاشـان لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای پەیمانـگای هونـەرە جوانـەکان کۆمەڵێک گۆرانیی دیکە تۆمار دەکات، لەوانە: شـەوێ ئـەی شـەماڵ ئـاوازی هونـەرمەنـد ئەنـوەر قەرەداغـی و هۆنـراوەی سـەید هەورامـی، لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای نـەورۆز، گۆرانیـی بـۆ دڵ لـە ئـاوازی عەدنـان کەریـم خـۆی و هونـراوەی بێخـود تۆمـار دەکات.

لە ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی دیکە تیپی هونەرە جوانەکان دادەمەزرێنن.

ساڵی ١٩٩٢ هـەر کە دەگاتە وڵاتی سوید درێـژە بـە کاری هونـەری دەدات، یەکـەم بەرهەمـی لـە دەرەوەی کوردسـتان کاسـێتی (بیرتـان دەکـەم) بووە، کە لە شـاری (لیل)ی فەرەنسی تۆمار کراوە حەوت گۆرانـی لەخۆدەگرێت، چواریـان لـە ئـاوازی هونەرمەنـد ڕزگار ئیسـماعیل و گۆرانییەکانـی (هەڵەبجـە، کـۆچ، ئـازادی) لـە ئـاوازی خۆیەتـی.



هونەرمەند عەدنان کەریم



هونەرمەند عەدنان کەریم، بە جلی کوردی

عەدنان کەریم لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥، بۆ ماوەی ساڵێک کۆرسێکی هونەری تەکنیکی تۆمار کردنی دەنگ و مۆسیقا دەخوێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی بە خۆی تۆمار بکات، لەو کاتەوە کۆمەڵیک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی تۆمار کردووە کە خۆیان لە چەند ئەلبۆمیک دەبیننەوە کە ئەمانەن:

- لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەم بەرهەمی خۆی لەسەر(سیدی-CD)، بە ناوی(شەوی یەڵدا)، کە مۆسیقاکەی لە سلێمانی لە لایەن تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان ئامادەکراوە، پاشان لە سوید عەدنان کەریم خۆی دەنگی خۆی لەسەر تۆمار کردووە و بڵاویکردۆتەوە، کە ئەم گۆرانییانە لە خۆدەگرێت: (دزە نیگا، شەوی یەڵدا، هەی نارێ، خوە درەخە، یادەکانت، حاڵی دەردم، یادیان وەخێر، کۆچێکی ناوەخت).
- لە ساڵی ١٩٩٩ ئەلبومی (ئەڕۆی ئۆغر) کە ئەم گۆرانییانەن:(چاوی مەخموری، ئەڕۆی ئۆغر، باخچەی گوڵان، ماهی من، وێستگەی غەریب، با، چەهچەهەی بولبول، ئامینێ).
- لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەلبومی (شنەی با)، کە ئەم گۆرانییانەن:(بای نەسیم، دڵی




من، نازداران، چاوەڕوان، کە ئەو جوانە، گیان گیان، بەلەنجە).

- هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ئەلبومی (ئەمشەو)، لە ساڵی ٢٠١٠ ئەلبومی (وەفایی)، لە ساڵی ٢٠١١ ئەلبومی (خاتوون)، لە ساڵی ٢٠١٢ ئەلبومی (بادەی گوڵڕەنگ)، لە ساڵی ٢٠١٣ ئەلبومی گوڵ نازدار، لە ساڵی ٢٠١٥ دووبارە ئەلبومی (بادەی گوڵڕەنگ)، لە ساڵی ٢٠١٧ ئەلبومی (حەبیبە)، لە ساڵی ٢٠١٩ ئەلبومی (شەوبا)، کە تێکڕا زیاتر لە (١٣٠) گۆرانین.

عەدنان کەریم گۆرانی بۆ نیشتمانپەروەری و جوانیی سروشتی کوردستان و دڵداری و غەریبی گوتووە.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم ،خاتوو مهاباد هاوسەری عەدنان.**

ئـەو بەشـداری لـە چەنـد فیسـتیڤاڵ و کۆنسـێرتێک کـردووە لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان کـە ئەمانـەن:

- لـە سـاڵی ٢٠٠٠ کۆنسـێرتی تایبـەت لـە هۆڵـی کۆنسـێرت هاوسـی شـاری سـتۆکهۆڵم.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ دوو کۆنسێرتی لە شاری ستۆکهۆڵم و شـاری یۆتۆبۆری هـەر لـە وڵاتـی سـوید بـە هاوکاریـی گرووپی(ئاگـری زینـدوو)، پێشـکەش کـردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆنسێرتێکی لە شاری لەندەن لە هۆڵی (شـازادە ئەلێزابیث)، و لە وڵاتی هۆڵەنداش هەر هەمان ساڵ کۆنسێرتێکی پێشکەش کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هۆڵـی زانکۆی کوردستان، کۆنسێرتێکی پێشکەش کردووە.
- هـەر لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بەشـداری لـە فیسـتیڤاڵی(ئومەد) لـە لەنـدەن کـردووە دیسـان بـە هاوکاریـی گرووپـی ئاگـری زینـدوو.
- بەشـدار بـووە لـە فیسـتیڤاڵی(ڕێ ئۆریانتـاڵ)، کـە سـاڵانە لـە شـاری ستۆکهۆڵم دەکرێت و چەندین هونەرمەندی نەتەوەکانی دنیا بەشداریان تێـدا کـردووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٧ لەگـەڵ هونەرمەنـد تـارا جـاف کۆنسـێرتێک لـە لەنـدەن پیشـکەش دەکـەن.

لـە سـاڵی ٢٠٠٧ چـوار کۆنسـێرت لـە سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆک و سـێ کۆنسێرتیشـی لـە تـاران پێشـکەش کـردووە.

- لە شـوباتی ٢٠٠٨ بەشـدار دەبێت لە فیستیڤاڵی(بانگێشـت بۆ ئـاو) لە وڵاتـی کینیا.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٨ لەگـەڵ هونەرمەنـد تـارا جـاف کۆنسـیرتێک لـە هۆڵـی کتێبخانـەی شـاژنی وڵاتـی دانیمـارک پێشـکەش دەکـەن.
- لە ساڵی، ٢٠٠٩، کۆنسێرتێک لە کەنەدا پیشکەش دەکات.

لەگەڵ چەندین فیستیڤاڵ و کۆنسێرتی دیکە لە شارەکانی سوید.

هونەرمەنـد عەدنـان کەریـم لـە ئەلبومی(بـادەی گوڵڕەنـگ) لـە سـاڵی ٢٠١٢

کۆمەڵێک مەقامی کوردی تۆمار کردووە کە مەقامەکانی(ئەوشار، ساقی، خورشیدی، حیجاز، ئەڵلاوەیسی، چوارگا، ئای ئای، خاوکەر(قەتار)، لە خۆ دەگرێت.

هونەرمەند عەدنان کەریم لە ساڵی ٢٠١٧ لە یەکەم بەرنامەی کورد ئایدل بەشدار بووە لەگەڵ هونەرمەندان (نیزامەدین ئاریچ، بێژەن کامکار، خاتوو کانی)، کە هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە و بەسەرپەرشتیی کەناڵی کوردسات بوو، دەنگ و سەدایەکی زۆر باشی هەبوو لە هەموو کوردستان.

هونەرمەند عەدنان کەریم هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەر و ئاواز و مۆسیقای کوردی.


سەرچاوەکان:


١- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٢-کوردیپیدیا وتارێکی دکتۆر موراد حەکیم دەربارەی کورد ئایدل، لە ١٦-٧-٢٠١٧.

٣-ماڵپەڕی چریکەی کورد.

٤٠ ماڵپەڕی Hawa Hawler.

٥-زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



# سەلام کۆیی

لـە چایخانـەی قـادر کۆییـەوە بـۆ سـەر شـانۆی هۆڵـی گـەل، ئەکتـەر و سیناریست و میدیاکار ڕەوانشـاد سـەلام کۆیی، نـاوی تەواوی(سـەلام قـادر حەمـەد)ە، بـە سـەلام کۆیی ناسراوە، لـە ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی(سـەعدوناوە-تەعجیل) هەندێ سـەرچاوە دەڵێن گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لـە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(ئیبن خەلـەکان) لـە هەولێر تـەواو کردووە، لەبـەر بارودۆخی ناهەموار خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ هـەر لە هەولێر تـەواو کردووە.

سـەلام کۆیـی هـەر لەتەمەنـی(٨) سـاڵیدا شـانی داوەتـە بـەر کارکـردن و یارمەتیـی باوکـی داوە کـە کرێکار بـووە لـە چایخانەیەکـی نـاو شـاری هەولێر کـە خاوەنەکـەی ناوی(تاهیـر...) بـووە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٣ باوکـی چایخانەیەکـی بـۆ بژێـوی ژیانـی خـۆی دانـاوە و سـەلام یارمەتیـی باوکـی داوە، بـە تایبەتـی پـاش ئـەوەی باوکی تووشـی گرتـن و ڕاونـان دەبێت، ئـەو چایخانەکـە هەڵدەسـووڕێنێت و یارمەتیـی خوشـک و براکانـی و ماڵەوەیـان دەدات.

سـەلام کۆیی کە لـە قۆناغـی سـەرەتایی بـووە کەوتووەتـە ژێر کاریگەریـی مامۆسـتا(مەحمود ئەحمـەد وەحید)، ئـەو چیرۆکانـەی کـە لـە کتێبـی خوێندنـی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند چەتۆ حەسەن، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا، هونەرمەند سەلام کۆیی.**

کوردی ئەو کاتدا هەبووە لەوانە (ماسیگرە حەوت کەسەکە، چاویلکەی مام ورچ کە دواتر بووە چاویلکەی نەنکم، بەسەرهاتی مام بزن و مام گورگ) ئەم چیرۆکانە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە نمایش کراون و سەلام کۆییش ڕۆڵی سەرەکی دیوە، بۆیە حەزی چووەتە نواندن.

لە ساڵی ١٩٦٨، هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان چووەتە قوتابخانەکەیان و سەلام کۆیی هەڵبژاردووە بۆ تەمسیل کردن، یەکەم دەسپێکی کاری هونەری ئەو لە ٢٠-٢-١٩٦٩بووە کە لەسەر شانۆی هۆڵی گەل ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە لە شانۆگەریی(چارە ڕەش)، لەگەڵ هاوڕێکانی، دواتر دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان هەموویانی کردووەتە ئەندام لە تیپی هونەری هەولێر بە بێ مۆڵەت، تا لە ساڵی ١٩٧٣ مۆڵەتی فەرمی بۆ ئەم تیپە وەرگیراوە.

هونەرمەند سەلام کۆیی کە ڕۆڵی ئافرەتی دیوە، تووشی گیروگرفتی

زۆر بووە لە لایەن خەڵکی هەولێر و خزم و کەسەکانی، بەڵام قادر چایچیی باوکی پشتگیری کردووە و ئەویش لە کارە هونەرییەکانی خۆی بەردەوام بووە، ئەو زیاتر لە(٥٠) ساڵی تەمەنی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی هونەری شانۆ و تەمسیل و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و سینەمایی، بە زۆریش ڕۆڵی کۆمیدیای دیوە، کە گوتت(عەزە قۆڵبڕ) درامای هەبوو نەبووت بە یاد دێتەوە، یان(حاجی یادگار) لە تاپۆ حەقی چییە، ئەو بەشداری لە زیاتر (٨٠) کاری هونەری کردووە لە ماوەی ژیانی هونەریدا کە بەناوبانگترینیان ئەمانەن:(چارە ڕەش ١٩٦٩، مەسەلەی شارێک ١٩٧٣، ئاگر و چڵی زەیتون، ١٩٧٦، دوا فیشەک، گەشتێک بە ناو سێ ڕۆژگاردا١٩٧٩، ئەو فریشتەی لە بابل هاتە خوارێ، تەرازوو ١٩٧٩، هەبوو نەبوو ١٩٨١، تاپۆ حەقی چییە ١٩٨٤، ڕاوچی ١٩٨٦، نرخی ئازادی، حەمەدۆک ١٩٨٧، بەرەو خۆر ١٩٩٧، پیلان ١٩٩٧، مەمی ئالان ٢٠٠٢، سەلیم بەگ، تاریکستان ٢٠٠٧، فلیمی بەڵگەنامەیی قازی محەمەد ٢٠٠٧، شارەکەم ٢٠٠٧، تاوان ٢٠٠٨، فلیمی سینەمایی کەواتە چاوەڕێ بە ٢٠٠٩، دوا کاری هونەریشی درامای دوا شەو بووە).




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم، سەلام کۆیی.**

هونەرمەند سەلام کۆیی لەگەڵ هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم زیاتر لە شەش ساڵ بەرنامەی (ئاوێنە)یان پێشکەشکردووە.

سەلام کۆیی دەقی شانۆگەریی(گوندەکەم جێ ناهێڵم)ی نووسیوە و لە فیستیڤاڵی سلێمانی ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ نمایش کراوە و خەڵاتی دووەمی فیستیڤاڵەکەی وەرگرتووە.

ئەو هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بە مامۆستای خۆی دادەنێت و دەڵێت: بەبێ هیچ مادەلاییەک مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان مامۆستای من و هەر هەموو ئەو شانۆکارانەیە کە لە شاری هەولێر ئەمڕۆ دەیانبینی، بە تایبەتی من و هونەرمەندان فەیسەڵ محەمەد ساڵح و عەبدولڕەزاق شەمسەدین و پەیمان بەگۆگ و غازی غەفور، هەموومان قوتابی ئەو بووین).

دیارە جارێکیان هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان پێی وتووە:( ئەکتەری کۆمیدیا دەبێت ببێتە ئەکتەری تراژیدی، بەڵام ئەکتەری تراژیدی ناتوانێت ببێتە ئەکتەری کۆمیدیا، سەلام کۆیی لە ڕۆڵی تراژیدی تاقیکردۆتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە زۆربەی زۆری دەرهێنەرانی کورد لەوانە(سەباح عەبدولڕەحمان، زوهێر عەبدولمەسیح، سەعدون یونس، ئیبراهیم حەکیم، بەکر مەعروف ئەوانی دیکەش) هەر زیاتر ڕۆڵی کۆمیدیایان داوەتێ.

سەلام کۆیی هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، با بزانین ئەم هونەرمەندانەی



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند سەلام کۆیی، هونەرمەند خەلیل یابە.**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەلام کۆیی، هونەرمەند سەعدون یونس.**

خوارەوە دەربارەی ئەو چی دەڵێن:

- هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم دەڵێت: سەلام کۆیی ئەو کەسەیە کە لە یادی هیچ کەسیک ناسڕێتەوە، چونکە داهێنەر بوو جێ پەنجەشی دیارە، ئەو یەک لە هونەرمەندە باشەکانی شاری هەولێرە، لە هەموو شانۆ و دراماکاندا توانی ڕۆڵە جۆربەجۆرەکان بە جوانی ببینێ.

- ئەکتەر عەلی ئەحمەد دەڵێت: سەلام کۆیی ئێستاش ئەو بوارەی کە ئەو دەیەویت لۆی برەخسێنن برەوام پێ بکەن کاری هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکات، چونکە کابرایەکی بە توانایە، داخی گرانم ئەوی بە توانا بێت ئاوتکرایەو حیسابی لۆ ناکرێت.

-هونەرمەندی دەرهێنەر سەعدون یونس دەڵێت: لە کارکردنم لەگەڵ هونەرمەند سەلام کۆیی هەستم بە ماندوو بوون نەکردووە، چونکە بە تەواوی لە چوارچیوەی ئەو ڕۆڵەی دیارمان دەکرد بۆی، نواندنی دەکرد،

یەکێکە لە هونەرمەندە بە تواناکانی کوردستان، دڵسۆزێکی زۆر گەورە بوو بۆ کارەکانی خۆی، من وەکو ئەکتەر و وەکو دەرهێنەر کارم لەگەڵ کردووە قەت هەستم بە ماندوو بوون نەکردییە.

- هونەرمەندی دەرهێنەر بەکر مەعروف دەڵێت: یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی کورد لە کوردستان، زیاتر لە(٤٠) ساڵ بەیەکەوە کارمان کردووە زۆر بە جدی کاری دەکرد لە ڕادیۆ و شانۆ و دراماکاندا.

هونەرمەند سەلام کۆیی لە ڕۆژی ١٦-٨-٢٠٢١ بە هۆی جەڵتەی مێشکەوە گەیاندراوەتە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای هەولێر و لە بەرە بەیانی ڕۆژی ١٧-٨- ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

-k٢٤ بەرنامەی خوانی بەربانگ، لە ٢٩-٤-٢٠٢٠.

http://xn---xelk-gnh.org لە ١٧-٨-٢٠٢١.

-zemenpress ، لە ١٧-٨-٢٠٢١.

- Rudaw. net، لە ١٧-٨-٢٠٢١

- ویکیبیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

- کوردیپیدیا.

- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ئەیاز زاخۆیی

تەمەنێکی کورت....هونەرمەندێکی نەمر...هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژی جوانەمـەرگ ئەیـاز زاخۆیـی.

نـاوی تەواوی(ئەیاز یوسف ئەحمـەد)ە، بە ئەیاز زاخۆیی ناسـراوە، لە ٢٠-٢-١٩٦١ لـە شـارۆچکەی زاخۆ لـە بنەماڵەیەکی دەنگخۆش و کوردپەروەر لـە دایـک بـووە، ئـەوان (٥) بـراو (٥) خوشـک بووینـە هـەر هەموویـان دەنگیـان خـۆش بـووە، یوسفی باوکیشی و مـەلا ئەحمـەدی باپیری کە بە(مەلا ئەحمەدی ڕەزەڤان) لـە زاخـۆ ناسـراوە دەنگی زۆر خـۆش بـووە و کـە بەیانییـەکان لـە مزگـەوت بانگـی داوە ، بـە دەنگـە خـۆش و زولالییەکـەی هەمـوو زاخـۆی هەژانـدووە.

ئەیـاز زاخۆیـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە قوتابخانـەی ئەحمـدی خانـی تـەواو کـردووە پاشـان ئامادەیـی کشـتوکاڵی لـە زاخـۆ تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ چووەتـە کۆلێـژی سـەربازی لـە بەغـدا و بـە پلەی(مـلازم)، لـە سـوپای عێـراق دەسـت بـەکار بـووە، ئەیـاز زاخۆیـی هێشـتا هـەر منداڵ بـووە لـە قوتابخانـەی ئەحمـەدی خانـی گۆرانـی و سـروودی نیشـتمانی و نەتەوەیـی گوتـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە ئاهەنگـی هـاوڕێ و خـزم و کـەس و کاریشـی بـە دزی باوکـی گۆرانـی گوتـووە، باوکـی پێـی ناخـۆش بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٧، کـە




**له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، هونەرمەندی ڕەوانشاد گوڵبەهار، هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی.**

باوکی کۆچی دوایی دەکات، زیاتر بەشداریی ئاهەنگەکانی کردووە، هەر هەمان ساڵ بەشداری لە فیستیڤاڵی(ربیع)ی کردووە کە لەسەر ئاستی عێراق بووە و لە موسڵ سازکراوە بە گۆرانی(نەگری نەگری)ی هونەرمەند بەشار زاخۆیی بەشدار بووە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، و دەنگ و سەدایەکی زۆریشی هەبووە.

ئەیاز زاخۆیی بە نیاز بووە هەندێ گۆرانی بە زمانی عەرەبیش بڵێت و بڵاویشی بکاتەوە، کە لە هۆنراوە و ئاوازی خاڵس زاخۆیی بووە، بەڵام زۆر قەناعەتی بە ئاستی گۆرانییەکان نەبووە، بۆیە پاشگەز بووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠ هونەرمەندی شاعیر و ئاوازدانەر عەبدولعەزیز سلێمان یەکەم گۆرانی داوەتێ بە ناوی(شەهید چاڤە ڤەکە...)، لە ساڵی١٩٨٢ بە هاوکاریی هەر یەک لە شاعیر و میدیاکار ڕەوانشاد سەگڤان عەبدولحەکیم و هونەرمەند سەمیر زاخۆیی یەکەم بەرهەمی خۆی کە گۆرانی(من دیت جارا عەولی)، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا تۆمار دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ کاسێتێکی لە زاخۆ تۆمار کردووە چەند گۆرانییەکی لە خۆگرتووە لەوانە:(ئەگەر دنیا

هەمی گوڵبن، هـای بـەردە بـەردەک، چ ئەڤنـە، مەقامـی مێرەمـێ، بەسـتەی پازتیل)، دواتر سێ گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای و هونـەری دهۆک تۆمار کردووە.

ئەو بە دوو قۆڵی چەند گۆرانییەکی لەگەڵ هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی تۆمار کردووە.

گۆرانی و سروودی نیشتمانپەروەری گوتووە، وەکو گۆرانییەکانی(وەڵاتێ من، بسـکێت تـە زراڤـن، شـەهید چاڤـا ڤەکـە تـو نامـری، قـەدە خێڵـی قـەدە، سـروودی نـەورۆز)، کـە ببوونـە هانـدان و بـەرز کردنـەوەی مەعنەوییاتـی پێشـمەرگەی کوردسـتان.

ئەیاز زاخۆیی زیاتر لە(٢٠٠) گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، کە نزیکەی(١٠٠) گۆرانیـی فۆلکلـۆری و لـە دانانـی خۆیەتـی و مـەوال و حەیرانیشـی گوتـووە، لـە گۆرانییـە دیارەکانی(بـەس خۆگرانکـە، ئەڤیـن دایـێ، دێ بهەژینـە، کەڤـۆک، چۆفک، چیبکـەم ئـەز، هیڤی، گۆڤەند، چەندانـی دیکـە).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، سەمیر زاخۆیی.**

هەروەها گۆرانیی هەندێ لە گۆرانیبێژەکانی کوردی گوتووە وەکو:(بەشار زاخۆیی، تایەر تۆفیق، تەحسین تەها، حەسەن زیرەک ، شەمال سائیب).

ئەیاز زاخۆیی مرۆڤێکی خوێن شیرین و ڕووخۆش بووە، هەموو هاوڕێ و دراوسێکانی و هونەرمەندانی خۆشویستووە، زۆریش خێرخواز بووە، ئەو کاتەی کە سەرباز بووە، ناو بە ناو بوتڵێک خوێنی خۆبەخشانە بەخشیوە بۆ ئەوەی حەفتەیەک مۆڵەت(ئیجازە)ی بدەنێ تا بتوانی لە ئاهەنگی هاوڕێکانی یان خزم و کەسانی ئامادە ببێت چەندین جاریش ئەم کارەی دووبارە کردووەتەوە.

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٥، پیاوانی ڕژێمی بەعس داوای لێ دەکەن کە لەگەڵ هونەرمەندی عەرەب(سەڵاح عەبدولغەفور)، گۆرانییەک بەسەر سەرۆکی ئەوسای عێراق(صدام حسین)دا بڵێت، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە، بۆیە لێی بە ڕقدا چوونە و خراوەتە ژێر چاودێرییەوە، تا لە ١٩-١- ١٩٨٦، دەچێتە نەخۆشخانەی سەربازی لە مووسڵ بوتڵێک خوێن دەبەخشێت، دیارە پیاوانی ڕژێم خوێنییان ژەهراوی کردووە، پاش (٢٤) کاتژمێر دوای خوێن بەخشینەکە کۆچی دوایی کردووە و وەسییەتی کردووە کە تەرمەکەی لە ناو باژێڕی زاخۆ بگێڕن و ئینجا هەر لە زاخۆ بینێژن.

با بزانین ئەو هونەرمەندان دەربارەی ڕەوانشاد ئەیاز زاخۆیی چی دەڵێن:

- خەیری زاخۆیی کە برای هونەرمەند ئەیاز زاخۆییە دەڵێت:(ئەیاز





**هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی.**

بۆ هاوڕێکانی زۆر بە وەفا بوو، کاتێک لە سەربازی بووە بوتڵێک خوێنی دەبەخشی بۆ ئەوەی(١٥) ڕۆژ مۆڵەتی بدەنێ، تا لە ئاهەنگی هاوسەرگیریی هاوڕێکانی ئامادە بێت و گۆرانییان بۆ بڵێت، ئەم کارەشی چەند جار لە پێناوی هاوڕێکانیدا دووبارە کردووەتەوە).

- هونەرمەندی گەورەی کورد مۆسیقاژەن دڵشاد محەمەد سەعید دەڵێت:( ئەیاز لە لای هەمووان خۆشەویست بوو، کە لە بەغدا بووم لە وەزیرییە زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دایکم دەکرد لە منی دەپرسی، منیش ئەو کات خەریکی سەفەر کردن بووم بۆ بەریتانیا، وەعدم دابویێ بە زووترین کات بگەڕێمەوە و کاری هونەری بۆ ئەنجام بدەم ، بەس بە داخەوە ئەو عەمری خودای کرد).



**پەیکەری**
**هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی.**

- شاعیر و هونەرمەندی ئاوازدانەر عەبدولعەزیز سلێمان دەڵێت:(ئەو کاتەی ماڵم لە ڕومادی

بـوو ئەیـاز بـەردەوام هاتوچـۆی ماڵەکەمـی دەکـرد ئـەو وەکـو یەکێـک لـە عائیلەکەمـان بـوو، بەشـی زۆری بەرهەمەکانـی لـە شـیعر و ئاوازی منـن، لـە سـاڵی ١٩٨٠، یەکـەم گۆرانیـم پێـدا کـە گۆرانیی(شـەهید چاڤـا ڤەکـە...) بـوو.

هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن نـزار حەسـەن دەڵێـت:(زۆر ڕووخـۆش بـوو، ڕەوشـتی زۆر بـەرز بـوو، لەگـەڵ منـداڵ منداڵ بـووە، لەگـەڵ مەزنـان مـەزن بوو، قسـەی زۆر خـۆش بوو لـە کاتی قسـە خۆشـەکانی وەکو ئەکتـەر نواندنی دەکـرد).

هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ سـەمیر زاخۆیـی دەڵێـت:(ئـەوان هەموویـان دەنگیـان خـۆش بـوو، بابـێ وی و باپیـرێ وی...مـەلا ئەحمـەدی باپیـری کـە لـە مەڵبەندی(فەقێـی تەیـران) شـیعری دەخوێنـدەوە دەنگـی زۆر خـۆش بـوو، کە بەیانییـەکان بانگی دەدا بـە دەنگە زولالییەکـەی هەمـوو زاخـۆی دەهەژاند، ئەیـاز خێرخـواز بـوو، هەمـوو هـاوڕێ و جیـران و خەڵکـی خۆشدەویسـت، ڕەوشـتێکی زۆر پاقـژی هەبـوو).

بەڕێـز بابـێ میڤـان کـە خاوەنـی تۆمارگای(تسـجیلات) محەمـەد عـارف جەزراوییـە، کـە کۆنتریـن تۆمارگایـە لـە زاخـۆ دەڵێت:(گەنجانـی ئێسـتا زۆر داوای گۆرانییەکانـی ئەیـاز زاخۆیـی دەکـەن، مانگانـە مـن زیاتـر لـە(١٠٠) کاسـێتی ئـەو هونەرمەنـدە دەفرۆشـم، زیاتـر داوای گۆرانیی(ئەگـەر دنیا هەمـوو گـوڵ بیـت) دەکـەن.

هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی بە پێی هەموو یاسـا و ڕیسـای دنیا شـەهیدی هەڵوێسـتەکانییەتی، شـەهیدی گۆرانییـە نیشـتمانپەروەرییەکانیەتی، شـەهیدی ئەوەیـە کـە گۆرانـی لەسـەر سـەدام حوسـێن نەگوتـووە.

ئـەوەی شـایانی باسـە ئـەو کاتـەی بەنـدە لێپرسـراوی ڕۆشـنبیری بـووم لـە ئەمینداریێتیـی گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان، هونەرمەنـد ئەیـاز زاخۆیـی چەنـد گۆرانییەکـی تۆمارکـراو و هەندێکیشـی تۆمـار نەکرابـوون لـە لای شـاعیر و هونەرمەنـدی ئاوازدانـەر عەبدولعەزیـز سـلێمان بـوو، خانەوادەکـەی ڕازی نەبـوون بڵاوبکرێنـەوە، ئێتـر نازانـم ئەوەیـان بـە کـوێ گەیشـت.

لـە ڕۆژی ٢٠-١-١٩٨٦ کۆچـی دوایـی دەکات، ڕۆژی پاشـتر ٢١-١-١٩٨٦

لەسەر وەسییەتی خۆی تەرمەکەی لە ناو بازاڕی زاخۆ دەگێڕن و بە خاکی پیرۆزی نیشتمانی دەسپێرن.

چەندین جار لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی زاخۆ و شوێنی دیکە یادی ئەم هونەرمەندە جوانەمەرگە کراوەتەوە، دواجار کۆمیتەی کەلتوور و هونەری لە ڕۆژی ٢٤-١-٢٠٢١ لە زانکۆی ڕۆژئاوا لە قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان یادی ئەم هونەرمەندەیان کردووەتەوە، لە شاری زاخۆ پەیکەرێک بۆ هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی دروستکراوە.

گۆرانیبێژی نەمر ئەیاز زاخۆیی ڕەوانتشاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گلکۆت پڕگوڵ و گوڵزار بێت.

**سەرچاوەکان:**


١- ماڵپەڕی ڕووداو، لە ٢١-١-٢٠١٧.

٢- ڕادیۆی تۆڕی ڕووداو، فیلمێکی دکیومێنتاری، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار محەمەد شوشی.


٣- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤- ماڵپەڕی ANF news، لە ٢٤-١-٢٠٢١.

٥- لاپەڕەی فەیسبووکی گوڵزاری شیعر و هونەری کوردی، لە ٢٠-٧-٢٠٢١.

٦- ماڵپەڕی قادر زادە، ماڵپەڕێکی سەربەخۆیە.

٧- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەلال سەعید

هونەرمەندی جوانپۆش و دەنگخۆش، خاوەن کەسایەتیی بەهێز و توانا، بولبولی خۆشخوانی گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکان، ڕەوانشاد هونەرمەند جەلال سەعید.

ناوی تەواوی(جەلال سەعید ڕەمەزان)ە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی(باغی سیسێ)ی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هێشتا ئەو منداڵ بووە باوکی هاتووەتە باشووری کوردستان ماوەیەک لە ڕەواندز ژیاون، لە ساڵی ١٩٥٦ ماڵیان هاتووەتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ بوونە و هەموو تەمەنیشی لەوێ ڕابواردووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە و چووەتە ناوەندی لە پۆلی دووەمی ناوەندی لەبەر هەژاری و دەستکورتی درێژەی بە خوێندن نەداوە.

هونەرمەند جەلال سەعید هیچ خوێندنێکی هونەری گۆرانی و مۆسیقای نەخوێندووە، ئەو هونەرمەندێکی خۆڕسکە، قوتابیی سەرەتایی بووە لە ناو هاوپۆلەکانی گۆرانی و سروودی گوتووە، مامۆستاکانیشی پشتگیرییان کردووە و هانیان داوە، ئەو گوێچکەی خۆی بە عامودی کارەبا ناوە و بە پەنجەکانی(زەڕب)ی لێداوە دواتر خۆی فێری (زەڕەب و دەف) ژەنین کردووە و لەم بوارەشدا زۆر لێهاتوو بووە.



**هونەرمەند جەلال سەعید لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر.**

جەلال سەعید لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ هەر یەک لە گۆرانیبێژان (حەمەجەزا، نیزام شوکر، عارەب عوسمان، قادر زیرەک، سەلاح داودە، مەحمود محەمەد، عوسمان حسێن، جەعفەر کوردستانی.... چەندانی دیکە)، بەشداری لە سەدان ئاهەنگی هاوسەرگیریی گەنجانی شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان کردووە، دەیان(بەکرە و کاسێتی)، لە مالآن ماونەتەوە و تا ئێستا بلآونەکراونەتەوە.

یەکەم گۆرانیی تۆمارکراوی گۆرانیی(کاڵێ وەی کاڵێ) بووە، بە هاوکاریی هونەرمەند(فازل دێوانە) تۆماری کردووە، بەلآم بە پێی سەرچاوەکان ئەم گۆرانییە تەنیا یەکجار پەخشکراوە و دواتر نەماوە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ تیپی کۆمەڵەی وێژە و هونەری کوردی هەولێر گۆرانیی(لایە لایەت بۆ دەکەم) تۆمار دەکات، لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ تیپی هونەریی هەولێر و بەسەرپەرشتیی هەردوو هونەرمەندی گەورەی کورد ڕزگار خۆشناو و وریا ئەحمەد لە بەغدا (١٩) گۆرانی تۆمار دەکەن و جەلال سەعید بە دوو گۆرانی بەشدار بووە، ئەویش گۆرانییەکانی (چاوی ڕەشی جوانە و پەروانەی سووتاو)ە.

لە ساڵی ١٩٨١ کە تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر دامەزرا و سەر بە دەزگای سینەما و شانۆی بەغدا بوو، جەلال سەعیدیش وەکو ئەندامێکی تیپەکە دامەزرا، چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ و گۆرانیی فۆلکلۆر و کەلتووری



کوردییان بە جلی کوردی تۆمار کرد لەوانە(تابلۆی کوێستان، شوان، دروێنە)، لە شارەکانی کوردستان و بەغداش بەشداریی چەندین ئاهەنگیان کردووە، لە سالانی ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، بەشداریی چەندین فیستیڤالی کەلتووری لە ولاتانی ئەلمانیا رۆژئاوا و رۆژهەلات و رووسیا و یۆنان و سلۆفاکیا و پۆلەندا و چەند ولاتێکی دیکە کردووە، لێرەدا دەمەوێت شتێک بۆ مێژوو بنووسم: ئەگەر تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر هونەرمەند جەلال سەعیدی پێگەیاندبێت، ئەوا جەلال سەعیدیش لە رێگای تابلۆکانی هەلپەرکێی و دەنگە خۆشەکەی کەلتووری کوردی بە هەموو گەلانی ئەوروپا ناساندووە.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەلال سەعید، هونەرمەند ڕزگار خۆشناو، هونەرمەند ئیبراهیم سابیر، هونەرمەند عارەب عوسمان.**

جەلال سەعید زیاتر لە(١٠٠) گۆرانی تۆمارکراوی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، ئەمە جگە لەو گۆرانییانەی کە هێشتا لەسەر بەکرە و کاسێتەکان بڵاونەکراونەتەوە.

ئەو هۆنراوەی ئەم شاعیرە کوردانەی کردووەتە گۆرانی(نالی، وەفایی، قەهار شێخانی، ڕۆستەم باجەلان، حەسیب قەرەداغی، جەبار حەبیب، عەبدوڵڵا پەشێو، سەرکەوت ڕەسوڵ، خەیام، هێمن موکریانی، هەژار موکریانی، خاڵەڕەش ڕەواندزی چەندانی دیکە).

دیارترین گۆرانییەکانی جەلال سەعید ئەمانەن:(چاوی ڕەشی جوانە، بێریڤان، ئەوا دەڕۆم، پەروانەی سووتاو، دڵی تۆ، منت دۆڕاند، گەورە کچ، تۆی نازەنینم، خەڵوەت، بۆچی دەگری کیژی جوان، ساقی دەرویێشی تۆم و شەو لە گریانم دەکا...، کاڵێ وەی کاڵێ، لایە لایەت بۆ دەکەم و چەندانی دیکە).

جەلال سەعیدی هونەرمەند خاوەنی دەنگێکی ناوازە و بە چێژ بوو، دەنگی ئەو لە دەنگی کەس نەدەچوو، سۆزێکی تایبەت و سەرنج ڕاکێشەری لەناو گەرووی ئەو دەهاتە دەرەوە، دەنگێک تیکەڵ لە(سۆز، بەحە، تەپی)، هەمووی لە بۆتەی نەغمەدا دەتوانەوە، ئەو دەنگە خۆشەکەی لە کاتی مەقام وتندا دەگەیشتە لووتکە، بۆیە چەند جارێک لە هونەرمەندی گەورەی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەلال سەعید، نە ناسراوە، هونەرمەندی ڕەوانشاد قادر زیرەك.**



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە،هونەرمەند جەلال سەعید، بەدرەدین بابەکر



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەلال سەعید، هونەرمەند نیزام شوکر.

کورد و مۆسیقاژەن ئەنوەر قەرەداغییان پرسیوە؛ دەنگی چ گۆرانیبێژێکت پێ خۆشە، هەموو جار هەر وتوویەتی: دەنگی هونەرمەند جەلال سەعید.

هەر یەک لەم هونەرمەندانەی خوارەوە دەربارەی هونەرمەند جەلال سەعید دەڵێن:

- هونەرمەند بەدرەدین بابەکر دەڵێت:(جەلال سەعید یەکێکە لە هونەرمەندە ڕەسەکانی میللی، کە دەتوانم بڵێم وەکو مامۆستایەکی مەقامزان، زۆر لێهاتووش بوو لە بواری گۆرانیی میللی، بەهرەداریش بوو لە(زەڕب و دەف) ژەنین، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گۆرانی و تابلۆکانی هەڵپەڕکێ، ئەو نەخۆشیش بوو، بەڵام هەر ئامادە دەبوو بۆ پرۆڤە کردن و تۆمارکردنی کارە هونەرییەکانی).

- هونەرمەند خدر خۆشناو دەڵێت:(خەڵک زۆر حەزی دەکرد هونەرمەند جەلال سەعید بناسێت، ئەو دەفی بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک ژەنیوە، حەسەن زیرەک پێی وتوە گۆرانیبێژێکی زۆر چاکت لێ دەردەچێت، کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ هاتینەوە، بووین بە برادەر، شەو و ڕۆژ هەر بەیەکەوە بووین، ئەو چووە تیپی هونەرە میللییەکان پاش ئەو من و تەحسین قادر و ئیسماعیل قوربانیش چووین، هەتا لە ژیان مابوو هەر پێکەوە کارمان دەکرد).

بەڕێز ئەمجەد ئەسعەد کە خاوەن تۆمارگایە لە هەولێر دەڵێت:(لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەمناسی، لە هەموو ئاهەنگەکان پێکەوە بووین من و سیراجی برام و هەندێ جار نیازی براشم، هەموو ئاهەنگەکان

بە تایبەتی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکان هەر بە خۆمان بۆمان تۆمار دەکرد، چەندین گۆرانیی ئاهەنگەکان هەتا ئێستا هەر لەسەر بەکرە و کاسێت ماون زۆریشی بڵاونەکراونەتەوە، سەدان کاسێتی لە مالان ماوەتەوە، بۆ نموونە گۆرانیی(گەر بمێنم) هێشتا هەر لەسەر بەکرەیە بڵاونەبووەتەوە، هەموو خەڵکی کوردستان جەلال سەعیدیان خۆشدەویست).

لە ناو شاری هەولێر شەقامێک بە ناوی هونەرمەند ڕەوانشاد جەلال سەعید کراوە.

هونەرمەند جەلال سەعید پاش ململانی لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندە لە ڕۆژی ٩-١٢-٢٠١٣، لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر کۆچی دوایی کردووە، بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و هەوادارانی، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ نوور و ڕەحمەت بێت.


سەرچاوەکان:

١- وتارێکی نووسەر و میدیاکار قەهار شێخانی، بە ناونیشانی(جەلال سەعید..ئاوازێکی باڵابەرز)، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ٦-١-٢٠٢٢.

٢- وتارێکی نووسەر عەبدولغەفار عەبدوڵڵا، لە ماڵپەڕی ڕەنگاوڕەنگ، لە ژێر ناونیشانی(جەلال سەعید دەنگ و سەدای قەلاو منارە..)، لە ١٢-١٢-٢٠١٨.

٣- کوردیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد- وتارێکی نووسەر کەمال ڕێناس بە ناوی(جەلال سەعید دەنگێکی لەکەس نەچوو).

٤ - فیلمێکی دوکیۆمێنتاری لە کەنالی کوردستان ٢٤ ، ئامادەکردنی دەرهێنەر ئارام لالۆ.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# گرفتار کاکەیی

هونەرمەندی خۆڕسک نووسەرو وەرگێڕ و شێوەکار و کاریکاتێریسیت و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر گرفتار کاکەیی...

گرفتار کاکەیی لەساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی سیاسەتی ڕاگواستنەوەی ڕژێمی بەعسی ئەوسا لە گوندی(دەیمەکان)، ماڵی باوکی چووەتە گوندی(عەلی سەرای)، لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی عەلی سەرای تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لەوێ خوێندووە، پاشان چوونەتە شاری کەرکووک، لە کەرکووک خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە، ئەویش زمانی عەرەبی نەزانیوە و چووەتە قوتابخانەی(اليرموك الابتدائية)، ساڵی ١٩٨٠ قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ساڵی ١٩٨٥ لە قوتابخانەی ناوەندی(مندلي) لە شاری کەرکووک تەواو کردووە.

گرفتار کاکەیی زۆر هەوڵی داوە بچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی مووسڵ، بەڵام وەرنەگیراوە بە هۆی ئەوەی سانسۆری لەسەر بووە و نەبووەتە بەعسی، دواجار لە ئامادەیی بازرگانیی کەرکووک وەرگیراوە، تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی بازرگانی خوێندووە و لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا



هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی لە کاتی نیگارکێشاندا.

وەرنەگیراوە و لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاوارەی شاری هەولێر بووینە، لە بەر نەبوونی بڕوانامەی قوتابخانە، کە نەیتوانیوە لە کەرکووک بیهێنێت تا لە هەولێر بەردەوام بێت لە خوێندن، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕاوەتەوە کەرکووک و هەوڵی داوە تاقیکردنەوەی(إمتحان خارجي- تاقیکردنەوەی دەرەکی) بدات، بەڵام دیارە دایکی بەسەردا کۆچی دوایی کردووە، نەیتوانیوە تاقیکردنەوەکە بکات، بووەتە فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، لە ١٢-١٢-٢٠١٥ گەیشتووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە ئامادەیی بە بەرهەمەکانی بەشداریی هەموو



لە بەرهەمەکانی
هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی

چالاکییەکانی قوتابیانی کردووە و لە ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەکی کورت لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکووک وەکو نیگارکێشی بەرنامەی منداڵان کاری کردووە، دواتر لەژێر فشار کارەکەی بەجێهێشتووە، لەساڵی ١٩٩٢ یەکەمین بەرهەمی کاریکاتێری خۆی لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان



بڕوانامەی ڕێزلێنان

بڵاوکردووەتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(ڕێگای کوردستان، شەفەق، ڕۆژنامەی مانگانەی منداڵان کە پاشکۆی ڕۆژنامەی هەواڵ بووە، گۆڤاری هەنگ، چەندانی دیکە).

گرفتار کاکەیی هەر هونەرمەندێکی کاریکاتێری نییە، بەڵکو نووسەر و وەرگێڕو مۆسیقاژەن و ئاوازدانەریشە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی جوان و بە تام و چێژی بۆ منداڵان نووسیوە و هەندێکیشی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە زیاتر لە (١٣)


هونەرمەند گرفتار کاکەیی لە کاتی میوزک ژەنیندا




**لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی**

بەرهەمن، ئەمانە هەندێکیانن:

-Die Reinkarnatio، بە زمانی ئەڵمانی، ساڵی ٢٠٠٩.

- ساروخان، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەری عەرەبی(مروان الخطیب)ە، کەرکووک، ساڵی ٢٠١١.

- گورگ و مرۆڤ، کۆمەڵە چیرۆکیکی وەرگێردراوە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی، کەرکووک، ساڵی ٢٠١٢.

- کەروێشک و ڕێوی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩.

- گورگێکی دڵسۆز، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕدراوە، کەرکووک، ساڵی ٢٠٠٩.

-دۆشاو، کۆمەڵە چیرۆکێکی  منداڵانە، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١.
-سکالا، کۆمەڵە شیعرە بۆ منداڵان، هەولێر ساڵی ١٩٩٩.
-کاریکاتێر، بەشی یەکەم، هەولێر، ساڵی ١٩٩٨.
-مۆدلیانی، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە.
کەتەلۆکی کارە شێوەکارییەکانی لە چاپداوە بە زمانی ئەڵمانی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٠.
- کاریکاتێر، کۆمەڵە بەرهەمێکی کاریکاتێرییە، بەشی دووەم.
هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی لە ژیانی هونەریی خۆیدا زیاتر لە(٢٢) پیشانگای تایبەت و هاوبەشی کردووەتەوە، کە ئەمانەن:
لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەمین پیشانگای کاریکاتێری لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کردووەتەوە، دواتر لە ساڵەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ و ١٩٩٨، دووەمین و سێیەمین و چوارەمین و پێنجەمین و شەشەمین پیشانگای هەر لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کردووەتەوە، پیشانگای دووەمی هاوبەش بووە لەگەڵ



**هونەرمەند گرفتار کاکەیی لە کاتی کاری هونەریدا.**

هونەمەند(بڕوا ئازا حەسیب قەرەداغی)بووە.

لە ساڵی ١٩٩٩، ٢٠٠١، حەوتەمین و هەشتەمین پیشانگای خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردووەتەوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٢، نۆیەمین پیشانگای لە هۆڵی خانەی کاریکاتێر لە تاران-ئێران کردووەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٨، دەیەمین و دوانزەمین و سیانزەمین و چواردەمین و پازدەمین و شازدەمین پیشانگای خۆی لە شاری کەرکووک کردووەتەوە، کە هەندێکیان تایبەت بوونە بە کاریکاتێری منداڵان.
- هەر لەساڵی ٢٠٠٤، لە هۆڵی پەرتووکخانە لە شاری خانەقین، پیشانگایەکی تایبەتی کردووەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٠، هەندێک لە تابلۆکانی و گۆرانیی منداڵان بە مۆسیقا لە سەر شاشەی سینەمایی لە هۆڵی داخراو لە واشنتۆن و نیویۆرک لە ئەمەریکا نمایشکردووە.
- لە ساڵی ٢٠١١، هەژدەمین پیشانگا لە هەولێر و لە ٢٠١٣، نۆزدەمین






**لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی**












**لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی**

پیشانگا لە سلێمانی لە هۆڵی مۆزەخانە کردووەتەوە.

- لە ساڵی ٢٠١٣، پیشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندان نامۆ و کیڤان لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کردووەتەوە.
- پیشانگایەکی تایبەتیی(تجريدي) ، لە هۆڵی پەرتوکخانە لە کەرکووک کردووەتەوە.

بەشدار بووە لە پیشانگای کاریکاتێری کوردی لە سلێمانی، لە هۆڵای ئەمنە سوورەکە، ساڵی ٢٠١٧.

- لە ساڵی ٢٠١٩ بەشدار بووە لە پیشانگای شێوەکاری بۆ پشتگیری کردنی ئێزیدییەکان لە شاری هانۆڤەر لە ئەلمانیا.








**لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی**

- لەساڵی ٢٠٢٠، پیشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی (ئاسیک فایریکا)ی شاری (لوبیک)ی ئەلمانی کردۆتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٢، بەشدار بووە لە پیشانگای بەکۆمەڵ(رسائل من الحرب)، لە شاری(خنت)ی بەلجیکی.
- لە ساڵی ٢٠٢١، بەشدار بووە لە کێبڕکێی و پێشانگای پورتێری کاریکاتێری (جۆرجی اینیسکۆ)، لە گەلەری بۆتاسانی ئیتالی.
- لە ساڵی ٢٠٢١، بەشداری کردووە لە پیشانگای کاریکاتێری پورتریکی(وداعا یا فارس)، کاریکاتێریست (جومعة فرحات) لە هۆڵی(الجریدة)، لە وڵاتی میسر.
- لەساڵی ٢٠٢٢، بەشدار بووە لە پیشانگای کاریکاتێری(الملتقی العربي لرواد الکاریکاتور ٥)، لە هۆڵی(صلاح طاهر)ی (دار اوبرا)ی میسری.
- لە ساڵی ٢٠٢٢، بەشدار بووە لە پیشانگای( جیهانی پۆرتێری کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی ڕۆمانیا)، لە وڵاتی ڕۆمانیا.

هونەرمەند گرفتار کاکەیی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەریشە، مۆسیقا بە ئامێرەکانی(عود و بزق) لێدەداو ئاوازیشی بۆ (٥) گۆرانی داناوە کە سێیان بۆ گۆرانی مندالانە و دووەکەی دیکەش بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بووە.

لە ٨-٤-٢٠٢٢، بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی ٧ ڕەنگە، لە سێیەمین دیداری نێو دەوڵەتی کارتۆنی کوردی لە ژێر ناونیشانی(پۆرتریتی شێرکۆ بێکەس) لە گەلەری مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە لە سلێمانی سازدراوە، بڕوانامەی ڕێزلێنان بە هونەرمەند گرفتار کاکەیی بەخشراوە، ئەو ئەندامی لێژنەی تەحکیمیش بووە، ئەو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و کەمێک ئەڵمانی دەزانێت.

هونەرمەندی نەخشەساز و شێوەکار دارا محەمەد عەلی لە کتێبی(شێوەکاریی و چەند پەیڤیک)دا تیشکی خستووەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی.

نووسەر دکتۆر هاوژین سلێوە و نووسەر ڕۆستەم خامۆش لە کتێبی(ئەدەب و هونەری منداڵان)دا ئەوانیش لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هونەرمەند گرفتار کاکەیی باسی بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە گەورەیەی کوردیان کردووە.

هەروەها نووسەر عەبدولستار جەباری لە کتێبی(مرواریییەکانی کەرکووک)، باس لە ژیان و داهێنانەکانی هونەرمەندی شێوەکار گرفتار کاکەیی دەکات و بە یەکێ لە مرواریییەکانی شاری کەرکووکی دادەنێت.


هونەرمەند گرفتار کاکەیی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- هونەرمەند دارا محەمەد عەلی، کتێبی شێوەکاریی و چەند پەیڤیک.

٣- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دڵزار حەسەن

شاعیر و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس دڵزار حەسەن...

ناوی تەواوی(دڵزار حەسەن قادر)ە، لەبەر ئەوەی باوکی مامۆستا بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی(زینویێ)ی سەر بە ناحیەی ڕایاتی قەزای ڕەواندز لە دایک بووە، دواترماڵیان هاتووەتەوە هەولێر و خوێندنی سەرەتایی لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە قوتابخانەی نیگاری سەرەتایی تەواو کردووە و ناوەندییشی لە ناوەندیی ١٤ی تەمموز تەواو کردووە و چووەتە خوێندنی دیراساتی ئایینی کە خوێندنەکە سەر بە زانکۆی ئەزهەر بووە لقێکیان لە هەولێر هەبووە، ئێستاش قوتابیی پۆلی چوارەمی(بەراوردی ئایینەکان- مقارنة الادیان) لە کۆلێژی(قەڵا)ی سەر بە زانکۆی جیهانە لە هەولێر.

شاعیر و نووسەر دڵزار حەسەن هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر و ئەدەب و زمان و ڕۆژنامەنووسی بووە، گڕوگاڵی نووسینی شیعر و وتاری ئەدەبی کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٩ نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە پارچە هەڵبەستێک بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە، ئەو حەزیشی لە تەمسیل و شانۆش بووە، لە چەند شانۆگەرییەک وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە و چەند دەقی شانۆگەرییشی نووسیوە



**له لای ڕاستەوە: نووسەر دڵزار، نووسەر ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، نووسەر ئازاد خەمە.**

لەوانە(کێ شێتە کێ تاوانبارە، هەموو شتێک زیندانە، شانۆگەریی تەلیسم کە لە ڕۆژنامەی برایەتی کاتی خۆی بڵاوکراوەتەوە.

دڵزار حەسەن کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و وتاری هەمەجۆر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و چیرۆک و ڕۆمان بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و هەندێ جاریش بۆ زەرووریەتی شیعری وشەو ڕستەی کوردی بە تام و چێژی هەولێرییانە بەکار هێناوە، بەشی زۆری نووسینەکانیش لە چاپداوە و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- وەسیەتەکانی هەڵم، شیعر، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵە شاعیرێک، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٧.
- ئەلف، کۆمەڵە شیعر، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند شاعیرێک، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی کتێب، هەولێر ٢٠١٩.
- بە تەنیشت ژیانەوە، نۆڤلیت(کورتە ڕۆمان) هەولێر ٢٠١٩.
- بۆرژان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٩.



- مرۆڤ زەوی نەدۆزیوەتەوە، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای فام، چاپی یەکەم ٢٠٢٠.
- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژنان، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای فام ٢٠٢١.
- ئەستێرەی ژەنیار، نۆڤلێت، لە بڵاوکراوەکانیماڵی کتێب ٢٠١٩.
- گۆڕستانی چراغ، ڕۆمان، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٢١.
- کۆتایی دیموکراسی، لێکۆڵینەوە ئامادەکردن، چاپی یەکەم ٢٠٢٢.
- ڕاست و چەپ، کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم ٢٠٢٢.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد هەینی، نووسەر دڵزار حەسەن.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورە عومەر دزەیی، نووسەر دڵزار حەسەن.



لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننوس و نووسەر محەممەد موکری، نووسەر دڵزار حەسەن، نووسەر و شاعیر قوبادی جەلیزادە.




- ئینسکلۆپیدیای پایتەختی گەشتیاری بە پێنج زمان(کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی) بە هاوکاریی پارێزگای هەولێر ساڵی ٢٠١٤.
- کتێبی(هەولێر لە ١٠ ساڵی زێڕیندا)بە هاوکاریی پارێزگای هەولێر ساڵی ٢٠١٤.

دلزار حەسەن نەک هەر شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسە بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی زۆر بە تواناشە، ماوەی زیاتر لە(٣٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە لە نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و کەلتووری بابەتی دیکەی هەمەجۆر ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە چالاکییەکانی:

- چەند شانۆگەرییەکی نووسیوە و وەکو ئەکتەریش بەشداری لە چەند شانۆگەرییەک کردووە و سیناریۆشی بۆ هەندێکی دیکە نووسیوە.
- وەکو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند بەشداری لە زۆر لە کۆڕو کۆبوونەوە




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زیاد ئەسعەد، بەڕێز بەدران موحسین، نووسەر دلزار حەسەن.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر دلزار حەسەن.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دڵزار حەسەن، هونەرمەند عەدنان کەریم.**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دڵزار حەسەن، نووسەر محەمەد قادر.**

ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە دەرەوەی وڵات کردووە لەوانە وڵاتانی (ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕووسیا).

- لە ناوەوەی وڵاتیش بە بەردەوامی بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنیرییەکان کردووە و دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ زۆر لە کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکانی کوردستان کردووە.




سکرتێری نووسینی بەشی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بووە لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٩.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(مرۆڤ)بووە، کە گۆڤارێکی مرۆیی و ڕۆشنبیریی گشتی بووە و










دوو مانگ جارێک لە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچوو.

- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(کورد دیکۆمێنتار)بووە کە گۆڤارێکی وەرزیی دیکۆمێنتاری بووە، ژمارە (١)ی لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە.
- سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی دەزگای(V group) بووە بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕێبەری پایتەخت کە چوار ژمارەی لێ دەرچووە.
- ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەی کتێبدۆستانی کوردستانە.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهانییە.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر دڵزار حەسەن- تان بۆ دەنووسمەوە:

بەو درەنگانی ژیانە،
بەکۆڵێک حیکایەت و
مشتێ تەنیاییەوە،
لەخۆم دەڕوانم.
بەو هەموو ئاوڕەوە،
ئولفەتم بەخۆم گرتووە.
هەمیشە لە ئاوێنە دەڕوانم،

ئارەزووی بینینی
خۆم، خەریکە دەمهاڕێت.
ورد دەبمەوە
لە ڕوخساری بەجێماوم.
نیگام دەنێرمە نێو
یادەوەریم و
برینەکان خامۆش دەکەمەوە.
تێر تێر، تەماشای
خۆم دەکەم.
بەو ڕوانینەوە،
لە تابلۆیەکی شکاو دەچم.
ڕەنگەکانی ڕژابێتە نێو بوونم.
ئەوەندە ئاوڕ لەخۆم دەدەمەوە،
تا بیناییم کاڵ دەبێتەوە.
لەنێو دەوەن و
باخچەی گەردوون،
خۆم دەچێنمەوە،
تا منێکی دیکە
بڕوێت.
خۆمێک، لەمن بچێت.


سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی شاعیر و نووسەر دڵزار حەسەن کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# خالد ساڵح حەسەن



نووسەر خالد ساڵح بە منداڵی

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و چیرۆکنـووس و وەرگێڕ و لێکۆڵـەر و فۆلکلۆریست مامۆستا خالد ساڵح حەسـەن

نـاوی تەواوی(خالـد سـاڵح حەسـەن)ە، لـە ساڵی ١٩٥٧ لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە شاری دهۆک لە دایک بووە، هەر سێ قۆناغی خوێندنـی، سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(دهـۆک الاولـی)، دواتـر نـاوی بووەتـە قوتابخانـەی سـەڵاحەدین و ناوەندی لە ناوەندیی ئاشتی و ئامادەیی لە ئامادەیی کاوە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا لە ناوچەکانی(ستوکورکێ، سپیندارێ) لە دەڤەری بەرواری ژێری، دواتر هاتووەتەوە ناو شاری دهۆک.

لـە سـاڵی ١٩٨٧ ئـاوارەی ڕۆژهەڵاتـی


نووسەر خالد ساڵح بە جلی کوردی

کوردستان بووە و لە شاری(شنۆ) نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە دهۆک و چووەتەوە سەرکارەکەی و وەکو مامۆستا لە خزمەتکردن تا خانشین بوونی بەردەوام بووە.

نووسەر چیرۆکنووس خالد ساڵح هەر لەسەرەتای لاوێتیدا حەزو ئارەزووی چووەتە خوێندنەوە و بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان و فۆلکلۆر، بۆیە کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی لە چیرۆک و چیرۆک بۆ منداڵان و فۆلکلۆر و وەرگێڕان بە زمانی کوردی-شێوەزاری کرمانجی ژوورو(بەهدینان)ی، سادە و ساکار و پاراو نووسیوە، کە ئەمانەن:

- چیرۆک بۆ زارۆکان، بەغدا، ١٩٨٥.
- کورد ل خورسانێ و پەندا کرمانجی، فۆلکلۆر، دهۆک، ٢٠٠٦.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەلال مستەفا، نووسەر خالد ساڵح، نووسەر بەشیر مزووری، نووسەر سەلام بالایی، نووسەر عەبدولرەحمان بامەڕنی، نووسەر حەسەن سلیڤانی.



له لای ڕاستەوە: نووسەر خالد ساڵح، بەڕێز دکتۆر فرسەت مەرعی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی.



نووسەر خالد ساڵح، نووسەر کۆنی ڕەش، شاعیر و نووسەر دکتۆر عەبدولرەحمان مزووری.







- گولۆلک هەڵچنین- ئیدیومین کوردی، دهۆک، ٢٠٠٦.
- هەندەک سەرهاتییێن کوردی، فۆلکلۆر، دهۆک، ٢٠٠٧.
- گلولک ئالزیای، ئیدیوم، دهۆک، ٢٠٠٦.
- جەمسەری سییَ، کۆمەڵە چیرۆک، ٢٠٠٥.
- شمشالۆکانیَ، یاری، دهۆک، ٢٠٠٩.
- بالیفک ، کۆمەڵە چیرۆک، بەرلین، ٢٠٠١.







- د تەنیا خۆرا مانە خەملاندی، كۆمەڵە چیرۆک،دهۆک، ٢٠٠٤.
- سپیهستان، كۆمەڵە چیرۆک، دهۆک، ٢٠٠٨.
- كیلە ستوین، كۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، دهۆک، ٢٠١٠.
- بەڕوپیتانۆک، كورتە چیرۆک، تەهران، ٢٠٢١.
- كورتە چیرۆكا كوردی ل دەڤەرا باهدینان، لێكۆڵینەوە، دهۆک، ٢٠١٠.
- كاروانی ڕۆشنبیری یێ ئیكەتییا نووسەرانی كورد- لقی دهۆک، لە ٢٠٠٣-٢٠٢٠ دهۆک، ٢٠٢٠.




ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپكردن:

-هەیڤ و شوورهە، ڕۆمان، وەرگێڕان .
- ڕۆمانا كوردی ل دەڤەرا باهدینان، لێكۆڵینەوە.
- بەرهەڤكرنا گۆتن و پەندێن كوردی، فۆلكلۆر.
- كۆمەڵە چیرۆک بۆ زارۆكان.

نووسەر خالد ساڵح لە ئامادەكردنی (ئینسكلۆپیدیا


پارێزگەها دهۆک) هاریکاری سەرنووسەری کردووە.

- ئەو وەکو ڕۆژنامەنووسیش هەر لە ژمارە (٥٥)ی گۆڤاری (پەیڤ) ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە بووە.
- لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.
- دەیان وتار و بابەتی هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە (بەغدا و هەولێر و دهۆک و سێمێل و ورمێ) بڵاوکردووەتەوە.
- ئێستا لەگەڵ هاوڕێی نووسەر مسەدەق تۆڤی سەرقاڵی ئامادەکردنی(ئینسکلۆپیدیای نووسەرانی دهۆک)ن.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر خالد ساڵح ، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاریی نووسین و دارشتنی خۆم.



# کەریم سۆفی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس وەرگێڕو کەریم سۆفی ...

ناوی تەواوی(کەریم ئەحمەد حوسێن ئەحمەد ڕەسوڵ شەمێ)یە، لە تیرەی(موغبایزە)ی عەشیرەتی(بڵباس)ە، لە ١-٧-١٩٥٣ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هەرسێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ لە بەشی زمانی فارسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ بە پلەی زۆر باش تەواوی کردووە، هەر لە هەمان ساڵدا لە ئەمینداریێتیی گشتیی شارەوانی و گەشت وگوزار بە پلەی(معاون ملاحظ - یاریدەدەری تێبینەر) دامەزراوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەزیفەی خۆی گواستووەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، ماوەی چەند ساڵێک لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر دەست بەکار بووە، دواتر چووەتە دیوانی هەمان وەزارەت و بووەتە ئەندام لە لێژنەی هەڵسەنگاندنی کتێب، ماوەیەکیش بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(هونەری نوێ) لە ژمارە(١-٥)بووە، پاشان لەسەر داخوازیی خۆی لە زنجیرەی کتێبی گیرفان لە ژمارە(١٣-٣١) وەکو بەڕێوەبەری نووسین تا ساڵی ٢٠٠٧ کە دوایین ژمارەی لێ دەرچووە دەست بەکار بووە.



له لای ڕاستەوە: دکتۆر مارف خەزنەدار، نووسەر کەریم سۆفی.



له لای ڕاستەوە: نووسەر کەریم سۆفی، ئەکتەر و دەرهێنەر حەمە عەلی خان.



له لای ڕاسستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد تاهیر، نووسەر کەریم سۆفی.



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دیزایینەر محەمەد زادە، نووسەر کەریم سۆفی.

نووسەر کەریم سۆفی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حەز و ئارەزووی چووەتە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بە شێوەی کاتی و گرێبەست یان بە (پاداشت- مکافئة) کاری کردووە لەوانە:(برایەتی، کە پێیشان خەبات بووە، کوردستانی نوێ، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری رامان) تا ئێستاش لە کاری زمانەوانی و هەڵەچنی بەردەوامە.




نووسەر کەریم سۆفی کۆمەڵێک بەرهەمی لە چیرۆک و کورتە ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بابەتی هەمەجۆر بە زمانێکی کوردیی خۆماڵی و ڕەسەن وەرگێڕاوە و لە چاپیداون و

بڵاویشـیکردوونەتەوە کـە ئەمانـەن:

- فیسـتیڤاڵی هـەژاری موکریانـی، بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر شـەمال حەوێـزی، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری ، هەولێـر سـاڵی ٢٠٠٠.
- لـە بارەی فیدراڵییەوە، دکتۆر نوری تاڵەبانی. و: نووسـەر کەریم سۆفی، زنجیرەی کتێبی گیرفان، ژمارە(٤) چاپخانـەی ڕۆشنبیریی هەولێر ساڵی ٢٠٠٥.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز هاوڕێ ڕەشید، نووسەر و وەرگێڕ محەمەد وەسمان، نووسەر کەریم سۆفی، نووسەر و چیرۆکنووس ئیحسان خەیات.



لەڕاستەوە د. ئازاد حەمە شەریف نووسەر کەریم سۆفی



نووسەر کەریم سۆفی و هەر چوار کوڕی(ئاری و ئارام و ئاکام و ئاراس).



له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر کەریم سۆفی.




- وەنەوشەی شاژن، کۆمەڵە چیرۆکێکی هاوچەرخی فارسییە، کەریم سۆفی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦.
- زمانی دایک، نۆڤلێت، لە نووسینی ئاگۆتا کریستۆف، وەرگێڕانی کەریم سۆفی، هەولێر ٢٠١٠.
- کاتێک ئەزموونەکان دەدوێن(دیمانە)ی ئەدەبییە، کەریم سۆفی ئامادەی کردووە، هەولێر ٢٠١٢.





- سێبەرەکانی ئەدەب، کۆمەڵە وتار، هەولێر ٢٠١٣.
- ڕەخنەی وەرگێڕان(شیعر وەک پێناسە و شیعر وەک وەرگێڕان) هەولێر ٢٠٢١.

چەند کتێبێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ لەوانە:

- ئەو دیوی ڕووناکییەکان(شیعری وەرگێڕدراوە).
- چەند دیمانەیەکی لە بارەی وەرگێڕان لەگەڵ کراوە.


لە لای ڕاستەوە: د. کەمال سەعدی، نووسەر کەریم سۆفی.




- چەند وتاری هەمەجۆر دەربارەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی گشتی.
- نامیلکەیەک بە ناوی(زاراوەی سەربازی- پلەکان- ئامرازەکان- چەکەکان) بە کوردی و عەرەبی و فارسی.
- گەڵاڵەی کتێبێک لە بارەی نووسین و هەڵەچنی.

نووسەر کەریم سۆفی ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مێرگ بووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس کەریم سۆفی هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر کەریم سۆفی لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ئیحسان خەیات

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و نیگارکێش ئیحسان خەیات..

ناوی تەواوی(ئیحسان سابیر خەیات)ە، لەساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦، چووەتە بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی پەروەردی زانکۆی بەغدا، لە ساڵی ١٩٧٠ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووەو بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی ناوەندیی ڕواندز تا کۆتایی ساڵی ١٩٧١، پاشان گواستراوەتە قوتابخانەی ناوەندی(زازا) کە دواتر بووەتە ناوەندی خەبات، لە ساڵی ١٩٧٣ گوازراوەتەوە ناوەندی سەیداوە و زیاتر لە (٧) ساڵ لەوێ خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ دیسان گواستراوەتەوە ئامادەیی هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٠ بووەتە لێپرسراوی کتێبخانەکە، هەر لەوێ و پاشان چووەتە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان و لەوێش هەر لێپرسراوی کتێبخانە بووە.



**نووسەر ئیحسان خەیات بە جاحێڵی.**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر ئیحسان خەیات، سابیر خەیات باوکی نووسەر ئیحسان خەیات.**


لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠، ماوەیەک وەکو وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی لە(UN) کاری کردووە و لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠یش بۆ ماوەی دوو ساڵ لە(المؤتمر الوطني- معارضة- کۆنگرەی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی)، وەکو وەرگێڕ دەست بەکار بووە.

ئیحسان خەیات ئەو کاتەی قوتابی بووە لە کۆلێژی پەروەردە لە ڕێگای هەندێ برادەر و هاوپۆلەکانی حەزی چووەتە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، بۆیە گرۆگاڵی نووسینی کردووە بە زمانی عەرەبی و چەند بابەتێکی هەمەجۆری لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و یەکەم بابەتیشی لە گۆڤاری(الجدید) بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵانی هەشتاکان کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە بە بەردەوامی پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە





و چەند بابەتێکی ناو گۆڤاری (سپوتێکی ڕووسی و ریدەرزی ئەمەریکی) لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی بە خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە کوردییەکان کردووە تا بتوانێت لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕانی پێ بکات و لەم بوارەشدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە.



ئیحسان خەیات سەرەتا بە زمانی عەرەبی چیرۆکی(حوارية كردية)ی نووسیوەو لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوی کردووەتەوە، ئیدی بە تەواوی دەستی بە وەرگێڕانی بابەتی هەمەجۆر لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی کردووە ، خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:

- کتێبی(نۆبەرە لە خەرمانی وەرگێران) لە ساڵی ٢٠١٢.

- کتێبی(٣٠) کورتە چیرۆکی بیانی لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر



لە لای ڕاستەوە: هاوسەری ئیحسان خەیات، نووسەر ئیحسان خەیات.



**هەندێك لە كارە قەڵەم كێشەكانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ ئیحسان خەیات.**

زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاویکردۆتەوە.

- کتێبی(ترسناکترین یاری)، کە (١٠) کورتە چیرۆکی ئینگلیزییە، ساڵی ٢٠٢٢، لەچاپی داوە و بڵاویکردووەتەوە.

نووسەر ئیحسان خەیات هەر نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ نییە، بەڵکو نیگارکێشێکی بە تواناشە، ئەو وێنەی ئەو کەسایەتییەیانەی کێشاوە کە خۆشیویستوون وەکو(عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسر و غاندی و لینین و هیتلەر و دیگۆل و چەندانی دیکە).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیحسان خەیات هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:


١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر ئیحسان خەیات لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# حەمە ئەحمەد جاف

شاعیر و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و توێژەر حەمە ئەحمەد جاف..

ناوی تەواوی(حەمە ئەحمەد جاف)ە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەوێ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای(کارگێڕی-معهد الإدارة)ی لە سلێمانی تەواو کردووە، بانگهێشتی سەربازی کراوە و فیراری کردووە و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان وەکو فەرمانبەر دەست بەکار بووە و لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، لە هەولێر نیشتەجێیە.

شاعیر و نووسەر حەمە جاف هەر لە لاوێتیدا گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان و فۆلکلۆری خوێندووەتەوە، تا لە ساڵی ١٩٧٤ یەکەم نۆبەرەی شیعری خۆی لە گۆڤاری (بەیان) بڵاوکردووەتەوە، ئەو کاتەی پێشمەرگە بووە دەیان وتار و پارچە شیعر و بابەتی هەمەجۆری لە بڵاوکراوەکانی شاخیش بە ناوی نەخوازراوی(یاخی،س.ع.ڕانییەیی)، بڵاوکردووەتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە جاف کۆمەڵێک شیعری نەتەوایەتی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە جاف.**

و سیاسی و ئەڤینی و بۆ جوانی سروشتی کوردستان بە زمانی کوردی خۆماڵی و ڕەسەن نووسیوە و جگە لە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیران و ساغکردنەوەیان، چەند بەرهەمیکی لە چاپداوە و هەندێکیشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان، بەرهەمە لە چاپدراوەکانی ئەمانەن:

-لاوکی پێشمەرگە، کۆمەڵە شیعر، هەولێر، ٢٠٠٤.

-عیشق و تەمەن، کۆمەڵە شیعر، هەولێر، ٢٠١٠.

- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، باس ولێکۆڵینەوە، هەولێر، ١٩٩٨.




- ئامادەکردن و کۆکردنەوەی دیوانی شاعیری میللی مەلا حەسەنی کوێرەکانی(مەعنەوی)، بە هاوکاری نووسەر خالد قەمچوغەیی، سلێمانی. ١٩٩٩.

ئەو بەرهەمانەی کە ئامادەن بۆ لە چاپدان:

- کۆبەرهەمی شیعرەکانی بە ناوی(دیوانی حەمە ئەحمەد جاف-گریانی خاک

- خوێندنەوەی شارێک، قەسیدەیەکی درێژە تایبەت بە شاری قەڵادزێ.




- کتێبی سلێمانی، قەسیدەیەکی شیعرییە تایبەت بە سلێمانی.

شاعیر حەمە جاف هەر شاعیر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەتواناشە، وەکو نووسەر و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و پەیامنێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بووە و ئەم چالاکییانەی نواندووە:

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(نیگا) و گۆڤاری (هەنگاو) و (پاشکۆی هەنگاو) بووە کە لە قەڵادزێ دەردەچوو ژمارە(١)ی لە ئابی ١٩٩١ بڵاوبووەتەوە.
- ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەرانی قەڵادزێ بووە لە ساڵی ١٩٩١.
- ئەندمی مانگرتووانی(بیتوێن- پشدەر)، بووە لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١.
- لەساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هەر یەک لە ڕۆژنامەنووسان (ڕەوانشاد شازاد ئەنوەر، بەڕێزان هەورامان محەمەد و ئەحمەد فەرەج و عومەر



**شاعیر و نووسەر خالد کۆچەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر حەمە جاف.**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگری گەورەی کورد دکتۆر کەمال غەمبار، شاعیر حەمە جاف.**

یوسفی)، ڕۆژنامەی(پاڵە) یان دەرچوواندووە، ئەو ڕۆژنامەیە جیاوازە لە ڕۆژنامەی پاڵەی سلێمانی کە لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٥، لە سلێمانی دەردەچوو.

- بۆ ماوەی ساڵێک پەیامنێری ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) بووە، دواتر لە بەشی هەواڵەکانی کوردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دەستبەکار بووە.
- موحەریر بووە لە ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆی هەرێمی کوردستان بووە.




- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(خۆری ئیسلام) بووە کە لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان دەردەچوو.
- بەڕێوەبەری نووسین و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بووە لە ڕۆژنامەی (بازووی کرێکار)، لە ژمارە(سفر)ەوە، تا (ژمارە(٤٦)، کە لە ٩-٩-٢٠٠١ دەرچووە.

- جێگری سەرنووسەری و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(ئاسۆس) بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(ڕاسان) بووە کە لە سەنتەری ئاسۆس لە هەولێر دەردەچوو.
- وەک پەیامنێری ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە کاری کردووە:(برایەتی، دەنگی پێشمەرگە، ڕۆژی زانکۆ، نێرگز..و چەندانی دیکە).

نووسەر حەمە جاف ئەندامە و ئەندام بووە لەم ڕێکخراوانە:
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێرە.

-ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی هەولێرە.

-ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتییە.



شاعیر حەمە جاف لای پەیکەری محەمەد عومەر عوسمانی شاعیر.



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو بەهار موفتی، شاعیر حەمە جاف، شاعیر خاتوو هەنار موفتی.



له لای ڕاستەوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، شاعیر حەمە جاف.

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ماڵی کتێبە لە هەولێر.
- ئەندامی کۆمەڵەی کەلتووری کوردە لە سلێمانی.
- ئەندامی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخوازە لە هەولێر.
- ئەندامی سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆسە لە ڕانییە.
- ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندی داکۆکی زیانلێکەوتووان و ئاوەدانکردنەوەیە لە پشدەر.

نووسەر حەمە جاف ماوەی(٢٦) ساڵە لە بەشی نووسین و زمانەوانی و ڕێنووس لە ڕۆژنامەی(خەبات) کاردەکات.

لە لایەن لایەنە فەرمی و ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دەیان جار خەڵاتکراوە و ڕێزی لێندراوە.




حەمە جاف ئێستا خانەنشینە و هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی(٥) منداڵە بە ناوەکانی(هاژە، لاژە، ژیر، وێنە، گۆڤار)، خوا تەمەن درێژیان بکات بۆ خۆشی هەرسەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر حەمە جاف- تان بۆ دەنووسمەوە.



له لای ڕاستەوە: شاعیر حەمە جاف، مامۆستا سەید سەدیق کەپرانی.

**(سایکس بیکۆ) سەدساڵ**

نیشتیمانمی ،..

خستە سەرزینی

ئەسپی خەیاڵ و وەهمەوە

سەدساڵیش زوڵم و

ستەمی دەوڵەتی عێراق

(سیڤەر)یش لە سۆمای سەوزی ژیانەوە

خەریتەی جوانترین نیشتیمانی دامێ

لێ مەخابن نەخشەو پیلانی

ژاراوی زلهێزان

(سیڤەر)ی ئاوێزانی

هەڕەشەوگوڕەشەی

(لۆزان) کردەوە!.

لێرەوە ..من و تۆ ....

بڕیارمان دا

چیتر دەست لە ( لۆزان )یەکانی
نیشتیمان و نەخشەو
پیلانی ئیقلیمی نەپارێزین!
تا (هەواڵی سەربەخۆیی کورد)
دەدەین بە گوێی سەڵتەنەی
عامی ئەقوامدا
ئەو گوێچکەی لە (تاوان) زیاتر،..
هیچ نابیستێ و.. لە
(درۆ)ش زیاتر،
ڕاستی ناڵێ !
مێژووش قەت ناخوێنێتەوە!
مێژووی سووری،.
خەباتی ئەو نیشتیمانەی
لێمان دزرا !؟ **
هاوارتە لە من نیشتیمان!
دەهەستەوە هەستەوەو...
سیمای کووچەو کۆڵانی
منداڵیم پڕکە لە بۆن وبەرامەی،..
سمڵ و مێخەکی سەرسنگی دایکم ،
ئەو دایکەی ،..
تا مرد لە تێسکەی
تفەنگی باوکمەوە
خەونی بە گەڕانەوەی
پێشمەرگەوە دەبینی
ئەو پێشمەرگانەی

پەیامی ڕێکحستنەکانی شارو...
چریکەی تفەنگەکانی شاخ و،....
فرمێسکی باران و...
زەردەخەنەی بەفریان
دەگەیاندە نیشتیمان
ئەو نیشتیمانەی
فرچکی بەبەفرو
ڕەشەباوە دەگرت و ...
لە ئاونگی فرمێسکە
یاقوتییەکانی باراندا خنکا
ئەو نیشتیمانەی ،..
لە شیعرە پاییزییەکانی
ژەنەڕاڵدا دیل و
لە چاوەڕوانی کەژاوەی
گریانی (شێرکۆ)کانی نیشتیماندا ،
زیز و ... لە زەماوەندی کۆمەرگی،..
ئازیزانی کۆڕۆنادا،
مات و مەلوول!
نیشتیمانێک ماڵ بەماڵ
ژیانمان تێدا نووسییەوە
کون بە کون
خۆمان لێ حەشار دا
جادە بە جادە
خوێنمان تێدا چاندو..
کۆڵان بەکۆڵان خۆمان تێدا ناشت!

ئێستاش ..
من نازانم نیشتیمان،...
ونی کردووم؟!
یان نیشتیمانم،..
ونکردووە؟
نیشتیمانێک پڕ لە (ئەو) خاڵیی لەمن و تۆ!
***
٢١/٩/٢٠٢١ هەولێر

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر حەمە جاف، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جومعە کانی لەلەیی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ڕۆماننووس و توێژەر جومعە کانی لەلەیی

ناوی تەواوی(جومعە محەمەد نەجم کانی لەلەیی)ە، لە پایزی ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(کانی لەلە)ی سەر بە ناحیەی تەقتەق لە خانەوادەیەکی جووتیار لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی کانی لەلە تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە ناحیەی تەقتەق تەواو کردووە ، چووەتە بەشی کارگێری یاسایی لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بە پلەی چوارەم دەرچووە لەسەر هاوپۆلەکانی خۆی، چووەتەوە سەر کارەکەی خۆی وەکو ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری و شارستانێتیی کۆیە.



**نووسەر جومعە کانی لەلەیی به منداڵی**

نووسەر جومعە کانی لەلەیی هەر لە تافی لاوێتیدا حەزی لە زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە، لە زستانی ساڵی ١٩٨٧ دەستی بە خوێندنەوەی شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی کردووە، یەکەم جار ڕۆمانی(حەمەدۆک) ی نووسەری گەورەی تورکی یەشار کەمالی و



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جومعە کانی لەلەیی ، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ.




نووسەر جومعە کانی لەلەیی.



نووسەر جومعە کانی لەلەیی بە جلی کوردی.

دواتر ڕۆمانی(هەرەسی) نووسەر محەمەد موکری خوێندووەتەوە، هەر یەک لە هاوڕێیانی کاک ئاراز ئەمین و مامۆستا مستەفا چاوشین کتێبیان داوەتێ و هانیان داوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن لە ڕووی ڕۆشنبیریی گشتییەوە و بە تایبەتی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە جیهانییانەی کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

لـه سـاڵی ١٩٩٣ یەکـەم نۆبـەرەی نووسـینەکانی کـە وتارێـک بـووە بـە ناونیشـانی(بەرەی کوردسـتانی زەروورەتـی ئـەم قۆناغەیـە)ی لـە ڕۆژنامـەی کوردستانی نـوێ بڵاوکردووەتـەوە، ئیتر چووەتـە نـاو دنیای ڕۆمـان نووسـین و وتـار و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە لـە بوارەکانـی کارگێـڕی و ئابـووری و کۆمەڵایەتی و کێشـەکانی دیکـەی خەڵکی کوردسـتان، لـە هەموو نووسـینەکانی ئـازار و ئەشـکەنجەی خـۆی و میللەتەکـەی لـە بەعـەرەب کردنـی کەرکـووک و ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و ڕاگواسـتن و ئەنفـال کـردن و هەمـوو نەهامەتییەکانـی دیکـە کـە بەسـەر کوردسـتاندا هاتـووە، هەمـووی لـە بەرهـەم و نووسـینەکانی ڕەنگـی داوەتـەوە، هەمـوو ئەوانەشـی بـە زمانێکـی کوردیـی خۆماڵی بـە تـام و چێـژی ناوچـەی تەقتـەق و دەشـتی هەولێـر نووسـیوە و لـە چاپداون و بڵاویشـیکردوونەتەوە، ئەو خاوەنـی چـوار بەرهەمـی لـە چاپدراوە و دوو ڕۆمانیشـی ئامادەیـە بـۆ لـە چاپـدان.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جومعە کانی لەلەیی، دکتۆر مارف عومەر گوڵ.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، نووسەر جومعە کانی لەلەیی.



لە لای ڕاستەوە:......، نووسەر جومعە کانی لەلەیی.



نووسەر جومعە کانی لەلەیی لە کاتی وتار خوێندنەوە.

بەرهەمە لە چاپدراوەکانی ئەمانەن:

- کەرکوک لەبەردەم شالاوی بەعەرەب کردندا.
- ڕۆمانی مەملەکەتی دڕکاوی، ساڵی ٢٠١٥.
- ڕۆمانی ڕەش و سپی، ڕۆمان، ٢٠١٩.
- کوورەی شۆڕش کێی سووتاند؟

ئەم کتێبانەشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان:

- ڕۆمانی دزەکانی شار.
- ڕۆمانی سێ ڕۆژ لە گرتووخانە.

نووسەر جومعە کانی لەلەیی زیاتر لە(٦٣٨) وتاری هەمەجۆری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاکردووەتەوە لەگەڵ دوو توێژینەوە بە ناو نیشانەکانی:

- هۆکارە ئابوورییەکانی بە عەرەب کردنی کوردستان.
- ڕۆڵی دەمامک لە ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە..

نووسەر و ڕۆژنامەنووس جومعە کانی لەلەیی لە زۆر چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری کۆیە و هەولێر ئامادە دەبێت و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسانی هەولێر و کوردستان هەیە، ئێستاش بەردەوامە لە نووسینی ڕۆمان و ناوە بە ناوەش وتاری کۆمەڵایەتی و نیمچە سیاسیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاودەکاتەوە.











خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی زۆربای ئێرانی



کەرکوك

لەبەردەم شاڵاوی بەعەرەب کردن

جومعە کانی لەلەیی



کوردستان

ئایندەی دەوڵەتی کوردی و کۆسپەکانی بەردەمی

لە ڕۆژی ٣١-٨-٢٠٢٢ لە لایەن بەڕێز حاکم ئەحمەد حەمەدەمین سەرۆکی ڕێکخراوی ژیانەوە و بەخشین ڕێزی لێ گیراوە.

نووسەر ورۆژنامەنووس و ڕۆماننووس جومعە کانی لەلەیی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر جومعە کانی لەلەیی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## سەعدی عەلی

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس و شـانۆنووس سـەعدی عەلـی..

نـاوی تەواوی(سـەعدی عەلـی محەمـەد ئەمیـن)ە، لـە ١-٧-١٩٥١ لـە گوندی(قورشـاغلو)ی سـەر بـە ناحیـەی قوشـتەپەی پارێـزگای هەولێـر لـە بنەماڵەیەکـی ئایینپـەروەر و جووتیـار لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی هـەر لـە گوندی قورشـاغلو تـەواو کردووە، بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی دەچێتە هەولێر و لـەوێ هـەردوو قۆناغ تـەواو دەکات، بە هـۆی باری ناهەموار و دەسـت کورتـی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی زیاتر بدات، بۆیە لـە سـاڵی ١٩٧٥ وەکـو فەرمانبـەر لـە دیوانـی پارێـزگای هەولێـر دادەمەزرێـت.

نووسـەر سـەعدی عەلـی هـەر لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا سـەوداو عیشـقی خوێندنـەوەی شـیعر و ئـەدەب و زمانـی کـوردی بـووە، سـەرەتا وەکـو هەمـوو گەنجێکـی ئـەو سـەردەم دەسـت بـە شـعیر نووسـین دەکات، بـەڵام لەبـەر ئەوەی دوورەپەرێـز بـووە لـە ئامادەبوونـی لـە کـۆڕە شـیعرییەکان، خـۆی لـە بـواری چیرۆکنووسـین تاقـی دەکاتـەوە و هەسـت دەکات کـە تێیدا سـەرکەوتووە، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٨٠ یەکـەم بەرهەمـی خـۆی کـە چیرۆکێـک بـووە بـە ناوی(خلیسـک و قەدپـاڵ) لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بڵاودەکاتـەوە، بەمـەش بـاوەڕی بـە خـۆی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا جەمال مەولود بڵباس، شاعیر و نووسەر قاسم شێروانی، مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵڵا، نووسەر سەعدی عەلی.**

زیاتر دەبێت و دەکەوێتە ناو دنیای نووسینەوە و بەردەوام دەبێت لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە، لەم بوارانەشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدیهێناوە.




چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سەعدی عەلی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و سادە و ساکار و دوور لە وشەی نامۆ و داتاشراو نووسیوە، کە تیایاندا باری ناهەموار و سەختی ژیانی خۆی و دانیشتوانی ناوچەکە و خەلکی کوردستان بە گشتی، بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، بەشێکی لەم بەرهەمانە لە چاپداوە و بڵاویکردوونەتەوە و بەشێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ، کە ئەمانەن:



نووسەر سەعدی عەلی لەگەڵ (قەڵا)ی کوڕی ساڵی ١٩٩٨.

بەرهەمە لە چاپدراوەکان:

- زامەکەم مەکولێنەوە، کۆمەڵە چیرۆک.
- شەوە ساردەکان، کۆمەڵە چیرۆک.
- هەگبەی دڕاو، ڕۆمان.
- هەناسە و هەوارز، ڕۆمانە یاد، بەشی یەکەم.
- هەناسە و هەوراز، ڕۆمانە یاد، بەشی دووەم.
- شکست، کۆمەڵە شیعر.
- هەقیقەت لە هزری من...تێڕوانینێکی فەلسەفییە.

ئەو بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- ٣٠ ڕۆژ لە خاکی تەمۆخ و لم، یادەوەرییە.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عەلی عومەر، نە ناسراوە، نووسەر سەعدی عەلی، ڕۆشنبیر مامۆستا جەمال مەولود بڵباس.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەعدی عەلی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند.



لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورەی کورد حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی، نووسەر سەعدی عەلی.



- شەوچەرەی شەوێکی پایز، کۆمەڵە شیعرە.
- فەتح و تاوان، نووسینێکی(بەراووردکارییە- دراسة مقارنة) لە نێوان کۆن و دیاردەی داعش.

نووسەر سەعدی عەلی هەر چیرۆکنووس و ڕۆماننووس نییە، بەڵکو هونەرمەند و شانۆنووسیشە، ئەو چەند شانۆگەرییەکی نووسیوە و هەر بە خۆشی دەرهێنەری دوو شانۆگەری بووە، کە ئەمانەن:

- شانۆگەریی(ژانی گوندەکەمان) کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆیەتی و لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٣ لە گەڵ تیپی شانۆی کرمانج لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە دهۆک نمایش کراوە و ساڵی ١٩٨٤ لە هەولێریش نمایش کراوە.
- شانۆگەریی(پێکەنین بە پێی یاسا) کە لە نووسینی چیرۆکنووسی




گەورەی کورد حسێن عارف و دەرهێنانی خۆیەتی.

- شانۆگەریی(شەمە و شەماڵ) لە ساڵی ١٩٨٨ هونەرمەندی دەرهێنەر ئەرسەلان هێلەوەیی دەریهێناوە.
- شانۆگەریی(هاواری ژوورە تاریکەکان) لە ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر نمایش کراوە.




ئەمەو چەند شانۆگەرییەکی دیکەشی نووسیوە، بەڵام هێشتا دەرهێنانی بۆ نەکراوە، چەند درامایەکیشی نووسیوە، لەوانە:

- تەڵە، درامایەکی تەلەفزیۆنییە، ئامادەی کردووە بۆ چاپ.
- زنجیرە درامای زیندانی ژمارە(٨٨) کە لە ساڵی ٢٠٢٢ لە تەلەفزیۆنە لۆکالییەکان بە(١٥) ئەڵقە پەخشکراوە و لە دەرهێنانی هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر ڕەشیدە.
- کەتنەکانی جوبرایل، درامایەکی کۆمیدییە.


نووسەر سەعدی عەلی دەیان وتاری هەمەجۆری لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە و بەشداریش دەبێت لە بەشی زۆری چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیری وهونەرییەکان لە هەولێر.

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سەعدی عەلی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی نووسەر سەعدی عەلی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- نووسین ودارشتنی خۆم.



# محەمەد کەریم نانەوا

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس مامۆستا محەمەد کەریم نانەوا...

ناوی تەواوی(محەمەد کەریم ئیسماعیل)ە، بە محەمەد کەریم نانەوا ناسراوە، لەساڵی ١٩٤٨ لە گوندی(مەحمەل ئۆمەران)ی دەشتی قەراجی سەر بە ناحیەی(باقرت)ی قەزای مەخمور لە خانەوادەیەکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، هەر زوو ماڵیان هاتووەتە گوندی(باغەمنارە)ی دەوروبەری شاری هەولێر، لەوێش زۆر نەماونەتەوە و لەساڵی ١٩٥١هاتوونەتە ناو شاری هەولێر سەرەتا لە حەساری(حەمەد ئاغا) لە نزیک گەڕەکی (محطة)، دواتر بۆ گەڕەکی سەعدوناوە و پاشان لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی سەیداوە جێگیربووینە.

محەمەد کەریم نانەوا هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکی خەریکی بژێوی ژیانیان بووینە، تا لە تەمەنی (٩)ساڵی لەساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧، بە هاندانی هاوڕێکانی و بە بێ ئاگاداریی دایک و باوکی چووەتە قوتابخانە، سەرەتا وەریان نەگرتووە لەبەر تەمەن گەورەیی، بەڵام دواتر بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیداوە مامۆستا (تاهیر عەبدوڵڵا) لەسەر پێشنیاری مامۆستا(هادی محەمەد سەعید) وەریدەگرن، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس محەممەد کەریم نانەوا، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس.**

خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٢ کە لە پۆلی شەشەم بووە، دیارە باوکی نەخۆش دەکەوێت، ئەویش خوێندنی خۆی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی(هەندرێن) ی ئێواران، بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراو کە ئەو تاوانی نەبووە، لەسەر جغارە کێشانی هاوڕێیەکی لە مانگی ڕەمەزان (٦) ڕۆژ دەستگیر دەکرێت و دواتر دادگایی دەکرێت و یەک مانگ سزا دەدەرێت لەگەڵ دوو دینار خەرجیی دادگا و پۆلیس، ئێ ئاخر ئەو کات دوو دینار زۆر بووە هەموو کەس نەیبووە، بۆیە واز لە خوێندن دەهێنێت.




نووسەر و ڕۆماننووس محەمەد کەریم نانەوا هەرچەندە تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزو ئارەزووی لە خوێندن و خوێندنەوە بووە، هەر خۆی بە هەوڵ و کۆششی خۆی، خۆی پێگەیاندووە، لەسەرەتای لاوێتیدا وەکو بەشی زۆری گەنجانی




ئەو کات نووسین و تیۆرەکانی(مارکس و لینین) و ئەوانی دیکەی خوێندووەتەوە و مرۆڤێکی (چەپ- چەپڕەو)وە، باوەڕی بە یەکسانیی مرۆڤەکان لە ژن پیاو هەبووە و هەیە، پشتگیری لە چینی کرێکار و هەژار کردووە، ئەو نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجەی ژیان و ڕووداوەکانی سەرەتای ژیانی کە لە ناوچەی قەراج و کەندێناوە و مرکییە و شەمامک و دەشتی هەولێر ڕوویداوە لەسەر دەستی ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراق هەموویان کاریان تێکردووە، بۆیە خەمی خۆی و گەلەکەی بووەتە سەرچاوەی هەڵقوڵانی بەشی زۆری بەرهەمەکانی لە چیرۆک و کورتە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمانەکانی، ئەو سەختییانەی کە لە ژیاندا بینیویەتی هەمووی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

چیرۆکنووس محەمەد کەریم نانەوا لە ساڵی ١٩٩٣، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورەی کورد مەحمود زامدار، چیرۆکنووس محەممەد کەریم نانەوا.**




خۆی کە چیرۆکێک بووە بە ناوی(ئەزموون)، لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکردووەتەوە، دووەمین بەرهەمیشی کە ئەویش هەر کورتە چیرۆکێک بووە بە ناوی(دالاشەکان) لە رۆژنامەی وڵات بڵاوکردووەتەوە.

کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی بە زمانیکی کوردیی ڕەسەن و پاراو پوخت نووسیوە و چاپی کردوون، کە ئامانەن:

- ڕۆمانی قالە جناوی، ساڵی ٢٠٠٦.
- ڕۆمانی برووسکەی شووم، ساڵی ٢٠١٠
- ڕۆژانی کیژگەلی ئەشکەوتی دێوان، ساڵی ٢٠١١.
- ڕۆمانی شەوگاری گورگەکان، ساڵی ٢٠١٤.
- نۆڤلێتی کۆندڕی مەرگ، ساڵی ٢٠١٤.
- ڕۆمانی بازنەی بارکەوتوان، ساڵی ٢٠١٨.



**لە لای ڕاستەوە: محەمەد کەریم نانەوا، نەخشەساز و دیزایینەر محەمەد زادە، نەناسراوە، بەهرام محەمەد تاهیر (کاکل)، محەمەد وەسمان**



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان:ڕۆژنامەنووسی ڕەوانشاد جەلال سنجاوی، وشیار عەبدوڵڵا، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: ڕۆماننووس ڕەوانشاد سەدرەدین نورەدین، چیرۆکنووس محەممەد کەریم نانەوا، نەخشەساز و دیزایینەر محەممەد زادە.**

- ڕۆمانی چەتر، ساڵی ٢٠٢٢.
- کۆمەڵە چیرۆکێکی بۆ منداڵان نووسیوە بە ناوی(سەمای چۆلەکە)، ئامادەیە بۆ چاپ.

ڕۆمانی(شەوگاری گورگەکان)، لە لایەن نووسەر(نەجات خۆشناو) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناوی(ليالي الذئاب)، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




هەروەها(پرۆڤەی کورسی کورسیانێ)یش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن نووسەر نەجات خۆشناوەوە، لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکەی نووسەرانی کورد لە کتێبێکدا، چاپکراوە.

نووسەر و چیرۆکنووس محەمەد کەریم نانەوا، دەیان نووسین و کورتە چیرۆک و هەندێ



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد تاهیر، ئەکتەری گەورەی کورد حاجی مەکی(عەلییە فەندی)، چیرۆکنووس محەمەد کەریم نانەوا.**

هەقایەتی فۆلکلۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە لەوانە:(گۆڤاری ئاسۆ، گۆڤاری نووسەری نوێ، گۆڤاری کاروان، مێرگ، رامان ، نەوشەفەق، گۆڤاری کەلتووری کورد...و چەندانی دیکە).

محەمەد کەریم نانەوا فەرمانبەر بووە لە کۆمپانیای دروستکردنی دانەوێڵە.





لە ساڵی ٢٠١١ ەوە، ئەندامە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر.

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس محەمەد کەریم نانەوا، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

وا دوو کورتە چیرۆکێکی چیرۆکنووس محەمەد کەریم نانەوا- تان بۆ دەنووسمەوە:








**زوڕنا ژەن**

سوێندم بەسەری شلیە مژان، بەگاڵتەوە ناڵێم ها..!! بەهۆی شەڕە چەپەرۆکی نێوان گاوانی هەردوو گوندی (تورگاوەی سەروو و تورگاوەی خواروو). نێوان عێلی حەمەخان و عێلی ڕەزاخان، گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت.

ئیدی بە سەدای دەنگی تەپڵ و کەرەنای کلکە نەفتینەوە جەنگاوەرانی هەردوو عێل بەرمەیدان بوون، بەکرۆکە،دووخەتی بەنێوانیاندا کێشاوە گۆتی(ئەوە خەتی مێردان،ئەوەشیان خەتی ژنان) ئیدی قەوما شەلم کوێرم ناپارێزم کەوتنە گیان یەکدی شەڕەتیر بوو، تیری تێنە دەچوو، عێلی حەمەخان دەستەو تاقمی دەهۆڵ و زوڕنایان لەگەلە خۆیان هێنابوو، لەگەری هەوەلدا عێلی حەمەخان بەسەر عێلی ڕەزاخان دا سەرکەوتن، ئیدی سەدای دەهۆڵ و فیقەی زوورنا، حەفت ڕۆژە ڕێ، بگرە وێوەتریشی کاس کردبوو، کەچی لەگەڕی دووهەمدا، عێلی حەمەخانیان تێکشکاند، سەراو دوویانیان نان، فشیانکردەوە، هەلاتن، دەستەو تاقمی زوڕناژەنان بەدەنگی دەهۆڵ کووتان و فیقەفیقی زوڕناوەهاتن، پێشوازیان لە لەشکری عێلی ڕەزاخان کرد.

لێیان پرسین گۆتیان..!

- ئێوە تا دوێنێ زوڕناژەنی عێلی حەمەخان بوون،عەجەب، ئەمڕۆ بۆ ئێمە دەیکووتن، جۆشتان داوە.!؟
- گوتیان ئێمە زوڕناژەنین، لایەنگیری لایەنی سەرکەوتووین.

**کلیل**

ڕەحمەت لەوی، لەبابی وی، لەداکی وی، ئەمن کوڕەم، زەلیلم، نابینام، شەپرە لێیداوم، بێوەمێردم، کۆزێک منداڵی سەرکەو بنکەم، کلیلێکم بزرکردووە، کلیلی سندووقی زەخیرە و بژێوی هەتیوەکانمە، تکایە با منداڵەکانم برسی و سەرگەردانی قوونە شارو وڵاتان نەبن، چونکی بەرد لەجێی خۆیدا سەنگینە، نەکەونە بەر سەرە سمکی پێڵاوی ناحەزان ڕیسوا نەبن، جا لە ڕاهی خودا، هەرکەسێک ئەو کلیلەی دیتیتەوە با بیهێنێتەوە بۆ مزگەوتی شێخی چۆلی، لە شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزێن، یان بیهێنێتەوە بۆ مزگەوتی کاکە ئەحمەدی شێخ، لە شاری هەڵمەت و قوربانی، شارە حەیاتەکەی سلێمانی.

بێگومان بە هێنانەوەی ئەو کلیلە، بەهەشتە بەرینە خواییە پڕ لە حۆرییەکە، بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بەڵام ئەوەی ئەو کلیلەی دۆزیتەوە نایهێنێتەوە، بەخۆم و بەزاکوماکەوە، دەبنە (مار)ی کۆرەوەیباب، لەملی دەئاڵێین، بەگەردەنیەوە دەدەین، ئۆباڵی خۆتان بەئەستۆی خۆتان.

خەڵکینە! با دوعا و نزا و ئاهونزوولە وفرمێسکی چاوی هەتیوانی باوک شەهید و دایک ئەنفالکراو نەتانگرێ، پیاوی چاک بن، هەتا زووە ئەو کلیلە بیننەوە، چونکی برسێتی ڕەگێکی لە هارییە!

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی چیرۆکنووس محەمەد کەریم نانەوا لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# فازل عومەر

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆر فازل عومەر

ناوی تەواوی(فازل عومەر ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(گرەش) ی سەربە قەزای زاخۆی پارێزگای دهۆک لە خانەوادەیەکی جووتیار دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(باستکی و گرەش) تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە زاخۆ و سێمێل و دهۆک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٦ کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی موسڵ بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و بووەتە دکتۆر و وەکو(پزیشکی نیشتەجێ و پیشەکاری گشتی- مقیم و ممارس عام) لە سەماوە و بەسرە و باتوفە و دهۆک دەست بەکار بووە، ماوەیەک بەڕێوەبەری بەشی تەکنیکی و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی بووە، لە سەرەتای دامەزراندنی زانکۆی دهۆک دوو ساڵ لە بەشی فزیۆلۆجی کاری کردووە.

نووسەر فازل عومەر هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، ئەو هێشتا هەر قوتابی بووە بەشی زۆری شیعری شاعیرە عەرەب و ئینگلیزەکانی خوێندووەتەوە، جگە لە شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی،(پاشخانێکی-خلفية)ی ڕۆشنبیریی زۆر باشی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر فازل عومەر، نووسەر سەلام باڵایی.**

پەیدا کردووە، هەر دوو شێوە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بە باشی دەزانێت و دەستی بە نووسین و شیعر و کورتە چیرۆک کردووە، تا ساڵی ١٩٨٣ یەکەم نۆبەرەی بەرهەمی خۆی لە گۆڤاری کاروان بڵاوکردووەتەوە، ئیدی کەوتووەتە ناو دنیای نووسینی ئەدەبی و زمانەوانی و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێران و شانۆنامە و بابەتی فیکری، هەمووی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و سادە و ساکار و پاراو بە شێوە زاری کرمانجیی ژوورو(بەهدینانی)، بەشی زۆری لە چاپداون و بڵاویشیکردوونەتەوە و هەندێ بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ، تێکڕای بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- کالی پەشیمان، کورتە چیرۆک.
- وەرگۆهێزکێن مەمۆی، کورتە چیرۆک.
- سێ چیرۆک، کورتە چیرۆکن.
- مرۆڤێ بەلەچەک، ڕۆمان.
- سەرجەمێ چیرۆکان(هەر سێ کۆمەڵە کورتە چیرۆکان پێکڤە).
- ئاکنجیێن مێرگا بیابانێ بەری قەڕیشە ببوهژت، ڕۆمان.
- ئاکنجیێن مێرگا بیابانێ..جانێن و تەڤنێ بێزار، ڕۆمان.




-ڤەرێژ، شانۆنامە.

ساخلەمی(پاچڤەکرن و ژ ئینگلیزی)

- ڕەوشنبیری و بۆ ساخلەمێی.

- چارەسەرییا بالگەهی ل بنگەهێن ساخلەمیێ و تیمارخانەیان.

-چاڤدێریا دایکێ و زارۆی ل بنگەهێن ساخلەمیێ ڕێبەرکاری.

زمانەوانی:

ئاوڕەک ل زمانێ کوردی.

- گیرەکێن زمانێ کوردی.

- هلکۆلانا زمانی.

- گەنجینا یەکڤین ئاڤیستایی- کورتە فەرهەنگ.


- فەرهەنگا زمانێ پەریتان.

- وەغەرەک ل ناڤ پێڕەبەشێن زمانێ کوردی.

لێکۆڵینەوە:



بەڕێز دیار، دکتۆر زرار، بەڕیز ئەحمەد، نووسەر فازل عومەر.




- نڤێژەک مەستانە لدۆر گوتیەدا جزیری.
- زمانێ سێیەم ، کانییا هەروهەر نووکرێ.
- مێمێتیکی ژ هزرکرنێ یاکو ئیدیۆلۆجیاتیێ.
- مرۆڤ د گێژەڤانکا ژیانیدا.
- نژیارگەری، دەرازینکەک دەستپێکی.
- جاک درێدا و هلوەشاندن.
- مێترا و مێزاپەرستی.
- سێهربەندی یا بەردەوام(زمانێ چامەیی).
- دیموکراسی ل ڕۆژهەلاتا ناڤین، ئاستەنگا ژێرخانێ.
- شۆڕشێن جەماوەرێ ئەرەب.
-جزیری و دەستهلات.. بەرەڤ تێۆڕییەکا کوردی نۆ دەستهەلاتێ.
- زەمبیل فرۆش وەکو یۆتۆپیایەکا کوردی.
- دینێ جەینان.
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
- کەڤنە دینێن ئیرانی و کوردی د ئەنسیکلۆپیدیایا بریتیکادا.
- گۆتنێن ناڤداران.
- چیڤاتۆکێن ئیسۆپی.
- بۆ زارۆکان:
- پەقۆسکا بالەفڕ، چیرۆکەک درێژ بۆ زارۆکان.
- گەنجینا چیرۆکان، وەرگێڕان بۆ زارۆکان.

دکتۆر فازل عومەر هەر چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ نییە، بەڵکو نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی بە توانا و چالاکە، ماوەی زیاتر لە(٣٠) ساڵە بەردەوام وتار و لێکۆڵینەوە و بابەتی هەمەجۆر لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاودەکاتەوە، وەکو نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەش کاریکردووە:



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراون ، نووسەر فازڵ عومەر.**




- لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٩ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(دەنگی مە)بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانە(وار) بووە.
- ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامەی(ئەڤرۆ)یە.
- ئەندامی گروپی ئەدەبی(هەروهەر نووکرن)بووە.

نووسەر فازل عومەر ئەندامە و ئەندام بووە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریانە:

- لە ساڵی ١٩٩٢- ٢٠٠٧ ئەندامی دەستەی کارگێڕیێ یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی دهۆک بووە و ئەندامی دەستەی بەڕیوەبردن و دوو ساڵیش سەرۆکی لقی یەکێتیی نووسەرانی دهۆک بووە، ئێستاش ئەندامی کارایە لەو یەکێتییە.

-ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- لە ماوەی ٢٠٠٥- ٢٠١٤ سەرۆکی یەکەم

خولی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بووە .

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ فازل عومەر بەشداریی لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە شاری دهۆک و کوردستان کردووە و ئێستاش بەردەوامە لە نووسینی بەرهەمە ئەدەبی و زمانەوانی هزرییەکان، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر فازل عومەر لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەرتیب ئاغا واحید بەگ

شاعیر و نووسەر، وەرگێڕ و ئەفسەر سەرتیب ئاغا واحید بەگ ...

ناوی تەواوی(سەرتیپ عەبدوڵڵا واحید بەگ)ە، لە ٣-١١-١٩٨٣ لە شارەدێی(هیران)ی سەر بە قەزای شەقڵاوە لە دایک بووە، ئەو لە لای دایکی باوکی دەگەڕێتەوە سەر شاعیری سۆفیگەری گەورەی کورد(صافی هیرانی)، لە ئەنجامی بۆردومانکردنی هیران لە لایەن ڕژێمی ئەوسای بەعس، لە هەمان ساڵداماڵیان هاتووەتە شاری هەولێر، هەر سێ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٧ کۆلێژی(الإدارة و الإقتصاد- کارگێڕی و ئابووری) لە زانکۆی سەلاحەدین بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ چووەتە (کۆلێژی پۆلیس- كلية الشرطة) لە هەولێر و بووەتە ئەفسەری پۆلیس، ئێستاش هەربەردەوامە لە خزمەتکردن لە بەڕێوەبەرایەتیی (مرور- هاتوچۆ)ی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢٢-، ماستەری لە بەشی کارگێڕی لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

شاعیر سەرتیپ ئاغا هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی وەکو(مەحوی، بێخود، حاجی قادرکۆیی، سافی هیران) و لە شاعیرانی نوێخوازیش(نەمر شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵڵا



له لای ڕاستەوە: بەڕێز شیڤان حەمدی حسێن، شاعیر سەرتیپ ئاغا.

پەشێو، کەریم دەشتی، کەژال ئیبراهیم خدر، کەژال ئەحمەد و چەندانی دیکە)، لە شاعیرە عەرەبییەکانیش شیعری هەر یەک لە شاعیران(نزار قەبانی و ئەحمەد شەوقی و عەبدولوەهاب بەیاتی و بەدر شاکر سەیاب)ی خوێندووەتەوە و پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی زۆر باشی پەیداکردووە.



له لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر سەرتیپ ئاغا، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی.

سەرتیپ ئاغا سەرەتای شیعر نووسینی بە(چوارینە- رباعیة)، دەست پێکردووە، یەکەم چوارینەی شیعری خۆی لە ژمارە(٣٨)ی گۆڤاری(نواڵەی نوێ)،ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکردووەتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و وتاری هەمەجۆر لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی و وەرگێڕان و کارگێڕی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پوخت و پاراو و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە(گۆڤارەکانی نواڵەی نوێ، کاروان، نما، وانەر، دیوان، ئاژین،



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز قاسم...، شاعیر سەرتیپ ئاغا، شاعیر سانع نەبی بەنانی.**

گەلاوێـژی نـوێ، دیالـۆگ، ڕامـان و ڕۆژنامـەی هەولێـر).

لـە سـاڵی ٢٠٠٩ یەکەمیـن دیوانـی شـیعری خـۆی کـە بریتییـە لـە(١٠٠) چوارینـە لـە ژێـر ناونیشـانی(یادت لـە پایـزی چوارینەکانمـدا)، بـە بەرگێکـی قەشـەنگ و جـوان چـاپ کـردووە.

ئـەو بـەردەوام بـووە و بەردەوامیشـە لـە بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانی و بەشـداربوونی لـە کـۆڕی شـیعر خوێندنـەوە، لەوانـە:

- لـە ١٨-١٢-٢٠٠٦ لـە هۆلی(شـەهید دکتـۆر محەمـەد قەرەداغـی)، لـە کۆلێژی کارگێری و ئابووری بە هاوبەشـی لەگەڵ شـاعیر(صانع نەبی بەنانی) بەشـدار بـووە لـە کۆڕێکـی شـیعر خوێندنـەوە.




- لە ٥-٢-٢٠١٤ لە هۆڵی(فەرهادی)، لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سـەڵاحەدین بە هاوکاریی بەشی ڕۆشـنبیریی کۆلێـژی ناوبـراو و بـە ئامادەبوونـی قوتابیان و مامۆستایان، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بە مۆسیقای ئامێری (کەمانجە)ی هونەرمەند کاک قادر حەمەدەمین، بۆ هـەردوو شـاعیر سـەرتیپ ئاغا و شـاعیر دانا کەریـم سـازکردووە، خـەڵات و ڕێزیان لێندراوە.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەرتیپ ئاغا، مستەفا مەولود خزر، شاعیر دانا کەریم، هونەرمەندی کەمانجە ژەن کاک قادر حەمەدەمین.**

وا چەند چوارینەیەک و چەند پارچە شیعرێکی شاعیر سەرتیپ- تان بۆ دەنووسمەوە::

لەشەو نوێژی خۆشەویستی تۆدا قاچەکانم تەزیوە
خەڵوەتگای چاوەڕوانی تۆم بە خەم و ئازار تەنیوە
وا لە چاوەکانی هەر حەوت ئاسماندا فرمێسک دەبارێنم
شەیداییم بۆت لە سووتاندا ناوی هەموو عاشقێکی سڕیوە

***

لە چاوی چاوەڕوانیدا بە فرمێسک تەمەنم باریوە
لە مەملەکەتی ئەوینتدا هەر زامەکانی تەنیاییم ناسیوە
ئازار دەمنووسێتەوە لە پەڕاوی تاریکایی دووریدا
وا ئاوازەکانی دابڕانی تۆم بە شیوەنی خامە ژەنیوە
بە ئەوینی بێ سنوورتەوە ئەوا ڕاهاتم
تەمەنیش توایەوە هەر چاوەڕێی نیگاتم

ناچاربووم هانا ببم بۆ شەو بۆ چارەسەرێک
وتی لەتاو نالەی تۆیە وا تاریک و ماتم
❋❋❋
جوانیت لە ژینا منی ناساند تەنیا بە وشەی شەیدایی
دووریت گریانێکە ژیری دەکەم بە لایلایەی سەودایی
چاوەڕوانیت فەرهەنگی ئێشە دێڕی دێڕی وا ئەزبەر دەکەم
چۆن نەناڵم لە لاویدا بووم بە دیلی دەردی جودایی
❋❋❋
کاتژمێرەکەم
هەمووسەرەکاتژمێرێک
کاتژمێرەکەم
ئاوازی ئەوینت دەژەنێ و
سەرتاپای زەمەنی
بە ناڵەی فیراق تەنیوە
خشپەی پێیەکانت
مەودای چاوەڕوانی
لە چاوەکانم دیل دەکا
لە چرپەی ناسکتەوە
چیتر
گوڵ بولبول نادوێنێ !
لە ترپەکانی دڵیشتەوە
چیتر
نەی هەناسە ناژەنێ و
لە ئازاری ئەوینتەوە
چیتر


ئاوابوونی تەمەن
قەسیدەی فیراق


ڕەشبینیی لە دیدی
شۆپنهاوەری فەیلەسوف
دیوان

مەملەکەتی دڵم
خۆرەتاو دایناپۆشێ .
***
چڕنوک
هەرساتێکی تەمەنم
بۆ دووریت
سەدەیەکە و
گەرووی گڕگڕتوم
لە تێنوێتی ئەویندا
زەمەن لە پیاڵەی
چاوەڕوانی دەنۆشێ !
وا مۆمی
ئەم سەری ساڵی تازەیەم
هێدی هێدی دەتوێتەوە
لە توانەوەیدا
پەیکەری تاهەتایی ئەوینت
دەنەخشێنێ
دە ڕۆحی سەهۆڵبەندانیم
بەخۆری وشەیەکت بتوێنەوە
با چیتر
ڕۆمانی ژینم چڕنوکی
پێنووسی تەنیایی
نەینووسێ ! .
کام دێڕە
شیعر دەتوانێ

ئەوینت داگیرسێنی !؟

***

بە تروسکایی

چاوەکانی تۆ

چرای تەنیایی وشیعر

دەکوژێنمەوە .

***

لەناو گوڵی

ئەوینی تۆدا

ئاورینگ ئاسا

هێدی هێدی

دەتکێم .

***

بۆ داگیرساندنی

مۆمی ئەوینت

دەبێ ببم

بەشەوەزەنگ .

***

ڕۆژگارو شەوگارم

بەهۆی چاوەکانی

تۆوەوەیە

کە لە چاوێکتدا خۆر هەڵدێ و

لە ئەویتریشیاندا ئاوا دەبێ .

خەندەکانت

مۆمن و تاریکایی

ژووری پڕگریانم ڕۆشن
دەکەنەوە .
***

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی شاعیر سەرتیپ ئاغا، کە لەسەر داوای من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢- زانیاری و نووسین و دارِشتنی خۆم

# له ماڵێکدا پرۆژەیەك
# بە شەونخونیی هەمووان



نەجمەدین عەزیز سمایل خۆی و خێزانەکەی و نەوەکانی

سەرەتای بەزیندوویی مانەوەی هەر کەسایەتییەک لە مەوداکانی ژیان و خۆپەروەردەکردنی بەشێوازێکی ڕاستگۆیانە، بۆ ئەو خانەوادەیە دەگەڕێتەوە کە ساتی یەکەمی بە دنیای ناساندووە، کە من خۆم وا دەبینم لە خانەوادەیەکی وادا چاوەکانم بەژیان ئاشنا بووبن و لە باوەشی باوکێک (عەزیزی کوێخا سمایلی سەربەشاخی) و دایکێک(فاتیمە قادر مەحمود



عەزیز کێخوا سمایل سەربەشاخی



فاتمە قادر مەحمود سارمەمی خەرابەیی

سارمەمی) گۆشکرابم، دەبێ ئەو ڕێچکەیە بۆ من نەخشە ڕێگایەکی ئەوەندە لام پیرۆز بێ کە نەتوانم تۆزقاڵێک لێی لابدەم، هەر واشبوو هەرگیز بە خواروخێچی پێیدا نەڕۆیشتم، سەرباری دەردەدڵی و هەژاری و نەبوونی و جێهێشتنی مەفتەن و دیوەخانی گوند و گیرسانەوەمان لە شار و دەستپێکردنی ژیانێکی تازەی شار و زیاتر سووربوونی ئەو دایک و باوکەم، بۆ پێگەیاندنی ئێمە و لانەدانمان لەو ڕێچکە پیرۆزەی کە ئەوان لە سەرەتاوە



نەجمەدین عەزیز لەگەڵ هاوسەرەکەی
خاتوو نەسرین حەسەن ئیسماعیل



**لە لای ڕاستەوە: نەجمەدین عەزیز، هاوسەرەکەی خاتوو نەسرین حەسەن ئیسماعیل**



پێیاننیشاندایِن کە لێی لانەدەین، هەرئەوەش بووە تۆماری مێژووی سەربڵندی و بەهێزی ئێمە.

کە کۆلێژم تەواوکردو کەوتمە ژیانی وەزیفیمەوە، قەدەر وایکرد تێکەڵی توێژێکی ڕووناکبیر و هونەرمەند و نووسەر و ڕاگەیاندکار بم، بەدرێژایی تەمەنی ئەو خزمەتەم زۆریان بوونە هاوڕێ و دۆستم، لە زۆرینەی کۆڕو کۆبوونەوە هونەرییەکان ئامادەببم و ڕۆڵم هەبێت لە سازدانی وەکو میدیاکارێک، بۆیە

کە ساڵ و ڕۆژ و کات گەیشتە ئەمڕۆی گیرسانەوەم لە ژیانی پەناهەندەیی لە وڵاتی(هۆڵەندا)ش، نەمتوانی لەو حەزە نووسینەم جیاببمەوە، بەڵگەشم بۆ ئەو ڕاستگۆییەشم پڕۆژەی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)ە، کە ئێستاکە بەرگی سێیەمی لەژێر دەستاندایە، بەڵام قەت ئەمە فەرامۆش ناکەم لە دەستپێک و دەوڵەمەندکردنی ئەم پڕۆژەیەم کە هاوسەری ئازیزم(نەسرین حەسەن ئیسماعیل)کە دەکاتە برازای (مەلا عەولای حاجی سمایل)ی ناسراو بە(مەلا ماتۆڕ) کە هەم کچی شەهیدێکی کوردستان و هەم لە خانەوادەیەکی کورد پەروەرن، ئینجا منداڵەکانم کە هەموویان بارتەقای من هیلاک و ماندووی وەدەستهێنانی ئەو پڕۆژەیەمن، هەموویان گیرفانیان بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیەم واڵا بووە، هەمیشە گوتوویانە تۆ کارەکانی خۆت ئەنجام بدە، ئێمە پشتیوانی تۆین، هەروەها دیارە کە ئەوەتا من بۆ هیچ شتێک دانامێنم، ئەوانیش بەشێکن لە شەونخوونییەکان لە پێناوی نەخشاندنی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی.

**نەجمەدین عەزیز سمایل**

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

لە بەرگی دووەمی کتێبی(من و ئەستێرە گەشەکان) لە لاپەڕە(١٩٧) دا هاتووە:

شاعیری کوردپەروەر قوبادی جەلیزادە لە ساڵی ١٩٥٤ لە دایک بووە، ڕاستییەکەی ئەو لە ساڵی ١٩٥١ لە دایک بووە.

لە لاپەڕە(٢٠١) لە وێنەکەدا لە لای ڕاستەوە نووسراوە نەناسراوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە: لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ (ماجد الحیدر)، ئەوەی تەنیشتی شاعیر و نووسەری کوردپەروەر قوبادی جەلیزادەیە.

لە لاپەڕە(٦٠٥) ئەم پارچە شیعرە لە سەرەتا لەژێر ناوی شاعیری ڕەوانشاد مهاباد قەرەداغی نووسراوە:

کە هاوسەرەکەم کپ دەبێ
لەسەر لاشانی دەفتەرێ
بە شیعرێکی باڵدارەوە خەو دەبینێ
نەک جامخانەی زێڕینگرێ

ئەم پارچە شیعرە هی شاعیر قوبادی جەلیزادەیە، بەڵام لەبەر هەڵەیەکی تەکنیکی پەڕیوەتەوە ژێر وێنەی شاعیر مهاباد قەرەداغی.

# پێرست


| | |
|---|---|
| وەرزی یادکردنەوەی ئەستێرەکان | ٧ |
| هەڵوەستەیەک....(خۆم و) یان (من و) | ١١ |
| عەونیی شاعیر | ١٣ |
| دکتۆر جەمال نەبەز | ٢٣ |
| دکتۆر کاوس قەفتان | ٣٣ |
| کامەران موکری | ٤١ |
| عومەر مەعروف بەرزنجی | ٤٩ |
| دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین | ٦٧ |
| محەمەد ساڵح دیلان | ٧٧ |
| کەمال ڕەئووف محەمەد | ٨٥ |
| کاکەی فەلاح | ٩١ |
| دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر | ٩٩ |
| فەرهاد عەونی | ١٠٩ |
| سەربەست بامەڕنی | ١١٧ |
| دکتۆر مارف عومەر گوڵ | ١٢٣ |
| موحسین قۆچان | ١٢٩ |
| دڵداری شاعیر | ١٣٩ |
| جەمال خەزنەدار | ١٤٧ |
| ئەنوەر تۆڤی | ١٥٣ |

| | |
|---|---|
| ولیەم یۆحەننا | ١٥٩ |
| حەسەن سلێڤانی | ١٦٥ |
| عوسمان خۆشناو | ١٧٥ |
| مەجید ئاسنگەر | ١٨٥ |
| عەتا قەزاز | ١٩١ |
| عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی | ١٩٧ |
| عەبدولڕەزاق بیمار | ٢٠٥ |
| نەوزاد ڕەفعەت | ٢١١ |
| ڕەئوف بێگەرد | ٢٢١ |
| بەدیعە دارتاش | ٢٢٩ |
| خورشیدە بابان | ٢٣٧ |
| عەبدولوەهاب تاڵەبانی | ٢٤٥ |
| حەمە سەعید حەمە کەریم جاف | ٢٥٣ |
| جەوهەر غەمگین | ٢٦٣ |
| دکتۆر فازڵ جاف | ٢٧٣ |
| بەختیار عەلی | ٢٨١ |
| شێرزاد حەسەن | ٢٩١ |
| بافڵ هیوا سەرهەنگ | ٢٩٧ |
| بەدیع باباجان | ٣١١ |
| دارا محەمەد عەلی | ٣١٧ |
| سەلما تۆما کاکۆ | ٣٢٣ |

| | |
|---|---|
| دکتۆر ئازاد عوبێدساڵح | ٣٣١ |
| موسەدەق تۆڤی | ٣٤٣ |
| فەیسەل مستەفا | ٣٥١ |
| محەمەد ڕەشید فەتاح | ٣٥٧ |
| محەمەد مەردان | ٣٦٣ |
| محەمەد ئەحمەد ئەربیلی | ٣٧٥ |
| محەمەد جەزا بەرزنجی | ٣٨١ |
| فەهمی بالایی | ٣٩١ |
| هێڤی بەرواری | ٣٩٧ |
| سەروین دەروێش | ٤٠٧ |
| دکتۆر عارف حیتۆ | ٤١٩ |
| ئیسماعیل بادی | ٤٣٥ |
| شێرزاد هەینی | ٤٤٥ |
| عومەر ئەمین | ٤٥٥ |
| ویداد قازی | ٤٦١ |
| ئەحمەد حسێن | ٤٦٥ |
| یوسف مەنتک | ٤٧٣ |
| شێرزاد عەبدولڕەحمان | ٤٨٣ |
| سەمیرە عەلی مەندی | ٤٩١ |
| محەمەد وەسمان | ٤٩٧ |
| عەدنان کەریم | ٥٠٧ |

| | |
|---|---|
| سەلام کۆیی | ٥١٥ |
| ئەیاز زاخۆیی | ٥٢١ |
| جەلال سەعید | ٥٢٩ |
| گرفتار کاکەیی | ٥٣٥ |
| دڵزار حەسەن | ٥٤٥ |
| خالد ساڵح حەسەن | ٥٥٣ |
| کەریم سۆفی | ٥٥٩ |
| ئیحسان خەیات | ٥٦٥ |
| حەمە ئەحمەد جاف | ٥٦٩ |
| جومعە کانی لەلەیی | ٥٧٩ |
| سەعدی عەلی | ٥٨٥ |
| محەمەد کەریم نانەوا | ٥٩١ |
| فازل عومەر | ٥٩٩ |
| سەرتیب ئاغا واحید بەگ | ٦٠٥ |
| لە ماڵێکدا پرۆژەیەک | ٦١٣ |
| بە شەونخونیی هەمووان | ٦١٣ |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | ٦١٧ |